دەوڵەتی فاطیمی

دانەر

علي محمد محمد الصلابي

وەرگێڕانی

إبراهيم حسن سعيد

دەوڵەتی فاطیمي

د. علي محمد محمد الصلابي

وەرگێڕانی

إبراهيم حسن سعيد

دەوڵەتی فاطیمي

دانەر

علي محمد محمد الصلابي

وەرگێرانی

إبراهيم حسن سعيد

پێشکەش کردن

ئەم کتێبە بەتایبەت پێشکەش دەکەم بەکوڕان و نەوەی باکوری ئەفریقیاو بەگشتیش بۆ هەموو ئوممەت ، داوا لە خوای بەرزو شکۆمەند دەکەم بەناوە جوانەکان و سیفاتە بەرزەکانی، کەوا ئەو کارەم تەنها و تەنها لە بەر خاتری خۆی ئەنجام دابێت.

﴿يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَـٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا﴾ (الكهف :١١١)

پێشەکی

إن الحمدلله نحمده ونستعينه، ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا، ومن سيئات أعمالنا، من يهدي الله فلا مضل له، ومن يضلل الله فلا هادي له، وأشهد أن لاإله إلا الله وحده لاشريك له، وأشهد أن محمداً عبده وسوله.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ﴾ آل عمران: ١٠٢.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا﴾ النساء: ١.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ ءَاذَوۡاْ مُوسَىٰ فَبَرَّأَهُ ٱللَّهُ مِمَّا قَالُواْۚ وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهٗا ٦٩ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا﴾ الأحزاب: ٧٠_ ٧١.

خودایە ئەی پەروەردگارم بە سوپاسێك سوپاست دەکەم، کە هەر شایەنی گەورەو شکۆی خۆت بێتو، سوپاس و ستایشت دەکەم هەتاوەکو ڕازی دەبیت لە پاش ڕازی بونیش هەر بەردەوام دەبم لە پیا هەڵگوتن و سوپاس و ستایشت.

ئەمە کتێبی سێهەمە دەوڵەتی فاطیمي کەوا باس لە دەوڵەتی عوبەیدی فاطیمي رافیزی دەکات هەر لە سەرەتایی دروست بوونی هەتاکو ڕووخانو دارمانیو، دەکۆلێتەوە لە شیعەو گروپەکانی و باس لە ترسناکیان دەکات لە سەر ئەو ئومەتە بەرێزە، چەند تیشکێکیش دەخاتە سەر هۆکارەکانی سەرکەوتنی دەوڵەتی فاطیمي لە باکوری ئەفریقیاو بەڕوونیش حەقیقەتی ئەو کێشەیە دەردەخات، کە لە نێوان رافضة و ئەهلی سوننەدا هەیەو باسی شێوازە جۆراو جۆرەکانی رافیزە دەکات لەدژایەتی کردنی ئەهلی سوننەو هەڵوێستی ئەهلی سوننەش لەم بارەیەوە ڕوون دەکاتەوە، هەروەها باسی ئەو ماندووبوونو هەوڵو کۆششە گەورەیە دەکات، کەوا خەڵکی باکوری ئەفریقیا خستیانە گەڕو سەرفیان کرد، بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی عوبەیدی، کە زانایانی ئەهلی سوننە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە هەر یەکە لە بواری زانست و پەروەردەو هەڵگرتنی چەك لەدژی ڕەوافیزەکان.

هەروەها ئەم کتێبە تیشك دەخاتە سەر کاریگەری دەوڵەتی صەنهاجی لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننەو لابردنی ڕەگ و ڕیشاڵی ڕەوافیزەکان لەباکوری ئەفریقیا، بەتایبەتی لەسەردەمی موعیزی کوڕی بادیسو کوڕەکەی تەمیم ، هەروەها باسی کۆمەڵێك ڕوداو دەکات، کە لەنێوان دەوڵەتی عوبەیدی لەمیسرو دەوڵەتی صەنهاجی ڕوویان داو، ڕاڤەی ئەو هۆکارانەش دەکات، کە بوونە هۆی ڕووخانی دەوڵەتی صەنهاجی، هەروەها ئەم کتێبە خوێنەر لەگەڵە خۆی دەبات بۆئەو کێشەیەی لە نێوان ڕەوافیزەکان و ئەهلی سوننە لەعێراق ڕوویاندا بۆ ئەوەی جەخت بکاتەوە لەسەر مانایەکی گرنگ: ئەویش، کە مێژووی باکوری ئەفریقا بەشێکە لەمێژووی ئوممەتو ئەوڕۆژێ و کاریگەر دەبێ بەو ڕووداوانەی ڕوو دەدەن لە میسرو حیجاز و شام و عیراق...هتد.جا چ بەباش یان خراپ، چونکە ئێمە ناتوانین مێژووی ئوممەت لەگەڵ یەکتریدا بیچڕێنین، هەروەها ئەم کتێبە جەخت لە سەر مەسەلەی فیقهی تەمکین دەکاتەوە لەلای هەردوو سەرکردەی خاوەن شکۆ نورالدین محمود و صلاح الدين الأيوبي لەمیانی ژیانە جیهادیە پیرۆزەکەیان ،هەروا باس لە هەوڵ و تێکۆشانی زانایان و پەروەردەکاران دەکات، کە ڕۆڵیان بینی لە بەدیارکەوتنی نەوەی سەرکەوتن و جێگیربوون جيل النصر والتمكين، هەرەوەها ئەم کتێبە دەیەوێ ڕاڤەی سوننەتی خوا بکات لە کۆمەڵگەکان و دەوڵەتەکان و هۆزەکان، ئەمەش لە میانی تەفسیری مێژوویی بۆ ڕووداوەکانو گرنگی ڕۆڵی زانایان لە سەرکردایەتی کردنی ئوممەت بەرەو سەروەری و غیرەت و کەرامەت و داکۆکی کردن لەسەر بەکارهێنانی هۆکارە ماددی و مەعنەویەکان، کەوا زامینی سەرکەوتن دەکات بەسەر دوژمنان ، هەروەها باس لە سوننەتی تدرج دەکات لە گۆڕانی گەلەکان و دامەزراندنی دەوڵەتەکان، کە لەمەوە گرنگیەکی هەرە گەورە دەداتە پەروەردەکردنی خوایی التربية الرَّبانية لە بەدیهێنانی ئامانجە گەورەکانی ئوممەت جا یەکسانە، لەسەر ئاستی سەرکردەکان بێت لەمەڕ ئەخلاق و زانست و جیهادیان، یان لەسەر ئاستی گەلەکان لەمەڕ باوەش کردنەوەیان بۆ کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ و سەرکردە دڵسۆزەکانی.

ئەم هەوڵە مل کەچانەیە هیچ بابەتێکی نوێی نەهێناوە، بەڵکو تەنها کۆکردنەوەو ڕێکخستنەو هەوڵێکیشە بۆ شیکردنەوەو تەفسیرکردنی ئەو ڕووداوە مێژووییانەی لەوکات

لەباکوری ئەفریقیا ڕوویانداوە ، کە لە بزووتنەوە مێژووییەکەی زۆر کاریگەر بووە بە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی ، جا ئەگەر ئەم هەوڵ و کۆششە باشو چاك بێت ئەوە تەنهاو تەنها لەلایەن خواوەیە، ئەگەریش ڕێم ون کردبێت و بەهەڵە داچووبم ئەوا ئەگەر بۆ دەرکەوت لێی پەشیمان دەبمەوەو، بواریش کراوەیە بۆ ڕەخنەو بەرپەرچدانەوەو تەعلیق لێدان .

ئامانجیشم لەو کتێبە ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

١ـ جەخت کردنەوە لەوەی کەوا بنچینەکانی مەددی ئیسلامی لەوڵاتەکانمان بنچینەیەکی سوننی یە نەوەك شیعی و شتی دەرەکەی تر بەڵکو ئەوەن، کە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵەکانی لە سەری بووینە.

٢ـ سانا کردنی مەبدەئی پەندوەرگرتن لە زانین و ناسینی بارودۆخی دەوڵەتەکان و فاکتەرەکانی بنیات نانیان و هۆکارەکانی ڕووخانیانو، ڕوانین بۆ سوننەتەکانی خوا لە بەرزایی و دەرون و کۆمەڵگاکاندا.

٣ـ گرنگیدان بەزانین و ناسینی عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەتو، پەروەردەکردنی نەوەی ئوممەت لە سەریو، کەشف کردنی بیروباوەڕی ڕەوافیزەکان، کە دژو پێچەوانەیە لەگەڵ قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ و ئیجماعی زانایە سەر ڕاستەکان.

٤ـ ناسندن بە هەندێك سەرکردەیی خواناس لە ڕۆژئاوای ئیسلامی وەك: موعیزی کوڕی بادیس و تەمیمی کوڕی موعیز، لە ڕۆژهەڵاتیش وەك نورالدین محمود و صلاح الدين الأيوبي هەتاکو نەوەکانی داهاتوی موسوڵمانان سوود لەو ژیانە پڕخێرەی ئەوان وەربگرن، کەوا بەئاواتن بگەن بە سەرکەوتن و جێگیر بوونی دینی خواو هەردەم ئەم ئاوازە لە خولیایان دایەو ئەزرینگێتەوە.

٥ـ دەوڵەمەندکردنی مەکتەبەی ئیسلامی لە بارەی ئەو بابەتە مێژوویانەی کەوا هەڵقوڵاوە لە عەقیدەیەکی ڕاست و ڕەوان و تێگەیشتنێکی ساغ و دوور لەو ژەهری ڕۆژهەڵاتناسەکانو، هزری ئەو عەلمانیانەی کەوا هەوڵ دەدەن ڕاستیە مێژووییەکان بشێوێنن لە بەر خاتری خزمەتکردنی ئامانجەکانیان.

سەبارەت بە پلانی کتێبەکەش ئەوا هەڵساوم بە دابەش کردنی بۆ چوار بەش:

باسی یەکەم: دەوڵەتی شیعی لە باکوری ئەفریقا ئەمەش، کە لە پێنج باس پێك دێت.

تەوەرەی یەکەم: پێناسەی شیعە لەزمانەوانیدا.

یەکەم: پێناسەی شیعە لە زمان و زاراوەدا.

دووەم: پێناسەی رافضة.

سێ یەم: هۆی ناونیان بەم ناوە.

چوارەم: سەرەتایی سەرهەڵدانی شیعەگەرایەتی.

تەوەرەی دووەم: پێناسەی گرنگ ترین گروپەکانی شیعە.

یەکەم: نوصەیریەکانو بیروباوەڕیان.

دووەم: شیعەی دوانزە ئیمام.

-بەردەوام بوونی ئەو شیعە دوانزەئیمامیە لە سەردەمی ئێستاد.

-ئیمامی شیعی لە سەردەمی ئێستا و ئەو دەوڵەتەی، کە بنیاتی ناوە.

-ئەزمونی شێخ موسی جاراللە

سێ یەم: شیعەی ئیسماعیلی.

أـ ترسناکی مەزهەبی باطيني لە سەر ئوممەت.

ب ـ بیروباوەڕە گەندەکەی باطنیەکان.

تەوەرەی سێ یەم: بانگخوازی باطنیەکان لە باکوری ئەفریقیا.

تەوەرەی چوارەم: الخليفة الشيعية عبيدالله المهدي الرافضي.

تەوەرەی پێنجەم: عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لە بارەی مەهدی.

- ناوو سیفەتەکانی.

- شوێنی دەرچوونی.

یەکەم: ئەو فەرموودانەی باس لەمەهدی دەکەن لە ڕێگایی‌تەواتورەوە هاتوە.

دووەم: ئەوانەی ئینکاری لە فەرموودەکانی مەهدی دەکەن و بەرپەرچ دانەوەیان.

باسی دووەم: کێشە لە نێوان دەوڵەتی عوبەیدی و خەڵکی باکوری ئـەفریقیا ئەمـەش، کـە هەشت باس لە خۆ دەگرێت:

تەوەرەی یەکەم: شۆڕش کردنی هۆزی هەوارە لە تەرابلس.

تەوەرەی دووەم: هەڵکشان و خشینی عوبەیدیەکان بۆ بەرقە.

شۆڕش کردنی خەڵکی بەرقە لە سەر عوبەیدیەکان.

تەوەرەی سێ یەم: دەرچوونی أبي يزيد الخارجي لە سەر عوبەیدیەکان.

تەوەرەی چوارەم: خەلیفەی دووەمی رافضي القائم بأمرالله.

تەوەرەی پێنجەم: خەلیفەی رافضي سێ یەم مەنصور.

تەوەرەی شەشەم: الموعیزلدین الله أبو تمیم سعد.

- چوونی موعیز بۆ میسر.

تەوەرەی حەوتەم: تاوانی عوبەیدیەکان لە باکوری ئەفریقیا.

تەوەرەی هەشتەم: هەڵوێستی زانایانی ئەهلی سوننە و شێوازەکانی بەرگریکردن.

وتوێژەکانی پێشەوا أبی عثمان سعد الحداد.

باسی سێ یەم: دەوڵەتی صنهاجی ئەمەش شەش باس لە خۆ دەگرێت:

تەوەرەی یەکەم: أبوالفتح یوسف بلكين.

تەوەرەی دووەم: الموعیز بن بادیس الصنهاجی.

تەوەرەی سێ یەم: خشانی بنی هلالو بنی سلیم.

تەوەرەی چوارەم: پێکدادانی چەکداری لە نێوان موعیزی کوڕی بادیس و هۆزە عەرەبیەکان.

تەوەرەی پێنجەم: کوڕەکانی موعیز و نەوەکانی.

یەکەم: تمیمی کوڕی الموعیز.

دووەم: ئەمیر یەحیا.

سێ یەم: ئەمیر علی کوڕی یەحیا.

چوارەم: ئەمیر حەسەنی کوڕی علی کوڕی یەحیا.

أ- والیی طرابلس لە سەردەمی ئەمیر حسن.

ب - رەجار هێرش دەباتە سەر طرابلس.

ج - قات وقوڕی وبرسیەتی لە طربلس.

تەوەرەی شەشەم: هۆکارەکانی ڕووخانی دەوڵەتی زیری لە باکوری ئەفریقا.

باسی چوارەم.

هۆکارەکانی ڕووخانی دەوڵەتی عوبەیدی ئەمەش، کە سێ کۆباس لە خۆوە دەگرێت.

تەوەرەی یەکەم: هۆکارەکانی ڕوخانی دەوڵەتی عوبەیدی.

تەوەرەی دووەم: نورالدین

- یەکگرتنی وڵاتانی شام و هەرێمە میسریەکان.
- وەفات کردنی نورالدین.

تەوەرەی سێ یەم: صلاح الدین الأیوبي:

أ- القاضي الفاضل.

-وەفات کردنی.

ب - وەفات کردنی الناصر صلاح الدین.

ج - ڕوخسارە سەرەکیەکان لە کەسایەتی صەلاحەدیندا.

د - پیا هەڵگوتنەکی قەشەنگ و جوان لە بارەی وەفات کردنی صلاح الدین.

ه - چەند پەیامێکی جوان لە مەڕ هەواڵی وەفات کردنی صلاح الدین.

پاشان ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە.

لە کۆتایی لە خودا داواکارم کەوا ئەو کارەم تەنها لەبەر خاتری ڕووی پڕشنگداری بێت و لە باتی هەر حەرفێك، کە نوسیومە پاداشت و چاکەم بداتەوەو بیخاتە تەرازووی چاکەکان، هەروەها پاداشتی ئەو بریانەشم بداتەوە، کەوا هانیان دام و یارمەتیان دام بەوەی پێیان کراو ڕەخسا لە تەواکردنی ئەم کتێبە.

سبحانك اللَّهُمَ وبحمدك ،أشهد أن لا إله إلا الله إلا أنْتَ، أستغفرك وأتوب إليك، وآخر دعونا أن الحمد لله رَّب العالمين.

دانەر

د. علي محمد محمد الصلابي

له باكوری ئه‌فریقیا

باسی یه‌كه‌م: بێژه‌ی شیعه له زمانه‌وانیدا.

جه‌وهه‌ری رحمـه الله وتویـه‌تی: (شـیعة الرجـل)، واتـه: شـوێن كه‌وتـه‌و دۆسـتی. وتـراوه شایَعَهُ: هه‌روه‌كو،كه ده‌وترێ: (والاهُ)، كه له (وَلي) هاتووه...

(تَشَيَّعَ الرَّجلُ) واته: بانگه‌شه‌ی شیعه‌گه‌رایه‌تی بۆ خۆی كرد، (تشايع القـوم صـار وأشـيعا)، واته: بوونه پاڵپشت‌و خۆشه‌ویستی یه‌كتری، هـه‌ر گـه‌لێكیش كاروبـاری یـه‌ك بێـت و شـوێن رای یه‌كتری بكه‌ون پێیان ده‌وترێ (شِّيع) خوای گـه‌وره ده‌فـه‌رموێ: ﴿كَمَا فُعِلَ بِأَشْيَاعِهِم مِّن قَبْلُ﴾(سبأ: ٥٤) واته: به‌هاوشێوه‌یان، له‌و ئوممه‌تانه‌ی، كه رابردوون.[١]

له‌كتێبی(مصـباح المـنير)دا هـاتووه، كـه بێـژه‌ی شـیعه مانـای: شـوێن كه‌وتـه‌و دۆسـت ده‌گه‌یه‌نێ، هه‌ر گه‌لێكیش كۆببنه‌وه له‌سه‌ر كارێك ئه‌وا شیعه‌یان پێ ده‌وترێ، پاشان شـیعه بویته وه‌سفێك بۆ كۆمه‌ڵه‌لێكی دیاری كراوو تایبه‌ت، كۆیه‌كه‌شی(شيع) وه‌كو(سِدرة و سِدَر)، (أشياع)یش (جمع الجمع)(وشيعت رمضان بست من شوال)، واته: له دوایی مانگی ره‌مه‌زان شه‌ش رۆژی مانگی شوال وه‌ك پاشكۆیه‌ك دێت.[٢]

پێناسـه‌ی شـیعه بـه پێـی چـه‌مكه زمانه‌وانیه‌یه‌كـه‌ی هه‌ریه‌كـه لـه‌واتای قـه‌وم و دۆسـت و یارمه‌تی ده‌رده‌گه‌ینێ، ئه‌م واتایه‌ش له هه‌ندێك ئایه‌تی قورئـانی پـیرۆزدا هـاتووه، هـه‌روه‌ك خـــوای گـــه‌وره ده‌فـــه‌رمووی: ﴿فَوَجَدَ فِيهَا رَجُلَيْنِ يَقْتَتِلَانِ هَٰذَا مِن شِيعَتِهِ وَهَٰذَا مِنْ عَدُوِّهِ﴾ (القصص: ١٥) له ئایه‌تێكی تریش ده‌فه‌رموێت: ﴿وَإِنَّ مِن شِيعَتِهِ لَإِبْرَاهِيمَ﴾ (الصـافات: ٨٣) بێـژه‌ی شـیعه لـه ئایـه‌تی سوره‌تی(قصـص) بـه‌مانای قـه‌وم دێـت، لـه سـوره‌تی (صافات)یش ئاماژه به‌و دۆست و شوێن كه‌وتوانه ده‌كات، كه له سـه‌ر یـه‌ك راوبـیر كـۆكن و به‌شداری تێدا ده‌كه‌ن.[٣]

١ــ الصحاح للجوهري، ولسان العرب: شيع.

٢ــ المصباح المنير: شيع.

٣ــ المصباح المنير: ب ١ــ ٣٢٩.

وشەی شیعە مانایەکی(إصطلاح)ی سەربەخۆی وەرگرتووەو بەسەر کۆمەڵێك دادراوەو گوتراوە، کە بیروباوەڕیان وابوو ئیمامەت لە بەرژەوەندیە گشتیەکان نیە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە لای بیروڕاو دیدی ئوممەت بۆ ئەوەی هەڵیبژێرن و دەست نیشانی بکەن، بەڵکو ڕوکنێکی ئایینو بنچینەیەکی ئیسلامەو بۆ هیچ پێغەمبەرێك نیە ئەم مەسەلەیە فەرامۆش بکات یان بیگەڕێنێتەوە لای ئوممەت، بەڵکو لەسەر ئیمام پێویستە بەخۆی دەست نیشانی بکات بۆ ئوممەت.[1]

أبو الحسن الأشعري لەمیانی باسکردنی شیعەدا وتویەتی: شیعە بۆیە بەم ناوە ناوبراون، چونکە عەلییان خۆش ویست و پێشیان خست لەسەر سەرجەم هاوەڵەکانی پێغەمبەرﷺ.[2]

عبدالرحمن بن خلدون وتویەتی: بزانە کە پێناسەی شیعە لە زماندا بەواتای دۆست و شوێن کەوتە دێت، لە نەریتی شەرعزانانەکانو موتەکەلمینەکان لە خەلەف و سەلەف بەو کەسانە دەوترێت: کە شوێنی عەلی و کوڕەکانی کەوتن ،جا ڕێڕەوو مەزهەبی هەموویان ئەوەیە، کە ئیمامەت ناکەوێتە ناو بەرژەوندیە گشتیەکان، بۆئەوەی بگەڕێتەوە لای بیروبۆچوونی ئوممەت ، بەڵکو لە سەر پێغەمبەرﷺ پێویستە ئیمامیان بۆ دەست نیشان بکات و دەشبێ دوور بێت لە گوناهی گەورەو بچوك، عەلیش پێغەمبەرﷺ خۆی دەست نیشانی کرد بە بەڵگەی چەند دەقێك، کە بەگوێرەی مەزهەبەکەی خۆیان دەیهێنن و ڕاڤەی دەکەن، کە ئەو دەقانە زانا بلیمەتەکانی سوننەت و شەریعەت نایناسن، بەڵکو زۆرینەی هەڵبەستراوە یان بەڕێگایەك داهاتووە، کە تانەی لێدراوەو ڕەخنەی لێگیراوە، یان دوورە لە ڕاڤە گەندەکەیان.[3]

١ـ بڕوانە: کتێبی مقدمة إبن خلدون لا ١٩٦ـ ١٩٧.

٢ـ مقالات الإسلاميين: ب ١/ ٦٥.

٣ـ بڕوانە: کتێبی مقدمة إبن خلدون لا ١٩٦ـ ١٩٧.

دووەم: پێناسەی رافضە: الرفض لە زماندا بەمانای وازلێهێنان دێت، وتراوە رَفَضَهُ، واتـە: وازی لێهێنا، ئەصمەعی وتویەتی: بۆیە بە رافضة ناوبراون، چونكە وازیان لە زەیدی كـوڕی عەلی هێنا.[1]

كەواتە وشەی رَفض لە زماندا بە مانای وازهێنان لە شتێك دێت.

بەڵام لە زاراوەدا: بە كۆمەڵێك لە شیعەكان دەوترێت ، بۆیـەش ئـەوها نـاونراون، چـونكە وازیان لە زەیدی كوڕی عەلی هێنا، ئەصمەعی زانـایی پایـە بـەرز وتویـەتی: پێشـتر ئەوانـە بەیعەتیان دابوە زەید، پاشان پێیان وت: حاشا لە أبوبكر وعمر بكـە لەگـەڵت شـەڕدەكەین، ئەویش ڕازی نەبوو وتـی: ئـەم دووانـە وەزیـری بـاپیرەم بووینـەو قـەت حاشـایان لێناكـەم، ئەوانیش وازیان لێهێناو ناونران بەرافضة[2]

عبـدالله ی كـوڕی ئەحمـەد وتوویـەتی: بـەباوكم وت: رافضـي كێیـە؟ وتـی: رافضـي ئـەو كەسەیە، كە جوێن بە ئەبوبەكرو عومەر دەدات.[3]

سێ یەم: هۆی ناونانیان بەم ناوە:

كاتێك زەیدی كوڕی عەلی كـوڕی حوسـێنی كـوڕی عـەلی بـن أبـی طالـب یـاخی بـوو لـە ژێر دەسەڵاتی هیشامی كـوڕی عبـدالملك لـە نـاو سوپاكەی هـی وای تێدا هـەبوو جنێویـان بـە ئەبوبەكرو عومەر دەدا ئەویش بەم كـارە ڕازی نـەبوو قەدەغـەی كـردن، ئـەوانیش ڕەفزیـان كردەوەو وازیان لێهێناو كەسی لە تەك نەمایەوە، تەنها دوو سەد سوار چاك نەبێت، زەیـدی كوڕی عەلی لەودەمە پێیانی وت: رفَضْتُموني واتە: وازتان لێ هێنام ، وتیان: بەڵێ ،هەر لـەو كاتەوە ئەو ناوەیان بەسەردادراو مایەوە[4]، ئەمەش لە ساڵی(١٢٢)ی كۆچی بوو، پێشەوا إبن كثیر لە میانی باسـكردنی ڕووداوەكـانی ئـەم سـاڵەدا وتویـەتی: زەیـدی كـوڕی عـەلی كـوڕی حوسێن كوڕی عەلی بن أبی طالـب كـوژرا، هۆیەكەشـی ئـەوە بـوو، كـە كاتێـك ئـەهلی كوفـە ئەوانەی بەیعـەتیان پێدا فـەرمانی پێكـردن لەسـەرەتایی ئەوسـاڵە خۆیـان ئامـادە بكـەن و

١ـ الصحاح للجوهری ب٢/ ١٠٧٨، ولسان العرب/ ب٧/ ١٥٧ مادة رَفَضَ.

٢ـ لسان العرب ب٧/ ١٥٧.

٣ـ مناقب الإمام لأبن الجوزي.

٤ـ إعتقادات فرق المسلمين والمشركين لا ٥٢.

دەربچن، کە خۆیان ئامادە کرد، لە ناویان پیاوێك بەناوی سولەیمانی کوڕی سوراقە ئەو هەواڵەی زەیدی گەیاندە یوسفی کوڕی عومەر، کە لە عیراق بریکاربوو لە شوێنێك بە ناوی(حیرة) یوسفی کوڕی عومەر ناردی بۆ ئەوەی چاوی بە زەید بکەوێ، بەڵام کاتێك شیعە بەمەیان زانی چوونە لای زەیدو پێیان وت: ڕەحمەتی خوات لێبێ ڕات چیەو چ دەڵێی دەربارەی ئەبو بەکرو عومەر؟ وتی: خودایان لێخۆش بێت، نەم زانیوە لە ئەهل و بەیتی من یەکێك هەبێت حاشای لێکردبن و بە خراپە ناوی هێنابن، منیش هەر بە باشە ناویان دەبەم، وتیان: ئەی بۆچی داوای تۆڵەو خوێنی ئەهل و بەیت دەکەیت؟ وتی: ئێمە شایەنترین کەس بووین بۆ ئیمامەت بەڵام کۆمەڵێك خۆیان پێش ئێمە خست و ئێمەیان لەو کارە دوور خستەوە، بەڵام ئەوان سەرەڕای ئەو کارەی کردیان لەلای ئێمە کافر نەبووینە، چونکە کاتێك حوکمیان کەوتە دەست دادگەریان کردو کاریان بە قورئان و سوننەت کرد، وتیان: ئەی بۆچی شەڕیان لەگەڵ دەکەی؟ وتی: ئەوانە وەك ئەوان نین، ئەوانە ستەمیان لە خۆیان و خەڵك کردو منیش بانگەشە بۆ قورئان و سوننەت دەکەمو هەوڵدەدەم بۆ زیندوو کردنەوەی سوننەتەکان و مراندنی بیدعەکان، ئەگەر گوێڕایەڵ دەبن ئەوا بۆ من و ئێوە باشترە ، ئەگەریش سەرپێچی دەکەن، ئەوا لە ئێوە کوجا مەرحەبا ، ئەوانیش ڕەفزیان کردەوەو لە دەوروبەریەوە نەمان و پەیمانەکەیان لەگەڵی هەڵوەشاندەوەو وازیان لێهێنا، بۆیە هەر لەم ڕۆژەوە ناونران بەرافضة[1]

جا هەرلێرەدا هۆی ناونانیان بە رافضة ڕوون دەبێتەوە، چونکە ڕەفزی زەیدی کوڕی عەلییان کرد، کە قەدەغەی کردن جنێو ئەبو بەکرو عومەر بدەنو وای لێهات وشەی رافضة بەو کەسانە وترا: کە زیادە ڕۆییان لە مەزهەبی شیعە دەکردو ڕێیان بەجنێو و تانە وتەشەردان دەدا بە هاوەڵە بەڕێزەکانی **پێغەمبەر**ﷺ.

چوارەم: سەرەتای سەرهەڵدانی شیعەگەرایەتی:

کتێبە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن، کە یەکەمین کەس بیرو هزری شیعە گەرایەتی چاند لەناو ئوممەت پیاوێکی جولەکە بوو پێیان دەوت: عبداللّٰهی کوڕی سبأ، کە بۆ تانەو

١ـ البداية والنهاية ب٩/ ٣٧٠ـ ٣٧١

تەشەر لێدان لە ئیسلام، ئیسلامەتی خۆی ئاشکرا کرد، ئەمەش لە سەردەمی خەلیفەی ڕاشید عوسمانی کوری عەفان بوو، ناوە ناوە عبداللە دەگەڕا لە مەدینەو بەسرەو کوفەو میسرو شام ، هەتا کاتێك تێك دەردو داخ لە دڵەکان لە مونافیق و نەفامەکان بە حەقیقەتی دین لە دەورەی کۆبوونەوە، ئەو عبداللەیە ناسرا بوو بە إبن سوداء ، زۆر زیرەك‌و ژیرانە توانی دوو بیرۆکەی بنەڕەتی بڵاو بکاتەوە بۆ هێنانەدی ئامانجە یەهودیەکانی:

یەکەم: بانگەشەکردنی بۆ گەڕانەوەی **پێغەمبەر** ﷺ ودەیوت: سەیرم بەو کەسەدێ، کە گومان دەبا عیسا دەگەڕێتەوە، بەڵام باوەڕ ناکات محمد دەگەڕێتەوە، خودای گەورەش دەفەرموێت ﴿إِنَّ ٱلَّذِي فَرَضَ عَلَيۡكَ ٱلۡقُرۡءَانَ لَرَآدُّكَ إِلَىٰ مَعَادٖۚ قُل رَّبِّيٓ أَعۡلَمُ مَن جَآءَ بِٱلۡهُدَىٰ وَمَنۡ هُوَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ٨٥﴾ القصص: ٨٥.

دووەم: بانگەشەکردنی بۆ بیروباوەڕی ئەوەی، کە هەموو **پێغەمبەرێك** شوێن گرێکی هەیە و عەلیش شوێن گری موحەممەدەو، موحەممەدیش کۆتایی **پێغەمبەرانە**و عەلیش کۆتای شوێن گرانەو کەسیش لەو کەسە ستەم کارتر نیە شوێن گری **پێغەمبەر** قەدەغە بکاو ئەو هەقە بفەوتێنێ و بۆ خۆی زەوت بکاو کاروباری ئوممەت بۆ خۆی بگرتە بەر.

إبن سبأ هاوەڵ و شوێن کەوتوەکانی نارد بۆ شوێنە جیاجیاکان بۆ ئەوەی درۆو بوختان بنوسن و بڵاو بکەنەوە بۆ ناشیرین کردنی والی و کاربەدەستەکان و، نیسبەتی ئەوەشیان دا پاڵ خەلیفەی موسڵمانان و ڕای سپاردن، کە لە دەوریان کۆببنەوەو، چەند نامەیەکیشیان تەزویر کردو دایانە پاڵ عوسمان بۆ ئەوەی کەلێن بخەنە نێوان ئوممەت و خەلیفەکەی و نێوانیان تێك بدەن، چەند شوێنێك یاخی بوون و خەڵکی بەسرەو کوفەو میسر بەدەم بانگەوازەکەی إبن سبأ هاتن و قەبوڵیان کرد، ئەمەش بۆ هێنانەدی چەند ئامانجێك ، کە یەکێك لە پیلانە هەرە گڵاوەکانی کوشتنی خەلیفەی ڕاشید عوسمانی کوڕی عەففان بوو، کە بە زولم کوشتیان.

شیخ الإسلام إبن تیمیة: ڕوونی کردۆتەوە، کە یەکەمین کەس رَفض و زیادەڕەوی داهێنا إبن سبأ بوو، إبن تیمیة لە میانی باس کردنی بۆ ئەم مەسەلەیە وتویەتی: بنچینەی رَفض مونافیقەکان و زیندەقەکانن دایان هێنا، چونکە بیرۆکەکە إبن سبأ دورستی کرد ،

ئیمامەتیشی کردە هەڵێك بۆ ئـەوەی زیادەڕۆیی تێدا بکـاتو وتـی: علـی دورە لـە گونـاهو مەعصومە.[1]

هەروەها وتویەتی: بەڕاستی ئیبن سەبەئی مونافیق و زەندیق ویستی ئاینی ئیسلام تێك بدات و بشێوێنێو، ویستی ئەوەی بۆڵص بەسـەر نەصـرانیەکانی هێنـا ئـەویش ئـاوا بەسـەر موسڵمانان بێنێ، بەڵام ئەوەی بۆ بۆڵص ڕێککەوت و چووە سەر بۆ ئـیبن سـەبەء نەچـووە سەر، چونکە نەصرانیەکان عەقلێکی سـادەیان هـەبوو، کاتێـك عیسـا –علیـە السـلام– بـەرز کراوە بۆ ئاسمـان خـەڵکێکی کـەم دوای کـەوتبوون و فێـرە ئاینەکـەی ببـوون، جـا ئـەوەی بۆڵص دایهێنا لە زیادەڕۆیی لە عیسا خەڵکێکی زۆر دوای کەوتن و زیادە ڕۆییـان لـە خـۆش ویستنی عیسا کرد ، بەڵام ئەهلی حەق لێیان هەڵسان و ئەوەیان ڕت کردوەو دژیان وەستان هەتا کارەسات بەوە گەیشت، هەندێك پادشا یەکتر بکوژنو، هەنـدێکیش گۆشـەگیربوون لـە کەنیسەو دێرەکان، بەڵام سوپاس بۆ خوا ئەم ئوممەتە بەردەوام کۆمەڵێکی لە نێودایە، کـە لە سەر هەقە، بە جۆرێك هیچ بێ باوەڕو بیدعەچیەك ناتوانێ تێکـی بـدا، یـان بیـەوێ خـۆی زاڵ بکات بەسەر هەقـدا ، بـەڵام ئـەو کەسـەی بیـەوێ گـومڕا بـێ ئـەوا شـوێن ئـەو گومڕایـە دەکەوێ.[2]

لە بەر پیسی و نگریسی و فێڵ و دوژمنایەتی سەختی بۆ ئیسلام و موسـڵمانان کـەس لـە ئەهلی ئیمان بە باش ناوی إبن سبأی نەبردووە، بەڵکو بەوە وەسفیان کردوە، کە یەکەمین کەسـە سەرشـۆڕو دۆڕاوەکـانی فێـری جنێـو تانـەو تەشـەردان کـرد بـە ئەبوبـەکرو عومـەرو هەروەها وەسفیان کردوە بەدرۆ و نیفاق و بێ باوەڕیو گومڕایی.

ئیبن حەجەر لە ڕێگایی أبی إسحاق الفزاری باسی کردوە ، کە سوەیدی کوڕی غەفلە لە سەردەمی پێشەوایەتی عەلی چویتەلای و پێی وتـوە: بـەلای چـەند کەسـێك تێپـەڕیم باسـی ئەبوبەکرو عومەریان دەکردو دەشیان وت: کـە تـۆش لـە دەروونـەوە قسـەیان پـێ دەڵێـی، عەلی وتی: من زۆر زۆر دوورم و لەو ڕەوشتە پیسە ، پاشان وتی: پەنا بـەخوا مـن لـە باشـە بەو لاوە هیچم لە ناو دڵ دانیە بەرامبەریان، پاشـان عبـدالله‌ی کـوڕی سـەبەئی پەرگەنـدەی

---

[1] ـ مجموع الفتاوى لشيخ الإسلام إبن تيمية ب٤/ ٣٤٥.

[2] ـ منهاج السنة ب٣/ ٢٦١.

مەدائین کردو، وتیشی: لێ مەگەرێن لە هیچ شوێنێك بمێنێتەوە، پاشان کاتێك خەڵکی کۆبوونەوە هەڵسا ڕۆیشت بەرەو لای مینبەرەکەیو سەرکەوتە سەری‌و مەدح و سوپاس گوزاریەکی زۆری ئەبوبەکرو عومەری کردو لە کۆتایی وتارەکەشی وتی: هەواڵی هەرکەسێك لە ئێوەم پێ بگات من بە باشتر بزانێ لە ئەبوبەکرو عومەر ئەوا حەددی درۆزنی لێ دەردەکەم.[1]

هەندێك سەرچاوەی تریش باس لەوە دەکەن، کە عەلی ویستی بیکوژێ‌و شمشێریشیان بۆ هێنا پاشان وتی: دووریکەنەوە لێم، دوایی پەرگەندەی مەدائینی کرد.[2]

إبن عساکریش بە سەنەدێك لە أبی الجلاس ڕیوایەتی کردووەو وتویەتی: گوێم لە عەلی بوو بە عبداللەی کوڕی سەبەئی وت: کەسی درۆزن پەیدا دەبن تۆش لە ڕۆژی قیامەتدا یەکێکی لەوان.[3]

عەلی ڕایگەیاند،کە ئیبن سەبەء توخمێکی پیسەو ، ویستیشی بیکوژێ، بەڵام کاتێ پەشیمان بۆوە لە کوشتنی پەرگەندەی مەدائینی کرد ڕوونیشی کردەوە، کە یەکێکە لە پیاوە هەرە درۆزنەکان.

پێشەوا زەهەبی لە بارەی إبن سەبەء وتویەتی: عبداللەی کوری سەبەء یەکێکە لە هەر زەندیق‌و گۆمڕاو گومڕاکەرەکان، وا بزانم عەلی بە ئاگر سوتاندی، ئەو عبدالله یە گومانی برد قورئان پێك هاتووە لە نۆ جزم، کە عەلی بەمەی زانی یەکسەر دەری کرد پاش ئەوەی، کە ویستی بیکوژێ.[4]

إبن حجر پاش ئەوەی چەند ڕیوایەتێکی هێناوە لە زەم کردنی وتویەتی: هەواڵ و دەنگوباسی عبداللەی کوڕی سەبەء زۆر باوە لە مێژووەکان، سوپاس بۆ خوا، کە هیچ ڕیوایەتێکی نیەو، چەند شوێن کەوتەیەکی هەیە پێیان دەڵێن: سەبەئیەکان ئەوانە

١ــ بڕوانە: تلبیس إبلیس لا ١٠٠ــ ١٠١.

٢ــ تأریخ دمشق لإبن عساکر. ب ٣٤/ ٦

٣ــ میزان الإعتدال ب٢/ ٤٢٦.

٤ــ لسان المیزان ب٣/ ١٢٢ــ ١٢٣.

بیروباوەڕیان وایە، کە عەلی کوڕی ئەبو طالیب خوایە، عەلی لە خیلافەتی خۆی بە ئاگر سوتاندنی[1].

دەڵێم: سزادان بە ئاگر لە شەرعدا قەدەغەکراوە، دەیتوانی تەنها بە شمشێر بیان کوژی[2]، بەم شێوەیە بۆ خوێنەری سەنگین ڕوون دەبێتەوە، کە ئیبن سەبەئی یەهودی یەکەمین کەس بوو، کە بیرۆکەی شیعەگەرایەتی چاندو وتیشی، کە محمد وەك عیسا دەگەڕێتەوەو شوێن گری **پێغەمبەریش** عەلیە، جا شوێنکەوتەکانی و هەندێك لەو زانایانەی، کە بەشکێکی ئەوتۆیان لەعیلم و هیدات بەرنەکەوتبوو باوەڕیان بەو درۆو بوختانانە کردوو بڵاویان کردەوە.[3]

ئەوەی لە مێژوو بکۆڵێتەوەو دیراسەتی بکا بۆی دەردەکەوێ، کە کاتێك ئوممەت جولەو خورپەیەکی بە هێزدەکا، ئەوا هۆیەکەی چەند کەسێکی داخ لە دڵە لە ئیسلام، کە خۆیان شاردۆتەوە لەنێوەندی موسڵمانانو هیچ ماندوو بوون و بێزاری ڕوویان تێ ناکا لە بڵاوکردنەوەو چاندنی تۆی هزرە نگریسو شەیتانیەکانیان، کە دژ بەعەقیدەی ئیسلامیە، ئەو عەقیدەیەی لەکتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەیﷺ هەڵقوڵاوە.

١ـ لسان الميزان ٣/١٢٢، ١٢٣.

٢ـ لە ناوبردن بە ئاگر لەشەرعدا قەدەغە نەکراوە بەڵکو سزادان قەدەغە کراوە جیاوازیەکی زۆریش هەیە لە نێوانیان، بەڵگەشمان ئەو فەرمودەیەی **پێغەمبەرە** کە دەفەرموێ: ((**پێغەمبەرێك** لە **پێغەمبەران** چوو لە ژێر دارێك پشوو بدات جا مێروولەیەك گەستی ئەویش فەرمانی کردە ئەوانەی لەگەڵی بوون مێروولەکانی ناو شارە مێروولەکە هەمووی دەربێنن‌و پاشان هەمووی بسوتێنن خوای گەورەش سروشی بۆ هەناردوو فەرمووی هەر یەك مێروولەت لەناو ببردبایە)) رواه الامام أحمد وغيره و إسناده صحيح على شرط الشيخين. پاشان عەلی خوا لێی ڕازی بێ یەکێکە لە خولەفای ڕاشدین کە فەرمانمان لەلایەن **پێغەمبەرەوە** پێکراوە شوێن سوننەتەکانی بکەوین ئەمەش یەکێکە لە سوننەتەکانی ، پاشان ئەوانە گەورەترین تاوانیان ئەنجامدا بەوەی عەلیان کردە خوا بۆیە ئەویش گەورەترین سزای دان بۆ ئەوەی کەس جورئەتی ئەوە نەکات شتی وا بلێت جونکە زەمەنەکە زەمەنی فیتنە بوو عەلیش ویستی ڕێ لەو جۆرە کوفرو شیرکانە بگرێت. والله أعلم.وەرگێڕ

٣ـ إبن سبأ حقيقة لا خيال(سعد الهاشمي).

تەوەرەی دووەم: پێناسەی گرنگ ترین گروپەکانی شیعە:

لە ڕاستیدا ئەو زانایانەی لە کۆمەڵ و مەزهەبەکانیان کۆلیتەوە، ئەوا کتێبێکی زۆریان داناوە لە سەر گروپەکانی شیعە، لەم لێکۆڵینەوەیە وام بەباش زانی هەندێکیان باس بکەم بێ ئەوەی درێژەی پێبدەم تەنهاباطنیەکان نەبێت، چونکە ئەوان حوکمی باکوری ئەفریقیان کرد ،لەگەڵ شیعەی دوانزە ئیمام، چونکە ئەوانە ئەمڕۆ دەوڵەتیان هەیە و هەڵدەستن بە بڵاوکردنەوەو یارمەتی دانی مەزهەبی شیعە، هەروەها نوصەیریەکانیش، چونکە هەر لە سەرەتای حەفتاکاتەوە هەتاوەکو ئێستا حوکمی سوریا دەکەن.

ئەوگروپە شیعانەی، کە زانایانی گروپ ناس باسیان لێوەکردوە ئەمانەن:

١ــ السبئية. ٢ــ الغرابية.٣ــ البياتية.٤ــ المغيرية.٥ــ الهاشمية.٦ــ الخطابية.٧ــ العلبائية.٨ــ الكيسانية.٩ــ الزيدية الجارودية.١٠ــ السليمانية.١١ــ الصالحية.١٢ــ البترية.

هەندێك لەو گروپانە زیادەڕۆیی زۆر گەورەیان کردووە، هەندێکیشیان کەمتر، ئەوەی دەیەوێ زیاترو فراوانتر زانیاریان لە بارەیەوە بزانێ ئەوە با بگەڕێتەوە بۆ کتێبی(مقالات الإسلاميين لابي حسن الأشعري) و (الملل والنحل للشهرستاني) و(الفرق بين الفرق بن طاهر البغدادي)

یەکەم: النُصيرية:

ئەم گروپە یەکێکە لە هەرە گروپە توندڕەوو زیادەڕۆکانی شیعە ڕەچەڵەکیان دەچێتەوە سەر محمدی کوڕی نصرالمنیری ،ئەو گروپە هەڵقولاوی شیعەی دوانزەئیمامی ڕافزییە، کە زیادە ڕۆییان لە عەلی کوڕی ئەبو طالیب کردو کردیانە خوا.

ئەم گروپە ناوسراوە بە دژایەتی کردنی ئیسلامو موسڵمانان، هەروەها بە یارمەتیدانی نەصارا داخ لە دڵەکان و یەك هەڵوێستی لەگەڵ تەتەرە تێکدەرکان، هەروەها ناسراون بەڕەتکردنەوەو تەحریف کردنی ناوە پیرۆزەکانی خواو ئایەتەکانیو لادانی فەرمایشتی خواو فەرمایشتی **پێغەمبەرەکەی** لە شوێنی خۆی، ئێستاش وا لە خوارەوە وەلامی شَيخُ الإسلام دەخەینە ڕوو سەبارەت بە پرسیارێك، کە لێی کرا دەربارەی نوصەیریەکان، شَيخُ الإسلام وتی: سوپاس بۆ خوای فرەجیهان، ئەو گروپەی ناونراون بە نوصەیریە و لەگەڵ

چینی قەرامیتە باطنیەکان ئەوانە زۆر کافرترن لەجولەکەو فەلەکان، بەڵکو زۆر کافرترن لە زۆربەی موشریکەکانو، زەرەریشیان لەسەر ئوممەتی موحەممەد صلی الله علیه وسلم زۆرگەورەتر و ترسناکترە لە زەرەری کافرە شەڕکەرەکان، وەك تەتەرە کافرەکان و فەلەکان و جگە لەوانەش، چونکە ئەوانە لەلای موسوڵمانە نەفامەکان خۆیان بەلایەن گرو خۆشەویستی ئەهل و بەیت نیشان دەدەن ، کە لەڕاستیدا نەباوەڕیان بەخواو نە بە **پێغەمبەرو** نە بەکتیابەکەی نیە، هەروەها باوەڕیان نیە بە ئەمرو نەهی و بەپاداشت و سزاو بەهەشتو ئاگرو نە بەیەکێك لەو موسوڵمانانەی پێش ئوممەتی موحەممەد نیە، بەڵکو ئەوانە بە درۆو بوختان وتەی خواو **پێغەمبەرەکەی** دەگۆڕنو لادەدەن بە بەهانەی ئەوەی ئەوە عیلمی باطینەو، کە لەوەش هیچ سنورێکیان نیە لە لای ڕاوەستن لە ڕەتکردنەوەی ناوو ئایەتە پیرۆزەکانی خواو لادانی وتەی **پێغەمبەرەکەی** لە شوێنی خۆی، پاشان فەرمویەتی: زانراویشە لە لای ئێمە، کە فەلەکان بە یارمەتی نوصەیریەکان توانیان کەنارەکانی شام داگیری بکەن، ئەوانە هەردەم لەگەڵ دوژمنی موسوڵماناندا دۆستن و یارمەتیان دەدەنو، هەردەمیش لەگەڵ فەلەکانن دژی موسوڵمانەکانن و، یەکێك لە هەرە چورتمە[1] گەورەکانیشیان سەرکەوتنی موسوڵمانانە بەسەر تەتەرەکانداو، خۆشترین چەژنیشیان ئەوەیە کاتێك فەلەکان زاڵ دەبن بەسەر زەوی موسوڵماناندا..کاتێك ئەو دوژمنانەی خواو **پێغەمبەر** ژمارەیان زۆر بوو لەسەر کەنارەکان ئەوا فەلەکان توانیان بەسەر ئەو کەنارانە زاڵ ببن، پاشان هەر بەهۆی ئەوان توانیان زاڵ ببن بەسەر قودسی پیرۆز و چەند شوێنێکی تر، پاشان، کە خوای گەورە کاروباری موسوڵمانە موجاهیدەکانی ڕێك خست بە هۆیی کەڵە پیاوانی وەك: نورالدین الشهید و صلاح الدین الأیوبیو شوێن کەوتوەکانیان ئەوا توانیان کەنارەکان ڕزگار بکەنو زەوی میسریش بسەننەوەو ڕزگاری بکەن لەژێر چەپۆکی نوصەیریەکان پاش ئەوەی دووسەد ساڵ لەژێر دەستیان بوو،جا ئەوان لەدژی موسوڵمانان لەگەڵ فەلەکان ڕێککەوتن، بەڵام موسوڵمانان کۆڵنەدەرانە بەرەو ڕوویان وەستان و جیهادیان لەگەڵ کردن هەتا فەتحیان کردو ڕزگاریان کرد... پاشان

١ـ چورتم واتە: المصیبة والبلاء.

تەتەرەکان هەرگیز نەیان دەتوانی بێنە ناوی زەوی ئیسلام و خەلیفەی بەغداو چەند خەلیفەیەکی تر بکوژن، ئەگەر بە یارمەتی و ڕێگەخۆشکردنی ئەو نوصەیریانە نەبوایە... ئەو نوصەیریانە لەلای موسوڵمانان بەچەند نازناوو ناوێك ناسراون وەك (الباطنية) و(الإسماعيلية) و(الخرمية) (المحمرة).

ئەو ناوانە جاری وا هەیە هەمووی دەیانگرێتەوە، جاری واش هەیە بە یەك چینیان دەوترێ: گومانی تێدانیە، کە جیهاد کردن لەگەڵ ئەوانەو دەرکردنی حەد لێیان لە هەرە کردەوە باشەکان و واجبە گەورەکانە، جیهاد کردن لەگەڵ ئەوانە باشترە لەجیهاد کردن لەگەڵ ئەوانەی، کە موشریکن و ئەهلی کتابن ، بەڵام شەڕ لەگەڵ موسوڵمانان ناکەن، جیهاد کردن لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە دەچێتە نێو جیهادی(مرتدین)، ئەبوبەکر و تێکڕای هاوەڵە بەڕێزەکان پێش ئەوەی جیهاد لەگەڵ کافرەکانی ئەهلی کیتاب بکەن جیهادیان لەگەڵ(المرتدين) کرد، چونکە زەرەری ئەوانە زۆر زۆر زیاترو دژواترە لە وانیتر، پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێکیش بەوکارە هەڵبستێ ئەوەندەی لە توانایدایە و بەهیچ شێوەیەکیش دروست نیە کەسێك بیان ناسێ پاشان باسیان نەکاو بیشارێتەوە، بەڵکو دەبێ بڵاوی بکاتەوەو، ئاشکرای بکات، بۆ ئەوەی موسوڵمانان حەقیقەتی حالیان بزانن و دروستیش نیە بۆ هیچ کەسێك بێدەنگ بێت لەمەڕ ئاشکرا کردنی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ لەسەریان... ئەوەی لە موسوڵمانیش لە شەڕی ئەوانە کەم بکاتەوە یان ببێتە مایەی هیدایەتیان ئەوەندەی لە توانای دایە ئەوا هەر خوا دەزانێ چەندو ئەجرو پاداشتی جنگ دەکەوێ.[1]

ئەم گروپە پیس و نەگریسە لە سەردەمی ئەمڕۆدا ناویان لە خۆناوە(العلويين) ئەم گروپە لەماوەی داگیرکاری فەڕەنسی بۆ وڵاتانی شام یەك هەڵوێست بوون لەگەڵ فەلە داخ لە دڵەکانو یارمەتی دەریان بوون بەجۆرێك ئیستعماری فەڕەنسی لە سوریا نەچوە دەرێ هەتاوەکو ئەوانەی پێگرو قایم نەکرد، کاتێك کاروباری وڵاتیان کەوتە دەست بەجۆرێك تۆڵەیان سەندەوە لە ئەهلی سوننە، کە کاریگەری دیمەنەکانو ترسناکیان سەری مندالّی

---

١ ـ مجموع الفتاوى لشيخ الإسلام إبن تيمية ب٣٠/ ١٤٩ـ ١٥٠.

سپی دەکردوو، هەموو خاوەن زگێکیش زگەکەی خۆی دادەنا لە دڕندایەتی کوشتن و سزاو ئەشکەنجەیان و هەتکردنی شەرەفی ئافرەتە داوێن پاکەکانی ئەهلی سوننەو بەندکردنیان لەگەڵ پیاوەکان لە بەندیخانەکان، بەردەوامیش ئەوانە وا حوکمی پایتەختی وڵاتی شام دەکەن، داوا لە خوای گەورە دەکەین چەندی زووە کۆتاییان پێ بێنێت و ئەهلی دین و شەریعەتەکەی پێ قایم و جێگیر بکات.

ئێستاش ئەوانە لە سوریا لە لای چیای لاذقیە بەربڵاونو بە زۆری لەشاری حەما و حیمصدا جێگیر بووینە، لەتورکیاش لە لیوای ئەسنکەندەریەو طە رطوس و ئەدەنەو هەندێکیشیان لە کوردستاندا دەژین.[1]

هەندێك لەو بیروباوەڕە گەندانەی هەیانە ئەمانەن:

١ــ بەخوا کردنی پێشەوا عەلی کوڕی أبی طالیب، کەوا گومان دەبەن لە هەورەکان نیشتەجێیەو، گەوارەش دەنگە کەیەتیو، بروسکیش پێکەنینیەتی، لەبەر ئەمە زۆر ڕێزی هەور دەگرنو بەگەورەی دادەنێن، هەندێکیشیان بیروباوەڕی وایە، کە لە ڕۆژو مانگدا نیشتەجێیە.

٢ــ تناسخ الأرواح بیروباوەڕێکە لە عەقیدەکەیان، دەڵێن: ئەوانەی عەلی ناپەرستن سەر لەنوێ لەسەر شێوەی وشترو کەر لەدایك دەبنەوە ، بەڵام ئەو باوەڕدارانەی عەلی دەپەرستن، ئەوا لای ئەوان حەوت جار گۆڕانکاری بەسەردا دێت، پاشان جێگایی خۆی لە نێو ئەستێرەکان دەکاتەوە، ئەوەی لە لای ئەوانیش لاڕێ بێت[2]، ئەوا سەر لەنوێ لە دایك دەبێتەوە، بۆ ئەوەی پاك ببێتەوەو کەفارەتی گوناهەکانی بدات.[3]

بگرە شتی تریش لە عەقیدە گەندو پیسەکانیان.

چەند چەژنێکیان هەیە بۆ ڕابوردان، کە تیادا ئارەق پێشکەش دەکەن و گوناهی گەورەی لە نێویدا ئەنجام دەدەن ، ئەو چەژنانەش چەژنی(غطاس) و(بربارا)ن، کە دوو چەژنی

١ــ بڕوانە: کتێبی الموجز في الأديان والمذاهب، لناصر العقل و القفاري.

٢ــ لاڕێ: واتە: منحرف.

٣ــ بڕوانە: کتێبی الموجز في الأديان والمذاهب، لناصر العقل و القفاري لا ١٣٨.

فەلەکانن، لەگەڵ (نیرۆز)[1]، کە چەژنی مەجوسەکانە[2]، ئەم دینداریە گەندەش بە یەکێك لە نهێنیەکانیەکانی خۆیان دەزانن، واش دەڕواننە ئافرەتەکانیان، کە هیچ ئاینێکیان نیە، چونکە وا سەیریان دەکەن ، کە کەم هۆش و بیرن‌و ناتوانن نهێنیەکان بپارێزن، پیاویش ئاشنا نابێت بە نهێنیەکانی ئاینەکەی هەتا تەمەنی نەگاتە نۆزدە ساڵ، ئەو کات لە چەند کۆڕێکی تایبەتدا و لە نێو چەند کاریگەریەکی زۆر و تۆقاندنێکی هزری و چەند نەریتێکی ئاینی سەیر جۆش دەکرێ بە عەقیدەی نوصەیری ، درێژەی ئەم باسەش هەموو دەدۆزییەوە لە کتێبی (الباروكة السليمانية)، کە هی (سليمان الأردني)یە کە پێشتر نوصەیری بوو دواتر هەڵگەڕایەوەو بوو بە نەصرانی‌و ئەم کتێبەی دانا خزم کەسانیشی هەر لە دوای گەران هەتا دەستیان گەیشتێ‌و بە خراپترین شێوە بە زیندوی سوتاندیان.[3]

ئەوەی شایەنە ئاگادار بین لێی ئەوەیە، کە دەوڵەتە نەصرانیەکان وەك ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنساو ئیسرائیل هتد... هەوڵدەدەن بەو خەنجەرە ژهراویانە تانەو تەشەر لەم ئوممەتە بدەن و لەکەداری بکەن بەوەی ئەوانە بە هێز بکەن و لەگەڵیان بن هەتا دەیانگەیەننە سەر حوکم، چونکە وادەزانن ئەمە باشترین ڕێگایە بۆ لاوازکردنی ئوممەتی ئیسلام ﴿وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ﴾ الأنفال: ٣٠

دووەم : شیعەی دوانزە ئیمام : ئەمانە چەند ناوێکی تریشیان هەیە لەناو خەڵکی پێی ناسراون لە وانە الإمامية ، چونکە ئەوانە إمامة بە دەقی ئاشکراو دەست نیشان کردنێکی ڕاست بەواجب دادەنێن، خاوەنی کتێبی أعيان الشيعة وتویەتی: ئەو ناوە تانەو تەشەرێکە ئەو کەسانە بەکاری دێنن، کە عەلی پێش دەخەن بۆ خیلافەت‌و زیاتریش بەکار دێت بۆ دڵ خۆشکردن و تۆڵەسەندنەوە.[4]

بەڵام کولەینی شیعە لەکتێبەکەی بەناوی کافي کە کتێبێکی سەرەکیە لە مەزهەبەکەیان، بەڵکو گرنگترین و باشترین کتێبە لە لایان بە جۆرێك دەیهێننە ریزی صحيح البخاري لە لای

١ـ نیروز: واتة: نەورۆز

٢ـ سەرچاوەی پێشو ل١٣٩ .

٣ـ بڕوانە: کتێبی الموجز في الأديان والمذاهب، لناصر العقل و القفاري ل ١٣٧.

٤ـ أعيان الشيعة لمحسن الأمين: ب١ ل٢٠.

ئەهلی سوننە، چەند ڕیوایەتێکی زۆر دێنێتەوە، کە ئەوان ڕازینە بەو ناوو نازناوە، کە بەمەش درۆ بەرامبەر خوا دەکەن و بوختان دروست دەکەنو دەڵێن: خودا ناوی ڕەوافضی لێ داماڵینە[1] ئەوانە بە بەدو دزێو ناوبانگانیان دەرکردوەو هیچ گوێ نادەنە ئەوەی درۆو بوختان بەخواو بەدورستکراوەکانی بکەن.

لەو ناوانەی، کەوا ناوبانگیان پێدەرکردوە الإثنا عشرية چونکە بیروباوەڕیان وایە، کە دوانزە ئیمام هەنە، کە لە خوارەوە بەریز دەیاننووسین:

١ـ أبو الحسن على بن أبى طالب (ت ٤٠ ﻫ)

٢ـ الحسن بن على بن أبى طالب(ت ٥٠ ﻫ)

٣ـ الحسين بن على بن أبى طالب(ت ٦١ ﻫ)

٤ـ على بن زين العابدين بن الحسن بن علي(ت ٩٥ ﻫ)

٥ـ محمد الباقر بن على(ت ١١٤ ﻫ)

٦ـ جعفر الصادق بن محمد(ت ١٤٨ﻫ)

٧ـ موسى الكاظم بن جعفر(ت ١٨٣ﻫ)

٨ـ على بن موسى الرضا(ت ٢٠٣ﻫ)

٩ـ أبو جعفر بن على(الجواد)(ت ٢٢٠ﻫ)

١٠ـ أبو الحسن على بن محمد(الهادي)(ت ٢٥٤ ت)

١١ـ أبو محمد الحسن بن على(العسكري)(ت ٢٦٠ﻫ)

١٢ـ أبو القاسم محمد بن الحسن(المهدي)(ت٢٥٦ﻫ)[2]

ئا ئەوانە ئەو دوانزە ئیمامەن لە لای شیعە ئیمامیەکان، ئەو شیعە دوانزە ئیمامیانە هەندێك بیروباوەڕیان بەرامبەر بەو ئیمامانە هەیە، کە هەمووی زیادەڕۆییە و هەر خۆیان دایاننـاوەو خودای گەورە داینەبەزاندوە، یەکێك لەو بیروباوەڕانەی هەیانە بەرامبەر ئیمامەکانیان ئەوەیە، کە ئەو ئیمامانە هەر لە تەمەنی منداڵیەوە هەتا دەمرن پاکن و دوورن لە هەموو خراپ و بەدڕەوشتیەکی ئاشکراو نادیار ، جا چ بە ئەنقەست بێ یان بەبێ ئاگایی، هەروەکو واجبیشە دووربن و پاك بن لە هەڵەو لەبیرچوون، چونکە ئیمامەکان

١ـ الفروع الكافي ب٨/ لا ٢٨١) حديث رقم ٦ من كتاب الروضة

٢ـ بروانە: بیروباوەڕی ئیمامیەکان محمد رضا مظفر لا(٦٢ـ ٦٢)

پـارێزەری شــەرعن و شــەرع بــەوان ڕاوەســتاوەو لــەم کــارەدا حالیــان وەك پێغەمبــەری خوایە ﷺ.[1]

ئەوانــە ئیمامــەکانیان بەهەنــدێك وەســف نــاوبردوە، کــە لــە مــەنقول و مــەعقول تێیــان پەڕاندوەو لایان داوە، جا وەك نمونەیەك دەیهێنینەوە، کە کُلَیْني لـە کتێبەکـەی بـە نـاوی الکافی ، کە لای ئەوان ناو زەند دەکرێت بە أصول الکافي چەندە کۆباسێکی داناوە، کە پێك هاتووە لە چەند فەرموودەیەك کە بەدرۆو بوختان هەڵیان بەستووە لە سەر زێدە ڕۆیی لـە ئیمامەکانیان.

جا هەندێك لە ناونیشانی ئەو کۆباسانە ئەمانەی خوارەوەیە:

(باسێك لەبارەی ئیمامەکان، کە کار بەدەستی خوانـەو خەزێنـەی زانسـتی ئـەون)[2](باسـێك لـەبارەی ئیمامـەکان کۆڵەگـەی زەویـن)[3](باسـێك لـەبارەی ئیمامـەکان، کـە هـەموو ئـەو کتێبانەی لە لایـەن خـوا هاتونەتـە خـوار لـە لای ئەوانـە هەیـەو دەیـزانن بـە پێـی جیـاوازی بەڵگەکانیان)[4] (باسێك سەبارەت بە قورئان، کە هەر ئیمامەکان کۆیان کردۆتەوە)[5] (باسـێك سەبارەت بـەوەی ئیمامـەکان هـەموو عیلمـەکان دەزانـن، کـە لـە فریشـتەو **پێغەمبـەر** ﷺ و پەمامبەرەکانەوە دەرچوە) [6](باسێك سەبارەت بـەوەی ئیمامـەکان دەزانـن کـەی دەمـرن و ناشمرن تەنها بە سەرپشکرنی خۆیان نەبێ)[7] (باسێك سەبارەت بـەوەی ئیمامـەکان ئـەوەی ڕووی داوەو ڕوی نـەداوە دەیـزانن و هـیچ شـتێك لـەوان نادیـار نیـە)[8]((باسـێك سـەبارەت بەوەی، کـە خـوای گـەورە **پێغەمبەرەکـەی** فێـرە هـەر عیلمێك کردبێ ئەمریشـی بـە أمـیر

١ـ عقائدالإمامية محمد رضا مظفر لا(٥١)

٢ـ الكافي(ب١/١٩٢)

٣ـ الكافي(ب١/٢٢٧)

٤ـ الكافي(ب١/٢٢٨)

٥ـ الكافي(ب١/٢٥٥)

٦ـ الكافي(ب١/٢٥٨)

٧ـ الكافي(ب١/٢٦٠)

٨ـ الكافي(ب١/٢٦٣)

المؤمنين يش كرديه ڕاپيگەينێ و ئەويش هاوبەشيەتی لە عيلم)[1](باسێك سەبارەت بەوەی، كە ئيمامەكان ئەگەر شتێكيان لێ بشارييەوە پێت دەڵێن، كە چی بۆ هەيەو چی لەسەرە)[2](باسێك سەبارەت بەوەی ئيمام دەزانێ ئەو ئيمامەی لە دوای دێ كێيە)[3](باسێك سەبارەت بەوەی، كە ئەگەر ئيمامەكان بە دەركەوتن ئەوا بەحوكمی داود و شوێن كەوتوانی داود حوكم دەكەن و داوای ڕوون كردنەوەش ناكەن)[4]((باسێك سەبارەت بەوەی، كە ئەو هەقەی لە لای خەڵكيە ئەوا سەرچاوەكەی هی ئيمامەكانەو هەرشتێكيش لە لای ئەوانەوە سەرچاوە نەگرێ ئەوا پوچ و ناڕەوايە).[5]

ئا بەم شێوەيە خوێنەری سەنگينم زيادەڕۆيی بێ سوود دەبينيەوە لە لای زانايانی شيعەی دوانزەئيمام، ئەگەر بگەڕێيەوە بۆ كتێبی(مرآة العقول للمجلسي) دەبينی، كە كەوتۆتە ناو زەلكاوێكی لێڵ و ناسازگار، كە گومانی بردووە عيصمەتی ئيمامەكان لە سەرووی عيصمەتی **پێغەمبەرانە**، چونكە ئەوان پلەيان بەرزترە[6]، سەبارەت بە ئيمامی هاوچەرخ و مەرجەعی گەورەيان و ئايەتی گەورەيان، كە بەسەركردەی شۆڕشی ئێرانی ناسراوە ئەوا تۆزێك پێويستی بە ڕۆنكردنەوەو ئاشكرا كردن هەيە، چونكە كارەكە لەلايەن گەنجانی ئەهلی سوننە تێكەڵ بە يەكتری بووە، بەڵكو هەتا بانگخوازەكانيش و هەندێك لە زانايانيش ئەوانەی هەڵخەڵەتاون بە چەند دروشمێكی شيعەی درەوشاوە بۆ كەسب كردنی ئەهلی سوننە، كە هيچ گوێ نادەنە ئەو بەڵێنو پەيمانانەی ، كە خۆيان بەستويانە، بەڵكو لە ئێران غەدريان لێكردن و كوشتنيان و بەنديان كردن و ماڵەكانيان ڕوخاندن، ئەگەر بێتو بگەڕێيەوە بۆ كتێبی(وجاء دور المجوس)[7] ئەوا شتی سەيرو سەمەرەو نامۆ دەبينيت لە كردەوە نگريسو بەدەكانيان، ئەو كتێبە بەشێوەيەكی زۆر بەر فراوان و باش وەسفی

١ــ الكافي(ب١/٢٦٤)

٢ــ الكافي(ب١/٢٧٦)

٣ــ الكافي(ب١/٢٩٧)

٤ــ الكافي(ب١/٢٩٩)

٥ــ بڕوانە: كتێبی(مرآة العقول)ی(مجلسي) بەرگی دووەم لا ٢٨٩

٦ــ بڕوانە: كتێبی(مرآة العقول)ی(مجلسي) بەرگی دووەم لا ٢٨٩

٧ــ ناوی دانەرەكەی(عبدالله محمد الغريب)

کردینــه و ئــابڕوی بردینــه‌و ئــه‌و هۆکارانــه‌ی ڕوون کردۆتــه‌وه‌، کــه‌ خۆیــان پێده‌شــاردنه‌وه‌، هه‌روه‌ها باسی ئه‌و په‌یوه‌ندیه‌ به‌هێزه‌ده‌کات له‌گه‌ڵ سـه‌رجه‌م گروپـه‌کانی تـری شـیعه‌، کـه‌ چۆن یارمه‌تیان ده‌ده‌ن و شان به‌شان له‌گه‌ڵیان ڕاده‌وه‌ستن له‌ دژی ئه‌هلی سوننه‌.

به‌ڕاستی شیعه‌ی دوانزه‌ ئیمام ڕێزیان لـه‌ عـه‌قڵ نـه‌گرتووه‌و هـیچ شـه‌رعێکیان بـه‌ پـیرۆز دانه‌ناوه‌و پابه‌ند نه‌بووینه‌ به‌هیچ نه‌قڵێك و هیچ ڕێزێکیشیان دانه‌ناوه‌ بۆ زانـاو شـێخه‌کانیان به‌ پێچه‌وانه‌ی ئه‌هلی سوننه‌، که‌ زۆر ڕێزی ئیمامه‌کانی خۆیان گرتـووه‌و لـه‌ شـوێنی شـیاوی خۆیانیان داناون ، جا لێره‌دا زۆر سه‌رسامم به‌ وته‌ی پێشه‌وا ذهـبي ره‌حمـه‌تی خـوای لێبـێ که‌ باسی بیروباوه‌ڕی ئـه‌هلی سـوننه‌ ده‌کـاتو لـه‌ باره‌یانـه‌وه‌ ده‌ڵـێ: گـه‌وره‌مان عـه‌لی لـه‌و خه‌لیفه‌ ڕاشیدیانه‌یه‌، که‌ مژده‌ی به‌هه‌شتی پێداوه‌و زۆر خۆشمان ده‌وێت و ناشلێین: نه‌ ئه‌و نه‌ ئه‌بوبـه‌کر مه‌عصـومن ، کوڕه‌کانیشـی حه‌سـه‌ن و حوسـێن کچـه‌زای پێغه‌مبـه‌ری خوانـه‌و گه‌وره‌ی گه‌نجانی ئه‌هلی به‌هشتن، ئه‌گه‌ر بووبانه‌ خه‌لیفه‌ ئه‌وا ئه‌هل بوون شایسته‌ بوون.

زیـن العابـدینیش زۆر بـه‌ڕێزه‌و یه‌کێکـه‌ لـه‌ زانـا هه‌ره‌باشـه‌کان‌و ئیمامه‌تیشـی پێـده‌کراو شایسته‌ی بوو ، هه‌روه‌ها کوڕه‌که‌ی جعفر الباقر پێشه‌وا بووه‌و فه‌قیهێکی زیره‌ك بـووه‌و بـۆ ئیمامه‌ت شایه‌ن بووه‌.

هه‌روه‌ها کوڕه‌که‌ی جعفر الصادق یه‌کێکه‌ لـه‌ زانایـه‌ پایـه‌ بـه‌رزه‌کان و لـه‌ پێشـتر بـووه‌ بـۆ ئیمامه‌ت له‌ ئه‌بو جعفر المنصور، کوڕه‌که‌شی موسا زۆر پایـه‌دار بـووه‌و زۆر زانـا بـووه‌و لـه‌ پێشتر بووه‌ بۆ خیلافه‌ت له‌ هارون الرشیدو ئیدیکه‌ی وه‌کو ئه‌وانه‌ش هه‌بووینـه‌ وه‌ك ئه‌وانـه‌ به‌قه‌در وڕێز خانه‌دان.

کوڕه‌که‌شی موسی الرضـا زۆر پایـه‌دارو زانایـه‌کی گـه‌وره‌و قسـه‌کانی زۆر جێگـایی خـۆی کردۆته‌وه‌ له‌ ده‌روونی خه‌ڵکیدا ، مأمون له‌ به‌رگه‌وره‌یی ئه‌م که‌ڵه‌ پیاوه‌ کردیه‌ وه‌لی عه‌هدی خۆی، له‌ ساڵی (٢٠٣)ی کۆچی وه‌فاتی کردوه‌.

کوڕه‌که‌شی، که‌ ناسراوه‌ به‌ الهادی قه‌در گران و خانه‌دان بووه‌.

هه‌روه‌ها کوڕه‌که‌شی حه‌سه‌ن بن علی العسکری رحمهم الله تعالی.[١]

١ــ سیر أعلام النبلاء ب١٣/ ١٢٠ــ ١٢١

سەبارەت بە ئیمامی دانزەهەمینیش وتویەتی: ئەو محمد مەهدیەی، کە گومان دەبەن خەلەفەو حوجەیەو خاوەنی ڕۆژگارەو خاوەنی سیردابە لە سامەڕا، کە زیندووەو نامرێ هەتا دەرنەچێ، کە دەریشچوو زەوی پڕ دادگەری دەکات، هەر وەك، کە پێشتر پڕ زوڵم و ستەم بووبو، ئێمەش سوێند بەخوا ئەوەمان پێ خۆشە، ئەوە(٤٧٠)ساڵە[1] چاوەڕیی دەکەینو وتراشە، کە ئەوەی ڕەوانەی لای نادیارێکت بکات مونصیف نەبوە لەگەڵت چ جای ئەوەی ڕەوانەی لای شتێکی ئەستەمت بکات! ئینصافیش شتێکە دەگمەنە پەنا بەخوا لە نەفامی و هورێنە.[2]

بەردەوام بوونی شیعەی دوانزە ئیمام لەم سەدەیەدا

ئیمامی شیعی لەم سەردەمەداو ئەو دەوڵەتەی بنیاتی ناوە:

جیهانی ئیسلامی تەفاعولی کرد لەگەڵ تەزوی شیعەگەرایەتی پاش ئەوەی، کە گەیشتە دەسەڵات لە ئێران و نیزامی شای ڕووخاند.... دەزگاکانی ڕاگەیاندنی شیعەی دوانزەئیمام توانیان خەڵکێکی زۆر لە موسڵمانان هەڵبخەڵێتن لە تەرحی ئەمڕۆیاندا، لەمەشدا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاواش پشتی گرت و یارمەتی دا، خومەینی توانی زۆر لێزانانە ڕۆڵێکی فێڵاوی بنوێنێ، لێرەدا چەند نوسەرو ڕۆژنامەنوس و بانگخوازێك ئەوانەی لە سەر ئەهلی سوننە حیسابن لایەن گیری خومەینیان کردو سۆزیان بۆ جوڵاو وەسفیشیان کرد بەوەی، کە وەك شیخ الإسلام إبن تیمیەو محمد بن عبدالوهاب و عبدالحمید بادیس و محمد بن علی السنوسی و حسن البنا موجەددیدوەو چاکسازە.

ئەم ڕاپۆرت و نوسراوەش کەوتنە زاکیرەی مێژوو بووە هۆیەکیش بۆ بە فیڕۆدانی زۆر حەقیقەت بۆ چەند سەدەیەکی موسڵمانان بۆیە وام بینی و وام بەباش زانی وەکو ئامۆژگاریەك بۆ ئوممەت و نەوەکانی ڕوونی بکەمەوە، کە خومەینی درێژە پێدەری قوتابخانەی شیعەی دوانزە ئیمامیە، کە خاوەن بیروباوەڕێکی گەندەو لاڕێیە لە ڕێبازی خودا، بەناو شۆڕشە ئیسلامیەکەی و کۆمارە ئیسلامیەکەی تەنها خەنجەرێکی ژەهراویە

١ــ مەبەست ڕۆژگاری ئیمامی زەهەبیە، کە تێیدا ژیاوە، لەساڵی (٧٤٨)ی کۆچی وەفاتی کردوە.

٢ــ سير أعلام النبلاء(ب٣/ ١٢٠)

هێناویەتی بدات لە هەر هەوڵدانێك بیەوێ بەدڵسۆزی تەتبیقی شەریعەتی خوا بکات، بەڵکو جیهان ئەو کارەی بۆ شۆڕشی ئیسلامی ڕەخساند بۆ ئەوەی وێنەی ئیسلامی ساف وبێگەرد بشێوێنێ ئەوەی، کە پێغەمبەرﷺ هێناویەتی.

بەو پێیەی، کە دەوڵەتی ئێرانی سەری هەڵدا لە جیهانی ئیسلامی و بیروباوەڕە گەندو پیسەکەی خۆی لە ئەفریقیاو ئاسیاو کۆمارەکانی سەر بە إتحادالسوفیتی و باکوری ئەفریقی و ئەوروپاو ئوستڕالْیا و ئەمریکا بڵاوکردەوەو زۆریش لە خەڵکی ڕەش و ڕوتی موسڵمانان ئەوانەی تێگەیشتن و زانستێکی ئەوتۆیان نیەو باش لە حەقیقەتی ئەمری خۆیان ورد نەبوینەوە، ئەوا کاریگەربوون بەم بانگەشەیە بۆیە بەباشم زانی بیروباوەڕی قدیس خومەینی و ئەوەی لە دوای هاتوون ڕوون بکەمەوە بۆ ئەوەی نەوەکان ئاگادار بکەینەوە لەو قوتابخانە شەیتانییەی، کە بونیاتی ئوممەتی گۆڕیو پوکاندیەوەو، بەردەوامیش و بەبێ ماندوبوون درێژە دەدا بەم کارە بەدو نەگریسە.

لەو بیروباوەڕە گەندانەی، کە ئیمامی خومەینی لە کتێبەکەی الحکومة الإسلامیة دا باسی کردووە ئەوەیە، کە دەڵێ: لە شتە گرنگ و پێداویستیەکانی مەزهەبی ئێمە ئەوەیە، کە ئیمامەکانمان مەقام و پلەو پایەیەکیان هەیە کە هیچ فریشتەیەکی نزیك و هیچ پێغەمبەرێکی خاوەن پەیام نایگاتێ.[1]

ئەمە دان پیانانێکی ڕوون و ئاشکرایە لەوەی شیعەی دوانزە ئیمام ئیمامەکان گەورەترو بەڕێزتر دەگرێ لە پێغەمبەرەکان، ئەمەش کە مەزهەبی غولاتی ڕەوافیزەکانە لە حوکم دان بەسەر گەورە پیاوانی ئیمامەکانی سوننە.

عبدالظاهر البغدادي وتوویەتی: ڕەوافیزە توندڕەوەکان گومان دەبەن، کە ئیمامەکان باشترن لە پێغەمبەرەکان ئێمەش دەزانین، کە ئەمە پوچوو ناڕەوایە.[2]

قاضي عیاض وتویەتی: بە پێی وتەی ڕەوافیزە توندڕەوەکان ، کە وتویانە ئیمامەکان باشترن لە پێغەمبەران ئەوا بێ گومان کافر بوونەو بە کافریان دادەنێین.[3]

١ـ الحکومة الإسلامیة لا ٥٣.

٢ـ أصول الدین لا ٢٩٨.

٣ـ الشفاء ب١/ لا ٢٩٨.

شيخ الإسلام إبن تيمية: وتويەتی: ڕەوافیزەکان دوانزە ئیمامەکان بە باشتر دادەنێن لە پێشینە یەکەمەکانی موهاجیر و ئەنسارەکان ،توندڕەوەکانیشیان دەڵێن: هەتا باشترن لە پێغەمبەرەکان.[1]

محمدی کوڕی عبدالوهاب وتویەتی:هەر یەکێك کەسێك بەباشتر بزانێ لە پێغەمبەرەکان یان بڵێ وەك یەکن ئەوا کافر دەبێت، ئەمەش ئیجماعی زانایانە،کە باسیان لێوە کردوە.[2]

بەڕاستی بیروباوەڕو دیدە شیعیەکەی خومەینی سەرچاوەکەی ، چەند مامۆستایەکە، کە لە پێشە خۆی بوونە و هەر ئەوان ئەو ڕێبیرە لاڕێی و گومڕایەیان داهێناوە، ئەو کتێبی الكافي للكُلَيني و کتێبیالإحتجاج للطبرسي و جگە لە وانەش زۆر بە گەورە دادەنێ و لە کتێبەکانی زۆر بە باشە باسی حسين النورى ئاگر پەرست دەکات، کە خاوەنی کتێبی فصل الخطاب في اثبات تحريف كتاب رب الأربابە ، هەروەها دەبینی، کە کتێبێك پشت ڕاست دەکاتەوە بەناوی دعاءٌ على صَنَمِي قُرَيش کە مەبەستی ئەبوبەکر و عومەرە، هەر لە ناو ئەو کتێبە باسی ئەو دوو شێخە دەکات، کە کتێبی خوایان دەستکاری و تحريف کردوەو[3] چەند تەفسیرێکی باطینیش دەکات بۆ چەند ئایەتێك لەوانە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا﴾ (النساء: ٥٨) دەڵێت: خوای گەورە فەرمان بە پێغەمەرەکەی دەکات، کە ئیمامەت بگەڕێنێتەوە بۆ ئەهلی خۆی، کە مەبەستیان عەلییەو، ئەویش لە سەریەتی بیگەڕێنێتەوە بۆ نزیکەکانی،[4] بەڵام بیروباوەڕی سەبارەت بە هاوەڵەکان، ئەوا وەك بیروباوەڕی شیعەی دوانزە ئیمامیە ، کە هیچ شیعەیەك ویلایەتی نیە، ئەگەر ڕقی لە دوژمنەکانی نەبێتەوە، وەك ئەبوبەکر وعەمەرو ئەوانەی بەچاکەش شوێنیان کەوتوون هەتا ڕۆژی دوایی.

خومەینی وتویەتی: دەبێ پشت لەو پیاوانە بکەن و حاشایان لێ بکەن و لە بری ئەمانەش ڕوو بکەنە دوانزە ئیمامەکە هەتا بەجۆرێك خومەینی بە ڕەوای دەبینێ، کە

١ـ مناهج السنة ب١/لا ١٧٧.

٢ـ الرّد على الرافضة ب١/ ٢٩.

٣ـ مسألة التقريب بين أهل السنة والشيعة ب٢ لا ٢٣٧.

٤ـ مسألة التقريب بين أهل السنة والشيعة ب٢ لا ٢٣٧. لەو بەشە زۆر سودم لەو کتێبە وەرگرتووە.

نوێژکەر لە کڕنوشەکەی بڵێت: الإسلام ديني، ومحمد نبي، وعلي والحسن والحسين ــ کە هەژمارەیان دەکات هەتا دوایی ـ أئمتي بهم أتولى ومِن أعدائهم أتَّبَرأ.[1]

هەروەها تانەو تەشەر لە هاوەڵەکانیش دەدات، چونکە وا گومان دەبەن ئەوان پێچەوانەی ئەو ئایەتەیان کردوە، کە باسی ئیمامەتی عەلی دەکات و دەڵێت: **پێغەمبەر ﷺ** لەحەجی ماڵ ئاوایی لە شوێنێك بەناوی غەدیرخەم عەلی دەست نیشان کرد وەك حاکمێك لە دوای خۆی ، هەر لەو کاتەوە دووبەرەکی دزەی کردە نێو هاوەڵەکان.[2]

کتێبەکەی خومەینی، کە ناوی الحكومة الإسلامية یەو هی تریشی پڕە لە لارێبوون لە ڕێگای ڕاست، چونکە خومەینی بیروباوەڕەکەی وەك بیروباوەڕەی ڕەوافیزەکانە ئەگەر توندتریش نەبێ، خومەینی پێش وەفات کردنی کاری دەکرد بۆ ئەوەی بەزۆر شیعەگەری بەسەر گەلەکەی بسەپێنێو دەوڵەتەکەشی هەڵسان شۆڕشەکەیان هەنارده کرد، لەمەدا شیعەکان زۆر پشتیان بەمراوەغەو درۆو هەڵخەڵەتاندن بەست، ئەو شیعە مۆدێرنانە هیچ جیاوازیەکیان نیە لەگەڵ شیعەکانی دوێنێ لەمەڕ مراوەغەو فرت و فێڵ و زیادەڕۆی.

هەروەها پشت دەبەستن بە ڕێبیری[3] توقیە بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی لە دەوری خۆیان ئێستاش لەگەڵم بە بۆ وتەیەکی خومەینی، کە لە یەکێك لە وتارەکانی وتویەتی: خەڵکی یەك یەك لە خۆتان دوور مەکەنەوەو، تۆمەتباریان مەکەن جارێك بە وەهابی و جارێك بە کوفر، چونکە ئەگەر ئەو شێوازەتان بەکار هێنا کێ لە دەورتان دەمێنێ؟.[4]

بۆیە خومەینی فەرمانی بە حاجیە ئێرانیەکان کرد، کە لەگەڵ ئەهلی سوننەدا نوێژ بکەن، ئەمەش وەك توقیەیەك و فێڵ کردنێك لە خەڵکی، هەروەك، کە سەرکردەکانی شیعە نوێژیان لە پشت دەکردن و پاشان نوێژەکانیان دەکردەوە، ئەمەش یەکێك لە زانایانی ئەو سەردەمەی خۆیان ئاماژەی پێکردوە، کە بوغزو ڕق و قینی شیعە لەسەر موسڵمانان بەتایبەت ئەهلی سوننە گەیشتۆتە ئاستێك ، کە خوێنو ناموسیان حەلاڵ بکەن و لە

١ـ الخميني تحريرالوسيلة ب١ لا١٦٩.

٢ـ الحكومة الإسلامية لا ١٣١

٣ـ ڕێبیر: واتە: مبدأ

٤ـ فرق معاصرة للخواجي ب١ لا ٢٦٢.

ماڵەکانی خۆیان هەڕەشە لە ئاسایشیان بکەن، جا بۆی هەیە ئەوەی ساڵی ١٤٠٧ کۆچی کردیان گەورەترین شاهێد بێت لە سەر بوغزو کین و ڕقیان، کاتێك لە حەرەمی خوا کردیان لە نزیك مەککە نزیکەی(١٥٠) هەزار کەس خۆپیشانیان کردو هێرشیان کردە سەر ماڵی خوا، کە لەمەدا دەیانویست پیلانێکی زۆر ترسناك بهێننەدی، کە بە پیاو ژنەوە دروشم و وێنەی گەورەکەیان بەرزکردبۆوەو دەیانویست بێنە ناو حەرەم و تێکیش گیران لەگەڵ موسوڵمانان و پاسەوانەکان، کە کوشتارێکی زۆری لێ کەوەتەوە، لە حەجی ساڵی ١٤٠٩ش بە دارو دەستە بەکرێ گیراوەکانی خۆیان ڕاگەیاند بۆ ئەوەی ماددەی(متفجر) لە دەوری حەرەمی مەککی دابنێن ئەمەش لە ڕۆژی(٧)ی (ذي الحجة) بوو، کە زۆر لەو حاجیانەی هاتبوونە ئەو شوێنە پیرۆزە بۆ بەجێهێنانی حەجیان بوونە قوربانی.[١]

سەبارەت بە سزادانیشیان بۆ ئەهلی سوننە لە ئێران ئەوا عبدالله محمدالغریب لە کتێبەکەی أهل السنة في إيران جۆرەها شێوازی سزاو هەتك و کوشتنو دەست درێژی کردنە سەرناموسی باس کردوە، لێرە تەنها ئامارە بە هەندێك لەو شێوازو سزاو کوشتنانە دەکەین، کە ئەو بەد ناوانە لە ئێران بەرامبەر ئەهلی سوننە کردویانە

١- بەستنەوەی پێیەکان بەگوریس ولێدانیان بە قامچی.

٢- بەستنەوەی دەستەکان لە دواوەو دانانی بەندکراو لە سوچێکی بەندیخانەکەو، ڕشتنی ئاو بەسەری، یان نەوت کردنە بنیەوە، ئەو شێوازەیان لەگەڵ ژمارەیەك موسوڵمانان بەکارهێناوە.

٣- بەستنەوەی بەندکراوو لێدانی لە شوێنی جیاجیا لە جەستەکەی بگرە لە دەقامچی تا سەدوپەنجا.... تا پانزە ڕۆژ ئەم لێدان و کوتانەیان بۆکراوە.

٤- بەندکراوەکەیان لە تەوێڵەی ئاژەڵان بەجێدەهێشت هەتا دەمرد.

٥- جۆرێکی تر لە جۆرەکانی سزادان ئەوەبوو، کە پێستی سەریان کەوردەکردو کون کونیان دەکرد لەگەڵ کون کردنی چاو بە ئامێری کونکەر، پاشان سوتاندنی بە زیندویی، هەروەها پارچە پارچەکردنی ئەندامەکانی و هەڵکێشانی نینۆنەکانیشی.[٢]

١- سەرچاوەی پێشو ب ١ لا ٢٦٣

٢- أهل السنة في إيران لا ٥٤.

ئەمەش مشتێکە لە خەروانێك، ئەوان زۆر هاوەڵەکان دەبوغزێنن و لە قورئانیش بەگومانن و تانەو تەشەریش لە سوننە دەگرن، جا چاوەڕێی چ لەوانە بکەین؟؟!

بەڕاستی هەموو ئەو هەوڵانەی ئەنجام درا لەمەڕ نزیك بوونەوەی سوننەو شیعە پوچەڵ بوویەوە، چونکە خیلاف لە نێوان ئێمەو ئەوان لەئوصولە نەوەك فروع.

بەهیچ جۆریکیش سوننەو شیعە پێکەوە یەك ناگرن، مەگەر یەکێکیان دەست بەرداری بیروباوەڕەکەی خۆی بێت.

زانایانی شیعە حەزیان لێیە لەگەڵ ئەهلی سوننە لێك نزیك ببنەوە بە مەرجێك، ئەگەر ئەهلی سوننە جوێن بە هاوەڵەکان بدەن و بیروباوەڕە پوچەکەی ئەوان هەڵبگرن، هەر ئەمەشە، کە شیخ مصطفى السباعي لە ئەزمونەکەی لەگەڵ ئەم بابەتە لەگەڵ یەکێك لە شێخەکانی شیعە عبدالمحسن شرف الدين الموسوي گەیاندە ئەنجام، چونکە مصطفى السباعي زۆر گەرم وگوڕ بوو بۆ بیرۆکەی نزیك بوونەوەو پەیوەندی زۆر بەستا لەگەڵ سیاسەتمەدارو ئەدیب و بازرگانەکانو پەیمان و قسەی هەنگویناویان زۆر پێدا ، لە سەروی هەموانیشەوە شێخ عبدالمحسن الشيعي، کە ئەویش زۆر بە گەرمی باوەڕی بەو نزیك بوونەوەیە هەبوو، ئەو شێخ موسەویە کتێبێکی دەرهێنا لە بارەی ئەبوهوریرە، کە پڕبوو لە جنێودان هەتا ئەوەی تێدابوو، کە ئەبوهوریرە دوو ڕوویەکی کافربووەو، پێغەمبەریش هەواڵی داوە، کە یەکێکە لە ئەهلی ئاگر.[1]

مصطفى السباعي دەڵێت: سەیرم بە هەڵوێستی عبدالمحسن هات لە بارەی قسەکەی و کتێبەکەی، کە ئەمە هەڵوێستێکە بەڵگە نادا لەسەر حەزلێبوون لە نزیك بوونەوەو لە بیرکردنی ڕابردوو.[2]

ئامانجی شیعەش لە مەسەلەی نزیك بوونەوە ئەوەیە، کە هەڵیان بۆ برەخسێ بۆ ئەوەی لە زەوی سوننیەکان بیروباوەڕیان بڵاوبکەنەوەو ، بەردەوامیش بن لە تانەو جنێودان بە هاوەڵان و ئەهلی سوننەش بێدەنگ بن لە ڕوون کردنەوەی حەق، ئەگەریش ڕەوافیزەکان

١ـ السنة ومكانتها في التشريع للسُّباعي لا ٩.

٢ـ سەرچاوەی پێشو لا ١٠

گوێیان له دەنگی حەقیش بوو ئەوا تووڕە دەبن و بەدەمی خۆیان هاوار دەکەن، کە یەك ڕیزی ئیسلامی له مەترسی دایە.

ئەزمونی شێخ موسی جارالله:

موسی جارالله خەڵکی تورکستانە قازانیەو ڕوسیە، یەکێکە لە هەرە شێخە گەورەکانی روسیا، ئەمەش لە کۆتایی عەهدی قەیسەری و سەرەتای حوکمی سۆڤییەتی بێ باوەڕ، لە ڕوسیا خاوەنی وشەی سەرەتاو کۆتابوو لە کاروباری موسڵمانان ، کە ژمارەیان زیاتر لە سی ملیۆن کەسە، پاشان گەردەلولی شوعیەت هەڵی کوتایە سەریانو بەهۆیەوە لە وڵاتی خۆی دوورکەوتەوە ، زۆر نووسین و کتێبی هەیەو زۆر لە نێوان هیندو حیجازو میسرو عێراق و ئێران هاتوو چۆی کردوە، بەخۆی لە بارەی خۆی دەڵێ: ئەگەر دەست بەرداری باوەڕەکەم بوویام دەم توانی ببمە نوسەری ڕوسیای یەکەم و ببمە یەکێك لەسەرکردەکانی، ، بەڵام من بە دونیا ئاخیرەتی خۆم کڕی..[1]

ئەو زانا بەڕێزو بەحورمەتە شارەزایەکی زۆری هەبوو لە زمانی فارسی و تورکی وتەتەری و ڕووسی و لە زمانی عەرەبیش هەر مەپرسە، چونکە شارەزای ئوصول و صەرف و نەحو بوو ڕەوانبێژیەکی قوڵ و بەرفراوانی هەبوو، ئەگەر هەر بابەتێکی زمانی عەرەبی لە پێشی باس بکرابا، ئەوا یەکسەر وەڵامی دەدایەوە، کە لە قورئاندا هەیە یان ناو چەند جاریش پێی دەگوتن هاتوەو لە فلانە سوڕەتیشە، چونکە زۆر شارەزا بوو.[2]

ئەو زانا بەڕێزە ویستی ئوممەت لەسەر یەك وشە کۆبکاتەوەو، ئەهلی سوننەو شیعەش یەك بخات،کە لەمەدا هەوڵێکی زەبەلاحی سەرف کرد، سەرەتا دەستی کرد بە دیراسەکردنی کتێبەکانی شیعە و زۆر بەگرنگیەوە موتاڵای دەکردن، هەروەك خۆی باس دەکات، کە موتاڵای(أصول الكافي وفروعه)و (من لا يحضر الفقيه) و (وافي) و (مرآة العقول) و (بحار الأنوار) و (غاية المرام) و چەند کتێبێکی تری زۆریش جگە لەم کتێبانە[3]

١ـ مسألة التقريب بين السنة والشيعة ب٢ لا ٢٠١

٢ـ مجلة المجمع العلمي العربي ب٤ لا ٢٦٦.

٣ ـ مسألة التقريب بين السنة والشيعة ب٢ لا ٢٠١

پاشان سەردانی شوێنە شیعەکانی کردووەو زیاتر لە حەوت مانگ تیادا ماوەتەوە، کە سەردانی پەرستگاو مەشاهیدەکان و قوتابخانەکان و مەحافیل و حەفەلاتەکانی کردووەو لە خۆشی و ناخۆشی لەماڵەکان و حوجرەو مزگەوتدا ئامادەی بازنەی وانەکان بووە ، ڕۆژانی(محرم)یش چوویتە نەجەف و هەموو ئەو شتانەی دیوە، کە شیعە دەیکەن وەك ماتەمێك لە ڕۆژی عاشورا.

ئەو زانا بەڕێزو بلیمەتە گەیشتە ئەنجامێکی زۆر راستو ڕەوان ئەویش کتێبەکانی شیعە هەمووی یەك ڕان لەسەر چەند شتێك، کە ئوممەت ناتوانێ بەرگەی بگرێ و ڕێکیش کەوتوونە لەسەر چەند شتێك، کە ئوممەت پێی ڕازی نیەو بەرژەوەندی ئیسلام نایخوازێ، بەڵکو زۆربەی دژی بەرژەوندیەکانی ئوممەتە، پاشان چەند شتێکی بەدو خراپیان تێدایە، کە نەدەبا لەو کتێبە شیعیانە هەبێو گومانیش ناکرێ ئەمە بیروباوەڕی ئیمامەکان بێت ، کە ئەم قسانە نە عەقڵ و نە وێژە قەبولی ناکا، پڕو پاگەندەی پێکەوە ژیانیشیان لەگەڵ ئەهلی سوننە تەنها ئاگری دوژمنایەتی بەهێز دەکات، ئێستا پێویستە لەسەر زانایە موجتەهیدەکانی شیعە ئەم جۆرە بیروباوەڕانە دەربهێنن لەو کتێبانە بۆ ئەوەی لە دڵەکان تۆوی ببڕێتەوە ، ئەگەریش وەنەکەن ئەوا قسەکانیان هەڵیت و پەلیتەو ئەو کۆنگرانەی دەیبەستن تەنها بۆ دوژمنایەتیە.

شێخ بەچاوە وردبینیەکەی و زانستە چڕو پڕەکەی وای بینی، کە ڕەخنە گرتن لە بیروباوەڕی شیعە دەستپێکی قۆناغی یەکگرتنی دڵەکانی ئوممەتە، کە بەبێ ئەمە یەکگرتن نایەتەدی.

شێخ دڵی پڕ خەفەت بوو لەو شتە خراپ و بەدانەی بەدی کرد لە کتێبەکانی شیعە، یەکەم هەولێش، کە سەرفی کرد لە مەسەلەی پێکەوە ژیان و نزیك بوونەوە چاوپێکەوتنی بوو لەگەڵ شێخی شیعە محسن الأمین لە تاران، کە لە نێوانیان وت وێژ کرا، پاشان شێخ موسی وەرەقەیەکی بچوکی پێش کەش کرد ، کە ئەم خاڵانەی خوارەوەی لە نێو تۆمار کرابوو.

١ـ دەبینم مزگەوتەکان لە وڵاتی شیعە کەس نوێژی جەماعەتی تێدا ناکات، کاتەکانی نوێژیش موراعات ناکرێ و نوێژی جومعەش هەر بەتەواوەتی وازی لێهێنراوە، هەروەها دەبینیم، کە مەشاهیدەکان و قەبرەکان لەلای ئێوە دەپەرسترێ، هۆی ئەمانە چنە؟

٢ـ نابینم له نێو منداڵان یان خوێندکاران یان لەنێو زانایان یەکێك هەبێ قورئانی پیرۆزی له بەربێت یان له بەچاکی بتوانێ بیخوێنێ، دەبینم کە وازتـان لـه قورئـانی پـیرۆز هێنـاوەو، هۆی چیه ولاتتان گەیشتۆته پلەیەکی زۆر نزم؟، هـۆی ئـەم هـەموو ئیهمالیـه چیـه؟ ئایـه لەسـەرتان پێویسـت نیـه لـه نوسـینەکانتان و خوێنـدنگاکانتان و مزگەوتـەکان گرنگـی بـه قورئان بدەن؟

٣ــ ڕووتو ڕەجـالی ئـافرەت و هـەتك کردنـی حورمـاتی ئیسـلام لـه شـەقامەکانی ولاتـەکان گەیشتۆته سنورێك، که مرۆڤ جگه له ولاتی ئێوه نەبێ هەستی پێ ناکات!.

مێـژووی ئـەم نامەیـەش لـه ١٩٣٤/٨/٢٦ زایـنی بـوو، پاشـان نامەیەکیشـی نووسـی بـۆ زاناکانی نەجەفو هەر هەمان نامەشی نارد بۆ زاناکانی کاظمیة.

لەو نامەیەدا نووسـیبووی: ئەمـە چـەند مەسـەلەیەکە پێشکەشـی مامۆسـتایانی نەجـەفی ئەشرەف دەکەم بە سوپاسەوە، بەهیوای سود لێ وەرگرتن بەدڵێکی پاك و ڕاستگۆیانه، کـه هەمووی حەزو خواسته له پێکـەوە ژیـان و یەکخسـتنی هـەردوو جیهـانی ئیسـلام: جیهـانی شیعەی ئیمامی وجیهانی ئەهلی سوننەو جەماعـه هیـوام وایـه لەلایـەن هـەموو مامۆسـتایان وەلامی هـەبێت ، یـان هەریەکـه بەتـەنیا ڕونکردنەوەیـەکی ڕوون و ڕەوان بـداتو بەدەسـتی خۆشی وازووی لەسەر بکات ، له نامەکەدا باسی له هەندێك مەسەلەی ترسناك کردبـوو، کـه له کتێبەکانی شیعەدا هەیە، که ڕێگره له بەردەم ئوممەت بۆ ئەوەی بیـەوێ یـەك بگرێـت، لەوانه:

١ـ کافرکردنی هاوەڵان.

٢ـ ناردنی لەعنەت بۆ سەدەی یەکەم.

٣ـ تەحریف کردنی قورئانی پیرۆز.

٤ـ لەکتێبەکانی شیعه حوکمەته ئیسلامیەکانو قازی و زاناکان به تاغوت له قەڵەم دراون.

٥ـ هەموو کۆمەڵه ئیسلامیەکان کافرن و نەفرەتینەو دەچنه نێو ئاگر تەنها شیعه نەبێ.

٦ـ له کتێبەکانی شیعه جیهادکردن بەبێ ئیمامی خۆیـانو گوێڕایـەڵی کردنـی وەك گۆشـتی مردارو بەراز حەرامه، کەسیش شەهید نیه تەنها شیعه نەبێ، شـیعەش ئەگـەر لەسـەر جێـی

خۆشی بمرێ شەهیدە ، ئەوانەی لە پێناوی خواش دەجەنگێن لە غەیری شیعە ئەوا بەپەلە دەڕۆن بۆناو ئاگر.

پاشان شێخ ئەو مەسەلانەی ،کە لە کتێبە باوەڕ پێکراوەکانی شیعە نقل کردبوو بە شێخەکانی شیعەی ڕاگەیاند، کە ئەو شەش مەسەلەیە بیروباوەڕێکی جەخت کراوە لە لایان ، ئایە هیچ هیوایەك هەیە بۆ یەکگرتنی وشەی موسوڵمانان لە جیهانی ئیسلامی لەکاتێك ئەمە بیرواوەڕی شیعە بێت؟

ئایە پاش ئەو جۆرە بیروباوەڕە هیچ شوێنەوارێك دەمێنێ لە دڵی ئەوانەی عەودالی یەکگرتن و نزیك بوونەوەن؟ ئایە کاتێك ئەوە بیروباوەڕی ئوممەتی ئیسلام بێت هیچ ڕێگایەکی لەبەردەم دەمێنێ بۆ سەرکەوتن لە دواڕۆژدا؟

پاشان چەند مەسەلەیەکی تری جگە لەوانە لە لاڕێبووەکانی شیعە باس کردو ، پاشان وتی: فەرموون مامۆستا بەڕێزەکان وەڵام بدەنەوە بۆ ئەوەی ئیسلام ببێتە یەك وشەو، موسڵمانانیش کۆببنەوە لەسەر کیتابی خوا، شێخ ساڵێك زیاتر چاوەڕوانی وەڵامی کرد، بەڵام کەسیان وەڵامیان نەبوو، تەنها موجتەهیدی گەورەی بەسرە نەبێت، کە هەڵسا بوو بەکاری خۆی و هەموو وەڵامەکانی دابۆوە لە کتێبێك، کە لە (٩٠) لاپەڕە زیاتر بوو، کە هەمووی تانەو تەشەربوو لە سەدەی یەکەمو توندڕەو تربوو لەکتێبەکانی تری شیعە لە جنێودان ، ئینجا شێخ موسى جارالله کتێبە بەناوبانگەی نووسی و ناوی نا(الوشيعة في نقد عقائد الشيعة) تیایدا وتی: من بەمە بەرگری لە شەرەفی ئەو ئوممەتە و حورمەتی ئەو ئاینەو سەدەی یەکەم دەکەمو ، دەیکەمە پێویستیەکیش لەسەر خۆم و هەموو تاکەکانی ئوممەت.[1]

ئەو شێخە بەڕێزە لە ساڵی ١٣٦٩ هـ وەفاتی کرد هەزاران رەحمەت و بەزەیی خوا برژێت بەسەری و خودا لەگەڵیدا کۆمان بکاتەوە لەگەڵ پێغەمبەران ڕاست گۆیان و شەهیدان و پیاو چاکان.

١ـ بڕوانە: کتێبی(الوشيعة) لا (٣٩) لە ڕاستیدا لەمەسەلەی نزیك بوونەوە(تقريب) باشترم نەخوێندۆتەوە لە پەیامێکی جامیعی بە ناوی (مسألةالتقريب بين أهل السنة والشيعة).

بۆیەش ئەوها درێژەم بەم باسەدا، چونکە لە سەدەی ئەمڕۆ شیعە ترسناکیەکی زۆری هەیە، بە جۆرێك، کە هاوپەیمانە لەگەڵ نوصەیریەکان لە سوریەو، حزبی ئەمەلیش لە لوبنان، بەنهێنیش هاوپەیمانە لەگەڵ جولەکەو فەلەکان بۆ لەناو بردنی ئەو ئوممەتە بەڕێزو گەورەیە، هەروەها من ئاگام لە گرنگی دانێکی زۆر هەیە، کە بە باکوری ئەفریقیاو باشورەکەی دەدەن بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان بگاتێ و کاریشی بۆ دەکەن بۆئەوەی خانە خوێیە کۆنەکەیان بگەڕێننەوە.

لەمەغریبی عەرەبی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا بەوەی چەند گەنجێکیان لە جەزائیر مەشق پێکردو لەو وڵاتی تونسیش هەر کاریگەریان تێکردو هاوپەیمانیشیان بەست لەگەڵ لیبیا ، لەئامانجە ئیستراتیجەکەیان لە جەنگی عێراقدا.

بەڵکو جەخت کراوەتەوە لە هەبوونی کۆمەڵێك، کە ژمارەیان کەم نیە لە کوڕانی باکوری ئەفریقی لە ئێران بۆ ئەوەی لە سەر دەستی مامۆستا و شێخەکانیان پێی بگەن، پاشان بەو هزرە ژەهراویە بگەڕێننەوە وڵاتی الفاتحين العظام کە لەمەدا بە ڕێکخستنێکی وردو بە نهێنیەکی تەواو کاریان بۆ کرد.

ئەو ڕوداوە خوێناویەی جەزائیریشیان بە هەڵ قۆستەوە لە نێوان حوکمەت و برا موسوڵمانەکان، کە ڕا گەیاندنی ئێرانی سۆزو خۆشەویستی خۆی بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی لە جەزائیر نیشاندا، جا زۆر جار لە براکانمان ئەو ڕاگەیاندە ساختە و فێڵاویە کاری تێکردن.

هەر یەکێك دەیەوێ لە کوڕانی ئەم ڕابوونە ڕۆشەنبیریو زانیاری خۆی زیاد بکات لەم بابەتەوە با بگەڕێتەوە بۆ ئەو کتێبەی، کە سعید الحوی نوسیویەتی بەناوی(الخمينية شذوذ في العقائد والمواقف) هەروەها کتێبی أحمد عبدالعزيز الحمدان بەناوی(مايجب أن يعرفه المسلم عن العقائد الروافض الإمامية).

خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿سَنَسْتَدْرِجُهُم مِّنْ حَيْثُ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٤٤﴾ وَأُمْلِي لَهُمْ إِنَّ كَيْدِي مَتِينٌ ﴿٤٥﴾﴾ القلم.

سێ یەم: شیعەی ئیسماعیلی: پاش مردنی ئیمام جعفر بن محمد الصادق شیعە بوون بە دوو

کۆمەڵە:

کۆمەڵێك ئیمامەتی دا بە کوڕەکەی موسی الکاظم ئەوانەش شعیەی دوانزەئیمامین ،کۆمەڵەکەی تریش ئیمامەتی موسی الکاظم ی ڕەت کردەوەو وتی: ئیمامەت پاش جعفر بۆ ئیسماعیلی کوڕیەتی، هەر لەو کاتەوە ئەو کۆمەڵە ناسرا بە شیعەی ئیسماعیلی.

عبدالقادر البغدادی لە بارەی الإسماعیلیة وتویەتی: ئەوانە ئیمامەتیان پاڵداوەتە لای جعفر و گومانیش دەبەن، کە ئیمامەت لە دوای ئەو بۆخۆیو ئیسماعیلی کوڕی بێت.[1]

شەهرستانیش وتویەتی: ئیسماعیلیەکان بەوە جیا دەکرێنەوە لە موسەوییەوەو شیعەی دوانزەئیمامی، کە ئیمامەت دەدەنە پاڵ ئیسماعیلی کوڕی جەعفەر، کە کوڕە گەورەیەتیو لەسەرتا ئەو بۆ ئەم ئیمامەتە ئاماژەی بۆ کراوە.

دەڵێن: جعفر الصادق ژنی بەسەر دایکی ئیسماعیل دانە هێنانەوەو، هیچ کەنیزەیەکیشی نەکڕیوە ئەمەش وەك سوننەتێکی **پێغەمبەری** خوا ﷺ، کە دەرحەق خەدیجەی کردو عەلیش، کە دەرحەق فاطیمەی کرد[2].

جا ئیسماعیلیەکان یەکێکن لە گروپەکانی شیعەو، خۆیان دەدەنە پاڵ ئیسماعیلی کوڕی جعفرالصادقو زۆر ناوی تریشیان هەیە کە پێی ناسراون ، لەوانە الباطنیة، بۆیەش ئەوها ناونراون، چونکە وتویانە: هەموو ظاهیرێك باطنێکی هەیە و هەموو دەقێکیش تەئویلێکی هەیە، هەروەها قەرامیتەشیان پێدەگوترێ: ئەم دوو نازناوە زیاتر لە عێراقدا پێی ناسراون، هەروەها لە خوراسان پێیان دەوترێ: التعلیمیة والملحدة بەڵام ئەوان حەز ناکەن بەم نازناوە بناسرێن، بەڵکو دەڵێن: ئێمە ئیسماعیلین، چونکە بەم ناوە جیا دەکرێنەوە لە گروپەکانی تری شیعە.[3]

أ- ترسناکی مەزهەبی باطینی: ئەی برای بەڕێزم بزانە ، کە مەزهەبی باطيني لەو هۆکارانە بوو، کە ئوممەتی دارزاندو شەکەتو ماندوی کردو، ئەهلەکەی تووشی جۆرەها بیروباوەڕی پوچ و گەندە کرد، کە ئەم بیروباوەڕنە لە بنەڕەتەوە بنیاتنرا بوو لەسەر

١ــ الفرق بين الفرق لا ٦٢.

٢ــ الملل والنحل ب١ لا ١٩.

٣ــ الملل والنحل ب١ لا ١٩٢.

فەلسـەفەی کـۆن و ئوصـولی ئیلحادی،جـا کـەم عەقلـەکانیان فریـوداو ئەوانـەش، کـە هـیچ بەشێکیان نەبوو لە مەنهەجی خوایی مەتین، خاوەنی ئەو مەزهەبە پوچـە لـەدژی ئیسـلامو موسوڵمانان هاوپەیمانیان بەست لەگەڵ جولەکـەو فەلـەو تەتـەرەکان ، کاتێـك بـەهێز بـوون دەوڵەتی بەحرێنیان داگیرکردو کەوتنە خوێن ڕشتن و دزی و تالان و دەست درێژی کردن بۆ سەر خەڵکەکەی، کە ئەوەی بیخوێنێتەوە یان بیبیستێ موچرکی پێدا دادێت و سەری سپی دەبێ لە تاو ئەو تاوانە گەورانە، هەر ئەوەش نا، بەڵکو هـەڵیان کوتـا سـەر حاجیـانی مـاڵی خواو أبوطاهر الجنابي کاری زۆر خراپ و دزێوی کرد بەرامبەر حاجیـەکان، کـە ژمارەیـەکی زۆر لەو حاجیانەی کوژران لە بیری زەم زەم ناشتو هەندێکیشی هەر لە حەرم و مزگـەوتی حەرام ناشت.

کاتێکیش، کە لە بـاکوری ئـەفریقیا دەوڵەتەکـەیان دامەزرانـد ئـەوا بیروبـاوەڕ پوچـەکەی خۆیان دیارو ئاشکرا کردو دەستیان کرد بەکوشتنی زانایـان و ئـەهلی سـوننەیان سەرشـۆڕو زەبوون کرد، ئەمەش کە دواتر دەیزانینو باسی لێوە دەکەین.

العلامة البغدادي دژایەتی کۆمەڵی بـاطيني سـەبارەت بـە ئیسـلام و موسـوڵمانان کـورت و پوخت کردۆتەوە وتویەتی: خوا بەختەوەرتان بکات، بزانن، کە زەرەری باطنیەکان لە سـەر موسـوڵمانان بەگشـتی گـەورەترە لـە زەرەری جولەکـەو فەلـەو ئـاگر پەرسـتەکان، بـەڵکو گـەورەترە هـەتا لـە دەهریـەکان و زۆربـەی کافرەکـانی تـر، بـەڵکو زەرەیـان گـەورەترە لە(دَجَّال)، کە لە ئاخیری زەمان بەدیار دەکەوێ، چونکە ئەوانەی گومڕا بوون بە بانگەشەی بـاطینی لـەکاتی بەدیارکـەوتنی بانگەوازەکـەیان هـەتاوەکو ئـەمڕۆ زیـاترە لەوانـەی ،کـە بەهۆی(دجال)وە لەکاتی بەدیارکەوتنی گومڕا دەبن ، چونکە فیتنـەی(دَجَّـال) کاتەکـەی لـە چل ڕۆژ تێناپەڕێ، بەڵام کارە بەدو خراپەکانی باطنیەکان ژمارەیان لە ژمارەی دەنکی لم و باران زیاترە.[1]

إبن كثير باسی لەخراپەکانیانی کردوە، یەکێك لـە تونـد ڕەوەکانیـان کـە نـاوی أبوطـاهر الجنابي الباطنية کاتێك گەیشتە مەککە سـەربازەکانی ماڵـەکانیانی بـەتالان بـردنو خـوێنی

١ـ الفرق بين الفرق ٣٨٢

حەلاڵ کردن جا لە دەوروبەری مەککە و دۆڵەکانی و لە مزگەوتی حەرام و ناو کەعبە حاجیەکی زۆری کوشت ، ئەمیرەکەشیان أبوطاهر بە نەفرەت بێ لە لایەن خوا لە بەردەرگای کەعبە دانیشت، لەکاتێك کە خەڵك لە بن دەست و پێی بەردەبوونەوەو دەکوژران لەمزگەوتی حەرام و لەمانگی حەرام لە ڕۆژی تەرویە کە ڕۆژێکە لە پیرۆزترین ڕۆژەکان دەیوت:

أنااللــــــهُ وباللــــــه أنا أنا أَخْلُقُ الخَلْقَ وأفنيهم أنا

جا خەڵکی لەبەری هەڵدەهاتنو خۆیان هەڵدەواسی بە پەردەکانی کەعبە، بەڵام ئەم کارە هیچ دادی نەدەدان و بەو شێوەیە دەکوژران، بەڵکو کە تەوافیان دەکرد لەکاتی تەواف کردنیان دەکوژران، هەتا کە دەڵێ: کاتێك ئەو نەفرەتیە ئەوەی کردی کردی بە حاجیەکانی ماڵی خوا، کە لێبۆوە فەرمانی کرد ئەو کوژراوانە بنێژن لە بیری زەم زەم‌و، زۆربەشیان هەر لە حەرەم لە شوێنی خۆیان نێژران، ئەو نەفرەتیە قوببەی زەمزەمیشی ڕوخاند و فەرمانیشی کرد دەرگای کەعبە لە بنچینەدا هەڵکێشن و پەردەکانیشی لێبکەنەوەو لە نێوانە خۆیان پارچە پارچەی بکەن...[1] هەندێك لە زانایان ژمارەی ئەو کەسانەی کوژران دیاریان کردوە، کە دەگاتە(١٣) هەزار کەس هەندێکیش دەڵێن: دەگاتە نزیکەی(٣٠)کەس[2] ئەمەش مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(٣١٧) کۆچی.

بەڵام سەبارەت بەوەی، کە ئایە کەی مەزهەبی باطيني سەری هەڵداوە ئەوا زانایان لەم بارەیەوە ڕایان جیاوزە ، هەنێك دەڵێن: لە ساڵی(٢٠٥)کۆچی، هەندێکیش دەڵێن: ساڵی(٢٥٠) کۆچی جا بە پێی ئەو نهێنیەی، کە فەرز کرابوو لەسەر شوێن کەوتوانی ئەو مەزهەبە ئەستەمە ساڵی دروست بوونیان بە شێوەیەکی ورد دیاری بکرێ، ئەگەرچی وتەی زانایان زیاتر لە سەر ساڵی(٢٠٠)ی کۆچیە، جا پاش بڵاوبونەوەی ئیسلام و عەزیز بوونی ئەهلەکەی و کوژانەوەی ئاگری ئاگرپەرستەکانو ڕووخانی جولەکەکان و، نەمانی بتی بتپەرستان و، دۆڕانی ئوممەتی خاچ پەرستی، حەسادەت دڵی ئەوانەی، کە لە ئیسلام دەرچوبوون تەقاندو سوتاند ، بۆیە بەنهێنیەکی زۆر ورد پیلانیان دادەناو خۆیان خەنیکرد

١ــ البداية والنهاية ب١ لا ١٦٠

٢ــ كشف الأسرار الباطينية لا ٣٩، سيرأعلام النبلاء ب٥ لا ٣٢

بەوەی جنێو بە ئیسلام و ئەهلەکەی بدەنو ئالآی شەیتان و حیزبەکەی بلّند بکەن ، بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە پیسو نزمە چەند قیناعێکیان کردە سەر بۆهێنانەدی ئەو ئامانجانەی مەبەستیان بوو لەوانە:

١ـ پشت بەستنیان بە تەئویل کردنی دەقەکان، تەئویل کردنێك، کە پێچەوانەی ئەوەبوو، کە ئیسلام بڕیاری لەسەرداوەو فەرمانی پێکردوە.

٢ـــ دیارخستنی مەزهەبی شیعەگەرایەتی لەگەڵ زانینیان بەوەی، کە مەزهەبی شیعەگەرایەتی زۆر تێك ناکاتەوە لەگەڵیان، بەڵام ئەوان ئەگەر هیچ ڕێگەیەکیان نەدیتەوە بۆ چوونە ناو ئیسلام ئەوە لایان ئاساییە خۆیان بدەنە پاڵ مەزهەبی شیعی و دەری بخەن، ئەو مەزهەبەش دروست بووە، هەروەك، کەغەزالی بۆمان باس دەکات و دەڵێت: ئەو مەزهەبە لە کۆبونەوەیەك دروست بوو، کە پێك هاتبوون لە کوڕانی ئاگرپەرست و ئەو بێ باوەڕانەی کە لە گاورو بتپەرستەکان پێك هاتبوون، کە پێیان دەوترا: المزدکیة، هەروەها لە کۆمەڵێکی تریش لە گاورە فەیلەسوفە کۆنەکان، وەك زاد الدیلمي و هەندێك لە پاش ماوەی خورەمیەکان و جولەکەکان، کە پیاوێك بەناوی نادوشنۆ کۆی کردنەوە بۆ ئەوەی بە فروفێڵ و تەڵەکەبازی بێنە ناو ئیسلام، چونکە ئەوان وتیان: بەڕاستی محمد زاڵ بۆتە سەرمان و ئاینەکەی ئێمەی بودەڵ کردۆتەوەو، خەڵکێکی زۆری هەیە شوێنی کەوتون، کە ناتوانین بەرانگڕیان بینەوەو ناش توانین ئەوەی لە دەستی موسوڵمانانە بە شمشێر بەدەستی بێنین ، چونکە بەهێزن و سەربازیان زۆرە، هەروەها ناتوانین بەگفتوگۆو وتوێژ بەرامبەریان ببینەوە، چونکە زاناو بلیمەتو زیرەکیان زۆرە، هیچ ڕێگا چارەیەکیش نیە تەنها پەنا بردنە بەر فێڵ و تەڵەکەبازی نەبێت، پاشان ڕێککەوتن لەسەر دانانی چەند فرت وفێلێك و دانانی چەند پیلانێك بۆ ئەوەی ئامانجەکانیان بێننەدی.

بۆ هێنانەدی ئامانجەکنیان یەکێك لە هۆکارەکانیان چوونە ناو موسوڵمانەکانە لە ڕێگایی شیعەگەرایەتی لەسەر مەزهەبی رافیضة، ئەگەر چی ئەو باطنیانە ڕەوافیزەکان بە ئەهلی گومڕا دادەنێن و دەڵێن: ئەوانە لە هەموو کەس کەم ژیرترن و لە هەموو کەس ڕایان سەخیف ترەو زۆر خۆش باوەڕنو زۆر بەپەلە باوەڕ بەدرۆ دەکەن، لە هەموو کەس ساویلکەترن لە باوەڕکردن بە ڕیوایەتی درۆو شتی پڕوپوچ و تورەهات، بەو خۆپاڵدانە

بۆلایان خۆیان شاردەوە بۆ ئەوەی بگەنە خەڵکە سادەو ساویلکەکان، کە ڕواڵەتیان(رفض) بوو باطینشیان کوفرێکی تەواو بوو، هەروەك غەزالیو چەند زانایەکی تر باسی لێوە کردون و دەڵێن[1]: ئیمامیەکان وەك ڕێڕەوێك وانە بۆ باطنیەکان، ئەو ڕاڤەکردنەش ڕاڤەکردنێکی مەعقولە، چونکە ئەوەی تێبینی دەکرێ نزیك بوونەوەیەکی زۆر هەیە لە نێوان باطنیەکان و رافضةکان[2]

إبن كثير لە ڕووداوەکانی ساڵی(٢٧٨)ی کۆچی دا وتویەتی: لەو ساڵەدا قرامیطةکان ، کە گروپێکن لە گاورە بێ باوەڕەکان و شوێنکەوتەی فارسەکانن دەستیان بەجولە کرد ، کە بیروباوەڕیان بە **پێغەمبەرایەتی** زەرداشت مەزدك هەیە، ئەوانە حەرامەکانیان حەلال کرد، ئەوانە هەریەك دۆڵ بکوتێ بۆ شتی ناوەڕوا و پڕوپوچ ئەوا شوێنی دەکەون، زیاتریش مل کەچی(روافضة)کانن‌و لە ڕێگای ئەوان دەچنە ناوشتی پڕوپوچ و ناڕەوا، چونکە لە هەموو کەس گەمژە ترن‌و پێشیان دەوترێ: الإسماعيلية لە بەر خۆدانە پاڵیان بۆلای إسماعیل الأعرج ی کوڕی جعفرالصادق.[3]

ب ـ بیروباوەڕی پووچی باطنیەکان: بەڕاستی ئەوەی شارەزای کۆمەڵی باطنیەکان و مەزهەبەکانی بێت ئەوا دژایەتیەکی زۆر ڕوون وئاشکرا بەدی دەکات، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەهلی ئەو گروپە باطنیە پیسە بۆ ئەوەی ئەو قسەو باسانەی لە لای خەڵکی لە سەریان هەیە هەمووی یەك نەبێت و(تضارب)ی هەبێت، بەم هەڵوێستە ئەوەی بیانەوێ ڕەتی دەکەنەوەو ئەوەی بیانەوێش دەیکەن، بنچینەی مەزهەبەکەشیان هەمووی لە سەر درۆو حیلەو فروفێڵ بنیات نراوە، مەزهەبەکەیان لەسەرپێیەکانی خۆی ڕاناوەستێ، مەگەر بەو هەمە ڕەنگیە زۆرە نەبێت، بۆیە غەزالی وتویەتی: ئەوشتانەی لە بارەی مەزهەبی باطنیەکان باسمان لێوەکرد – بێ گومان – وادەخوازێ کە گواستنەوە لێیانەوە یەك نەبێت و پەرتەوازەیی تێدابێت، چونکە ئەوان بە یەك جۆرو شێواز قسە لەگەڵ خەڵکیدا ناکەن، ئامانجیشیان لەمەدا فێڵ کردنە، جا بۆیە قسەیان هەموو یەك نیە و گواستنەوەش لە

١ـ فضائح الباطنية لا ٣٧

٢ـ بڕوانە: کتێبی: فرق معاصرة للعواجی

٣ـ البداية والنهاية ب١١لا ٦١.

مەزهەبەکەیان هەمووی وەك یەك نیە.[1]

هەر بۆیە بۆ لێکۆڵەر دەردەکەوێ، کە بیروباوەڕی باطنیەکان پێك هاتووە لە کۆمەڵە ئەفکارێکی گۆڕاوو لارێ بوو لە چەند مەزهەبێکی جیاواز، کە هەمووی تێکچون و لادان و جیاوازی و شپرزەییە، هەندێك جاریش بەڵگە بە فەرمودەی هەڵبەستراو درۆ دێننەوەو ئایەتەکانیش لە مانا ڕەواکەی خۆی لادەدەنو دەردێنن.

بیروباوەڕەکەشیان دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك:

١ـ ئینکارکردنی بوونی خودا.

٢ـ ڕەتکردنەوەی ناو وسیفەتەکانی خودا.

٣ـ گۆڕینی شەرعی پێغەمبەران و پەیامبەران.

٤ـ ئەوشتانەی، کە ئەنجامی دەدەن هەنجەتیان ئەوەیە، کە ئەوان خۆ دەدەنە پاڵ(آل البیت) و خۆشیانیان دەوێت، یان شتی نوێ دێننەکایەوەو، توانایەکی ئێجگار سەیریشیان هەیە لە دروستکردنی دروشم و هەڵبەستانی درۆ.

بابەتەکەش زۆر لەوەفراوان ترە، لەو کتێبانەی، کە لەو باسەوە بەسوودن کتێبی فضائح الباطنیة للغزالي و فرق معاصرة للعواجي.

١ـ فضائح الباطنیة لا ٣٨

تەوەرەی سێ یەم: بانگەوازی باطنیەکان لە باکوری ئەفریقیا

أبو عبدالله الشیعی

وا ڕێکەوت وڵاتی یەمەن ببێتە چەقێك بۆ بانگەوازی شیعەی ئیسماعیلی، چونکە دوور بوو لە بەر چاوی دەوڵەتی عەبباسی، هەر لەوێ بە نهێنی دەستیان کرد بە ئامادەکردنی هێزی سەربازی ، کە دەبێتە زەخیرەی دوڕۆژیان، سەرکردایەتیش پیاوێك لە یەمەن گرتیە دەست پێی دەوترا: ڕۆستەمی کوڕی حەوشەب کە توانی هەندێك لە فارسەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، کە دژی موسڵمانان بوون، بەڵام ڕۆستەم وای بینی، کە زەوی ڕۆژئاوا زۆر بە پیتە بۆ چاندنی شیعەگەرایی، هەر بۆیە لە یەمەن دوو پیاوی لە ئەنساری خۆی بەناوی سوفیان و حەلەوانی نارد بۆ تەرابلسو تونس بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعی ،جا توانیان بە ئەفکارەکانی خۆیان هۆزی بەرانس تێوەگلێنن، کە هۆزێکی بەهێزو خاوەن دەسەڵات بوون، کە دەچوون بۆ دامەزراندنی وڵاتێك لە ڕۆژئاوا لە سەر ڕێڕەوی ئەداریسەکان لە ئاخیری ڕۆژئاوا، هەروەها ئەغالیبەکان، کە پایتەختەکەیان تونس بوو.

لەوانەی، کە إبن الحوشب لە یەمەن هەڵیبژاردن: أبو عبدالله الشیعی حسن بن أحمد بن محمد زکریا الشیعی بوو، کە خەڵکی صەنعاء بوو، بۆیە إبن حوشب ئەو پیاوەی هەڵبژارد، چونکە سیفاتی سەرکردەی لێ بەدی دکردو زانستێکی زۆریشی هەبوو، زۆر زیرەك و لێهاتو بوو توانایەکی سەیری هەبوو لە هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ خەڵکی، أبو عبدالله الشیعي وا دادەنرێ، کە دامەزرێنەری فیعلیە بۆ دەوڵەتی عوبەیدی لە ڕۆژئاوا، إبن حوشب لە پاش مردنی حەلەوانی و ئەبو سوفیان ،أبو عبدالله الشیعي نارد بۆ مەغریبو پێی وت: حەلەوانی و ئەبو سوفیان زەوی کەتامەیان لە وڵاتی مەغریب ئامادە کردوە، ئێستاش ئەوان مردنو، کەسیش وەك تۆ بۆ ئەو شوێنە گونجاو نیە، بۆیە بە پەلە بڕۆ بۆ ئەوێ، چونکە شوێنێکە بۆت خۆش و ئامادە کراوە.[1]

لە نێوان ساڵی٢٨٨ تا ساڵی ٢٨٩ کۆچی أبو عبدالله الشیعی ئەو پیاوە بلیمەت و موراویغ

١ـ بڕوانە: کتێبی: موسوعة المغرب العربي ب٢ لا ٥٧ دکتۆر عبدالفتاح الغنیمي

و فێڵ بازە گەیشتە مەککە، گەڕا لە دوای وەفدی مەغارییەکان، کە هاتبون بۆ حەجی ماڵی خوا توانی حاجیەکانی کەتامە بناسێ و، خۆشی لێیان نزیك کردەوە بەوەی، خۆی بە پیاوێکی دیندارو زانا نیشاندانو، توانی جێی خۆی بکاتەوە لە ناو دڵی شێخەکانی کەتامەو لەگەڵیشیان گەڕاوە بە جۆرێك وای حاڵی کردن، کە مەبەستی میسرە بۆ ئەوەی منداڵەکانیان فێر قورئان خوێندن بکات ، لە ڕێگا پێیان وت:وەرە لەگەڵمان بۆ مەغریب ، بەڵام ڕەزامەندی نیشان نەدا، پاشان بە سیاسەتە فێڵاویەکەی لەگەڵیان ڕۆیشت و داوایەکەی بەدی هێنان، هەتا لە قەیرەوان لایاندا بۆ ئەوەی لە خاڵی لازو بگەڕێ لە دەوڵەتی ئەغالیبەکانو زانیاری کۆبکاتەوە لەسەر بەهێزترین هۆزو زانینی ئەو هۆکارانەی بەسودن بۆ چونە ژورەوەی وڵاتی مەغریب، پاش ئەوەی دڵنیا بوو، کە بە هێزترین هۆز لە مەغریب کەتامیەکانن، بڕیاری دا بچێتە ئیکجان، کە شوێنێك بوو، کەوتبوە چیایەکی دژوارو سەخت، زانی کە ئەو شوێنە شوێنی هۆزی سەکتاتەیە، کە تیرییەکن لە هۆزی کەتامیەکان[1] ،ابو عبدالله خۆی بە مامۆستایەکی پەروەردەکەرو خواناس نیشان داو، ڕێگای زوهدی گرتەبەر هەتا دڵیانی داگیر کردو، بە پیاوێکی ماقوڵ ناوی دەرکرد، هۆزگەلێك لەبەربەرییەکان ڕوویان تێکرد، ئەویش هەڵسا بە گۆش کردنیان بە مەزهەبی شیعی و تێی گەیاندن و فێری کردن، پاشان چووە ناو کاروباری سیاسەت و نیزامی حوکم و ڕۆڵی حوکم کردن بە شورا، حەقی بەعەلەویەکانیشدا، کە لە هەموو کەس لە پێشترن بۆ وەرگرتنی حوکم.

بەهۆی ئەو ستەمەی، کە دەوڵەتی ئەغالبەکان لە خەڵکیان دەکرد هەندێك هۆز وەڵامی داعیەی شیعەیان دایەوە، کە وایان زانی زۆر دڵسۆزە، لێرە لەگەڵ ئەغالبەکان ڕوو بەڕوو بوونەوە ڕویدا، أبو عبدالله الشیعی چوو بۆ ناو قەڵایەکی بەهێز لە چیای تۆڕاس لە شوێنی تازروت لەوێ لێدانی یەك لەدوای یەکی ئاڕاستە دەکرد بۆ دەوڵەتی ئەغالبەکانو هەروا بڵاوکردنەوەی زوڵم و ستەمەکانیان و ڕوونکردنەوەی ئەوەی، کە حوکمیان لە ئیسلامو شەریعەتی خوا دەرچووە ، هەروەها هەڵسا بە وروژاندنی چەند ڕقوقینەیەکی کۆن لە نێوان

١ــ موسوعة المغرب العربي ب٢ ٥٦.

دەوڵەتی ئەغالبەکان و هەندێك هۆز، بەڵێنیشی دا بە پیاوەکانو سەرکردەی هۆزی کەتامە، کە دوارۆژ و دەوڵەت وپێگیری بۆ ئەوانە، جا هۆزەکان هەموو سەریان بۆ دانواندو شوێنەکانیش یەك لە دوای یەك دەڕوخان و توانی غەنیمەتێکی زۆریش بگرێت، گرتین بۆ شوێن کەوتوەکانی زیادی کرد، ئەوەی یارمەتیشیدا لە هەڵوەشانەوەو لاوازی دەوڵەتی ئەغالیبەکان نوقم بونیان بوو لە ڕابواردنو خۆش گوزەرانی، لە لایەکی تریش بێزاری خەڵکی بوو لە ئەمیرە ستەمکارەکانیان، ابو عبدالله موکڕی و ئازایەتی و توانستی سیاسی و کەفائەی سەربازی نیشان داو وای کرد ئەوانەی دەوروبەری لەسەرکردەو سەربازگەکان متمانەی پێبکەن ، ئەمەش ئەوەی پێبەخشی ، کە کاتی ئەوە هاتووە بۆ کەشف کردنی بانگەوازەکەی بەوەی دوعای ڕەزامەندی بۆآل البیت النبي بکات، کە بەم زووانە بە دیار دەکەوێ و حوکم دەگرێتە دەست.

بەو پێیە ابو عبدالله الشیعی توانی دەست بگرێت بە سەر هەموو خاڵە جەنگیەکان لە نێوان قەڵاکەی لە چیای تۆڕاس هەتا پایتەخی ئەغالیبەکان.

لەسەرەتایی مانگی جمادالأولی لە ساڵی ٢٩٦ی کۆچی بەرامبەر ساڵی ٩٠٩ زاینی شوێنی الأدریس ڕووخاو وکەوتە ژێر دەسەڵاتی ابو عبدالله الشیعي ئەو شوێنەش کلیلی چونە ژوورەوەی قەیرەوان بوو، کە پایەتەختی سیاسی وڵات بوو، هەر بە پەلە زیاد الله الأخیر لە مانگی جمادالأولی لە ساڵی ٢٩٦ چوو بۆ میسرو ابوعبدالله ی شیعیش چووە ناو قەیرەوان.[١]

ابوعبدالله لە میانی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی لەسەر دەوڵەتی ئەغالیبەکان بەدەستی هێنا ڕایگەیاند، کە ئیمامی حەقیقی موسوڵمانان عبیدالله المهدیە و هەر لەو زووانە دەگاتە وڵاتی مەغریب و دادگەری و یەکسانی دابین دەکات ، هەندێك لە هێزی ئەغالیبەکان چوونە ڕیز هێزەکەی و ژمارەی هێزەکەی گەیشتە هەزار شەرکەر بۆ ئەوەی بەرگری لە مەزهەبی شیعەی ئیسماعیلیەکان و دەوڵەتی نوێ بکەن، زانراویشە لە مێژوو، کە خەڵکی ڕەشو ڕووتو نەزان بەسەرکەوتنەکان هەڵدەخەڵەتێنو واگومان دەبەن، کەئەو کەسەی سەرکەوتووە ئەو حەقە ، لە گەڵ پڕوپاگەندەیەکی بەهێزی شیعەکان وسەرکەوتنە

١ـ موسوعة المغرب العربي ب٢٥ ٦٠

بەرچاوەکانیان و باوەڕکردنی خەڵکی بە مەهدی چاوەڕوان کراو، خەڵکی بەسەر کردەو سەربازەوە وای لێهات هیچ ڕاو بیرو بۆچونو عەقڵی نەبێ، بەڵکو وەك ئامێرەکان بێت لە جێ بەجێکردندا، ابو عبدالله الشیعی هەوڵی دا پشت ببەستێ بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبەکەی بە پڕوپاگەندەو مێزگرد بۆ ئیقناع کردنی زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعەت وەك عثمان بن سعید الحداد، بەڵام کاتێك ئیقامەی حوجەیان لەسەر خۆی و شوێن کەوتەکانی کرد، هیچی لە دەست نەما، بۆیە برای عبدالله الشیعی ابوالعباس لە پایتەختی باکوری ئەفریقیا هێزی بەکارهێنا بۆ ڕیشەکێش کردنی مەزهەبی ئەهلی سوننەو جەماعەتو ، لەگەڵ زانایانی ئەهلی سوننە جۆرەها ئەشکەنجەی دان وەك لێدانی فەقیهەکان بە قامچی وبڕینی زمانی هەندێکیان و مل پەلدانیان و پارچە پارچەکردنی لەشی هەندێکیان و لە خاچ دانی فەقیهەکانو دەست بەسەرداگرتنی ماڵ و سامان و خەڵکیان لە سەر زگ و پشت ڕاکێشاو فەرمانیان بەدارو دەستەکانیان کرد، کە بە پێ بەسەریان بکەون، لێرە کێشەی مەزهەبی توندتر بوو، دەوڵەتی تازە لە دایك بوو شلەژاو ابو عبدالله الشیعی هاتە ناو کێشەکەو موناظرەی قەدەغەکرد بۆ ئەوەی کێشەکە ببڕێنێتەوەو برایەکەشی لە ویلایەتی قەیرەوان لادا.

بەڕاستی ابو عبدالله الشیعی سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە قایم کردنی کۆڵەگەکانی حوکم لە قەیرەوان بە هۆی سەرکردەکانی هۆزی کەتامە بەتایبەتیش گەورەکەیان غزویە بن یونس و برایەکەی و قەومەکەی، ابو عبدالله الشیعی بانگهێشتی عبیدالله المهدی و قاسمی کوڕی کرد بۆ ئەوەی بێنە قەیرەوان، عبیدالله لە شامەوە خۆی ئامادە کرد لە شوێنێ سەلمیە بۆ میسرو لەوێش بۆ بەرقەو لەوێش بۆ طرابلس، کە خۆی بە پۆشاکی بازرگانەکان شاردبۆوە، چەند بەسەرهاتی درۆشی گێڕاوەتەوە لەسەر ڕزگاربوونی لە کاربەدەستانی دوەڵەتی عەباسی، بەڵام لە ڕێگا لەلایەن بنی مدرار، کە ئەمیرەکانی سجلماسة بوون بەدیل گیرا.[1]

لەساڵی(٢٩٧)ی کۆچی بەرامبەر ساڵی(٩١٠)ی زاینی ابو عبدالله الشیعی توانی سوپایەك ئامادە بکات و دەوڵەتی بنی مدرار بڕوخێنێ وعبیدالله المهدی و کوڕەکەشی لە بەندیخانە

١ـ موسوعة المغرب العربي ب٢ ٦٥

ڕزگار بکات، له ڕێگای گەڕانەوەشی سوپا بەلای تاهرت تێپەڕێ و دەوڵەتی بنی روستمیان له ساڵی(٢٩٧)ی کۆچی بەرامبەر ساڵی(٩١٠) ی زاینی لەناو برد بەو پێیە مەغریبی ناوڕاست هەتا تەلمەسان بوو بە دەوڵەتی عوبەیدی.

جا عبیدالله المهدی ئیعلانی دروست بوونی دەوڵەتی فاطمي کردو، نیسبەتی وڵاتەکەشی دا پاڵ فاطیمەی زەهرا کچی **پێغەمبەری** خوا ﷺ بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی و گومڕا کردنیان.

بەرەبەرە دەوڵەتی فاطیمي هەوڵی دەدا بۆ نەهێشتن‌و ڕووخاندنی دەوڵەتی عەبباسی بە تایبەتی پاش ئەوەی کۆتاییان بە دەوڵەتی بنی میدرار هێنا لە سەجلماسە و دەوڵەتی روستم لە تاهرت و دەوڵەتی ئەغالبەکان له ئەفریقیا (تونس)

بەیعەتی عبیدالله المهدی له قەیرەوان لە ساڵی(٢٩٧)ی کۆچی بەرامبەر ساڵی(٩١٠)ی زاینی بوو، ویلایەتی ابو عبدالله الشیعی پاش ئەوەی(١٠)ساڵ بەردەوام بوو کۆتایی پێهات، هەروەك هەندێك مێژوونوس باسیان لێوەکردوە.[1]

هەروەك سروشتی هەموو شۆڕەشەکان عبیدالله المهدی توانی ابو عبدالله الشیعی و برایەکەی ابوالعباس و غزویه بن یونس و هەموو ئەوانەی لەگەڵیان بوون لە ناویان ببات بە چەند پیلانێکی یەك لە دوای یەك.

ئەمەش بەهەمان شێوە تێبینی کراوە لە دیراسەکردنی مێژووی کۆن ونوێ، ئەویش کە ئەو دۆست و برادەرانەی تەقوایان نیەو لەخوا ناترسن، ئەوا تەنها چەند بەرژەوندیەك و ڕێبیرەکی گەند کۆی کردونەتەوە بۆ ئەوەی لە پشت یەکتری بن، ئەمەش کە ڕوویدا لە شۆرشی فەرنسی لە ساڵی ١٨٧٩زاینی و شۆڕشی جەزائیری و، شۆڕشی سوری و میسری و لیبی و عیراقی.

بۆم دەرکەوت، کە ئەمە سوننەتێکە لە سوننەتەکانی خوا لەسەر کۆمەڵگاکان ((من أعان ظالماً سلط الله علیه[2])) خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ الظَّالِمِينَ بَعْضًا بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ الأنعام: ١٢٩

---

١ ـ موسوعة المغرب العربي لا ٧٠

٢ـ زۆر گەڕام ئەم فەرمودەیەم بەم بێژەیە نەدیتەوە.وەرگێڕ

مێژوو نووسەکان باسیان کردوە، کە خیلافێك دروست بوو لە نێوان عبيدالله المهدی و أبی عبدالله الشيعی لە سەر ئەو ماڵ و سامانەی عبيدالله المهدی چنگی کەوتبو، هەندێکیش وا دەلێن، کە ابو عبدالله الشيعی گومانی هەبوو لە عبيدالله المهدی، کە مەهدی چاوەڕوانکراو بێت.

خاوەنی موسوعة المغرب العربي دکتۆر عبدالفتاح مقلد الغنيمي هەردوو هۆی باس کردوە،[1] بە بێ ئەوەی یەکێکیان پەسند بکات، پاشان بەرگری کردوە لە نەسەبی عوبەیدیەکان و لەسەر بیرو بۆچۆنی خۆی نەسەبیان دەگرێتەوە سەر فاطمة الزهراء و هێرێشکێکی توندیشی کردۆتە سەر ئەوانەی، کە تانەوتەشەر، لە نەسەبی عوبەیدیەکان دەدەن بەوەی، کە جولەکەنە، یان ئاگرپەرستن، ئەوانەی بەوە تۆمەت بارکردوە، کە دۆستی خیلافەتی عەبباسینە لە بەغدا، یان خیلافەتی ئەمەوی لە ئەندەلوس، هەردوو خیلافەتیش هێرێشێکی دژواریان کردۆتە سەر نەسەبی عوبەیدیەکان.

دەڵێم: بەڕاستی إبن كثير رحمه‌الله، کە نەقلی وتەی زانایانی کردوە لە البداية والنهاية لە بارەی تانەوشەر دان لە نەسەبی عوبەیدیەکان ئەوا بەڵگەی بە هێزترەو سەنەدەکەی پتەو ترەو، زاناترە بە حەقیقەتی دەوڵەتەکان و دامەزرێنەریان و زۆر بەڕاست گۆیی و ئەمانەتێکی بێ سنور زانیویەتی و قسەکانیشی زۆر ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام إبن الأثير جەختی نەکردوە بەڵام نەسەبی بۆیان جێگیرکردوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بکات ئەمەش لە کتێبی الكامل في التأريخ[2] .إبن الأثير ناسراوە بە خۆش ویستنی شیعە، إبن تيمية لە کتێبی الفتاوی جەختی کردۆتەوەو بەڕاشکاوی وتویەتی: کە نیسبەتی ئەوان بۆ فاطیمە جێگیر نیە و ڕاست نیە، ئێستاش ئەوە شایەدی ئەو مێژوونوسە بەڕێزەیە إبن خەلەکان، کە دەڵێ:موحەقیقەکان ڕەتی دەعواکەی دەکەنەوە لە بارەی نەسەب و دەڵێن، کە ئەوانەی بەنەسەب خۆ دەدە پاڵ فاطیمە و بە فاطیمیەکان ناسراوان ئەوە تەنها پڕوپاگەندەیە، بەڵکو لەڕەچەڵەکێکی جولەکەن بەناوی سەلیمە ، کە لەشام هەنە، باوکیشی نازناوێکی هەبوو ناسرا بوو بە القداح، چونکە چاوڕێژ بوو کلی لەچاوان دەکرد، عبيدالله لە ساڵی

١ــ بڕوانە: موسوعة المغرب العربي لا ٧٠

٢ــ بڕوانە: الكامل في التأريخ ب٥ لا١١

(٣٢٢) كۆچی لە ناچوو، لـە پاشـە خـۆی نەوەکـەی مـوعیز تـوانی دەسـت بەسـەر میسـر دا بگرێت.... موڵکی عوبەیدیەکان نزیکەی دوو سەدە بەردەوام بوو هەتا، کە پاڵەوانی ئیسـلام صلاح الدین الأیوبي تـوانی لـە سـاڵی (٥٦٤) کۆچـی لـە ناویـان ببـات و هـەموو شـوێنەواری عوبەیدیـەکان ڕامـاڵی و کۆتایشـی بـە شـەڕو نەگبەتیـەکانیان هێنـاو خـوای گـەورە بـەهۆی ئەوەوە بەندەکانی خۆی لە کۆڵی ئەوانە کردەوە.[1]

هەرچـۆنێك بێـت کـردەوەو بیروباوەڕەکانیـان بەڵگـەدەدا لـە سـەر ئـەوەی، کـە نـەوەی موسـوڵمانان لــە ڕەچــەڵەکی پێغەمبــەری پــیرۆزو زانایــە خوانــاسو پاکــەکانو فەقیهــە هەڵبژاردەکان دوورن لەو قسە سوك و ناشیرینانەو ئەو کاروکردەوە قێزەونانە، خودی خـۆم من ڕام وایە، کە ابو عبدالله الشیعی بۆی دەرکەوت، کە عبیدالله المهدی بۆ موڵك و دەسـەڵات چڵێسە و هەروا زۆردارەو هەوڵ بۆ سەروەری خۆی دەدا، ابو عبیدالله ویستی لەو شوێنە لای بدات و هەوڵیشی دا لە ناوی ببات، کاتێك ویسـتی دەوروبەرەکـەی خـۆی باوەڕبهێنێـت، کـە ئەو کەسە ئەو مەهدیە چاوەڕوان کراوە نیە، کە پێشـتر باسـی بـۆ دەکـردن، بـەڵام عبیـدالله المهدی لەوی خێراتر بوو توانی کۆتایی بەدوژمنەکانی بهێنـێ، سـەبارەت بـە نەسەبەکەشـی ڕاستر وایە، کە تەنها پڕوپاگەندیەو، هیچ پەیوەندیەکی بەئەهلو بەیتەوە نیە، ئەوەش، کە لە باسکردنی ژیانی دەیسەلمێن إن شاء الله.

١ــ فرق معاصرة ب١ لا ٢٨٩.

تەوەرەی چوارەم: خلیفەی شیعی رافیزی یەکەم عبیدالله المهدی
٢٩٧ـ ٣٢٢/٩١٠ـ ٩٣٤.

پێشەوا ذهبي باسی ژیانی عبیدالله المهدی لە سیرأعلام النبلائدا کردوەو وتویەتی: عبیدالله باوکی محمد یەکەم خەلیفەی خەواریجە عوبەیدیە باطنیەکانە، کە ئیسلامیان سەراوژێر کردو ئیعلانی رەفضیان کردو مەزهەبی ئیسماعیلیەکەی خۆیان بەدیار نەخستو بانگخوازەکانی خۆیان بڵاوکردەوە بۆ سەر لێشواندن و گومڕاکردنی شاخ نیشنەکان.[1]

لەبارەی نەسەبیشی وتویەتی:موحەقیقەکان لە سەرئەوەن، کە نەسەبیان ناگەڕێتەوە بۆ فاطیمەو ئەوەی باسی دەکەن تەنها پڕوپاگەندەیە، چونکە کاتێك إبن طباطبا لە بارەی نەسەبی لە موعیزی پرسی وتی: بەیانی بۆت دێنمە دەرێ، بۆ بەیانی کۆمەڵە زێرێکی فرێداو، دواتر نیوەی شمشێرەکەی لە کالانەکەی دەرهێنا، وتی: ئەوە نەسەبی منەو فەرمانیشی کرد، کە زێرەکە بەتالان ببەن، پاشان وتی: ئەوەش ڕەچەڵەکی منە.[2]

موفتی لیبیا شێخ طاهر الذاوي رحمە الله لە بارەی ژیانی عبیدالله المهدی وتویەتی: دامەزرێنەری دەوڵەتی عوبەیدیەو یەکەمین حاکمیش بووە تیادا، بەخۆی لە بنچینەدا عیراقیەو لە ساڵی(٢٦٠) کۆچی لە کوفە لە دایك بووە، خۆی لە شارۆچکەی سەلیمە شاردۆتەوە، کە لە باکوری شام بنکەی ئیسماعیلیە باطنیەکانە ، هەر لەوکاتەی لە دایك بوو هەتا، کە لە سەلیمە جێگیر بوو ئەوانە بەناوی سعید بن أحمد بن محمد بن عبدالله بن میمون القداح ناسرابوو.

لە شوێنی سەلمیە بنکەی ئیسماعلیەکان علی بن الحسین بن أحمد بن محمد بن إسماعیل بن جعفر الصادق کۆچی دوایی کرد، ئیسماعیلیەکان چەند مەزارێکی نهێنیان بۆ دورت کردو، بڕیاریشیان دا ئیمامەتی بگوازنەوە لە نەوەی إسماعیل بن جعفر الصادق بۆ کوڕەکەیان بە نیکاحی روحی[3]، پاشان وتی: ئەوە ڕەچەڵەکی عبیدالله المهدی و ڕەچەڵەکی

١ـ بڕوانە: سیرأعلام النبلاء ب١٥ لا١٤١

٢ـ هەمان سەرچاوەی پێشو ب١٥ لا ١٤٢.

٣ـ تأریخ الفتح العربي في لیبیا لا ٢٥٣

ئەو عوبەیدیانەیە،کە پاڵ دەدرێنە لای.

پاش ئەوەی عبیداللە المهدی دوژمنـەکانی لـە نـاو بـرد ویسـتی لـە قـەیرەوان مەزهەبەکـەی بڵاوبکاتەوە، پاشان بۆ باکوری ئەفریقیاش بیبات، بەڵام دێدەوانی زانایـانی ئـەهلی سـوننەو جەماعـە ڕێیـان لێ گـرت و بەرپەرچیان داوەو، خەڵکیشـیان قەناعـەت پێکـرد بـەوەی، کـە دەوڵـەتی عوبەیدیـەکان دەوڵـەتێکی کـافرەو دوورە لـە شـەریعەتی ئیسـلامی، لـە نێـوان عوبەیدیەکان و ئەهلی سوننە چەند شەڕێکی توندو دژوار ڕووی دا، عبیداللە المهـدی ڕۆیشـت بـو مەهدیـە پـاش ئـەوەی، کـە مـاڵ و سـامانێکی زۆری سـەرف کـرد لـە دامـەزاردنی، عوبەیدیەکان لە باکوری ئەفریقیا هێمنیو ئارامی لەژیانیان نەما لە بەر توندو سـەختی ئـەو بەرگریـەی زانایـانی ئـەهلی سـوننە پێشـەوایەتیان کـرد لـەدژیان، شـارەکان بـەزەبری هێـز چۆکیان دا، عبیداللە بـیری کـردەوە بـۆ میسـر بچێتو، چـەند شاڵاوێکیشـی بـۆ بـرد، بـەڵام بەرامبەر لەشکری عەباسیەکان دۆڕاندی ، کە مؤنس الخادم پێشەوایەتی دەکرد.

لەهەموو هێرشـەکان خەتـەرناکتر بـۆ سـەر میسـر هێرشـی سـاڵی(٣٢١) کۆچـی بـوو، کـە عەباسیەکان توانیان ڕای بگرن بیوەستێنن و ئـەوەش بـەهۆی هـەوڵ و مانـدووبوونی محمـد الأخشیدي.[١]

عبیداللە بەردەوام بوو لە حوکم کردن هەتا، کە لـە سـاڵی(٣٢٢) کۆچـی لـە ناوچـوو تەمـەنی شەست و دوو ساڵ بوو دەوڵەتەکەشی بیست و پێنج ساڵ و چەند مانێگ تەمەنی بوو.

لێرەوە تێبینی دەکەین، کە هۆزی مصامید و کەتامە پشتگیری دەوڵەتی عوبەیدیان کرد، چونکە گومانیان وابوو، کە مەهدی چاوەڕوانکراوە، ئەگەر بڕوانیە مێژوی ئیسـلامی دەبینـێ زۆربەی شۆڕەشـەکان و ئـەو دەوڵەتانـەی دامـەزراون ئـەوا پشـتیان بـەو جـۆرە بیروبـاوەڕە بەستووە،بۆیە بە گرنگو باشم زانی بۆ دامەزراندنی پەرژینێکی عەقیدەیەکی ڕاست لە سـەر بنچـینەی ئـەهلی سـوننەت و جەماعـەت بیروبـاوەڕی ئـەهلی سـوننە لـەو مەسـەلەیە ڕوون بکەمەوە لە مەسەلەی مەهدی چاوەڕوانکراو ، بۆ ئەوەی خەڵکی درۆزن و دەجالـەکان بـاش بناسن، بیروباوەڕی ئەهلی سوننە لە بـارەی مەهـدی چـاوەڕوانکراو باسـی لێـوە دەکـەم لـە

١ـ موسوعة المغرب العربي ب٢لا ٧٦

پاش ژیانی عبیدالله.

هەروەکو دەبینین، کە عبیدالله المهدی پشتی بەو جۆرە پڕوپاگەندەیە بەست، هەتا، کە ابو عبدالله الشیعي توانی متمانەی بەرابیرەکان لە بارەی عبیدالله بشلەژێنێ، گەورەی هۆزی کەتامە چووە لای عبیدالله و پێی وت: ئێمە گومانمان لە تۆ هەیە، بەڵگەیەکمان نیشان بدە، عبیدالله وەڵامی هەندێکیانی دایەوە، ئەویش باوەڕی پێکرد، عبیدالله وتی: ئێستا خۆ یەقینتان هات یەقینیش هەر بەیەقین لادەچێ نەك بەگومان.

مەسەلە گوماناویەکان لە بارەی مەهدی، کە ابو عبدالله الشیعي بۆ گەورە پیاوانی هۆزی کەتامە باسی لێوە دەکرد ئەوەبوو، کە وتی: ئەوشتانەی پێش ئەوەی ڕوو بدەن ئەوا ئیمام دەیانزانێ، ئێستا ئەوە بەخۆ بە دوو کوڕوە هاتۆتە ئێرە بڕیاریشی داوە، کە لە پاشە خۆی حوکم بۆ کوڕە بچوکەکەی دەبێت، کوڕەکەشی پاش ئەو قسەیە بیست ڕۆژ ژیاو پاشان مرد، کە گەورە پیاوی هۆزی کەتامە پرسیاری لە عبیدالله المهدی کرد لە بارەی ئەو منداڵە عبیدالله المهدی وتی: ئەو منداڵە نەمردوەو، وا لە بەرامبەرتە، بەڵکو ئیمامەکان خۆیان دەگوازنەوە، ئەو ڕۆیشتوە بۆ چاکسازی شوێنەکی تر، گەورەی هۆزی کتامە وتی: باوەڕم کرد.

ابو عبدالله الشیعي وتی: ئیمام ئاوریشم و زێڕ لەبەر ناکات، بەڵام ئەو لەبەریان دەکات، هەروا ناشێ لەگەڵ کەسی تر جیماع بکات تەنها لەگەڵ ئافرەتەکەی نەبی، بەڵام ئەو جیماعی لەگەڵ ئافرەتی زیادة الله التغلبي کردوە، گەورەی هۆزی کتامە پرسیاری لەعبیدالله المهدی کرد لە بارەی ئەمە، ئەویش وەڵامی دایەوەو وتی: من جێگری شەرعم ئەوەی بمەوێ بۆ خۆمی حەلال دەکەم زیادة اللهش کابرایەکی گوناهبارو سەر پێچی کەربوو.[1]

مەبەستیشم لەنەقڵ کردنی ئەوشتانە ئەوەیە، کە درۆزن و دەججالەکان عەقڵ سوك و نەفامەکانیان وەك هەلێك قۆستیتەوە بۆ هەڵخەڵەتاندیان و فێڵ لێکردنیان، هەروەها پشتیان بە چەند بیروباوەڕێك بەستوە لە بارەی ئیمامەکان لە گەورەکردنی آل البیت و باوەڕکردن بە مەهدی چاوەڕوانکراو جگە لەمانەش، بۆیە شوێنەکە گەنجاوە بۆ ڕوون

١ـ ـ بڕوانە: سیرأعلام النبلاء ب١٥ لا١٤٦٧

کردنەوەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە لە بارەی مەهدی چاوەڕوانکراو.

تەوەرەی پێنجەم : بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لەبارەی مەهدی [1]

چەند فەرمودەیەکی ڕاستی **پێغەمبەرﷺ** ڕوونی ئەوەیان کردۆتەوە، کە خوای گەورەو بالآدەست لە ئاخیری زەمان پیاوێك لەآل البیت دەنرێت و ئاینی خۆی پێ بە هێز دەکات، حەوت ساڵ دەمێنێتەوەو زەوی پڕ دادگەری و ئاشتی دەکات، هەروەکو پڕی زوڵم و ستەم بوو بوو، ئوممەت لە سەردەمی ئەو نازو نیعمەتێك دەچێژی، کە قەت نەی دیوە و تامی نەکردوە، زەویش بە چڕوپڕی ڕووەکی خۆی دەردێنێ و ئاسمانیش بارانی خۆی دەبارێنێ و ماڵ و سامان بێ ژمار زۆر دەبێت دەبەخشرێت.

إبن کثیر ڕەحمەتی خوای لێبێت وتویەتی: لە سەردەمی ئەو بەروبووم زۆر دەبێت و ڕووەك ماڵ و سامان بەرفراوان دەبێت، کاربەدەستیش ڕۆڵی خۆی دەبینێت، ئاینیش جێگیرەو، دوژمنیش مل کەچ و سەرشۆڕەو، خێرو بێریش لە ڕۆژگاری ئەو بەردەوامە [2].

ناوو کونیەکەی:

مەهدی چاوەڕوانکراو ناوەکەی وەك ناوی **پێغەمبەرەﷺ** ناوی باوکیشی وەك ناوی باوکی **پێغەمبەرە ﷺ**، ناوەکەی محمد یان أحمدی کوڕی عبدالله یەو، لە نەوەی فاطیمەی کچی **پێغەمبەرەﷺ**، پاشان لە حوسەیەنی کوڕی عەلی یە.

إبن کثیر ڕەحەتی خوای لێبێت: لە بارەی مەهدی وتویەتی: ناوی محمد بن عبدالله العلوي الفاطیمي الحسیني یە ئاکارو سیفەتەکانیشی باس کراوە، کە موی نێوچەوانی کەمەو، ئێسقانەکانی لوتی بەرزە.

شوێنی دەرچونی:

دەرچونی مەهدی لە لای ڕۆژ هەڵاتەوەیە، ثوبان دەڵێ: **پێغەمبەری خواﷺ** فەرمویەتی: ((یُقْتَلُ عِنْدَ کَنزِکُم ثَلاثَةٌ کُلُهُم إبْنُ خَلِیفَة، ثُمَّ تَطَلِعُ الرَّایاتُ السودِ مِنْ قِبَلِ الشَرْقِ فَیَقْتُلونَکُمْ

١ـ ئەم باسەی مەهدی چاوەڕوانکراو هەمووم پوختەو کورت کردۆتەوە لە کتێبی(أشراط الساعة) کە نامەیەکی ماجستێرە، یونس وابل نوسیویەتی.

٢ـ النهایة الفتن والملاحم ب١ لا ٣١ تحقیق د طه زیني

قَتْلاً لَمْ يَقْتُلْهُ قَوْم)) واتە: لەلای خەزێنەکەتان سێ کەس دەکوژرێن هەموویان کوڕی خەلیفەنە، پاشان لەلای ڕۆژهەڵاتەوە ئاڵای ڕەش دەردەکەوێ بەجۆرێك دەتانکوژن، کە هیچ قەومێك ئەو جۆرە کوشتارەی نەکردوە.

پاشان ثوبان وتی: پێغەمبەرﷺ شتێکی تری باس کرد من لە بیرم نەماوە، پاشان فەرمووی: ئەگەر بینیتان بەیعەتی بدەنێ با لە سەر بەفریش گاگۆڵەتان کردبێت، چونکە ئەومەهدییەو خەلیفەی خوایە.[1]

إبن کثیر رەحمەتی خوای لێبێت: وتویەتی: مەبەست لەو خەزێنەیەی هاتووە، ئەوا خەزێنەی کەعبەیە، سێ لە کوڕانی خەلیفە شەڕی لە لا دەکەن بۆ ئەوەی دەستیان بکەوێ، هەتا ئاخیری زەمان دێت، ئینجا مەهدی بە دیاردەکەوێ دەرکەوتنەکەشی لە لای ڕۆژ هەڵاتەوە دەبێت نەك لە سیردابی سامەڕا، هەروەکو، کە رافیضة گەوجەکان گومان دەبەن، کە هەتاوەکو وا ئێستا لەوێیەو هەتا ئاخیری زەمان چاوەڕێی دەکەن ، ئەمەش جۆرێکە لە هورێنەو، بەشێکی گەورەشە لە سەرشۆڕی لە لایەن شەیتانەوە، ئەمەی، کە دەیڵێن نەلە قورئان و نەلە سوننەت نەلە هۆش و بیرێکی تەواو ڕاستدا نیەو هیچ بەڵگەشی لەسەر نیە.دوایی إبن کثیر وتویەتی: پاشان مەهدی پشت گیری لێدەکرێ لە لایەن خەڵکی ڕۆژهەڵات، کە سەری دەخەن و دەیکەنە حاکم وکۆڵەگەکانی دادەمەزرێنن، ئاڵایەکەشیان ڕەشەو هەیبەت و گەورەیی پێوە دیارە، چونکە ئاڵای پێغەمبەری خواﷺ ڕەش بوو پێی دەوترا عیقاب.

هەر إبن کثیر لە درێژەی باسەکەی وتویەتی: مەبەست لەو مەهدیەی، کە سوپاس کراوەو بەڵێنی پێداوە، بێت لە ئاخیری زەماندا ئەوا سەرەتای بەدیار کەوتنی لە لای ڕۆژهەڵاتەوە دەبێتو، لە لای کەعبە بەیعەتی پێ دەدرێت، هەروەك، کە هەندێك فەرمودە بەڵگەدەدا لە سەر ئەمە.[2]

١ـ ئیمامی بوخاری لەصحیحەکەی خۆیدا باسی کردووە، کە ابو هوریرةرضي الله عنه فەرمویەتی:

١ـ أخرجه إبن ماجة كتاب الفتن، باب الخروج المهدي، ومستدرك الحاكم، وقال هذا حديث صحيح على شرط الشيخين، ووافقه الذهبي.

٢ـ النهاية للفتن والملاحم ب١ لا٣١.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((كيف أنتم إذا نزل إبن مريم فيكم وإمامكم مِنكم)) ئێوە دەبێ چی بکەن کاتێك کوڕی مریم دادەبەزێت ئێوەش ئیمامتان هەر لە خۆتانە.[1]

٢ـ جابر رضي الله عنه وتویەتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ فەرمووی: ((لا تزال طائفة من أمتي يقاتلون على الحق ظاهرين إلى يوم القيامة)) بەر دەوام کۆمەڵێك لە ئوممەتی من لە سەر حەقەو شەر دەکەن هەتا ڕۆژی دوایی.[2]

ئەو فەرمودانەی لە هەردوو صحیحی بوخاری و موسلیم دا هاتووە بەڵگە لە سەر دووشت دەدا.

یەکەمیان: لە کاتی هاتنەخوارەوەی عیسای کوڕی مەریەم لە ئاسمان ئەوەی کار بەدەستی موسوڵمانانە پیاوێکە لە خۆیان.

دووەمیان: ئامادەبوونی ئەمیرو پێش نوێژی کردنی بۆ موسوڵمانان و داوا کردنی لە عیسا، کە بێت پێش نوێژی بکات بەڵگەیە لەسەر باشی وچاکی ئەو ئەمیرە.

چەند فەرمودەیەکی تریش لە کتێبی سونەن و مەسانیدەکان و جگە لەوانەش هاتووە، کە ڕاڤەی ئەو فەرمودانە دەکان، کە لە هەردوو صەحیحدا هاتوە بەڵگە دەدەن لەسەر ئەوەی کە، ،کە ئەو پیاوە چاکە ناوی محمد بن عبداللەو پێی دەوترێ مەهدی سوننەتیش هەندێکیان ڕوون کەرەوەنە بۆ هەندێك.

١ـ ابو سعیدالخدری وتویەتی: پێغەمبەری ﷺ فەرموی: ((مِنَّا الذي يصلي إبن مريم خَلْفَهُ)) لە ئێمەیە ئەو کەسەی عیسای کوڕی مەریم لە دوای نوێژ دەکات.[3]

٢ـ جابر وتویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (ينزل عيسى ابن مريم فيقول أميرهم المهدي، تعال صَلِ بنا، فَيقول لا، إنَّ بَعَضَهم أمير بعض، تكرمة الله لهذ الأمة) عیسای کوڕی مەریم دادەبەزێت، جا ئەمیری موسڵمانان لەوکات مەهدیە دەڵێت: وەرە پێش نوێژیمان بۆ بکە، ئەویش دەڵێ: نەخێر ئێوە هەندێکتان ئەمیری هەندێکتانن، ئەوەش ڕێزو پلەو پایەی خوایە بۆ ئەو ئوممەتە.

٣ـ ابو سعید الخدری وتویەتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ((المهدي مني أجلى الجبهة أقنى

١ـ صحيح البخاري كتاب أحاديث الأنبياء باب نزول عيسى إبن مريم ب٦ لا ٤٩١ مع الفتح.

٢ـ صحيح مسلم كتاب الأيمان، باب نزول عيسى إبن مريم ب٢ لا ١٩٣ مع شرح النووي.

٣ـ رواه أبو نعيم في(أخبار المهدي) صصحه الشيخ الألباني رحمه الله صحيح الجامع الصغير ب٥ لا ٧١٧.

الأنف، يملأ الأرض قسطاً وعدلاً، كما ملت جورا ويملك سبع سنين[1]))

مەهدی لەمنە هەندێك مووی نێوچەوانی كەمەو ئێسقانی لوتی بەرزەو زەوی پڕدەكات لە دادگەری هەروەك پێشتر پڕ ببوو لە ستەم، حەوت ساڵان دەمێنێتەوە.

یەكەم: فەرمودەكانی باسی مەهدی دەكەن بە ڕێگای تەواتور[2] هاتوون.

١ـ ئیمام شەوكانی وتویەتی: ئەوفەرمودانەی لەبارەی مەهدی هاتوون پەنجا فەرمودەن لە نێوان صەحیح و حەسەن و زەعیف و مونجەبیر[3] لە هەموو بوارەكان هەر موتەواتیرن هەروەك، كە لە زاراوەی ئوصولیەكان داهاتووە، سەبارەت بە وتەی هاوەڵانیش لە بارەی مەهدی ئەوا گەلێك زۆرەو، هیچ بواری ئیجتیهادی تێدانیە.[4]

٢ـ صدیق حسن خان وتویەتی: ئەو فەرمودانەی لە بارەی مەهدی هاتون بە پێی جیاوازی ڕیوایەتەكانی گەلێك زۆرن، دەگاتە پلەی تەواتوری مەعنەوی، كە لە سونەن و دەواوینی ئیسلام و مەعاجیم و مەسانیدكاندا هەیە.[5]

٣ـ شێخ محمد بن جعفر الكتاني وتویەتی: بە هەر حال ئەو فەرمودانەی لە بارەی مەهدیو دَّجَال وعیسای كوڕی مەریم هاتوون هەمووی موتەواتیرن[6].

ئەو كتێبانەی تایبەتن بە فەرمودەی **پێغەمبەر**ﷺ وەك السنن الأربعة و مەسانیدەكان وەك موسنەدی ئەحمەد و موسنەدی بەزار و موسنەدی أبي يعلى و موسنەدی الحارث بن أبي أسامة ومستدرك الحاكم و مصنف أبي شيبة و صەحیحی إبن خزيمة و جگە لەوانەش، كە باسی مەهدیان كردوە، زانای تریش بە جیا كتێبیان داناوەو كۆمەڵێكی زۆر لەو فەرمودانەیان كۆكردۆتەوە، كە باسی مەهدی دەكەن.

دووەم: بەرپەرچ دانەوەی ئەوانەی نكۆڵی دەكەن لەو فەرمودانەی باسی مەهدی دەكەن:

١ـ سنن أبي داود، كتاب المهدي ب١١ لا ٣٧٥ الحديث رقم ٤٢٦٥

٢ـ تەواتور واتە: ئەو ڕێگایەی ئەو فەرمودانەی پێهاتووە، ئەستەمە ئەو كەسانەی گێڕاویانەتەوە كۆببنەوە لەسەر درۆو هەڵەی تێدا بكەن.

٣ـ فەرمودەی(منجبر) واتە: ئەو فەرمودەیەی بەفەرمودەیەكی تر پینە دەكرێت و پشت ڕاست دەكرێتەوە.

٤ـ التوضيع في تواتر ماجاء في المهدي المنتظر والدجال المسيح.

٥ـ الأذاعة لما كان، وما يكون بين يدي الساعة لا١١٢.

٦ـ نظم المتناثر من الحديث المتواتر لا ١٤٧.

جێگایی داخه، که کۆمەڵێك له نوسەران وەك شێخ محمد رشیدرضا له تەفسیرەکەی به ناوی مەنار وەسفی ئەو فەرمودانەی کردوە له بارەی مەهدی به دژیەك و بەپوچی داناون و وتویەتی، که مەهدی تەنها ئەفسانەیەکە شیعە دایان هێناوەو پاشان چویتە کتێبەکانی ئەهلی سوننە.[١]

یەکێکی تریش، که فەرمودەکانی مەهدی ڕەت کردۆتەوە خاوەنی دائرة معارف القرن العشرین[٢] محمد فرید وجدیەو ڕۆیشتوە لە سەر هەمان ڕێرەوی أحمد أمین لە کتێبەکەی بەناوی ضحی الإسلام.

وا دیاریشە، که ئەو نوسەرانە کاریگەر بوونە بەوەی إبن خلدونی مێژوو نووس باسی کردوە له لاواز کردنی فەرمودەکانی مەهدی، زانراویشە إبن خلدون لە سوارچاکی ئەو گۆڕەپانیە بۆ ئەوەی قسەی وەربگیرێ لە بارەی (تضعیف)و(تصحیح)کردن، لەگەڵ ئەوەش تویەتی: پاش ئەوەی چەند فەرمودەیەکی لە بارەی مەهدی هێناوەو تانەوتەشەری زۆری لە سەنەدەکان داوە، ئەوە چەمکێکە لەو فەرمودانەی باس لە مەهدی دەکەن و ئیمامەکان(تخریج) یان کردوە، کە لە ئاخیری زەمان دێت، ئەوەش وەك بینیت زۆرینەی قوتاری نابێت لەڕەخنەو تانەو تەشەردان.[٣]

یوسف الوابل لە کتێبی أشراط الساعة دا وەك تەعلیقێك لە سەر قسەی إبن خلدوندا وتویەتی: ئەگەر یەك فەرمووده لەبارەی مەهدی ڕاست بێت، ئەوابەسە بۆ بەڵگە هێناوە ،چ جای ئەوەی، کە ئەو فەرمودانەی لە بارەی هاتوون ڕاستنو بەڕێگایی تەواتوروە هاتوون.[٤]

شێخ أحمد شاکریش بەرپەچی إبن خلدون دەداتەوەو دەڵێت: بەڕاستی إبن خلدون باش لەوتەی فەرمودەناسەکان نەگەیشتوە، کە وتویانە الجرح مقدم علی التعدیل ئەگەر بگەڕابایەوە سەر وتەکانیانو تێ بگەیشتبایە، ئەوەی وتویەتی نەی دەوت ،بۆی هەیە خوێندبێتیەوەو زانیبێشی، بەڵام لە بەر ڕای سیاسی ئەو سەردەم ویستویەتی فەرمودەکانی

١ـ تفسیرالمنار ب٩ لا٤٩٩ـ ٥٠٤.

٢ـ دائرة معارف القرن العشرین ب١ لا ٤٨٠

٣ـ مقدمة إبن خلدون ب١ لا ٥٧٤

٤ـ أشراط الساعة للوابل لا ٢٦٧

مەهدی لاواز بكات[1]، پاشان ڕوونی كردۆتەوە، كە ئەوەی إبن خلدون لە بارەی مەهدی نوسیویەتی پڕیەتی لە هەڵەكاری لە ناوی پیاوەكانی فەرمودەو گواستنەوەی (علل)كان، من لە باتی ئەو عوزری بۆ دێنمەوە بەوەی، كە بۆی هەیە خەتایەكە هی لە بەرگرەوەكان بێت و ڕاست كەرەوەكانیش(المصحیحن) كەم تەرخەمیان تێدا كردبێت.

ئەوەی محمد رشید رضا و إبن خلدون و محمد فرید خوا لێیان ڕازی بێت بۆی چوونە ڕاست نیە، بەڵكو بەڵگەیە ئەوەیە كە لەقورئان و سوننەتدا بێت، ئەو ڕیوایەتانەی لەهاتنی مەهدی دا هاتوە ڕاستن وتەواتوری مەعنەوین، ئەمەش كافیە، سەبارەت بەوەش، كە هەندێك ئیسرائیلیات تێكەڵ بە هەندێك فەرمودە بووەو، هەندێكیش شیعە توندڕەوەكان دروستیان كردوە ئەوە ڕاستە، بەڵام پێشەوایانی فەرموودە ئەوەی ڕاستە، جیایان كردۆتەوە لەلاوازو هەڵبەستراو كتێبی تایبەتیشیان داناوە لە بارەی فەرموودە هەڵبەستراوەكانو ڕوون كردنەوەی ڕیوایەتە لاوازەكان و چەند بنەمایەكی وردیشیان داناوە بۆ حوكم كردن لە سەر ئەو پیاوانەی گێڕاویانەتەوە، هەتا كەس نەماوە لە خاوەنی بیدعەو درۆزن ئیللا بەدیاریان خستوە، خوای گەورە سوننەتی پاراستوە لەگاڵتەچی و بیدعەچی و لادەرەكان و بودەڵەكان، ئەوەش یەكێكە لە پارستنی خوا بۆ ئەم ئایینە.

ئەگەر ڕیوایەتی هەڵبەستراو هەبێت لە بارەی مەهدی وەك دەمارگیرەیەك ئەوە وامان لێناكات ئەو ڕیوایەتە ڕاستانەی لەبارەی هاتوون وازی لێبێنن، چونكە ڕیوایەتە ڕاستەكان باسی سیفەت و ناوی خۆی و باوكی كردوە، ئەگەر بێت و پیاوێك كەسێكی دەست نیشان كردو گومانی برد، كە مەهدیە بێ ئەوەی فەرمودەیەكی ڕاست پشتی بگرێت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئینكاری مەهدی بكەین، كە بە فەرمودەی ڕاست جێگیر بووە، پاشان مەهدی ڕاستەقینە پێویست ناكات كەس پڕوپاگەندەی بۆ بكات، بەڵكو خوای گەورە كەی ویستی لەسەربێت بۆ خەڵكی بە دیاری دێخێ و خەڵكیش بەو نیشانانە دەیناسنەوە، كە لە فەرموودەی ڕاست و ڕەواندا هاتووە.

سەبارەت بەو ڕیوایەتانەی دژیەكن و یەك ناگرنەوە ئەوا لەو فەرمودانەدایە، كە ڕاست

١ـ تعليق أحمد شاكر على مسندأحمد ب٥ لا ١٩٧ـ ١٩٨.

نینە، بەڵام فەرمودە ڕاستەکان سوپاس بۆ خوا هیچ دژیەکێکی تێدانیە.

هەروەها ئەو خیلافەی شیعە، کە لەگەڵ ئەهلی سوننە هەیانە هیچ حیسابی بۆ ناکرێ، بەڵکو حوکمی دادگەر هی قورئانو سوننەتی ڕاستی پێغەمبەرە ﷺ، سەبارەت بە شتە پڕوپوچەکانی شیعەو ئەفسانەکانیان ئەوا ناکرێ ببێتە کۆڵەگەیەك بۆ ڕەت کردنەوەی ئەو فەرمودە ڕاستانەی لە پێغەمبەرەوە دەرچوە.[1]

زنای پایە بەرز إبن القیم لە میانی باس کردنی مەهدی وتویەتی: سەبارەت بە(رافضة) ئیمامیەکان، ئەوە قسەیەکی تریان هەیەو دەڵێن: مەهدی ناوی محمدی کوڕی حسن العسکرییەو، یەکێکە لە کوڕانی حسین بن علی نەوەك کوڕی حەسەن، کە باوڕیان وایە لە هەموو شوێنێك بوونی هەیەو لە بەر چاوان بزرەو، حوکم دەگرێتە دەست، نزیکەی پێنج سەد ساڵە بە منداڵی چۆتە ناو سیردابی سامەڕا ، لە پاش ئەوە هیچ چاوێك نەیبینیوەو، نەزانراوەش هیچ هەواڵ و دەنگ و باسی هەبێت، کە تا ئێستا و هەموو ڕۆژ چاوەڕوانینە،کە ڕادەوەستن بە سواری ولاغ لە بەردەرگای سیرداب و هاوردەکەن، بێتەدەر بۆیان و دەڵێن: گەورەمان وەرە دەرێ! پاشان بە نائومێدیەوە دەگەرێنەوە، ئەوە پیشەوکاری هەردووکیانە، بەڕاستی ئەوکەسە ڕاستی وتوە،کە دەڵێ:

ما آن للسرداب أن يلد الذي کلمتموه بجهلكم ماآنا؟

فعلى عقولكم العفاء فإنكم ثلثتم العنقاء، والغيلانا

بەڕاستی ئەوانە بووینە جێگای عەیب وشەرمەزاری بۆ نەوەکانی ئادەمو هەروا بووینە جێگای گاڵتەوگەپو هەموو خاوەن هۆش و بیرێك گەمەیان پێدەکات.[2]

تا ئێرە با بەس بێت لە بارەی ڕوون کردنەوەو باس کردنی مەهدی لە لای ئەهلی سوننە و جەماعە، بەمە بۆ خوێنەری بەڕێز ئەو تەرازوە ڕاستە ڕوون دەبێتەوە بۆ هەرکەسێك ،کە بانگەشەی مەهدی بکات.

یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو نەگبەتە گەورەیەی، کە ڕوویدا لە هۆزەکانی باکوری ئەفریقی ئەوەبوو، کە نەفام بوون بەڕاستی ئەو شتانەی وەرگیرابوون لە قورئان و سوننەت، هەر

١ـ بڕوانە: أشراط الساعة، لا٢٦٧.

٢ـ بڕوانە: المنار المنيف لا ١٥٢ـ ١٥٣

بۆیه بۆ ابو عبدالله الشیعی ئاسان بوو هۆزی کەتامە گۆش بکات بە بیروباوەڕی گەندەڵی رافیزە باطنیەکان.

باسی دووەم:

کێشەی نێوان

دەوڵەتی عوبەیدی و

خەڵکی باکوری ئەفریقیا

تەوەرەی یەکەم: شۆڕشی هۆزی هەوارە لە تەرابلس:

پاش ئـەوەی عبیـدالله المهـدی تەرابلسـی داگیر کـرد دەسـت نیشـانی(مـاكنون بـن ضـبارة اللحيـاني الكتـامي) كـرد بـۆ ئـەوەی ببێتـە والی ئـەوێ، جـا هـۆزی هـەوارە لەبـەر نـەبوونی بارودۆخێكی گونجاو شۆڕشیان دژی والی تەرابلس كـردو هەولێشـیاندا ئـەو هەڵـە بقۆزنـەوە، چونكە كاروباری وڵات لە باكوری ئەفریقا هێشتا نەكەوتبوە سەر پێی خۆی.

چەند هۆزێكی تریش وەك زناتەو لەمایەو جگە لەوانەش لـە هـۆزە بەربەرییـەكان هاتنـە تـەك ڕیزی هۆزی هەوارە ، ئەو شـۆڕەش لەتـەرابلس، كـە هەڵگیرسـا ئـەوا بـە سـەرۆكەیاتی ابـو هارون الهواري بوو،كە توانیان تەرابلس ئابلۆقە بدەن و ماكنونیش لـە قەڵایـەكانی شـاركەی خۆی حەشاردا.

عبیدالله المهدی بەلەشكرێك كـە سـەركردەكەی تمـام بـن معـارك بـوو بـرازای مـاكنۆن بـوو بەهانای هات.

عبیدالله المهدی ئاماژەی بۆ ماكنون بن ضبارة كرد بۆ لە نـاو بردنـی تمـام بـن معـارك بـە گومانی ئەوەی پیلان لەدژی دەگێرێ، ماكنون لە مانگی(ذي الحجـة) لـە سـاڵی ٢٩٨ كۆچـی تەمامی برازای كوشت بەم جۆرە ماكنون هەستی بە ئارامی و هـۆگری كـردو تەمـەنی درێـژ بوو لە حوكم و ڕێگاشی بە پیاوانی گەلەكەی خۆی دا بۆ دەست درێـژی كردنـە سـەر مـاڵ و ناموسی خەڵك و خۆ هەڵقوتاندن لە كاروباریان، ئەهلی تەرابلس لە دژی وەستان و لە سـاڵی (٣٠٠)ی كۆچی شاربەدەریان كرد، ئەویش چـووە لای مەهـدی لـە شـوێنێك بـە نـاوی رقـادة ئەهلی تەرابلس ئەوانەی دارو دەستەی ماكنون الكتامي بوون هەموویان كوشتن و لە ناویـان بردن، دەرگای قەڵای شارەكەشیان داخسـت، عبیـدالله المهـدی سـوپایەكی لـە دەریـاوە بـۆ ناردن ، بەڵام سوپای دەریایی تەرابلسیەكان توانی هی ئەوان بسوتێنێ، ئەم جارە عبیـدالله المهدی سوپایەكی پیادەی سەرسەختی ئامادەكرد بـە سـەرۆكایەتی قـاسمی كـوڕی لـەڕێگا هـۆزی هـەوارە لێـی هاتنـە دەسـتان، بـەڵام تـوانی بیـان بـەزێنێ و بگاتـە قـەڵای شـارەكەو ئابلۆقەشی هاوێشتنە سەرێ هەتا ئەوەی لە رزق و زەخیرە هـەبوو، كۆتـای پێهـاتو، وایـان لێهات لە برسێتیان گۆشتی مرداریان دەخوارد، چیتر إبن إسحاق نەی توانی بـەرگری بكـات،

گەورە پیاوانی تەرابلس هەستان دانوستانیان لە گەڵ ابو قاسم الشیعي کردو داوای سەلامەتیان لێکرد، ئەویش رازی بوو بە مەرجی ئەوەی محمدبن إسحاق ومحمد بن نصرو پیاوێکی تریش بە ناوی حەوحەحەی تەسلیم بکەن، ئەوانیش ئەوسێ پیاوەیان تەسلیم کرد، ابو قاسم الشیعي چووە ناو تەرابلس و خەڵککەی تووشی باجێك کرد،کە ئەندازەکەی سێ سەد هەزار دینار بوو، توانیشی کۆتایی بە ئەغالیبەکان بێنێ بەگومانی ئەوەی ئەوان ئەو فیتنەیان هەڵگیرساند.

ئەوەی سەرپەرشتی خەزێنەی باجەکەشی دەکرد پیاوێك بوو بەناوی خلیل بن إسحاق، کە لە کوڕانی سەربازی تەرابلس بوو، هەر ئەو پیاوە لە سەردەمی عوبەیدیەکان بینای مزگەوتی تەرابلسی گەورەی تەواو کردو بینای منارەکەشی کرد، پاشان لە سەر دەستی إبن کیداد الیفرني کوژرا کاتێك دەستی گرت بەسەر قەیرەوان لە ساڵی (٣٢٢) کۆچی.

پاشان، کە هێمنی و ئارامیو بەر قەرار بوو لە تەرابلس ابوقاسم چووە رەقادەو ئەو سێ پیاوەی تەسلیمی کرابوون وەك سوکایەتیەك گێڕانی بەناو شەقامەکانی قەیرەوان ، پاشانیش لە ناوی بردن.[1]

لەو شۆرشە سەرەتایەی دژی عوبەیدیەکان وا ڕۆن دەبێتەوە، کە خەڵکی تەرابلس حەزیان بە حوکمی عوبەیدیەکان نەکرد، بەڵام بە زەبری هێز بەسەریاندا سەپاندن.

کتێبەکانی مێژووش جەخت لە سەر ڕۆڵی زاناو شەرع زانەکان دەکەنەوە لە مەڕ تێکۆشانیان بۆ ڕوو بەڕوو بونەوەی فیکری شیعی و شەپۆلی رفضو بیروباوەڕی باطیني، کە دەوڵەتی بني عوبەید گرتیە ئەستۆی خۆی بۆ ئەوەی لە باکوری ئەفریقا بڵاویان بکاتەوە.

تەوەرەی دووەم :خشانی عوبەیدیەکان بۆ بەرقە

کاتێك بارودۆخی تەرابلس هێمنی و ئاسایشی بە خۆیەوە بینی عبیدالله المهدی سەربازەکانی خۆی بەرەو بەرقە برد بە سەرکردایەتی حسبة بن یوسف الکتامي ئەو پیاوە زۆر توند بوو سۆزو بەزەیی لە دڵیدا نەبوو، لە ساڵی (٣٠١) کۆچی بەرەو شوێنی سەرت ڕۆیی، چونکە هێشتا لە ژێر حوکمی ئەغالیبەکان بوو، بەبێ شەڕ چووە ناویەوەو هەرچی لە

١ـ بڕوانە: تأريخ الفتح العربي في ليبيا لا ٢٤٦ـ ٢٤٧

عەبباسیەکان و ئەغالیبەکان هەبوو دەریکردن، خەڵکی شارەکە داوای ئەمانیان لێکرد، ئەویش ئەمانی دانێ و بەبێ شەڕ چووە ناوییەوە، دواتر شاری بەرقەشی داگیر کردو سەربازی عوبەیدیەکانیش بەرەبەرەو بەبێ پچران بەرەولای حەباسە دەهاتن.

ئەو حەباسەیە هیچ بەڵێنێکی خۆی بە جێ نەدەگەیاند، هەرکاتێك شوێنێکی داگیر بکردایە خەڵکەکەی دەکوشت و ماڵەکەی دەبردن و ئافرەتەکانیانی بۆ خۆی حەڵاڵ دەکرد، یەکێك لە کردەوە بەدەکانی، کە کتێبەکانی مێژوو باسیان لێوە کردوە ئەوەیە، کە رۆژێکیان کۆمەڵێك خەڵك لە بەرقە یاریان بە کۆتر دەکرد ئەویش فەرمانی کرد بیان هێنن و پاشان دانینیشاندن لە دەوری ئاگر، ئەنجا فەرمانی کرد پارچە پارچە گۆشتیان لێبکەنەوە و بە ئاگرەکەش بیبرژێنن، دواتر فەرمانی کرد فرێیان بدەنە ناو ئاگرەکە، بەراستی ئەو کردەوە وەحشیگەریانە بەڵگەیە لەسەر دژایەتی عوبەیدیەکان بۆ هەر کەسێك بۆنی سوننی لێوە بێ، بەڵکو بە بیرکردنەوە سەقەت و پوچەکەیان خۆیان بەوکردەوانە لە خوا نزیك دەکەنەوە.

یەکێکی تر لە کردەوە قێزەونەکانی ئەوە بوو، کە لە بەرقە ڕای گەیاند ، ئەوەی دەیەوێ بەخشیش لە ئێمەوە وەربگرێ بابێت، بۆیەیانی هەزار پیاو هاتن، ئەویش فەرمانی کرد هەموویان بکوژن، پاشان تەرمەکانیان هەموو لەسەر یەك دانا، پاشان فەرمانی کرد کورسیەك بێنن و کورسیەکەی لە سەر تەرمەکان داناو لە سەری دانیشت، پاشان فەرمانی کرد پیاو ماقوڵانی شارەکە بێنە لای، کە هاتن بەندی کردن و ئیهانەی کردن، هەندێکیان هەر لەبەر تەماشا کردنی ئەو دیمەنە ترسناکانە مردن، پاشان پێی وتن: ئەگەر بەیانی سەد هەزار میسقاڵ زێرم بۆ نەهێنن هەمووتان دەکوژم، ئەوانیش بۆیان هێنا.

یەکێکی تریش لە کردەوە بەدەکانی ئەوبوو، کە تۆڵەی سەندەوە لەحارث و نزار، کە کوڕی جمال المزاتي بوون بە یارمەتی چەند کەسێك لەبەرقە ، کە هەر ئامۆزای خۆیان بوون هەروەها ئافرەتەکانی فرۆشتن و ماڵ و سامانیانیشی بەتالان بردن، خەڵکی بەرقە بەو کردەوە قێزەونانە زۆر غەمبار بوون بۆیە عبیداللە المهدی یان لەو مەسەلەیە ئاگادار کردەوە، بەڵام ئەو نەفرەتیە سوێندی بە درۆ خوارد، کە هیچ کارێکی لەوانەی درایتە پاڵی

نەیکردوە، پاشان نامەیەکی بۆ نووسی بۆئەوەی بەرقە جێ بهێڵێتو بەرەو میسر بڕوات، لە میسریش کاری زۆر درێوتری کرد.[1]

لە ساڵی(٣٠٢)ی کۆچی لەشکرتاریەتی ابو القاسم هێرشی برد بۆ ئەسکەندەریە، بەڵام ئەوەی ویستی بۆی نەهاتەدیو بەمل شۆڕی و سەر شۆڕی گەڕایەوە، ابوالقاسم پارچە هۆنراوەیەکی نارد بۆ بەغدا لە نێویدا شانازی کردبوو بەو مولکەی، دەسەڵاتیان گەیشتبوێ صولي شاعیریش بەهەمان وەزن و قافیەی هۆنراوەکەی بە بەرپەرچی دایەوە:

فَلوْ كانَتِ الدُّنيا مِثَالاً لطائرٍ لَكَانَ لَكُم مِنْهَا بما حذتم الذَنْبَ

واتە: ئەگەر دونیا بە باڵندەیەك بچوێنین ئەوا ئێوە تەنها کلکەکەتان بەدەست کەوتووە.

ابو القاسم لەو دێرە هۆنراوەیە زۆر تورەبوو وتی: وەڵاهی ئەوەندەی پێم بکرێ دەبێ سینگی باڵندەکە بەدەست بێنم، یان لە پێناویدا سەرم دادەنێنم.[2]

شۆڕشی خەڵکی بەرقە لە دژی عوبەیدیەکان:

هەر لە ساڵی(٣٠٢)کۆچی خەڵکی بەرقە تۆڵەیان لە عوبەیدیەکان سەندەوەو کارگێڕەکەیان و زۆربەی پیاوانی هۆزی کەتامەیان کوشت، عبیدالله المهدیش لە ساڵی (٣٠٣) کۆچی سەربازی خۆی نارد بۆ ئاقڵ کردنیان و تۆڵەسەندەوە لێیان، رابەرایەتی کردنی ئەو سوپایەش پیاوێك بوو ناوی ابومدیني إبن فروخ اللهیفي بوو، کە ماوەی هەژدە مانگ ئابلۆقەی بەرقەی دا، پاشان لە ساڵی(٣٠٤) کۆچی بەبێ شەڕ چووە ناویو زۆربەی خەڵکی ناوچەکەشی کوشت و خانووەکانیانی سوتاندن و ناموس و شەرەفی ئافرەتەکانی هەتك کردو دیلەکانیشی ڕەوانەی لای عبیدالله المهدی کرد بۆ ئەوەی لە ناویان ببات، ابو مدیني هەر لە بەرقە مایەوە هەتا، کە لە ساڵی (٣٠٦) کۆچی تێیدا مرد.[3]

لەساڵی (٣٠٤) کۆچی عوبەیدیەکان بەشەڕ هاتن لەگەڵ خەڵکی صقلية هەروەها لە ساڵی(٣٠٦) کۆچی لە مانگی (ذي القعدة) میسریان داگیردو دەستیشیان بەسەر أسکندرية و زۆربەی صەعیدا گرت ، بەڵام تێیدا جێگیر نەبوون و گەڕانەوە.

١ـ بڕوانە: تأريخ الفتح العربي في ليبيا لا ٢٤٧

٢ـ بڕوانە: تأريخ الفتح العربي في ليبيا لا ٢٤٧

٣ـ بڕوانة: هةمان سةرضاوة لا ٢٤٨.

لەساڵی(٣٠٨) كۆچی بینای مەهدیە تەواو بوو عبیداللە المهدی چووە ناوی، لە ساڵی (٣١٠)ی كۆچی نەفوسە شۆرشیان بەرپاكرد دژی عبیداللە جا لە لەشكرەكە پیاوێكیان ناردە پێشەوە بەناوی أبابطـة ، كە بەم بەم كەڵە پیاوە بەهێزە پشت قایم تربوون مەزهەبەكەشیان أباضي بوو، عبیداللە المهدیش سوپایەكی نارد بەسەركردایەتی علي بن سلیمان الداعي بەڵام سوپای عوبەیدیەكان تێك شكاو عەلیش بەرەو تەرابلس ڕای كرد ، پاشان جارێكی تریش هەڵی كوتایەوە سەر نەفوسەو ئابلۆقەی دا.

لە تەرابلس محمد بن عمر النفطي بە قازی دەست نیشان كرا، دەوڵەتی عوبەیدیەكان لەژێر حوكمی عبیداللە المهدی توانی هەر خۆی بەتەنێ و بەزەبری چەك بەسەر ئەفریقاو تەرابلس و بەرقە و دورگەی صقلیة زاڵ ببێ.

تەوەرەی سێ یەم :دەرچوونی أبي یزید الخارجي لەدژی عوبەیدیەكان

ابو یزید ناوی مخلد بن كیداد الیفرني بن سعد اللە بن مغیث بن كرمان بن مخلد بن عثمان بن یفرن، (یفرن)یش برای، (مغراو)ە، كە هۆزی (مغراوة)ی دەدرێتە پالی، دایكیشی ناوی سیكەیە، كە شوینێكە لە وڵاتی سودان، كە باوكی هاموشۆی ئەو شوێنەی دەكردو، دواتر كردیە كەنیزەیەك بۆ خۆی.[1]

ابوزید زۆر بە هەژاری گوزەرانی بەسەر برد، مەزهەبی خەواریجەكانی لەناو مەزهەبەكان هەڵبژاردو لە سەر دەستی نەكارایەكان[2] فێرە زانست بوو، یەكەم جا ابو یزید بوو بە مامۆستای لە بەركردنی قورئانی پیرۆزو زۆربەی كاتەكانی لە زانست و زانیاری بەسەر دەبرد ، سەرەتا ابو یزید خۆی بەپیاوێكی دونیا نەویست نیشان دا، كە بە سواری گوێ درێژێك دەگەڕا لە نێوان هۆزە شاخاویەكانو نازناوی بەخاوەنی گوێدرێژ (صاحب الحمار) دەركرد، هەندێك لە كتێبەكانی مێژوو باس لەوە دەكەن ، كە كاتێك سەركردایەتی شۆرشی دژی عوبەیدیەكان كرد، تەمەنی لە نەوەدەكان بوو، ابو یزید هەڵی دوژمنایەتی نێوان زەناتە و عوبەیدیەكانی قۆستەوەو هەروەها ئەوستەمەشیان قۆستەوە،كە دەوڵەتی ڕەوافیضەكان ئەنجامیان دەدا لە وەرگرتنی باج هەتا ئەغالیبەكان لەو ستەمە بەئاگاهاتنەوە، دژایەتی

١ــ بڕوانە: تأریخ الفتح العربي في لیبیا لا ٢٤٨

٢ــ سەرچاوەی پێشوو لا ٢٤٩.

بەرابیرەکانیش زیادی کرد، پاش ئەوەی رەوافیضةکـان لـە سـەر مینبـەرو یانـەو بازنـەکانی وانە وتنەوەو وتاری هەینی دژایەتی خۆیان ڕاگەیاند بەرامبەر بـە ئەبوبـەکر و عومـەر، لێـرە ابو یزید دەستی کرد بە ئامادەکردنی کەرستە لە ناوچەی جەریدو باکوری ئەفریقیاشـی بـە چـەند جـەنگێکی خوێنـاوی سـەرقاڵکرد، سـەرەتای شۆڕشەکەشـی لـە تـەرابلس بـوو، کـە بەرابیرەکان لە بەر ستەمی محمد بن عبیدالله المهدي بۆ ئـەهلی سـوننەو سزاو ئەشکەنجە دانیان زۆریان شوێنی کەوتن ، زانایانی ئەهلی سوننە لە دژی عوبەیدەیەکان وایان بـە بـاش زانی بچنە پاڵ ابویزیدو وتیان: هەر هیچ نەبێت ابـو یزیـدو هـاوەڵانی ئـەهلی قیلبـەن، بـەڵام ئەوان ئەهلی قیبلە نین‌و دارو دەستەی دوژمانی خودان[1]، ابو یزید ناوی لە خـۆی نـا شـێخی باوەڕداران و لەناو دڵیدا زۆر رقن بوو بەرامبەر ئەهلی سوننە، بەڵام دەیشاردەوەو ئاشـکرای نە دەکرد، چونکە یەکێك بوو لە نەکاریەکان [2] کە ماڵ و سامان و ئـافرەتی ئـەهلی سـوننەی بەحەڵاڵ دەزانی، ابو یزیـد ڕق و قینـی ئـەهلی سـوننەی قۆسـتەوە، کـە بەرامبـەر عبیـدالله المهدی هـەیان بـوو، بیروبـاوەڕی خۆشـی لێ شـاردنەوە و دۆسـتایەتی خـۆی بـۆ نیشـاندان، کاتێك دەستی خۆی دیت و بـەهێز بـوو، کەوتـە گیـان ئـەهلی سـوننە و ڕێـی دا بـە عبیـدالله المهدي بۆ ئەوەی بیان کوژێ و ئافرەتەکانیان حەڵاڵ بکات و ماڵەکانیشـیان بـەتاڵان ببـات، ابو یزید ئەگـەر لـە بـەر ترسـی ئـەوە نەبوایـە، کـە گوایـە خەلیفـەو دارودەسـتەکەی خـۆی دەکوژێ‌و نەوەك خـەڵکی لێـی دوربکەونـەوە ئـەوا سـتەمی سـەیر سـەیری بەرامبـەر ئـەهلی سوننە دەکرد.

بەڵام لەگەڵ ئەوەش ڕیسوا بوو، خەڵکی لە چوارچێوەی نەمان، ئەو ابو یزیدە کابرایەکی زۆر دڵ ڕەق و عینادو درێو بوو، شـیخ الطـاهر الـزاوي وتویـەتی: کردەوەکـانی نیشـانەن لـە سەر ڕەت کردنـەوەی بـۆ دینـەکان و هـەروەها ڕێزنـەگرتنی بـۆ مـاف مـرۆڤ، کـە چـووە نـاو قەیرەوان، پـاش تێـك دان و خـاپورکردنی هەڵسـا بـە کوشـتنی پیاوەکـان و حـەڵاڵ کردنـی ئافرەتەکانیان وهەتك کردنی عەورەتیان، هەروەها زگی دووگیانەکانی هەڵدڕی‌و، خـەڵکیش بەپێی خواسی‌و ڕوت‌و ڕەجالی بەرەو قـەیرەوان ڕایـان کـرد، کـە زۆریـان لەبـەر برسـیەتی و

١ـ سير أعلام النبلاء ب١٥ لا١٥٥

٢ـ نکاری گروپێکە لە گروپەکانی خەواریج

تینوەتی مردن، هەندێك کەس گلەیی و گازەندەیان لە لاکرد لەوەی بەسەر وڵاتدا هاتووە لە وێران بوون و گەندەڵی،ئەویش بەگاڵتەو گەپەوە وتی: ئەی چ دەڵێن، ئەگەر مەککەو بیت المقدسم وێران کرد.[1]

بەم شێوەیە، ئەگەر بیروباوەڕی ڕاست ون بوو تێگەیشتنی ڕاست نەماو ڕێبازی خوا کاری پێنەکرا ئەوا مرۆڤ دەبێتە ئاژەڵێکی درەندە، چونکە ڕێبازێك نیە لە سەری بڕاو عەقڵێك نیە، بیگەڕێنێتەوەو شەرعێك نیە ئاراستەی بکات.

بەڕاستی بیروباوەڕە گەندەکەی ابو یزید الخارجي وای لێکرد ببێتە زۆردارێکی کەلەڕق و تێکدەر، کە هیچ پەیمان و بەلێنێکی بۆکەس لە لانەبوو، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر کوژانەوەی فیطرە و، نوقم بوونی لە قوڕو لیتەی زۆرڵکاوە بۆگەنەکانو دوور لە ڕووناکی هەر دوو وەحی، کە کتابی خواو سوننەتی پێغەمبەرن ﷺ.

عوبەیدیەکان لە سەردەمی محمد المهدي کە نازناوی مەنصور بوو،توانیان کۆتایی بە شۆڕشەکەی ابوزید بهێنن ، مەنصور توانی زەرەرێکی ئێجگار کوشندە لە ماڵ و سامان و پیاوەکانی بدات، هەر بەوەش ڕانەوەستا، بەڵکو پاش ماندوبوونێکی زۆر توانی لێی بدات و بریندار بکات، جا هەر بەهۆی برینەکەی گیانی لە دەست داو، مەنصوریش پێستەکەی کەوڵ کردو پڕی کرد لە کاو پاشان لە خاچیدا.[2]

عوبەیدەیەکان لەو مەوقیفە چەند دێرە هۆنراوەکیان ڕێکخست، ڕێکخەرەکەش علی بن محمد الأیادي بوو، کە دەڵێ:

فأرتقى الملعون من خيقته — في ذرى أعيط عال مصعد

في ذرى حلقاء ملساء على — ذالك المعقل ليست ليصد

معتقل من فوقه الله ومن — تحته المنصور في جيش معد

فأرتقى المنصور بالسيف له — يوم طعن كشآبيب البرد

فاذامخلدفي كف الرَّدى — موثق الجيد بحبل من مسد

فأبى الله سوى إعاجاله — وعذاب الله للجسم أهد

١ـ بروانە: تأريخ الفتح العربي في ليبيا لا ٢٥١

٢ـ سیر أعلام النبلاء ب١٥ لا ١٥٧.

فنفى عنه أيرٍ ما دنسا | كان قد أسرف فيه ومرد
كأديم التيس لما لم يطب | ريحه جرد منه فانجرد
وحشاه سالخوه سعفاً | ماليا ما بين كعب وكند
ثم أقاه على مستحصد | باسق أجرد مافيه أود

ئينجا ابو يزيد هەر بەخاچ كراوى مايەوە هەتا لە شى پارچە پارچە بوو با بردى، ئەمەش لە مانگى(محرم)ى سالّى(٣٣٦) كۆچى بوو، لە دواى خۆى كورەكەى درێژەى بە شۆڕشەكەدا بۆ تۆڵە سەندنەوەى باوكى، بەلاّم مەنصور يەكێك لە سەركردەكانى خۆى بۆ نارد، كە زيرى بن مناد بوو، كە توانى لە ناوى ببات،[1] بەم جۆرە كاروبارى ابو يزيد وكورەكەى كۆتايى پێهات.

بەڕاستى شۆڕشەكەى ابو يزيد خاوەنى پلانێكى ڕوون و ئاشكرانە بوو، هيچ ئامانجێكيشى نەبوو بۆ دروست كردنى دەوڵەت، بەڵكو ئەو توانى زەرەرێكى زۆر و زەبرێكى كوشندە لە عوبەيديەكان بداتو، توانى لە مەهديە ئابڵۆقەيان بدات موڵكيان لێ بسەنتەوەو ، زۆر بەخراپى دەرهەق هۆزەكان مامەلەى كرد بۆيە متمانەى لە دەست داو كەس لەدەوروبەرى نەما، ئەوەى دەدەردەكەوێ لە شۆڕەشەكەى ئەوا تۆڵەسەندنەوەو ڕشتنى خوێنە بەرامبەر نەيارەكانى، كە بە ڕێگايەكى وەحشى گەريانەو دڵ ڕەقانە بەردەبووە گيانى نەيارەكانى، ئەمەش نيشانەى دڵ ڕەقى ئەو كابرايە دەنوێنێ، ئەو شۆڕشە ئاگرينە چواردە سالّى خاياند، كە دەوڵەتى عوبەيديەكان پێيەوە سەرقاڵ بوون.

ئەوەش بۆى هەيە سوننەتێكى خوا بێت لە زاڵ بوونى هەندێك ستەم كار بەسەر هەندێكى تر، كە لە شوێن كەوتوانى هەردوولا هەزارەها كەس بوونە قوربانى، كە بەم هۆيەوە هێمنى و بەرقەرارى و ئاسايش لە باكورى ئەفريقى نەما.

١ـ بروانە: تأريخ الفتح العربي في ليبييا لا ٢٥١

تەوەرەی چوارەم : خەلیفەی دووەمی رافیضی القائم بأمرالله ابوالقاسم نزار بن عبیدالله ٣٢٢ــ ٣٣٤هـ ــ ٩٣٤ــ ٩٤٥ز

ناوی ابو القاسمی محمد بن عبیدالله المهدیـە، لـە سـاڵی ٢٧٨ کۆچـی لـە سـلیمة لـە دایـك بووە، لە ساڵی ٣٢٢کۆچی وەك خەلیفەیەکی رافیضي بەیعەتیان پێدا.

ابو القاسم پیـاوێکی ئـازاو بـەترس بـوو، زۆر ڕشـتو بـەخیل بـوو ، خـاوەن بیروبـاوڕێکی گەندەیش بوو، لـە سـاڵی ٣٠٢ کۆچـی ابـو یزیـد مخلـد بـن کیـداد البربـري دژی وەسـتا، لـە نێوانیاندا شـەڕێکی زۆر هەڵگیرسـا، کـە مخلـد تـوانی لـە مەهدیـە ئابلوقـەی بدات و تـەنگی پێهەڵچـنێ و وڵاتەکـەی داگیربکـات، پاشـان ابـو القاسـم خـەرفاو عـەقڵی لەدەسـتدا، کـە شـەیتانێکو زەنـدیقێکی زۆر بـەدبوو بـوو بـە ئاشـکرا جنێـوی بـە پێغەمبـەران دەدا، بـە شوێنکەوەکانی دەوت: إلعنوا الغار وما حوی واتە: لەعنەت بکەن لە ئەشکەوت و ئـەوەی لـە نێوی دایە، کە مەبەستیان لە پێغەمبەرو ئەبوبەکری ڕاست گۆیە.

پاشان زۆر لە زانایانی لە ناو بردو، لەگەڵ قەرامیتەکانی بەحرێنیش ڕێککەوت و فـەرمانی پێکردن بە سوتاندنی قورئان و مزگەوتەکان.

ابویزیـد الخـارجي کوفرەکـانی ابـو القـاسمی وەك هـەلێك قۆسـتەوەو هەڵسـا بەهانـدنی أباضیةکانی مەغریب و لەگەڵ هەندێك لە هۆزەکانو زانایان و خواناسـەکانی قەیرەوان،هـەتا نزیك بوو مەغریب هەموو بکەوێتە ژێر چنگی، ابو یزید ئاڵای لیوایەکانیشی لـە لای مزگـەوتی قەیرەوەان جێگیر کردبوو ببوو لە سەری نوسرابوو لا إله إلا الله لاحکم إلا لله دوو ئـاڵای تـری زەردیش لە سەری نوسرابوو نصر من الله وفتح قریب، ئاڵایەکی تایبەت بە خۆشی هەبوو لە سەری نوسرابوو: اللهم أنصر ولیك علی مَنْ سَبَّ نَبِيّكَ.[1]

ابوالقاسم العبیدی بە ئاشکرا جنێوی بە هاوەڵـە بـەڕێزەکان دەداو تانـەو تەشەریشـی لـە پێغەمبـەر دەدا، هـەتا فـەرمانی کـرد لەسـەر حـانوت و خواردنگـەکان کەللـەی بەرانـەکان هەڵبواسنو، لە سەریشـی نوسـرابوو ئەمـە کەللـەی هاوەڵانـە، بـەهۆی کـوفرو زێـدە ڕۆییـان شاعیرێك لە بارەی بنی عوبید وتویەتی:

١ــ سیر أعلام النبلاء ب١٥ لا ١٥٢ــ ١٥٦.

الماكر الغادر الغاوي لشيعته	شَرُّ الذنادقة من صحب وتباع
العابدين إذا عجلا يخاطبهم	بسحر هاورت من كفر وإبداع
لو قيل للروم أنتم مثلهم لبكوا	أو لليهود لسدوا صمخ أسماع[1]

تەوەرەی پێنجەم: خەلیفەی سێیەمی رافیضي لە باکوری ئەفریقیا المنصور بن نصرالله ابو طاهر إسماعیل

٣٣٤ ك ـ ٣٤١ك ـ ٩٤٥ز ـ ٩٤٦ز

ناوی ابو الطاهر إسماعیل بن القائم المهدي العبیدي الباطني صاحب المغرب، ابوالطاهر لـە پـاش بـاوکی بـوو بـە خەلیفـەی رەوافیزەکـان، لـە سـەردەمی خـۆی تـوانی کۆتـایی بـە شۆڕشەکەی ابو یزید الخارجي النکاري بهێنێت.

پێشەوا ذهبي لە بارەیەوە وتویەتی: پیاوێکی زۆر ئازاو بـە جـەرگ بـووەو قسـەزان و ڕەوان بێژبووە، بەگشتی ئیسلامەتی پێوە دیاربووە جیاواز لەباوکە زەندیقەکەی.

هەروەها ذهبي باسی لە هەنـدێك سـەخاوەتو دەسـت کراوەیـی کـردوەو دەڵێـت: جارێك منداڵی سەربازو گەلەکەی کۆکردەوە، کە ژمارەیان دەگەیشتە دەهەزار منداڵ، هەریەکـەیان جل و بەرگێکی جوان وگران بەهای لەبەرکردن و، خوانێکی خواردنیشی بۆ ئامـادەکردن، کـە نمونەی کەم بوو، هەموانیشی سـوننەت کـردن، پاشـان هەریەکـە سـەدوپەنجا دینـاری وەك بەخشیش فرێدایە پێشیان.

یەکێکی تریش لە کارە باشەکانی ئەبوو، کە محمـد أبـي المنظـور الأنصـاري کـردە قـازی قەیرەوان، کە پیاوێك بوو لەگەورە زانایانی زانستی فەرمودەو چاویشی کەوتبو بـەإسماعیـل القاضي و حارث بن أبي أسامة پێیانی وتبو: من بە مەرجێك ئەم کارە دەکەم، کە هیچ شت لە کەس وەرنەگرم، ئـەوانیش کردیانـە قـازیو، کـە لەگـەڵ خـەڵکی زۆر نـەرم ونیـان بـوو ، جارێك جولەکەیەکیان هێنایە لای جنێوی دابوو ئەویش لەسەردەم داینا و لێی دا هەتا لە ژێر لێدانەکە مرد، چونکە دەیزانی، ئەگەر کاروبارەکەی بچوو بایـە لای مەنصـور نەیدەکوشـت، قازی وای نیشانی خەڵکدا، کە لێدانەکەی بۆ تەمێ کردنە هەتا، کە کوشتی.[2]

١ـ هەمان سەرچاوەی پێشو ب١٥ لا١٥٦.

٢ـ سیر أعلام النبلاء ب١٥ لا١٥٨

ابو الطاهر له سالّی (٣٤١) كۆچی بەهۆی باو سەرماو سۆڵەیەكی سارد وەفاتی كرد، كە خۆی و دارو دەستەكەی بۆ سەیرانگایەك دەرچوبوون.

ابو الطاهر زۆر بە بەزەییانە لەگەڵ گەلەكەی مامەڵەی دەكردو تەنها شیعەگەریەتی ئاشكرا دەكردو زەرەری لەكەس نەدەدا، لە دوای خۆشی موعیزی كوڕی هاتە جێی.[1]

تەوەرەی شەشەم: الموعیز لدین الله ابو نعیم سعد٣٤١ـ ٣٦٢هـ

ناوی مەعدی كوری ئیسماعیلی مەنصورە نازناویشی ئەبوتەمیمە، لە سالّی (٣١٩) كۆچی لە (١١)ی مانگی رەمەزان لە مەهدیە لە دایك بووە، باوكی لەپاشە خۆی دەست نیشانی كرد بۆ خەلیفایەتی، لە سالّی(٣٤١) كۆچی لە سەر تەختی حوكم دانیشت، كە خەلیفەی عوبەیدی چوارەمە حوكمی باكوری ئەفریقی كردبێت.

ئەو خەلیفەیە توانی لە باكورو باشوری وڵات دەسەڵاتی خۆی درێژبكاتەوەو بچەسپێنێت، لە سالّی(٣٤٢) كۆچی باسیل الصقلي لەسەرت كردە والی ، إبن كافي التكامیشی كردە والی لەسەر ئەجدابیە، لە صقلیة لە سالّی(٣٥٤) كۆچی مالّ و سامان و زەویو زارێكی زۆری چنگ كەوت، پاشان هاتە ئەفریقیاو سنوری میرنشینی گەیشتە سنوری میسر، پاشان هەر لە نزیكەوە ئاگای لە كاربەدەست و ئەمیرەكان هەبوو لەمیسر بە دواداچونی بۆ دەكردن، پاشان هەر بەخۆی رێی بە خۆی دا بۆ ئەوەی دەست بەسەر میسردا بگرێت، بە مردنی كافور الأحشیدی لە سالّی(٣٥٥) كۆچی وڵاتی میسر شلەژاو تێك چوو، موعیز ئەم هەلّەی قۆستەوەو لێنەگەرا هەر ئەوها بەفیڕۆ بروات، بۆیە عەزمی جەزم كردو پلانی دانا بۆ هەلّكەندنی ڕوبارو دروست كردنی كۆشك و تەلار لە قەیرەوانەوە هەتا سنوری میسرو پاشان سوپایەكی بەهێزی ئامادە كردو پارەیەكی ئێجگار زۆریشی كۆكردەوەو، جوهر الصقلیشی هەلّبژارد بۆ سەرپەرشتی كردنی ئەو سوپایەی، كە ژمارەی لە سەدهەزار زیاتربوو، موعیز فەرمانی بە هەموو ئەمیرەكانی كرد، كەوا گوێرایەلّی جوهر الصقلی بكەن، سوپای عوبەیدەیەكان بەرێكەوت بۆ گواستنەوەی مەزهەبی باطيني بۆ میسر بۆ ئەوەی

١ـ هەمان سەرچاوەی پێشو لا ١٥٩.

ڕزگاری بێت لەو تەنگ و چەڵەمەو شۆڕش و کێشە توندانەی، کە زانایانی ئەهلی سوننە ماوەی سەد ساڵی بەردەوام دژی عوبەیدیەکان لە باکوری ئەفریقی بەرپایان کردو پێشەنگی بوون، عوبەیدیەکان ڕەتی مەزهەبی ئەخشیدییان دەرکردەوە، کە پاشکۆی دەوڵەتی عەبباسی بوو لەمیسر، توانی تیرە ژەهراوەیەکانی بهاوێتە ناو میسرو، پاڵی نا بە سوپا هارەکەیو داوای لە دارو دەستەو شەیتانەکان کرد، کە خیلافەتی عەباسی خۆڕاگر لە ناوببەن، کە ئاڕاستەیەکی سوننی هەبوو.

هەروەها موعیز هەوڵی دا ئەندەلوسی سوننیش داگیر بکات و بیخاتە ژێر چەپۆکی دەوڵەتی خۆی، بەڵام پیاوە ئازاو چاونەترس و نەبەردەکانی ڕێگربوون لەوەی ئامانجەکەی بێتە دی، لە ساڵی(٣٥٨) کۆچی لە مانگی جمادی الآخرة سوپاکەی موعیز بەهۆی سەرکردەخزمەتکارەکەیان جوهر الصقلي توانی بچێتە ناو میسرەوە ، کە ئەم پیاوە بێ ماندووبون توانی میسر بخاتە ژێر چەپۆکی عوبەیدیەکان و ببێتە موڵکیان، هەر ئەو پیاوە لە سەردەمی خۆی لە ساڵی (٣٦١) کۆچی ئەزهەری دروست کرد بۆ ئەوەی ببێتە مینبەرێك لە مینبەرەکانی عوبەیدیەکان بۆئەوەی لە ڕێگایەوە بیروباوەڕ پوچەکەو مەزهەبە باطینیە گەندەکەیان بڵاوبکەنەوە، پاشان بە فەزڵی خواو دواتر بە هەوڵ و کۆششی صلاح الدين الأيوبي توانی کۆتایی بە عوبەیدیەکان بینێت و ئەزهەریش بوو بە قەڵایەك لە قەڵاکانی ئەهلی سوننە، لە ساڵی(٣٥٨) بە سەرپەرشتی کردنی جعفر بن خلاف سوپایی عوبەیدیەکان توانی بچێتە ناو دیمەشق.[١]

گەشتەکەی موعیز بۆ میسر:

پاش ئەوەی ڕێگا بۆ موعیز لە میسر خۆش بوو بە خۆو بەماڵ و منداڵ و کەس وکارو دەست و پێوەندو سوپایەکەی باکوری ئەفریقایان بەجێهێشت و بەرەو میسر بە ڕێکەوتن بۆ ئەوەی کاروبار بگرێتە دەست. سەرکردایەتی باکوری ئەفریقاشی بۆ ئەمیر بلکین إبن زیری الصنهاجي بەجێهێشت، موعیز توانی طرابلس و سەرت و بەرقە بداتە پاڵ میسر، لە گەڵیدا

١ـ بڕوانە: الفتح العربي في ليبيا لا ٣٦٢.

شاعیرە بێ باوەڕەکەی محمد هانئ الأندلسي لەگەڵدا بوو، کە زیادەڕۆی لە مەدحی موعیزی دەکرد، لەیەکێك لە شیعرەکانی وتویەتی:

فکأنما أنت النبي محمد وکأنما أنصارك الأنصار
ما شئت أنت لا ما شائت الأقدار فاحکم فأنت الواحد القهار
هذا الذي تجدي شفاعته غداً حقاً وتخمد أن تراه النار

لە شیعرێکی تریش لە بارەی موعیز وتویەتی:

النور أنت وکل نور ظلمة والفوق أنت وکل فوق دون
فارزق عبادك فضل شافعة وأقرب بهم زلفى فانت مكينُ

هەروەها وتویەتی:

تدعوه منتقماً عزیزاً قادراً عفاراً موبقة الذنوب صفوحاً
أقسمت لولا أن دعیت خلیفة لدعیت من بعد المسیح مسیحاً
شهدت بمفخرك السموات العُلا وتنزل القرآن فیك مدیحاً

هەروەها وتویەتی:

عَلِمْتَ من مكنون سرالله ما لم یؤت في الملكوت میكائیلاً
لوكان آتی الخلق ما أوتیته لم یخلق التشبیه والتأویلاً

موعیز بەخۆی و باب و باپیرانی گوێیان لەو کوفرو شیرکانە دەگرت و قەدەغەیان نەدەکردو ڕەتیان نەکردەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە خاوەنەکەیان هاندەدا لەسەری.

گەشتەکەی موعیز بەرەو میسر لە ساڵی(٣٦٢) کۆچی بوو، هەر لەم ساڵە محمد هانئ الأندلسي بێ باوەڕ لە بەرقە کوژرا، کە لەتەمەنی چل و دوو ساڵی دابوو، کە بینرا بوو تەرمەکەی وەکو سەگ لە کەنارەکانی ڕووباڕی بەرقە فرێدرابوو.

موعیز بەکوشتنی زۆر دڵ تەنگ بوو وتی: بەم پیاوە لەسەر هەموو شاعیرەکانی ڕۆژهەڵات شانازیمان بە خۆمان دەکرد ، بەڵام بۆمان نەچوە سەر[1]، موعیز لە گەشتەکەی

١ـ بروانە: الفتح العربي في لیبیا لا ٣٦٢.

بـەردەوام بـوو هـەتا گەيشـتە سـنورى ميسـرو لەسـاڵى (٣٦٢) كۆچـى ڕۆژى (٢٣)ى شەعبان گەيشتە ئەسكەندەريە، كە لە ميسر نوێنەرێكى زۆر لە سەركردەو كاربەدەستەكان پێشوازيان لێكرد.

موڵكى موعيز لە سەبتەى ڕۆژئاواوە هەتا مەككەى ڕۆژهەڵات درێژبوويەوەو فـراوان بـوو ، هەتا دانيشتوانى كەنارەكانى زەرياى أطلنطيش هەر بە فەرمانى ئەو دەجوڵانەوە.

موعيز دوو ساڵ و نيو لەميسر مايەوە، لە ساڵى(٣٦٥)كۆچى لە (٧)ى مـانگى ربيـع الأول لە قاهيرە وەفاتى كرد، كە ويلايەتەكەى لەئەفريقيەو ميسر (٢٣)ى ساڵى خاياند.[١]

شێخ طاهر الزاوي رحمه الله وتويەتى: دەوڵەتى فاطميەكان ماوەى (٢٦٠) ساڵ بـەردەوام بـوو(٥٢) سـاڵ لـە (مغـرب) و (٢٠٨) سـاڵيش لـە ميسـر، ژمـارەى خەليفەكانيشـى چـواردە خەليفە بوو، يەكەميان عبيدالله المهدى بوو كۆتايشيان عاضـيد بـوو، كـە لەميسـر لـە سـاڵى (٥٦٧) لە ڕۆژى عاشورا وەفاتى كرد، بە مردنى عاضيد دەوڵەتى فاطميەكان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا كۆتايى پێهات و لەناوچوو، موڵكيش تەنها بۆ خواى پـەروەردگارەو بەويسـتى خـۆى دەيداتە هەندێك و، بە ويستى خۆشى لە هەندێكى دەسێنتەوە.[٢]

ذهبي رحمەالله وتويەتى: لەو كاتەوە رَفض سەرى هەڵدا، كـە لەميسـرو شـام و حيجـاز و مەغريب شانازى بەخۆى كردو بە دەوڵەتى عوبەيدى بەناو بانگ بـوو لـە عێـراق و جـەزيرە و عەجەم بە ناوى بني بوية خۆى ناساند، خەليفە مطيـع لـە لايـەن بـني بويـة پلەيـەكى نزمـى هەبوو، پاشان نەخۆشكەوت و لايان دا، كوڕەكەى طائع لله يان لە شوێنى دانـا، كـە ئـەويش كاروبارێكى كەميان دايەدەست بۆيە مەملەكەتى موعيز زۆر گەورەترو جێگيرتر بوو.[٣]

موعيز شاعير بوو ئەمە يەكێكە لە شيعرەكانى:

لله ماصنعت بنا	تلك المحاجر فى المعاجر[٤]
أمضى وأقضى في النفوس	الخناجر في الحناجر

١ـ هەمان سەرچاوەى پێشو لا ٢٦٢.

٢ـ هەمان سەرچاوەى پێشو لا ٢٦٢.

٣ـ سيرأعلام النبلاء ب١٥ لا ١٦٤

٤ـ معاجر: پۆشاكێكە ئافرەت لە سەرى دەكات.

ولقد تعبت بينكم تعب المهاجر في الهواجر[1]

ذهبي رحمه‌الله له باره‌ی موعیز وتویه‌تی: چل و شه‌ش ساڵ ژیاوه‌و له‌مه‌هدیه له دایك بوه‌و له‌ساڵی(٦٦٥) كۆچی له‌موعیزیه‌ی سه‌ربه قاهیره نێژراوه.[2]

ته‌وه‌ره‌ی حه‌وته‌م: تاوانی عوبه‌یدیه‌كان له باكوری ئه‌فریقیا

به‌ڕاستی شیعه ڕافزیه باطنیه‌كان ده‌رحه‌ق خه‌ڵكی باكوری ئه‌فریقی تاوانێكی یه‌كجار قێزه‌ون و به‌دیان ئه‌نجام دا، كه منداڵ له تاوان سه‌ری سپی ده‌بێ و هیچ عه‌قڵێكیش باوه‌ڕ ناكات، به تایبه‌تیش جامی غه‌زه‌ب و توڕه‌ییان ڕشت به‌سه‌ر زانایان:

١ـ كاتێك عبیدالله داوای پێغه‌مبه‌رایه‌تی بۆخۆی كرد، دوو شه‌رع ناسی له قه‌یره‌وان بانگ كردو خۆشی له سه‌ر كورسیه‌ك دانیشتبوو ئاماژه‌ی بۆ یه‌كێك له‌خزمه‌تكاره‌كانی كرد، ئه‌ویش به‌و هه‌ردوو شه‌رع زانه‌كه‌ی وت: ئایه گه‌واهی ده‌ده‌ن، كه‌عبیدالله پێغه‌مبه‌ری خوایه؟ ئه‌وانیش به یه‌ك ده‌نگ وتیان: سوێند به خوا، ئه‌گه‌ر ڕۆژ بێته ده‌ستی ڕاستی و مانگیش بێته ده‌ستی چه‌پی و بڵێن: ئه‌وه پێغه‌مبه‌ری خوایه، ئه‌وا وانالێین و باوه‌ڕ ناكه‌ین،عبیدالله فه‌رمانی كرد هه‌ردووكیان سه‌ربب‍ڕن[3]، ئه‌و دووشه‌رع ناسه‌ش یه‌كێكیان إبن هذیل و ئه‌وی تریان إبن البردون بوو.

پێشه‌وا ذهبي له باره‌ی إبن بردون وتویه‌تی: پێشه‌واو شه‌هیدو موفتی ابو إسحاق بن البردون الضبي، كه مالیكی مه‌زهه‌ب بوو قوتابی ابو عمثان الحداد بوو[4]

كاتێك ویستیان إبن بردون بكوژن داوایان لێكرد: ئایه له مه‌زهه‌به‌كه‌ی خۆت په‌شیمان ده‌بیته‌وه؟ ئه‌ویش وتی: ئایه له ئیسلام په‌شیمان ببمه‌وه؟

به‌ڕاستی عبیدالله المهدی هه‌ر به‌داواكردنی پێغه‌مبه‌رایه‌تی ڕانه‌وه‌ستا، به‌ڵكو ڕێیدا به شوێن كه‌وتوه‌كانی بۆ ئه‌وه‌ی له‌كوفره‌كه‌یان نوقم ببن هه‌تا به جۆرێك كردیانه خوا، چونكه یه‌كێك له سوێنده گه‌وره‌كانیان ئه‌وه بوو، كه ده‌یان وت: وحق عالم الغیب والشاهدة مولانا

١ـ سیرأعلام النبلاء ب١٥ لا ١٦٣ـ ١٦٤

٢ـ هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشو ب١٥ ١٦٦.

٣ـ سیرأعلام النبلاء ب١٥ لا ٢١٧

٤ـ سه‌رچاوه‌ی پێشو ب١٤ لا ٢١٥.

الذي برقادة يەكێك لە هەرە شتە ترسناكەكان ئەوە بوو، كە دەیوت: من پەنهان وغەیب ودەزانم، غەیب و پەنهانیش تەنها هەر خوای پەروەردگار دەیزانێ و یەكێكە لە تایبەتمەندی خوایەتی‌و، هەر یەكێك بۆ غەیری خوا بیداتە پاڵ كەسێك ئەوا دەكەوێتە ناو شیرك و كوفرێكی گەورە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَآ إِلَّا هُوَ ۚ وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۚ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ﴾ الأنعام: ٥٩.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلْغَيْبَ إِلَّا ٱللَّهُ ۚ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ﴾ النمل: ٦٥

خۆسوێندیش نابێ بخورێ بە هیچ دروست كراوێك بەڵكو دەبێ بخورێ بە خوای بەدیهێنەریان، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: ((من كان حالفاً فليحف بالله، أو ليصمت)) هەروەها فەرمودەی تریش هاتوون، كە قەدەغەدەی سوێند خواردن دەكات بەباو باپیران.

بەڕاستی شاعیرەكانی دەوڵەتی عوبەیدی مەدحی خەلیفەكانی خۆیان دەكرد، هەتا گەیشتە سنوری كوفری ئاشكرا، دواتر لە نێوان خەڵكی بڵاویان دەكردەوە، ئەمەش، كە دەردەكەوێ لە شیعری إبن هانئ الأندلسي، كە یەكێك بوو لە شاعیرەكانیان و لە یەكێك لە شیعرەكانی لە بارەی مەدح كردنی مەهدی دا وتویەتی:

حل برقادة المسيح	خل بها آدم ونوح
حل بها الله ذوالمعالي	فكل شيئ سواه رايح[1]

هەروەها شاعیرەكانیان مەهدیە بە مەككەی پیرۆزو دەچوێنن كەعبەش لەمەهدیە كورت هەڵدێنن:

هي المهدية الحرم الموتى	كما بتهامة البلد الحرام
وأن لثم الحجيج الركن أضحى	لنا بعراص قصركم التثام[2]

١ـ مدرسة الحديث في القيروان ب١ لا ٧٢

٢ـ البيان المغريب ب١ لا ١٨٤.

٣ـ جەنگی دەورنیان لەگەڵ ئەهلی سوننەدا دەکرد بە هۆی هەڵواسینی سەری بەران و گوێ درێژ لەسەر دەرگای خواردنگەکانو، ناوی هاوەڵە بەرێزەکانیان لەسەر دەنوسی و بە ئاشکرا جنێوو تانەو تەشەریان لە هاوەڵان دەداو خەڵکیشیان وا تێدەگەیاند، کە هاوەڵان پاش **پێغەمبەر** لە ئاین هەڵگەڕاینەوەو بۆ ئەم نیازە گڵاوەشیان چەند بانگخوازێکیان تایبەت کردبو بۆ ئەوەی لە بازار و شوێنە گشتیەکان هاوار بکەن.

هەر یەکێك ناوی هاوەڵانی بە باشە ببردایە، یان لەسەر عەلی بە گەورەتری بگراتەیە دەکوژرا، یان بەند دەکرا.[1]

٤ ـ **عوبەیدەیەکان** کاریان کرد بۆ نەهێشتنی شوێنەواری هەندێك لە خەلیفە سوننیەکانی پێشە خۆیان، بۆیە عبیداللە فەرمانێکی دەرکرد بە لابردنی ئەو کاربەدەستانەی، کە مزگەوت و قەڵاکانیان دروست کردبوو وای کرد، کە ناوی خۆی لە جێگای ئەوان دابنێو هەروەها ئەو ڕافزیە نگریسە دەستی گرت بەسەر ماڵ و چەکی قەڵایەکانو، ئەو خواپەرست و پاسەوانانەشی دەرکرد[2]، کە لە کۆشکی زیاد الأغلبي بوونو هەڵسا کردی بە عەمباری چەك.

٥ـ **عوبەیدیەکان** بە هیچ شێوەیەك نەیان دەهێشت خەڵك کۆبێتەوە لە ترسی شۆڕش کردن و دەرچوون لە فەرمانیان، بۆیە لە سەرەتای دەست پێکردنی شەو زووڕنایەکیان لێدەدا، ئەوەی لە دوای ئەوە ببینرایە لە ملیان دەدا، هەروەها ئەوان خەڵکیان پەرتەوازە دەکرد، کاتێك کۆدەبوونەوە بۆ مردنی یەکێك لە زاناکان.[3]

ئەو کارە تا ئێستاش نەپچڕاوەو بەردەوامە لەناو سیستەمە داپڵۆسێنەرانەی، کە ئەوەی حاکم وتاغوت و فیرعەونەکانیان دەیبینن ئەوا هەر ئەوە ڕاستە و حەقە ﴿مَآ أُرِيكُمۡ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهۡدِيكُمۡ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ﴾ غافر: ٢٩

١ـ مدرسة الحديث في القيروان ب١ لا ٧٢

٢ـ پاسەوان: واتە: مرابط

٣ـ بڕوانە: رياض النفوس ب٢ لا ٥٦

٦ــ كتێبــەكانی ئــەهلی ســوننەیان لــەناوبردو، قەدەغــەی خەڵكیشــیان كــرد لــەوەی بیخوێننەوە، هەروەك، كە كتێبەكانی زانای پایە بەرز محمد بن أبي هـاشمی تجبییـان بـرد، كە ئەندازەكەی حەوت ئۆقیە بـوو، هەمووشـی لەنووسـینی خـۆی بـوو، پاشـان بردیانـە لای كاربەدەستەكەی بني عبيد ئەویش بردی و لێنەگەرا خەڵكی بیخوێننەوەو سودی لێوەربگرن ئەمەش وەك رِق وقینێك بەرامبەر ئیسلام و ئەهلی سوننە.[1]

٧ــ رێیان لەشەرع زانەكان گرت فەتوا بەمەزهەبی پێشەوا مالیـك بـدەن، ئـەو كارەشـیان وەك تاوان لە قەڵـەم داو ئـەوەی وای بكردایـە لێـی دەدرا، یـان بەنـد دەكـرا جـاریش وابـوو دەكوژرا، لە پاش ئەوە خەڵكیان دەتۆقاند لەلایەنی دەروونی بەوەی لاشەی كوژراوەكـەیان دەگێرا لە بازارِەكانی قـەیرەوان و بـانگ دەكـرا، ئـەوە سـزای ئـەو كەسـەیە، كـە فـەتوا بـە مەزهـەبی مالیـك دەداو لـێش نەدەگـەرِان فـەتوا بـدرێ تـەنیا بەمەزهـەبی خۆیـان نەبوایـە، هەروەك، كە وایان كرد لەگەڵ شەرع زانی پایەبەرز ابوعبدالله محمد بـن العبـاس بـن الولیـد، كە لە ساڵی (٣٢٩) كۆچی وەفاتی كرد.[2]

٨ــ زانایانی ئەهلی سوننەیان قەدەغەكرد لەمزگەوتەكان وانە بڵێنەوەو كۆببنـەوە لەگـەڵ قوتابیەكان، هەتا وای لێهات لە ترسی عوبەیدیەكان كتێبی ئەهلی سـوننە تـەنها لـە مـاڵان دەخوێنرایەوە، هەردوو قوتابی ابو بكر بن اللباد و ابو محمد بن التبان و جگە لـەم دوانـەش دەهاتنە لای ابو محمد بن التبان، كە گەورە زانایانی ئەهلی سوننە بـوون لـە قـەیرەوان، بـە نهێنی دەهاتنە لایـانو كتێبەكانیشـیان لـە نێـوان خۆیـان دەشـاردەوە هـەتا ئارەقـە تـەرِی دەكرد ئەمەش لە ترسی عوبەیدیەكان.[3]

ئەو شێوازە تاكو ئێستاش هەندێك دەوڵەتی داپڵۆسـێنەر لـە جیهـانی ئیسـلامی لـە سـەر گەلەكەی مومارەسـەی دەكـان، هەنـدێكیان بەگشـتی قەدەغـەی كـردوە، هەنـدێكیش رێگـا بەهەندێكی دەدات، كە دژی بەرژەوەندی وڵات نیە.

١ــ بروانە: رياض النفوس ب٢ لا٤٢٣.

٢ــ هەمان سەرچاوە ب٢ لا ٥٦.

٣ــ مدرسة الحديث في القيروان ب١ لا ٧٦

٩ــ زۆریان لەخەڵکی دەکرد بۆ ئەوەی بەپیل بانگەوازەکەیان بێنو، ئەوەی وەڵامی دابانەوە وازیـان لێـدە هێنـا، بـەڵکو جـاری وا هـەبوو هەنـدێك مەناصـیبیان دەدا دەسـتو، ئـەوەی ڕەتیشی بکردبایەوە لە ناویان دەبرد، وەك ئەوەی وایان کرد لە کاتی سازدانی یەکەم وتار، کە عبیداللە لە ڕۆژی جومعە لە قەیرەوان خوێندیەوەو، ئینجـا لـە پاشـان لـەنێوان دەوڵـەتی عوبەیدیو خەڵکی قەیرەوان شەڕێکی خوێناوی ڕوویـدا، عبیـداللە الشـیعی فـەرمانی کـرد واز لەخەڵکی ڕەشو ڕووت بهێنن و کۆڕێکی موناقەشەی هەر بەناوە سازدا، کە لەمـەدا زانایـانی ئـەهلی سـوننە تووشـی تـاقی کردنەوەیـەی دژوارو دەردو بەڵایـەکی سـەخت هـاتنو، بـە هـەزارانیان لـێ کـوژرا، چـونکە دەسـتیان گرتبـوو بەئیسـلام و تـامردن بـەرگریان لەئـەهلی سوننەو جەماعە دەکرد ، قابیسی وتویەتی:لەسەردەمی عبیداللە هەتاوەکو ئەو کەسانەی لە دار البحر مردن ، کە بەندیخانەی عوبەیدیەکان بوو، ژمارەیـان چـوار هـەزار کـەس بـوو، کـە هەموویان لە ژێر ئەشکەنجەو ئازار گیانیان لە دەستدا، کە لـە نێویانـدا زانـاو خواپەرسـت و پیاوی چاك هەبوون،[1] بێجگە لـەو کەسـانەی لـە دەرێی بەندیخانـە دەکـوژران و پاشـان بـە شێوەیەکی ناشیرین لە بازاڕەکانی قەیرەوان تەرمەکانیان دەسوڕاندنەوە، ئەم دەردو بەڵایە زۆر کاری کردە سەر ژیانی عیلمی، بۆیە هەندێك زانا خۆیان لەم فیتنەیە بە دوور گرت، وەك ابو محمد الورداني، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش ئـەو میحنـەت و چـەرمە سـەریە زیـاتر ئـارامی و خۆڕاگری و عەزیمەتی بە ئەهلی باکوری ئەفریقیا بەخشی و زیاتر دەستیان بـە بنچـینەکانی ئەهلی سوننەت و جەماعەتەوە گرت.[2]

١٠ــ شـەریعەتیان لـەکار خسـتو، فەرزەکانیشـیان نەهێشـتو، ئـەوەی شـوێن کەوتـەی بانگەوازەکەی ئەوان بوایە لە شوێنێکیان دەکـردن، کـە نـاوی دامـوس بـوو، ئینجـا عبیـداللە دەچـووە لایـان و فەرووەیـەکی بەرەواژیشـی لـە بـەردەکردو، بـە چـوار پێیـانیش بـۆ لایـان دەڕۆیی ، پاشان دەیوت: بەح پاشان دەیهێنانە دەرێو ڕاڤەی ئەو کردەوانەی بۆ دەکردن و دەیوت: سەبارەت بەهاتنم بە چوار پێیان بۆ لاتـان بـۆ ئـەوەبوو، کـە پێتـان ڕابگـەینم، کـە ئێوە وەك ئـاژەڵ وانـە نەدەسـت نوێـژ و نوێـژ و زەکـات و هـیچ فـەرزێکتان لـە سـەر نیـە و

١ــ ریاض المفوس ب١ ٥٧٤.

٢ــ ریاض المفوس ب١ ٥٠٤.

هەمووتان لەسەر لادراوە، سەبارەت بە لەبەرکردنی فەروەکە بە بەرەواژی بۆ ئەوەم بوو بزانن، کە ئێوە ئاینتان گۆڕیوە، سەبارەت بە وتنم بۆ وشەی بەح بۆ ئەوەم بوو، کە بزانن هەموو شتێك لە زیناو ئارەق خواردەنەوەو.. هتد.. بۆ ئێوە حەلاڵە.[1]

لێرە زۆرم پێخۆشە هۆنراوەی شاعیری ئەهلی سوننەو جەماعە لەباکوری ئەفریقا (قاسم الفزاري) بێنمەوە، کە زەمی بنی عبید دەکات و دەلێت:

عبدوا ملوكهم وظنوا أنهم	نالوا لهم سبب النجاة عموماً
وتمكن الشيطان من خطواتهم	فأراهم عوج الضلال قويماً
رغبو عن الصديق والفاروق	في أحكامهم لا يسلموا تسليماً
وإستبدلوا بهما إبن أسود نابحاً	وأباً قدرة واللعين تميماً
تبعوا كلاب جنهم وتأخروا	عمن أصارهم الإله نجوماً
ياليت شعري من هم إن جهلوا	ديناً، ومنهم إن عدتت صميماً
أمن اليهود؟أم من النصارى أم هم؟	دهرية جعلوا الحديث قديماً
أم هم من الصابين أم من	عبدوا النجوم وأكثروا التنجيماً
أم هم زنادقة معطلة رأوا	أن لا عذاب غداً و لاتنعيما؟
أم عصبة ثنوية قد عظموا	النورين عن ظلماتهم تعظيماً؟
من كل مذهب فرقة معلومة	أخذوا بفرع واعواه أروما

شاعیری بەناوبانگ قاسم العزاوی لە هۆنراوە رائیەکەی، کە دواتر دەیهێنینەوە زەمی بني عبید دەکات و هەروەها باس لەوە دەکات، کە چۆن خودای گەورە قوتاری کرد لە دەستیان.

١١ ـ لە بانگدا حی علی خیر العمل یان زیاد کردو لە بانگی نوێژی بەیانیش الصلاة خیر من النوم یان لاداو، خەڵکیشیان قەدەغەکرد لە نوێژی تەراویحی ڕەمەزان، چونکە بني عبید بەقەد هیچ شتێك ڕقیان نابێتەوە ئەوەندەی ڕقیان لەم نوێژە دەبێتەوەو پێی قەڵسن، هەروەها قەدەغەی خەڵکیان کرد لەوەی نوێژی چێشتەنگاو بکەن ، لە بەر فیتنەی

١ـ هەمان سەرچاوە ب٢ ٤٥٤ـ ٤٩٥

خەڵکیش نوێژی نیوەڕۆیان پێش خست، لە وتاری هەینیش بە ئاشکرا جنێویان بە هـاوەڵان دەداو کوفری ئاشکراشیان دەگوت بۆیە خەڵکی وازیان لەم جۆرە وتارانـە هێنـاو بـۆ نوێـژی هەینی نەچوونە مزگەوت ، لەسـەردەمی ئـەوان مزگەوتـەکان کـەس نوێـژی تیـادا نـەدەکرد، هەندێك لە پێش نوێژەکانیان ڕوویان لە ڕەقادە دەکرد، کـاتێکیش عبیـدالله چـوو بۆمەهدیـە ڕوویان لەوێ کرد،[1] زۆرجار زۆریـان لـە خـەڵکی دەکـرد پـێش ئـەوەی مـانگی یـەك شـەوەی شەوال[2] ببینن بیکەنە چەژن ، بەڵکو زانای پایە بەرز محمد بن الحبلـي کـە قـازی و فـەقیهی بەرقە بوو کوشتیان، کە فەتوای دا چەژن نایەت هەتا مانگی یەك شەوەی شوال نەبینرێ.

پێشەوا ذهبي لە بارەی ژیانی ئەو زانایە وتویەتی: ئیمامی شەهیدو قازی بەرقە جارێکیان ئەمیری بەرقە هاتە لای و پێی وت: بەیانی چەژنە، ئەویش وتی: نەخێر هەتا مانگ نـەبینرێ چەژن نیە و خەڵك دەبێ هەر بەڕۆژوو بن، چونکە من گوناهی کەس ناخەمە ئەستۆی خـۆم، وتی: ئاخەر نوسـراوی مەنصـور لـەم بارەیـەوە هـاتووە، چـونکە بـە بـیروڕای عوبەیدیـەکان دیتنی مانگ مەرج نەبوو بۆ هاتنی چەژن، بەڵکو بەحیسابی فەلەکی ئیشـیان دەکـردو، هـەر بەوحیسابەش دەیان کردە جەژن، ئەو ئەمیرە هەڵسا بەدۆڵ لێدان وەك خۆ ئامـادە کردنێـك بۆ جەژن، بەڵام قازی وتـی: نەدەچمە دەرەوەو نـە نوێـژیش بـۆ کـەس دەکـەم، ئـەمیریش فەرمانی بە یەکێك کرد وتار بخوێنێتەوەو ئەونوسراوەشی خوێنـدەوە، کـە لـە مەنصـورەوە هاتبوو لە دوای قازیشی نارد بێت ،کە هات فەرمانی کرد لـە بـەر هـەتاودا هەڵیبواسـن هـەتا وەکو دەمرێ، قازی لە تینوەتیان هاواری دەکرد ئاوم بۆ بێنن، بەڵام بۆیان نەهێناو، پاشان لە سەردارێك لە خاچیاندا. نەفرەت لەستەم کاران بێت.[3]

١٢ــ لـە تاوانـەکانی عبیـدالله ئـەوەبوو، کـەجارێك ئەسـپەکەی هاتـە نـاو مزگـەوت جـا بەخاوەنەکەیان وت: چۆن ئەسپ دێننە ناو مزگەوت؟ وتیان: ئەوە ئەسـپی عبیـدالله المهـدي یە، میزو تەرسی خاوێنە، خاوەنی مزگەوت ئینکاری ئەو کارەی کرد، ئـەوانیش بردیانـە لای عبیدالله و دەم و دەست فەرمانی کرد بیکوژن.

١ــ بڕوانە: مدرسة القيروان ب١ لا ٧٣

٢ــ هەمان سەرچاوە.

٣ــ سيرأعلام النبلاء ب١٥ ٣٧٤

إبن عذاري وتويەتی: خودای گەورەعبيداللە ی لە دوا تەمەنی تاقی کردەوە بەنەخۆشیەکی زۆر قێزەون، کرمێك لە کۆمی دەهاتە دەرێ و هەناوی دەخوارد بەم جۆرە هەتا لە ناوچوو.[1]

بەڕاستی نەوەی موسڵمانان ئەوانەی مێژووی عوبەیدیەکان دەخوێننەوە تەنها مێژووی سیاسی ئەو دەوڵەتە دەزانن ،کە فلان ڕۆییو فلان جێی گرتەوە،هەروەها بەوەی دەوڵەتێکە عیلمو زانستی خۆش ویستوە هەر ئەوانەی باسی سیرەی زانایانیان کردوە باسی زەبرو زەنگی ئەو ستەم کارانەیان کردوە،کە دەرهەق بە زانایانی ئەهلی سوننەیان کردوە بەڵکو ئەو قوتابیانەی مێژووی ئیسلامی دەخوێنن باس لە معد بن إسماعيل دەکەن ، کە ناسراوە بە موعیز ، کە پاڵەوانێك بووە لە پاڵەوانەکانی مێژوو.[2]

ئەمەش هەمووی لە ئەنجامی نەبوونی تەفسیری بیرو باوەڕی ئیسلامیە بۆ مێژووەکەمان، بەڵکو ئەو مێژوونوسانەی مێژوویان بۆ ئێمە نوسیوەتەوە بە قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵات ناسی(مدارس الإستشراق)یان هزری شیعە کاریگەر بوونەو، یان ڕەشوەیان وەرگرتووە بۆ داپۆشینی ئەو ڕاستیانەی، کە هەردەبێ بۆ نەوەکانی داهاتوو ڕوون بکرێتەوە بۆ ئەوەی بزانێ دوژمنو دۆستی کێیە، هەروا بۆ ئەوەی بزانێ، کە هزرەکان نامرن، بەڵکو شێوەو ڕوخساریان دەگۆڕێت، هەروا ئەو نەفرەتیانەی، کە دوژمنی ئیسلامن بەردەوام بە نهێنی و بەئاشکراو بەشەو بەڕۆژ کاردەکەن بۆ لە ناوبردنی عەقیدەی پاك و خاوێنو درەوشاوەی ئەهلی سوننە، کە عەقیدەی خۆشەویستمان محمدﷺ و هاوەڵە بەڕێزو پاك و نەبەردەکانی پێغەمبەرە، خودای گەورە لەهەموویان ڕازی بێت.

تەوەرەی هەشتەم: هەڵوێستی زانایانی ئەهلی سوننە و شێوازەکانی بەرگری کردن

بەڕاستی زانایانی ئەهلی سوننە دژی شەپۆلی عوبەیدیە ڕافزیەکان بەهەموو شێوازێك ڕاوەستان و بەرگریان کرد بگرە بەعیلم و بانگەواز و هەڵگرتنی چەك دژی ئەو مل هوڕە ستەم کارانە، شێوازی بەرگری کردنیشیان لە چەند تەوەرەیەك پێك هاتبوو لەوانە:

١ــ خۆڕاگری زانایان و شەرع زانەکان دژی کرداری عوبەیدیەکان و بەرگری کردنیان

١ــ أيعيد التأريخ نفسة؟ محمد العبدة ل٣٩

٢ــ أيعيد التأريخ نفسة؟ محمد العبدة ل٤٠

لەسەر ئەشکەنجەو ئازارو بەندیخانەو کوشتن ، کە ئەمە یارمەتی دەربوو بۆ خۆڕاگری و نەشڵەژانی خەڵکە موسڵمانەکە لە سەر عەقیدەی ئەهلی سوننە، عوبەیدیەکان شێوازی جۆراو جۆریان بەکارهێنا بۆ چۆڵ کردنی گۆڕەپان لە زانایان، ئەمەش بۆ ئەوەی ورەو غیرەتی خەڵك دابەزێنن.

٢ــ زانایان پەیوەندی خۆیان لەگەڵ دام و دەزگاکانی دەوڵەتی عوبەیدی بچڕاندو کاروباریان نەدەبردە لای قازیەکان و نوێژیان لە دوای ئیمامەکانیان نەدەکردو نە لەخۆشی و نە لەناخۆشی سەرەخۆشیان لێنەدەکردن‌و ژن‌و ژن خوازیشیان لەگەڵ نەدەکردن.[1]

لەو کارە پیرۆزەدا یەکەم جار زاناو فەقیهی پایەبەرز ابو یوسف بن محمود جلبة بن عبدالرحمن دەست پێشخەر بوو، کە لە یەکەم وتاری عوبەیدیەکان لە مزگەوتی قەیرەوان پەیوەندی لەگەڵیان پچڕاند ، کە ئەوەی نەدەبوو گوێی لێبێ گوێی لێبو، بۆیە هەڵسا عەمامەکەی لە سەرکردەوە هەتا خەڵك هەمویان بینیان‌و بۆ بەر دەرگایی مزگەوت ڕۆی و خەڵکیش سەیریان دەکرد هەتا لە دەرگا هاتە دەرێ و ئینجا وتی: پچاڕاندیان خوا بیان پچڕێنێ، هەر لەو کاتەوە زانایان بەشداریان نەکرد لە وتارەکانیان و یەکەمین کەسیش بوو، کە خەڵکی لەوبارەیەوە ئاگادارکردەوە.[2]

٣– زانایانی ئەهلی سوننە خەڵکی باکوری ئەفریقیان جۆش کرد بە چەند فەتوایەك، کە کوفری دەوڵەتی عوبەیدی ڕوون و ئاشکرا دەکردو وتیان، کە ئەوانە ئەهلی قیبلە نین‌و، ئەوکەسانەشیان بەکافر لە قەڵەمدا، کە بەڕەزامەندی خۆیان چونە ناو مەزهەبەکەیان، ئەو فەتوایانەش بە جۆرێك بڵاو بوونەوە، کە خاص وعام زانی و لە هەمان کاتدا بوو بە بەربەستێکی بە هێزو بتەو لە نێوان خەڵکی سادەو نێوان وەرگرتنی بانگەوازی ڕافیزەکان.[3]

لەو سەردەمە دژوارەی ئەو کات یەکێك لە دیارترین ئەو زانایانەی، کە ئوممەتیان پاراست بەمەنهەجی ئەهلی سوننەو جەماعە لە باکوری ئەفریقا شێخ ابو إسحاق السبائی بوو ، کە ڕای وابوو خەواریجەکان ئەهلی قیبلەن بۆیە لە گەلیان وەستا دژی عوبەیدیە بەکافرەکان.

١ــ مدرسة أهل الحديث في القيروان ب١ لا٧٨.

٢ــ رياض النفوس للمالكي ب٢ لا ٤٧

٣ــ هەمان سەرچاوە ب٢ لا٣٤٠

فەقیهی بەناوبانگ شێخ ابو بکر عبدالرحمن الخولاني وتویەتی: ابو إسحاق السبائي و شێخەکانی تری ئەفریقیە دەرچوون بۆ شەڕ لەگەڵ دارو دەستەی دوژمنی خوا، کە گەورەی سوپاکە ناوی ابو یزید بوو، ابو إسحاق بەدەست ئامـاژەی بـۆ سـوپاکەی ابـو یزید دەکـردو دەیوت: ئەوانە ئەهلی قیبلەن و ئەوانی تریش ئـەهلی قیبلـە نـین ــ کـە مەبەسـتی سـوپای عوبەیدیەکان بوو- پێویستە لەگەڵ سوپاکەی شەڕ بکەین دژی ئەوانەی ئـەهلی قیبلـە نـین، ئەگەر بەسەریان دا زاڵ بوین، ئـەوا ناچینە ژێر دەسـەڵاتی ابـو یزیـد، چونکە خەواریجە. خوای گەورە هەر لە نێوانەخۆمان ئیمامێکی دادگەر هەڵدەبژێرێ و بەسەری دا زاڵ دەکاو لە کۆڵ ئێمەی دەکاتەوە.

لەو فەقیهو زانا خواناسانەی لەگەڵی دەرچوون: ابو العرب بن تمیم وابو عبدالملك و مـروان بن نصروان و ابو إسحاق السبائي و ابوالفضل المسمی و ابو سلیمان ربیع القطان بوون [1] لەوانە ربیع القطان یەکەمین کەسیان بوو بانگەشـەی بۆ جیهـاد کـرد دژی عوبەیدیـەکان و هەڵسا بە هاندانی خەڵك لەسەر جیهاد کردن.

کە کاتی نوێژی هەینی داهات أحمد بن محمد بن ابو الولید چووە سەر مینبـەرو وتـارێکی زۆر بەهێزو کاریگەری خوێندەوەو خـەڵکی هانـدا لـە سـەر جیهـادو باسـی پاداشـتەکەی بـۆ کردن و ئەو ئایەتەشی خوێندەوە: ﴿لَّا يَسْتَوِي ٱلْقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُو۟لِى ٱلضَّرَرِ﴾ النساء ٩٥ پاشان فەرمووی: خەڵکینە جیهاد دژی ئەوە بکەن، کە کوفری بە خوا کردو خۆی بـە خـوا داناو هەڵسا بە گـۆڕینی ئـەحکامی خـواو، جنێـوی بـە پێغەمبـەرو هاوسـەرەکانی و هاوەڵـە بەڕێزەکانی دا.

خەڵکی بەگریانێکی زۆر بە کول گریان، پاشان لە درێژەی وتارەکـەی وتـی: خودایـە ئـەو کـافرەی ناسـراوە بــە عبیــدالله ئــەوا بانگەشــەی خوایــەتی دەکــاو، نێعمەتــەکانت ڕەت دەکاتەوەو، تۆ بەخوا نازانێت و، تانەو تەشەر لە پێغەمبەرەکانت دەداو، محمدی پەیامبەرو چـاکترین دروسـت کـراوت بـە درۆدەخاتـەوەو خـوێنی ئوممەتەکـەت دەڕێـژێ و حورمـەتی میللەتی پێغەمبەرەکەت لەکـەدار دەکـا، کـە لەمـەدا درۆ لەبارەتـەوە دەکـات و بـە نـەرم و

١ـ رياض النفوس للمالكي ب٢ لا ٣٤٣

نیانیت هەڵخەڵەتاوە، خودایە بەر نەفرەتی خۆتی بێخەو تاماوە سەرشۆڕ و زەلیلی بکەو لەبەیانی تا ئێوارە بیخەرە بەر غەزەبی خۆتو، بیخەرە ناو دۆزەخ و واش بکەی لە دونیاش ببێتە پەندو خەڵکی سەرگوزشتەکەی بگێڕنەوە، خودایە دارو دەستەکەی لەناو ببەی و کۆمەڵەکەی پەرتەوازە بکەی و سوپاکەی بشکێنی و، وا بکەی باوەڕداران کەیف خۆش بن، ئینجا لە سەر میبەرەکەی هاتە خوارو دوو رکعات نوێژی هەینی کردو پاشان سەلامی دایەوەو ئینجا وتی: بەیانی، کە دەکا ڕۆژی شەمە إن شاءالله دەردەچین.[1]

بۆبەیانی ربیع القطان سواری ئەسپەکەی بوو، کە هەموو ئامێری جەنگی لەسەر پشت بوو، لە گەردەنیشی قورئانێك هەڵواسرابوو، لە دەوروبەریشی کۆمەڵێك لە خەڵکی قەیرەوان، کە لەئامادە باشی دابوون بۆ جیهاد کردن دژی دوژمنی خوداو هەموشیان ئامێری جەنگیان هێنابوو، قطان زۆر کەیف خۆش بوو سەیرێکی کردنو وتی: سوپاس بۆ خوا، کە ژیاندمی هەتا گەیشتم بە کۆمەڵێکی باوەڕدار، کە کۆبوینەوە بۆ جیهادکردن لەگەڵ دوژمنانتو هەڵساینە بۆ بەهێزکردنی ئاینەکەت، خودایە ئەوە بەچ هۆکارێك گەیشتە ئەمڕۆ؟ پاشان دەستی کرد بەگریان هەتا فرمێسك بەسەر ڕیشی هاتە خوارێ، پاشان پێی وتن: ئەگەر **پێغەمبەری** خوا ئێوەی بینیبا زۆر دڵ خۆش دەبوو، لە شوێنێکی تریش، کە پاش ئەوەی خەڵك بێدەنگ بوو وتی: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَـٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلْكُفَّارِ وَلْيَجِدُواْ فِيكُمْ غِلْظَةً وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ﴾ التوبة: ١٢٣، پاشان وتی: ﴿أَلَا تُقَـٰتِلُونَ قَوْمًا نَّكَثُوٓاْ أَيْمَـٰنَهُمْ وَهَمُّواْ بِإِخْرَاجِ ٱلرَّسُولِ وَهُم بَدَءُوكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ أَتَخْشَوْنَهُمْ فَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَوْهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (١٣) قَـٰتِلُوهُمْ يُعَذِّبْهُمُ ٱللَّهُ بِأَيْدِيكُمْ وَيُخْزِهِمْ وَيَنصُرْكُمْ عَلَيْهِمْ وَيَشْفِ صُدُورَ قَوْمٍ مُّؤْمِنِينَ (١٤) وَيُذْهِبْ غَيْظَ قُلُوبِهِمْ وَيَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (١٥)﴾ التوبة: ١٣ـ ١٥

پاشان بەدەست ئاماژەیەکی کردو وتی: ﴿أذكروا الله يذكركم﴾ ئینجا خەڵکەکە هەموو بە یەك دەنگ وتیان: الله أكبر جا ڕۆیی هەتا گەیشتە مزگەوت و لەوێ چووە ناو جەنگ لەگەڵ

١ـ رياض النفوس للمالكي ب٢ لا ٣٤٣ ـ ٣٤٤.

دوژمنانی خوا هەتا لە ساڵی (٣٣٤) کۆچی بەخۆی و چەند بەرێزێکی تر لە پیاو چاکان شەهید بوو.

٤ـ زانایان پەیوەندی خۆیان پچڕاند لەگەڵ ئەو فەقیهانەی لە عوبەیدیەکان دەچوونە پێش، ئەگەر چی با نەچووبانە ناو بانگەوازەکەشیان، بۆیە زنایان فەتوایاندا کەس کتێبەکانی ابوالقاسم البراذعي[1] نەخوێنێتەوە وفرێشی بدەن.

٥ ــ زایان و فەقیهەکان دەرگای ماڵەکانی خۆیان والآ کرد بۆ خەڵکی بۆ پووچەڵ کردنەوەی بیروباوەڕی عوبەیدیە باطینیەکان ، لەوانە ابو إسحاق السَّبَائی دەرگایی ماڵی خۆی والآ کردبوو زەمی عوبەیدیەکانی دەکردو خەڵکی ئاگادار دەکردەوە لە شەڕیان‌و زۆریش باسی گەورەیی هاوەڵە بەرێزەکانی دەکردو مەدحی دەکردن، ماڵەکەشی لەبەر زۆری قوتابیان وەك مزگەوتی لێهاتبوو ، هەروەها کاتێك عوبەیدیەکان مزگەوتیان قەدەغەکرد لە هەردوو زانا أحمد بن نصر الهواری و أحمد بن یزید الدباغ ئەوا ماڵەکانی خۆیان کردە مزگەوت‌و، بە نهێنی بیروباوەڕو بنچینەی ئەهلی سوننەیان دەچاند لە دڵی خەڵکی باکوری ئەفریقیا.[2]

هەرچەندە تاغوت وستەمکارو مل هوڕەکان ڕێگەیان گرت‌و تەسکیان کردەوە، ئەوا هەر دەبێ بانگخوازو فەقیهو زانایە خواناسەکان ڕێگەیەك بدۆزنەوە بۆ فێرکردنی خەڵك و ڕێ نیشاندانیان.

٦ـ زانایانی ئەهلی سوننە زۆر خۆیان ماندوو کرد لەچاندنی مەنهەجی ئەهلی سوننە لە نەوەی کەتامیەکان و صەنهاجیەکان‌و ئەو بەربەریانەی کە یارمەتی دەری عوبەیدیەکان بوون، ئەمەش، کە زانایی پایە بەرز ابو إسحاق السَّبَائی و هی تریش پێی هەڵسان‌و دەستیان کرد بە فێرکردنی مناڵە بچوکەکان و باسی هەڵمەتی بانگەوازی عوبەیدیەکانیان بۆ دەکردن و ناشیرنیان دەکردن لە لایان، بێ ئەوەی پاداشت لە یەکێکیان وەربگرن ئەمەش بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی بێنەوە لایان.[3]

١ـ مدرسة أهل الحدیث في القیروان ب١ لا٧٨.

٢ـ هەمان سەرچاوە ب٢ لا ٧٩.

٣ـ مدرسة أهل الحدیث في القیروان ب١ لا٨٠.

لەمەوە دەردەکەوێ، کە گرنگی دان بە نەوەی سیاسەتمەدارو بیرمەندە عەلمانیەکان و وەزیرو بەرپرسەکانی دەوڵەت لە هەموو شوێنێك پێویستیەکی شەرعی و حەرەکیە بۆ دامەزراندنی شەرعی خواو جێگیرکردنی، بەڵام دوژمنایەتیو رێگرتن بە هەر جۆرێك بۆ گەیشتنە ناو هێلانەی عەلمانیەکان و گەڕاندنەوەی منداڵەکانیان لە ژێر هێزی شەیتانەکان ئەوە کارێکە ناوەشێتەوە لەو کەسانەی،کەئەهلی سوننەنەو بانگەشەی بۆی دەکەن.[١]

٧ـ لەو هۆکارانەی، کە زانایانی ئەهلی سوننە بەرگریان لە عەقیدەی سەلەف دەکرد هۆکاری وتووێژو گفتوگۆ دەم کوتکردنی بەرامبەر بوو لە بەردەم خەڵکی، لەو گفتوگۆیانەی، کە کتێبەکانی مێژوو بۆ ئێمەیان تۆمارکردوە گفتوگۆی زاناو فەقیهی بەناوبانگ ابوبکر القموديیه، کە لە گفتوگۆیەك لەگەڵ ابو العباسدا لێی بردەوەو دەم کوتی کرد.

هەروەها إبراهيم بن محمد الضبي پیاوێکی چاك و فەقیهێکی بلیمەت بوو، کە عوبەیدیەکان ستەمیان لێکردو بە ناهەق کوشتیان.

زانایەکی تریش لەم بوارە بە دیارکەوت، کە ناوی (ابو محمد بن عبدالله بن التبان)بوو، بەڵام زانای پایە بەرز ابو عثمان سعيد بن محمد الحداد لە هەموویان لەم بوارە بە تواناتر بوو، ئەو بەرگری و سەرخستنانەی ئەنجامی دەدا بۆ ئیسلامو ئەهلی سوننە ئەوا زۆر جێگای رێزو سوپاسە.

بەناوبانگترین گفت و گۆیەکانی پێشەوا ابو عثمان سعيد بن الحداد

عبيدالله رۆژێك لە دوای ابو عثمان سعيد بن الحدادی ناردو باسی فەرموودەی غەدیر خەمی کرد، کە فەرمودەیەکی صەحیحەو دەفەرموێ: (من كنت مولاه فعلي مولاه) واتە:

١ـ گشتاندنی ئەو بنەمایە بە شێوەیەکی رەها لەگەڵیدا نیمە، چونکە زۆرێك لە زانایان و پیاوچاکان لە ئەهلی سوننەت و جەماعەت شۆڕشیان کردوە لەسەر کار بەدەستە زاڵم و گومڕایەکان، چ جای کار بەدەستە عەلمانیو ئیشتراکیەکانی ئەمڕۆ، کە لە ئیسلام دەرچوینەو، هەموو ئاینە ئاسمانیەکان ڕەت دەکەنەوە، بەڵێ یەکەم جار دەبێ دەست پێ کرێ بەرێگای نەرم و نیان و لە سەرخۆ بۆ سەندنەوەی هەمو ئەو کەل و پەل و ماڵ و سامان و... هتد کەلە لایەن ئەوانەوە زەوت کراوەو هی موسوڵمانانە، شتێکی جەغت کراویشە، کە ئەو هۆکارانە سەردەگرێ و بەرووبومی دەبێ و هەر ئەوەشە دەبێتە رێخۆش کردنێك وسەرەتایەك بۆ جیهاد کردن بە چەك دژی ئەو زاڵم و بێ دینانە. وەرگێر.

ئەگەر من گـەورەی ئێـوەم عـەلیش گـەورەی ئێوەیـە، عبیـدالله خۆیـدا پـاڵ ئـەوانو بـە ابـو عثمانی وت: بۆ چی خەڵك نەبنە بەندەی ئێمە؟ ابو عثمـان پێـی وت: گـەورەمان محمـدﷺ مەبەستی لە وشەی ولایة بەندە کردنی کەس نیە بۆ کەس، بەڵکو مەبەسـتی پێـی ویلایـەتی دینە ، خـوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿ مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ ٱللَّهُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا۟ عِبَادًا لِّى مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِن كُونُوا۟ رَبَّٰنِيِّۦنَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ ٱلْكِتَٰبَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ﴿٧٩﴾ وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُوا۟ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَٱلنَّبِيِّۦنَ أَرْبَابًا ۗ أَيَأْمُرُكُم بِٱلْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿٨٠﴾ ﴾ (آل عمران)

ئەگەر ئەم کارە خوای گەورە نـەی دابێتـە هـیچ **پێغەمبـەرێك** ئـەوا بـۆ غـەیری **پێغەمبـەران** بەپلەی یەکەم ڕەوانیە، عەلیش خۆ پێغەمبەر نەبوو، بەڵکو وەزیری **پێغەمبەر** بوو، عبیـدالله پێی وت: بڕۆ کەس لەتۆ ناباتەوە،هەروەها باس کراوە،کـە ابـو عبیـدالله الشـیعي جارێکیـان پێی وت لە قورئاندا هاتووە، کە **پێغەمبەر**ﷺ کۆتایی **پێغەمبەران** نیە، وتی: لە کامە ئایەت وتی:لەو ئایەتە﴿وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّۦنَ ۗ ﴾ الأحزاب ٤٠

کەواتە بەبەڵگەی ئەو ئایەتە **پێغەمبەر**ﷺ کۆتایی **پێغەمبەران** نیە.

سعید پێی وت: پیتی (و) لەو ئایەتە بۆ (إبتداء)نیە، بەڵکو واوی عەتفە وەکو وتـەی خـوای گـەورە، کـە دەفـەرموێ ﴿هُوَ ٱلْأَوَّلُ وَٱلْءَاخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلْبَاطِنُ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴾ الحدیـد: ٣ کەس هەیە لە غەیری خوا بەو سیفەتانە وەسف بکرێ ؟

ڕۆژێکیش لەلای بوو قسەیەکی کرد جا یەکێك لە هۆزی کەتامە، کە نـاوی ابوموسـی بـوو زۆر لەو قسەیە پەست بوو بۆیە بەرمەکەی بۆی هەڵسایەوە، بەڵام ابو عبیدالله نـەی هێشـت، پاشان ڕووی کردەابو عثمان و پێی وت: یا شێخ تورە مەبە، ئایە دەزانی ئەگەر ئـەو پیـاوە تورەبوو چەند کەس لە بەر تورەبوونی تورە دەبێ؟ دوانزە هەزار کەس.

ابو عثمانیش وتی: بەڵام من خودا لە بەر تورەبوونم تورەدەبێ، کە گـەلی عـادو سـەمودو أصحاب الرس و زۆری تریشی لە ناو بردوە.

شێخ سعید خوای گەورە زۆر نیعمەتی دەرهـەق کردبـوو، کـە دەنگێکـی گـەورەی هـەبوو

خاوەن مەنتیق ورەوان بێژیەکی ڕوون بوو زۆریش لە قەواعیدی عەرەبی شارازا بوو، ئەگەر هەڵەیەکیشی بکردایە هەر زوو دەیوت: أستغفرالله ئەگەر شیعریشی بوتبایە زۆر جوانی دادەڕشت.

ڕۆژێك لە ماڵ دەرچوو بۆ گفت وگۆکردن لەگەڵ ابو عبیدالله الشیعي کە خێزان و منداڵەکانی لەگەڵ بوون و بۆی دەگریان، پێیانی وت: وامەکەن هەرخێر دەبێ ئەوە بەسە،کە من بۆ خوا دەرچوومە و بەرگری لە ئاینەکەی دەکەم، جا کە لەکۆشکی إبراهیم بن أحمد چووە لای ابو عبیدالله کە لە دەوروپشتی حاشیەی خۆی و کۆمەڵێکی تر ، کە بەناو زانا بوون دانیشتبوون جا سەلامی لێیان کردو، پاشان دانیشت، ابو عبیدالله وتیە: إبراهیم بن یونس کە پێشتر هەواڵیان دابوێ، کە ئەو شێخە قازی ئەو شوێنە بووە، پێی وت: بەچ شتێك قەزاوەتت دەکرد؟

إبراهیم پێی وت: بە کیتاب و سوننەت.

ابو عبیدالله وتی: سنة چیە؟

إبراهیم وتی: سوننە یانی سوننە.

ابو عثمان وتی: کە گوێم لێبوو وتی: السنة.... السنة بە ابوعبیدالله م وت: ئەوکۆڕە تایبەتە یان گشتیە؟

گوتی: گشتیە.

ابو عثمان وتی: بنچینەی وشەی سنة لە لای عەرەب بە واتای نموونە هێنانەوە دێت، شاعیریش دەڵێت:

تريك سنة وجه غير مقرفة   ماساء ليس بها خال و لا ندب

سنة لێرە بەمانای نموونە هاتووە واتە نمونەی دەمو چاوێکت نیشان دەدەم ،کە هیچ کەمو کوڕی نیە.

سوننەتیش لە سێ شت کورت هەڵێنراوە:

یەکەم: هەڵسان بە جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانەی خوا، کە بە پێغەمبەری ڕاگەیاندەوە.

دووەم: وازهێنان لەو شتانەی قەدەغەی کردوە.

سێ یەم: شوێن پێ هەڵگرتن لەو شتانەی کردویەتی.

ابو عبيدالله وتی: ئەگەر دوو فەرموودەی **پێغەمبەر** جیاوازی هەبوو لە لات چۆن ئیشیان پێدەکەی؟

پێم وت: سەیریان دەکەم کامەیان ڕاستربوو ئەوە وەردەگرم، پاشان دەگەڕێم لە دوای بەڵگەی هەق لەهەر دوو فەرمووده وەکو ئەوەی دوو شاهێدی ڕاست گۆ لەشاهێدیدانەکدا یەك ڕانەبن، بۆیە هەر دەبێ لە هەردوو شاهێدیدانەکە لەبەڵگی هەق بگەڕێین.

ابو عبيدالله وتی: ئەگەر دوو فەرموودەکە لە ڕاستی وەك یەك بوون.

پێم وت: ئەوا ئەوکاتە یەکێکیان ناسیخە و ئەوی تریان مەنسوخە.

وتی: ئێوە ئەو قسەتان لە کوێ هێناوەو چۆن قیاس دەکەن .

پێم وت:لەکیتابی خوا.

وتی: لە کامە ئایەت؟

وتم: خوای گەورە لە کیتابەکەی دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقْتُلُوا۟ ٱلصَّيْدَ وَأَنتُمْ حُرُمٌ وَمَن قَتَلَهُۥ مِنكُم مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآءٌ مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ يَحْكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ ﴾ المائدة ٩٥

خودی وشەی صەید لەو ئایەتەدا زانراوە، بەڵام ئەو سزایەی دروست دەبێت لە سەر ئەو صەیدە ئەوە دەقی لە سەر نەهاتووە، لەوەوە زانیمان، کە خوای گەورە فەرمانمان پێدەکات، کە بەقیاس و ئیجتهاد ئەو شتە بدۆزنەوە، کەدەقی لەسەر نەهاتووە بۆیە خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێ: ﴿ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ ﴾ المائدة ٩٥

بۆیەش خوای گەورە ئەو کارەی نەگەڕاندۆتەوە بۆ حاکمێك، بەڵکو بۆ دوو کەسی گێڕاوەتەوە بۆ ئەوەی قیاس و ئیجتهاد بکەن.

ابو عبيدالله وتی: ﴿ذَوَا عَدْلٍ﴾بەکێ دەوترێ؟ پاشان سەرێکی باداو وتی: بە دەقی ئەو ئایەتە﴿ذَوَا عَدْلٍ﴾ چەند کەسێکی تایبەتن.

منیش وتم: ﴿ذَوَا عَدْلٍ﴾ ئەو کەسانەن، کە خوای گەورە لە ئایەتی: (مراجعة) باسی لێوە کردوون، کە دەفەرموێ: ﴿وَأَشْهِدُوا۟ ذَوَىْ عَدْلٍ مِّنكُمْ﴾الطلاق:٢ بۆ جێگیرکردنی (قیاس)یش فەرمویەتی: ﴿وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُو۟لِى ٱلْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ

﴿يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ﴾ النساء ٨٣ (إستنباط)يش دياره، كه دەقی لەسەر نەهاتووە.

پاشان ابو عبيدالله ڕووی لەموسی القطان كردو پێی ووت: له كتابی خوا حەددی ئارەقتان له كوێ هێناوە؟

موسی پێی وت: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (من شربها فاضربوه بالأردية[1]، ثُمَّ إن عاد فاضربوه بالأيدي، ثُمَّ إن عاد فاضربوه بالجريد)[2]

ابو عبيدالله به تورەيی وتی: ئەمەچ پەيوەنديەكی بەم مەسەلەيه هەيە؟ من دەڵێم سزای ئارەق كوانێ له كتابی خوا، تۆش دەڵێی: (اضربوه بالأردية و بالأيدي، ثُمَّ بالجريد)؟

ابو عثمان وتی: پێم وت: سزاكەی قياس كراوە له سەر سزای بوختان چی، چونكه ئەگەر ئارەقی خوارد بێهۆش دەبێ، ئەگەريش بێهۆش بوو ئاگای له خۆ نامێنێ، ئەگەريش ئاگای له خۆ نەما بوختان دەكا، بەو پێيه سزای بوختان كەری لێدەردەكرێ.[3]

ابو عبيدالله به موسی القطانی وت: ئەی پێغەمبەر ﷺ نەی فەرموە(أقضاكم علي)؟

ابو موساش تەواوی فەرمودەكەی بۆ باس كرد ،كە پێغەمبەری خوا فەرمويەتی(أعلمكم بحلال الله وحرامه معاذ، وأرفأكم ابو بكر، وأشدكم في دين الله عمر) خوای گەورە له هەمويان ڕازی بێت.

ابو عبيدالله پێی وت: چۆن دەبێ عومەر له هەموويان توندو تۆڵ تربێ بۆ دينی خوا له كاتێك له ڕۆژی حونەين ڕای كرد؟

ابو موسی پێی وت: ئەوەمان نەزانيوەو نەشمان بيستوە.

ابو عثمان وتی: عومەر خۆی دا پاڵ كۆمەڵێك هەروەكو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِلَّا مُتَحَرِّفٗا لِّقِتَالٍ أَوۡ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٖ﴾ الأنفال ١٦.

ئەوەی لەشەڕ ڕای كرد بۆ ئەوەی خۆی بداته پاڵ كۆمەڵێك ئەوا به هەڵاتو له قەڵەم نادرێ.

ابو عبيدالله ڕووی له حاشيەكەی خۆی كرد وتی: گوێتان لێ بوو شێخ چی وت: وتی: بە

١ـ أردية واتة: شورك

٢ـ جريد: پەلكی خورما.

٣ـ بڕوانه: رياض النفوس ب٢ لا ٧٩

فەرمانی خوا کاری کردو خۆی دا پاڵ کۆمەڵێك، پاشان وەڵامی ابو عثمانی دایەوە، کە بە دەستیش ئاماژەی کردو وتی: چ کۆمەڵێك لە کۆمەڵی **پێغەمبەری** خوا گەورەتر نەبووەو لەگەڵ ئەوەی خۆی نەدا پاڵ هیچ کۆمەڵێك، ئەم وەڵامەشی زۆر بە کزی دایەوە، کە ئەوانەی لە نزیکی بوون گوێیان لێبوو.

ابو عثمان پێی وت: **پێغەمبەر**ﷺ فەرمویەتی:(عمر فئة فمن تَحَيَّزَ إلى عمر فقد تَحَيَزَ إلى فئة).

لێرە ابو عبیداللە بێدەنگ بوو[1].

ئەم جارەابو عبیداللە پرسیارێکی لە ابو عثمان کردو وتی: ئایە خوای گەورە بڕیاری نەداوە، هەروەکو دەفەرموێ: ﴿ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ ۚ أَفَإِيْن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ ٱنقَلَبْتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَـٰبِكُمْ ﴾آل عمران ١٤٤.

بەوەی هاوەڵانی محمدﷺ هەڵگەڕایەوە.

ابو عثمان پێی وت: نەخێر، بەڵکو مانای ئایەتەکە ئەوهایە ئەگەر(محمد) مرد، یان کوژرا بەتەمای هەڵگەڕانەوەن لەسەر پاژنەی پێتان، چونکە مانای﴿أَفَإِيْن مَّاتَ﴾ بۆ ئیستفهامە مانای ﴿ٱنقَلَبْتُمْ﴾یش یانی ئایە هەڵدەگەڕێنەوە، ئەرگەر دوو ئیستفهامیش پێکەوە لەیەك مەسەلەدا هاتن ئەوا یەکێکیان لە باتی ئەویتریان کافیەو جێی دەگرێتەوە، ئەو ئیستیفهامەی لەو ئایەتەدا هاتووە ماناکەی بۆ تەقریرە بەوەی ئەگەر محمد مرد لەسەر پاژنەتان هەڵمەگەڕێنەوە.

ابو عبیداللە وتی: ئەوەی وتت هاوشێوەی هەیە لە کیتابی خوا ، بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگەو پشتی بگرێت؟

وتی: بەڵێ، خواگەورە دەفەرموێت: ﴿أَفَإِيْن مِّتَّ فَهُمُ ٱلْخَـٰلِدُونَ ﴾ الأنبياء: ٣٤

واتە: ئەگەر تۆ مردی ئەوانیش دەمرن و نامێننەوە، ئەگەر دوو ئیستیفهام پێك گەیشت ئەوا یەکێکیان بەسە لە باتی ئەویتر باس بکرێ ، مەبەستیش لەو ئیستیفهامە بۆ تەقریرە، واتە:

١ـ بڕوانە: ریاض النفوس ب٢ لا٨٠

ئەگەر تۆمردی نەمایەوە ئەوە ئەوانیش دەمرن و نامێنەوە.[1]

ئا بەم شێوەیە ابو عثمان سعد الحداد بەو گفت و گۆیانە بەرگری دەکرد لە عەقیدەی ئەهلی سوننەو جەماعە.

کە وەفاتی کرد شاعیرەکان شیعریان بەسەردا هۆنیەوەو سەرەخۆشیان لێکرد لەوانە سەهل بن إبراهيم الوراق، کە دەڵێ:

وقالوا قضى نحبه ذاق منية ... فيالك من خطب يحل عدى

وكم مارق عادى سعيداً وسبه ... وضاق به ذرعاً وبداه بالهجر

يود بقلب ذاب هما ذا غصة ... لو أن أبا عثمان في ظلم القبر

وأن أمر منكم تمنى وفاته ... وليس له عذر ففي واسع الغدر

فليت الذي أمسى شجى في حلوقهم ... يمد له حبل الحياة إلى الحشر

أليس لسان المسلمين وسيفهم ... إذا كادهم أهل الضلال والكفر

أليس هلال الأرض بل شمس دجنها ... وبدر دجاها حين أمسيت بلا بدر

يجيب وما ضاعت دقائق فكره ... جواباً في أدق من السحر[2]

ئەوە هەندێك بوو لەو هۆكارو شێوازو گفتوگۆیانەی، کە زانایانی ئەهلی سوننە پێی هەڵسان بۆ بەرگری کردن لە بیروباوەڕی موسڵمانان لە خواوە ڕەحمەت بڕژێ بە سەریانو لێیان ڕازی بێت لەو جیهادو بانگەوازو فیداکارەیەی ئەنجامیان دا.

٨ــ شاعیرانی ئەهلی سوننە بە هۆنراوەکانیان هەڵسان بەهێرشێکی زۆر دژوار دژی عوبەیدیەکان، کە لە شمشێری بڕەڕو تیژ سەخت تر بوو لە لایان، سەرچاوەی سەرەکیش لەم بارەیەوە شاعیری پایەبەرز ابوالقاسم بوو، لە بەناوبانگترین شیعرەکانی هۆنراوە رائیەکەیەتی، کە لە هەموو کون و کەلەبەرێك و شوێنێك بڵاوبوویەوە، کە دەڵێت:

عجبت لفتنة أعمَتَ، وعَمَّتْ ... يقوم بهاد أو كفور

تزلزت المدائن، والبوادي ... لها وتلونت منها الدهور

وضاقت كل أرضض عرض ... ولم تغن المعاقل والقصور

١ــ بڕوانە: رياض النفوس ب٢ لا٨٣

٢ــ رياض النفوس ب٢لا ١١٥

فنجى القيروان وساكنيها إله دافع عنها قديد
أحاط بأهلها علما وخبرا وميزاناً ما أكنته الصدور
وجللهم بعافية وأمن وأسبل فوقها سترستير
وأثبت جلة العلماء فيها بحار لاتعدلابحور
ومنها سادة العلماء قدما إذا عدوا وليس لهم نضير
وفيها قوم عباد خيار فقد طاب الأوائل والأخير
هم سلكوا سبايا الأرض وفادوا ما استبد به المغير
كفيناهم عظائمها جميعاً فزالت منهم ذلك الشرور
وسلكنا قلوباً خافقات أمات عروقها ضرٌّ ضرير
وآوينا وآسينا وكنا لهم أهلاً وأكثرهم شطير
فبات طعامنا لهم طعاماً هناكً ودورنا للقوم دور
وكان لنا ثواب الله ذخراً وقام يشكونا منهم شكور
ولولا القيروان وساكنوها لغاب طعامهم والمخ ريُ[1]

پاشان هەرلە درێژەی هۆنراوەکەی دا دەڵێت:

وليس لنا كما لهم حصون ولا جبل أعاليه وعور
ولاسور أحاط بنا ولكن لنا من حفظ رب العرش سور
ولا نأوى إلى بحر وإنا إذا قضى القضا تنحى البحور
ولكنا إلى القرآن نأوي وفي أيماننا البيض الثغور
وسم في أعاليهنّ شهب بها ظمأ مواردها النحور

هەروەها دەڵێت:

وإنا بعد من خوف وأمن نحب إذا تشعشت الأمور
رسول الله والصديق حباً به ترجى السعادة والحبور
بعدهما نحب القوم طراً وما اختلفوا فربهم غفور

١ـ رياض النفوس ب٢ لا ٤٩٣.

ألا بأبي وخالصي وأمي		محمد البشر لنا النذير
سأهدي ماحييت له ثناء		مع الركبان ينجد أو يغور[1]

١ـ رياض النفوس ب٢ لا ٤٩٤

باسی سێیەم:

دەوڵەتی صەنهاجی
لە
باکوری ئەفریقیا

دەوڵەتی صەنهاجی

ڕێ خۆشکردن:

خەلیفەکانی دەوڵەتی عوبیەدی لە باتی هۆزە کەتامیەکان هۆزە بەربەریە صەنهاجیەکانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاو زۆر کاروباری گرنگیشیان لە دەوڵەت دانە دەستیو، پلەو پایەی صەنهاجیەکان لەسەر دەستی خێزانی ابو الفتوح الخارجي بەرز بوویەوە.. بۆیە عوبەیدیەکان بە دیاری حوکمی ئەفریقیاو مەغریبیان دایە دەستیان، دامەزرێنەری دەوڵەتی صەنهاجیش ابو الفتوح یوسف بن زبری بن منددای صەنهاجییە، کە ماوەی حوکمڕانی کردنی دەست پێکرد بە لە ناوبردنی شۆڕشگێڕەکان و وڵاتی لێ پاکردنەوە.

ئەوەرەی یەکەم :ابو الفتوح یوسف بن زبری بن منداد بن منقوش الصنهاجي

(٣٦٢ــ ٣٧٣ك ٩٧٢ــ ٩٨٣)

یوسف بەلکینی کوری زەبری بوو بە والی هەموو ناوچەکانی ئەفریقیەو، بوو بە یەکەمین حاکمیش پاش فەتح کردنی ئیسلامی بۆ ولاتانی مەغریب، کە لەڕەچەڵەکێکی بەربەریە ، یوسف خۆی بەخت کرد بوو بۆ خزمەتکردنی عوبەیدیەکان و فراوان کردنی موڵکیان، کێشەیەکی سەخت پەیدا بوو لە نێوان هۆزە صەنهاجیەکان و هۆزی زەناتەکان، دەوڵەتی ئەمەوی لە ئەندەلوس توانی ئەو هەلە بقۆزێتەوەو سوود لەم کێشەیە وەربگرێو توانی زەبرێکی کوشندە بوەشێنێ لە عوبەیدیەکانو بە هەموو توانایەوە یارمەتی هۆزە زەناتەکانی دا هەتا توانی لە ڕووی صەنهاجیەکان بوەستێ، سیاسەتی صەنهاجیەکان لەگەڵ زەناتەکان لەسەر توندوتیژی بنیاتنرابوو هەوڵیان نەدا نەرم نیان بن لەگەڵیان و بۆخۆیانیان ڕابکێشن، بۆیە دەوڵەتی ئەمەوی ئەوکێشەیەی قۆستەوە هەتا توانی مەغریبی سەرو لە دەسەڵاتی بنی زیری دابڕێ .

ئەمیر بەلکین چالاکیەکی بەرفراوانو کارێکی بێ وچانی کردو، زۆریش پاشکۆیەتی خۆی بۆ عبەیدیەکانو، خۆشەویستی بۆ مەزهەبی باطيني دووپات دەکردەوە، بەڵام بەخۆیو ئەو ئەمیرانەی لە دوای هاتن زۆر توند نەبوون لە سەر بەشیعەکردنی خەڵك، بۆیە بوارێکی باش ڕەخسا بۆ زانایانی ئەهلی سوننە بۆ ئەوەی سوننە بڵاوبکەنەوەو، ژیانی عیلمیش گەڕاوە

ناو مزگەوتەکان، بەڵام ئەو دیاردە فەرمیانەی ئەنجام دەدرا بۆ کار بەدەستە میسریەکان لە دوعا کردن بۆیان لەسەر مینبەرەکان ئەوا زانایانی تووشی نا ئارامی کردو، لە لایەکی تریش یارمەتی دەریبوو بۆ دروست بوونی کەلێنێکی قوڵ لە نێوان خۆیان و کاربەدەستەکانی بنی زیری، بۆیە بەردەوام بوون لە دژایەتی کردنی ئەو کاربەدەستانەی، کە گەرم وگوڕ نەبوون بۆ مەزهەبی ئیسماعیلی، ئەهلی باکوری ئەفریقیش لە دەوری زانایەکانی خۆیان خڕ بوونەوەو، بەردەوام بوون لە پچرانی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەت، بەڵام ئەو کاربەدەستانە نەیان توانی هاو هەڵوێستی خۆیان ڕابگەیەنن لەگەڵ زانایانی ئەهلی سوننە ،چونکە دەترسان دەسەڵاتیان لەکیس بچێ، خەڵکی قەیرەوانیش هەستیان بەمە کرد، بۆیە زانایەکانیان کۆشێشکی زۆریان کرد بۆ بڵاوکردنەوەی سوننەو ڕاو بۆچوونەکانی سەلەفی صالح، جا بازنەی وانەکانی زانایان لە قەیرەوان سەر لەنوێ جمەی هات لە قوتابیانو زۆر کیتاب نوسران لە ڕوونکردنەوەی ئیسلامی ڕاست ودروست، لەسەردەمی ئەمیری سوننی و شمشێری برەڕو چیای مەتین ئەمیر موعیز بن بادیس بەیەکجاری ئەهلی سوننە لەباکوری ئەفریقا سەرکەوتن بەسەر ڕەوافیزەکان.

تەوەرەی دووەم: موعیزبن بادیس الصنهاجي٤٠٦ - ٤٤٩هـ

پێشەوا ذهبي لەو بارەیەوە وتویەتی خاوەنی ئەفریقیە موعیز بن بادیس بن منصو بن بلكين بن زيرى بن مناد الحميرى، الصنهاجي المغربي شرف الدولة بن أمير المغرب.[1]

لەڕۆژی سێ شەممە ٣ی مانگی ذي الحجة لە ساڵی (٤٠٩) کۆچی لە پاش باوکی بەسێ ڕۆژ بوو بە ئەمیر.[2]

هەندێك لە فەقیهەکانی سەر بەمەزهەبی مالیکی توانیان بچنە ناو دیوانی حوکم لە دەوڵەتی صەنهاجی و توانیان هەندێك وەزیرو ئەمیر بگۆڕن، کە پاش فەزڵی خوا ڕۆڵیان هەبوو لە سوك کردنی پاڵەپەستۆی دەوڵەت لەسەر زانایانی ئەهلی سوننە، بە تایبەت زانای پایەبەرز ابو الحسن الزجَّال کە توانی ئەمیر موعیز بن بادیس لەسەر ڕێڕەوی ئەهلی سوننەو جەماعە پەروەردە بکا ، ئەو پەروەردەیەش بەرو بوومی خۆی بوو کاتێك موعیز کاروباری

١ـ سير أعلام النبلاء ب ١٨ی ١٤٠

٢ـ تأريخ الفتح العربي في ليبيا لا ٢٨٦.

ئەفریقیەی گرتەدەست، ابوالحسن ئەو کارانەی دەیکرد هەمووی بەنهێنی بوو لێنەدەگەڕا کەس لەو شیعانە پێی بزانێ، کە دەوڵەت دەوڵەتی خۆیانیش بوو، ئەو زانایە زانایەکی زۆر ڕەسەن بوو خاوەن ڕەوشت و ئاینو بیروباوەڕێکی ڕاست بوو، زۆر ڕقیشی لە مەزهەبی ئیسماعیلی شیعی بوو، ئەو زانایە توانی زانست و زانیاری ڕاست دروست بچنێ لە دەروونو هۆش و هزری موعیز بن بادیس، کە لە سەر دەستی ئەو لە باکوری ئەفریقیە کۆتایی هات بە مەزهەبی ئیسماعیلی شیعی.

ئەمەش وانەیەکە بۆ ئێمەی بانگخواز لە گرنگی دان بە پیاوانی دەوڵەت و کۆڕەکانیان ئەوانەی خاوەن ڕێبیری عەلمانینو دوورن لە هیدایەتی خوای گەورە، بادروشمی بانگخوانیش لەم بوارەدا ئەم ئایەتەی خوای گەورە بێت: ﴿وَلْيَتَلَطَّفْ وَلَا يُشْعِرَنَّ بِكُمْ أَحَدًا ﴿١٩﴾ إِنَّهُمْ إِن يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ يَرْجُمُوكُمْ أَوْ يُعِيدُوكُمْ فِي مِلَّتِهِمْ وَلَن تُفْلِحُوا إِذًا أَبَدًا ﴿٢٠﴾﴾ الكهف.

مێژوونوسەکان موعیز بن بادیسیان بە جوانترین و قەشەنگترین شێوە وەسف کردووە، ذهبي لە بارەیەوە وتویەتی: پادشایەکی بە هەیبەت بوو، شاعیران زۆریان بەسەردا گوتوە، لە سەردەمی ئەو خەڵکی زۆرکاری بە مەزهەبی ابو حنیفة دەکرد، بەڵام ئەو وای کرد خەڵکی ناوچەکە بڕۆنە سەر مەزهەبی مالیك ئەمەش بۆ ئەوەی خیلاف و دووبەرەکی نەمێنێ و لەهەموو کارەکانیشی بە پێی ئیسلامەکەی خوا هەنگاوی دەناو زۆر بوێرانەش گوێڕایەڵی عوبەیدیەکانی نەدەکردو، وتارێکیشی لەسەر قائم بأمرالله العباسی خوێندەوەو موستەنصیریش هەڕشەی لێکرد، بەڵام ئەو گوێی نەدایەو نەترسا.[1]

مستنصر لەو نامەیەی، کە هەڕەشەی لەموعیز کردبوو وتبووی: بۆ ڕەوشتی باو وباپیرانت لە وەلائو گوێڕایەڵی هەڵناگری، موعیزیش لە وەڵامدا پێی وت: پێش ئێوە باو وباپیرانی من پادشای مغرب بوونو ، هەر لە خزمەتیان گەلەکەی خۆیاندا بوونەوەو بەشمشێرەکانیان ئامادەبوونە بۆ سەرخستنیان.[2]

١ـ سير أعلام النبلاء ب ١٨ی ١٤٠

٢ـ تأريخ الفتح العربي في ليبيا لا ٢٨٩.

کتێبەکانی مێژوو بۆ ئێمەیان ڕوون کردۆتەوە، کەموعیز هەنگاو بە هەنگاو دوژمنایەتی ئیسماعیلیەکان و فەرمان ڕەوایانی میسری دەکرد، ئەمەش زیاتر لە ساڵی(٤٣٥) کۆچی بە دیارکەوت، کاتێك دیوانی دەوڵەتەکەی و سوپاکەی پاکردنەوە لەبیروباوەڕە کوفریەکانو ئەوانەی چێژ وەردەگرت لەجنێودان بە هاوەڵان ، موعیز بە سەربازەکانی راگەیاند، کە ئەوەی جنێوی دا بە ابوبکر وعمر بیکوژن، خەڵکی باکوری ئەفریقیش بە پەلە هەڵسان بە لە ناوبردنی پاشماوەی عوبەیدیەکان بۆ ئەوەی باکوری ئەفریقی پاك ببێتەوە لەو بیروباوەڕە گەندو بێگانانەی هاتبوە نایەوە.

زاناو فەقیهەکان هەڵسان بە مەدح کردن و باسکردنی ئەوکارە پیرۆزەی، کە موعیز بن بادیس پێی هەڵسا، شاعیرانیش هەڵسان بە هۆنراوە کانیان مەدحی موعیزیان کردو ئەو سەرەتایەشیان تدوین کرد، قاسم بن مروان لەم ڕوداوانە وتویەتی:

وسوف يقتلون في كل أرض　　　كما قتلوا بأرض قيروان

یەکێکی تریش دەڵێت:

يا موعيزالدين عش في رفعه　　　وسرور وإغتباط و جدل
أنت أرضيت النبي المصطفى　　　وعتيقاً في الملاعن السفل
وجعلت القتل فيهم سنة　　　بأقصى الأرض في كل الدول[1]

موعیز بن بادیس بەردەوام بوو لە نزیك بوونەوە لە زاناو فەقیهەکانی ئەهلی سوننەو، پیلانیشی بەردەوام بۆ ئەوە دادەنا، کە بەیەك جاری جودا بێتەوە لەعوبەیدیەکانی میسرو، واشی کرد مەزهەبی مالیکی ببێتە مەزهەبی فەرمی دەوڵەتو ڕاشی گەیاند، کە ئەو سەر بەدەوڵەتی عەباسیەکانە و ئاڵاو دروشمەکانی دەوڵەتی عوبەیدیشی سوتاندو، فەرمانیشی کرد، کە ئەو درهەم ودینارانەی ماوەی(١٤٥) ساڵان وێنەی عوبەیدیەکانی لە سەربوو بیسڕنەوەو سکەیەکی تریان دروستکرد،کە لەسەر لایەکی نوسرابوو لاإلە إلا الله لە سەر لایەکەی تریشی نوسرابوو﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴾ آل عمران: ٨٥.

١ـ تأريخ الفتح العربي في ليبيا لا ٢٨٩.

هەروەها موعیز بن بادیس هەڵسا بە لە نـاوبردنی مەزهـەبی صـفرية و نكاريـة و معتزلـة و أباضية ئەوانەی دژی مەزهەبی سوننی بوون.

لەساڵی (٤٣٣) کۆچی بەرقە هەمووی هاتە ژێر ڕکێفی موعیز بن بادیس پاش ئەوەی، کـە ئەمیرەکەی جبارة بن مختارة گوێڕایەڵی خۆی بۆ ڕاگەیاند.

یەکەمین کەس لەتەڕابلس ، کە قیادەی شاڵاوی پاکسازی کـرد لەسـەر ئیسـماعیلیەکان و دژایەتی نەریتە پوچەکەیان و بانگەشە گومڕایەکەیانی کرد زانای پایە بـەرز علـی بـن محمـد المنتصر بوو،کە ابو الحسن بانگ دەکراو لە ساڵی (٤٣٢) وەفاتی کردوە.

ڕقو کین لەدەروونی باطنیەکان وەك گڕکان تەقیەوە بۆیە بڕیاریان دا تۆڵە بسەننەوە لـە سەرکردەی ئەهلی سوننەو ئەو خەڵکەی دڵ خۆش بوون بەگەڕانەوەی وڵاتیـان بـۆ باوەشـی ئەهلی سوننە، بۆیە لە قاهیرە دانیشتنێکی رافضي سازدرا بە قیادەی خەلیفـەی عوبەیدی، کە لەسەر ڕایەکی شەیتانی ڕێکەوتبوون ناوەڕۆکەکەی ئەوەبوو، کە هۆزەکـانی بـنی سـلیمو بنی هلال بەگژ صەنهاجیە سـوننیەکان بنـێن، ئەگـەر دەوڵـەتی صـەنهاجی سـەرکەوت ئـەوا دەوڵەتی عوبەیدی ئیدی قوتاری دەبێت لە جەنگ ئەو هۆزە سەرسەختانە، ئەگەر بنو سليم و بنوهلاليش سەرکەوتن ئەوا تۆڵـەیان سـەندەوە لـە دوژمنـە سەرسـەختەکەیان مـوعیز بـن بادیس ، ئەوەی دامەزێنەری ئەو بیرۆکەیە بوو وەزیرێکی عوبەیدی کـە نـاوی ابـو محمـد بـن علي اليازوري بوو، کە دەستی کرد بەدەم چەورکردنی ئەو هۆزانـەی نیشـتەجێبوون لەسـەر کەنارەکانی نیل و هەڵسا بەپێدانی چەکو بێداویستیەکانی جەنگو ،بەرقەو قەیروانو ئەوەی کەوتە چنگیان وەك: دیاریەك پێشکەشیان بێت ، عوبەیدیەکان هەڵسان بەپەیوەنـدی کـردن بە هەموو ئەوانەی دژی موعیز بوونو بەماڵ و چـەكو ئـەوەی لـە توانیانـدا بـوو یارمـەتیان دان، جا بازنەی کێشەکە لە نێوان موعیز بن بادیس و هـۆزە عەرەبیـەکان دەسـتی پێکـرد ، کە لەلایەن عوبەیدیەکانەوە یارمەتی دەدران.

تەوەرەی سێ یەم :خشانی هۆزەکانی بنی سلیم و بنی هلال و هی تریش بۆ باکوری ئەفریقی.

ڕێ خۆشکردن: هۆزەکانی بنی سلیم وبنی هلال لە دوورگەی عەرەبی نیشتەجێبوون و، خیوەت و ڕەشماڵەکانیان لە دەرەوەی مەدینەو مەککەو طائیف و نەجد هەڵدابوو، قەرامیتەکان توانیان لەجەنگەکانیان بەکاریان بهێنن دژی خیلافەتی عەبباسی و دەوڵەتی عوبەیدی، سەرکردەی هەندێك لەو هۆزانە کاریگەربوون بە هەندێك لە هزرو بیروباوەڕی قەرامیتەکان، بەڵام کاریگەریەکی زۆر قوولْ نەبوو، بەڵکو چەند هۆکارێکی ئابووری و گوێڕایەڵی نەبوون بۆ دەوڵەتی عەبباسی بوو، لەجەنگی قەرامیطەکان دژی عوبەیدیەکان ئەو هۆزانە لەشام کە خاون هێزێکی زۆرو چەکو کەرستەیەکی زۆربوون ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی.

لەمیسر ئەمیری عوبەیدیەکان توانای ئەو هۆزانە بەماڵ و سامانو دیاری ڕابکێشێتو لە خۆی نزیك بکاتەوە، ئەوانیش زۆر بەکارەکەی خەلیفەی عوبەیدی ڕازی بوون ، کە زۆر موکڕ بوو لەسەر هەبوونی توخمێکی عەرەبی لە دەوڵەتەکەی، دەوڵەتی عوبەیدی لەسەر کەنارەکانی نیل زەویەکی بەپیتی پێدانو ئەو هۆزانەش خۆشەویستیو دۆستایەتیان بۆ دەوڵەتی عوبەیدی دەربڕی و لە بەر نەفامیش بە حەقیقەتی دینەکەیان دروشمەکانی ئەوانیان هەڵگرت و دڵسۆزی خۆیان بۆ خەلیفەی عوبەیدی نواند، ئەو خەلیفەیە بڕیاریدا بە هۆی ئەو هۆزانە کە خاوەن هێزو تواناو شارەزایەکی جەنگی باش بوون تۆڵە لە موعیز بن بادیس بسەنتەوە، بەتایبەتی ،کە دەولەتی عوبەیدی لەبەر سەرقاڵ بوونی بە قەرامیطەکانو پرۆژەکانیان بەگشتی لەشامو ڕۆژهەلات نەی توانی لەشکری خۆی بنێری،هەروا لەبەر ئەوەی هەندێك کۆمەڵ لە لەشکرەکەی لە مەغاریبەکان بوون، بەڵکو لەسەرکردەکانیان تێیدا هەبوو لەهۆزی موعیز بن بادیس بوون، کە دەوڵەت هەر لەسەردەمی خەلیفەی عوبەیدی عزیز ئەو سەرکردەو سەربازانەی فەرامۆش کردبوو.

هەندێك لە هۆزە عەرەبیەکان لە صەعیدی میسر دەگەڕێنەوە بۆ فەتحی ئیسلامی ،کەژمارەیان زیادی کرد پاش ئەوەی دوورگەی عەرەبیان بەجێ هێشتو لەسەردەمی العزیز العبیدی هاتنە میسر.

هۆزە عەرەبییەکان هەندێکیان، کە لە سەردەمی العزیز العبیدی هاتبوونە صەعیدی میسر کە بەکاری شێواندنو تێکدانی باری ئاسایش بەناوبانگ بوون، بۆیە ئەم جارە هەلێکی زێرینە بۆ لەناو بردنیان و تۆڵەسەنەوە لە دوژمنی سەرسەختی دەوڵەت.

وتەیەك هەیە، کە درایتە پاڵ مستنصر دەڵێت: وەللاهی دەبێ سوپایەکیان بۆ ئامادە بکەم، کە خۆم هیچ پێی ماندوو نەبم ، جا عەرەبەکانی بانگ کردو مەغرییش نیلی دا بەردەستیان ،کە پێشتر لێیان قەدەغە کرا بوو جا بەم جۆرە خەڵکێکی زۆریان پەڕینەوەو هاتن.[1]

ئەمیر مستنصر کۆبویەوە لەگەڵ گەورە پیاوانی هۆزە عەبەرەکان و یارمەتی ماددی و مەعنەوی دانو، ئەسپ وچەك و هەموو کەل وپەلێکی جەنگی و ماڵی پێ بەخشین.

بۆ ئەوەی ئامانجە گڵاوەکانی بێنێتە دی ئەفریقیەشی دانێ، کەچی لێ دەکەن بیکەن و پێی گوتن: من ئەفریقیە و موڵکی إبن بادیسم دانێ ئیتر باش ئەوە هەژاری بە خۆوە نابینن.[2]

کاتێك عەرەبەکان لە ساڵی (٤٤٢) کۆچی بەرامبەر ١٠٥٠ زاینی هەموو کۆبوونەوە، وەزیری ڕق هەڵساوی عوبەیدی نامەیەکی بۆ إبن بادیس نارد، کە پێی وتبو: (أما بعد فقد أرسلنا خیولا فحولا وحملنا علیهم رجالا کهولا لیقضي الله أمرا مفعولا[3])

ئەو هۆزانە توانیان بە بێ بەرگری دەست بەسەر بەرقە دابگرن و، بەرقەش پێشتر لەسەر دەستی عوبەیدیەکان وێران کرابوو، لە سەردەمی مستنصر گوێ ڕایەڵی خۆی ڕاگەیاندبوو بۆ موعیزو، ئەو مینبەرانەشی سوتاند، کە عوبەیدیەکان وتاریان لەسەر دەخوێندەوەو ئاڵایەکانیشی سوتاندن و ڕاشی گەیاند، کە ئەو سەر بەدەوڵەتی عەباسییە.[4]

جا هۆزە عەرەبەکان ڕۆیشتن بۆ تەرابلس و دەوروبەری تونس، کە ژمارەیان چوارسەد هەزار کەس دەبوو، لە دواشیانەوە وەك یەدەگەکێك هێزێکی گەورە هەبوو بۆ یارمەتی

١ـ ظهور الخلافة الفاطمیة وسقوطها، عبدالمنعم ماجد ل٢٢٣.

٢ـ بڕوانە: تأریخ الفتح العربي ل ٢٤٩.

٣ـ ظهور الخلافة الفاطمیة وسقوطهال ٢٤٣

٤ـ هەمان سەرچاوە ل ١٤٤.

دانیان، هەندێك مێـژوو نـووس دەڵـێن: هـەموویان ژمارەیـان دەگەیشـتە ملیـۆن کـەس، کـە دابەش کرابوونە بەسەر چەند قۆناغێك، ئـەو هۆزانـە، کـە جێگیربـوون لـە بەرقـە یـەکێك لـە شێخەکانی خۆی، کە ناوی مۆنس إبن یەحیا بن مرداس بوو ناردی بۆ ئەوەی ببێتـە میـوانی موعیز ، جا مۆنس سەرسام بوو بەو نازو نیعمەتەی، کە موعیز تێـی دابـوو مـوعیز زۆر ڕێـزو حورمەتی گرت و پاشان ڕایگەیاند کە لەنەوەی مامی ریاح پیاوانێك ئامادە بکات بـۆ ئـەوەی ببنە سەربازو بێنـە ژێر دەسـەڵاتی ، بـەڵام مـۆنس ئامـاژەی بـۆ کـرد ئـەو کـارە نـەکات و هۆیەکەشی بـۆ ڕوون کـردەوە، کـە لەبـەر پەرتـەوازەییان‌و کۆنەبوونـەوەیان لەسـەر یـەك ڕا بەدەم بانگەوازەکەتەوە نایەن، بەڵام موعیز قەناعەتی بەقسەی مۆنس نەهات.

مۆنس بە موعیزی وت تۆ درەقەتی ئەوانە نایێت.

مـوعیزیش پێـی وت: ئەوانـە لـەوە کـەمترن، کـە باسـیان دەکـەی، مـۆنس ئەمـەی وەك سەرزەنشتێك بۆ عەرەب لێکدایەوە، موعیزیش بەڕاشکاوی پێـی وت، کـە: ناتـەوێ جگـە لـە خۆت کەس گەورەی گەلەکەت بێ.

جا مۆنس کە گەڕایەوە بۆ لای گەلەکەی هانی دان و باسی خێرو خێراتـی ئەفریقیـەو ئـەو نازو نیعمەتانەی کرد، کە موعیز لە نێـوی دایـە ئـەوانیش هـەرزوو کۆچیان کـردو ژمارەیـان ئەوەندە زۆربوو، کە سەرو بنی دیار نەبوو.[1]

لە بەناو بانگترین ئەو هۆزە عەرەبانەی چوونە لای موعیز بنو سلیم بن منصـور و بنـو هـلال بن عامر بوون کە هەردووکیان لە عەشیرەتی مضر بوون، لە موضەرة عەدنانیەکانیش هـۆزی زغبەو أثیج و عدیو ریاح ئەوانەی لە هلال بن عامر صعصعە وبنی هاشم بن معاویەن.

هەروەها کەهلانیش کە قەحطانی بوون و چەندهۆزێکی تریش، کە ناودار نەبوون.

کاتێك بنو ریاح و أثیجو بنو عدی بـۆ ئەفریقیـە چـوون، دەیـان ویسـت بگەنـە قـەیرەوان، مـــۆنس پێیـــانی وت: ئـــەوەی ئێـــوە بڕیارتـــان لـــە ســـەرداوە تـــەواو نیـــەو پێویســـتی بەبیرکردنەوەیەکی تۆکمە هەیـە، پێیـان وت: ئـەی چـی بکـەین؟ وتـی: بـەرماڵێکم بـۆ بێـنن ئەوانیش بۆیـان هێنـا، ئـەویش ڕای خسـت و پێیـانی وت: کـێ دەتوانـێ بچـێتە ناوەڕاسـتی

١ـ بروانە: تأریخ الفتح العربي لا ٢٩٥.

بەرماڵەکە بێ ئەوەی بەسەری دا بڕوات؟ جا وتیان:کێ دەتوانێ وابکات؟ وتی: من، بەرماڵەکەی لولدا ئەنجا هاتە لایەکیو بە ئەندازەی بستێك کردیەوەو ئەنجا لە سەری ڕاوەستا، پاشان لایەکی تریشی کردەوەو چووە سەری و وتی: ئەوها بە وڵاتانی مەغریب بکەن ، بەش بەشی بکەنو بیکەنە موڵکی خۆتان تەنها قەیرەوان نەبێ و دواتر بڕۆن ئەویش دەبێتە موڵکی خۆتان ، رافع بن حماد کە یەکێك بوو لە سەرکردە عەرەبەکان پێی وت: مؤنس تۆ ڕاست دەکەی وەڵاهی تۆ شێخ و ئەمیری عەرەبانی ، ئەوا بە پێش خۆمانمان خستی و، هیچ کارێك بەبێ فەرمانی تۆ ناکەین.

هۆزەکان تیرەوپشکیان کرد لە سەر وڵاتەکان، ڕۆژهەڵاتی مەغریب وەك بەرقە و چواردەوری بەبەر بنی سلیم کەوت، کە دەکا طرابلس و قابس، بنو جەشمیش هاتە پاڵ بنو هلال.

جگە لە بنو هلال و بنو سلیم، کە عەرەب بوون و هەروەها جشم بن معاویة بن بکر بن هوزان و سلول بن مرة بن صعصعة بن معاویة و معقل کە لە تیرەیەکی یەمەنی بوون، هەمووشیان لە ژێر حوکمی بنی هلال بوون بەتایبەتیش لە ژێر حوکمی أثبج بوون، چونکە براگەورەیی هەر بۆ بنی هلال و أثبج بوو، بۆیە چوونە ناویان. أثبج ژمارەو تیرەیان زیاتر بوو، هەر ئەوانیش لەپێشەوەی هەڵمەتەکان بوون، تیرەکانیشیان وەك ضحك و مقدم و عاصم و لطیف و درید و کرفة بوون هەروەکو لە ڕەچەلەکەکەیان ئەوها دەردەکەوێ.

ئەوانە زۆر بە هێز بوونو لەو هیلالیانە بوون ،کە هاتبوونە ئەفریقیە،یەکێك لەهەرە پیاوە خانەدانەکانیان حسن بن سرحان و برایەکەی بدرو فضل بن ناهض بوون،کە ئەوانە لە دریدی کوری اثبج بوون.ماضي بن یقرب و سلامة بن رزق لەتیرەی کرفة بوون، ذیاب بن غانم وموسی بن یەحیا لە بني صقر بوون کە تیرەیەکن لە مرداس ریاح .زید بن زیدان وفارس بن ابي الغیث وبرایەکەی عامرو فضل بن ابي علي ئەوانە لە شیعرەکانیان باسیان لێوە کراوە.

تەوەرەی چوارەم :بەگژدایەکچوون لە نێوان موعیز بن بادس و هۆزە عەرەبەکان.

لە ڕووداوەکانی ساڵی(٤٤٢) کۆچیدا إبن الأثیر باسی هاتنە ژوورەوەی عەرەبەکانی کردووە بۆ ئەفریقیا و وتویەتی: پاشان ئەمیرە عەرەبەکان هاتنە لای موعیز بن بادیس و ئەویش کردنیە براگەورەو ماڵ سامانێکی زۆریشی پێبەخشین، کە لەلای ڕۆیشتن پاداشتی کارە چاکەکەیان نەدایەوە، بەڵکو هێرش دوای هێرشیان کردە سەرو ڕێگریان کردو کشت و

کالّ و بەروبومەکانیان لە ناو بردو، ئابلّوقەی شارەکانیشیان داو خەلّکیش گوزەرانیان لێ تالّ بوو بژێویان لێ تێك چوو نەیان توانی سەفەر بۆ هیچ لایەك بکەن، بەلاّو بەلاّیەکی یەکجار تەنگ توشی ئەفریقیە هات، کە هیچ جار بەخۆوەی نەبینیبوو، لێرە موعیز خۆی ئامادە کردو سەربازەکانی کۆکردەوە، کە ژمارەیان سێ هەزار سوارچاك و پیادەشیان لەگەلّدا بوو، جا رۆیشت بەرەو قەیرەوان، ژمارەی عەرەبەکانیش سی هەزار سوار چاك بوو، راستیش وایە، کە ژمارەیان وەکو ژمارەی سەربازەکانی موعیزبووە هەروەکو خاوەنی موسوعة المغرب العربي باسی کردوە، کاتێك عەرەبەکان سەربازەکانی صەنهاجە و عەبیدەکانیان بینی زۆر ترسان و شلەژان و لەرزین، جا مؤنس بن یحیی پێی وتن: ئەمە چیە لەم رۆژە رادەکەن ؟ وتیان: چۆن بتوانین لەوانە بدەین لە کاتێك زرێو کلاوی ئاسنیان لەسەر کردووە؟ وتی: نیشانە بگرنو لە چاویان بدەن، بۆیە ئەم رۆژە ناوی لێنرا (یوم العين)، ئەنجا هەر دوولا گەیشتنە یەك و شەرێکی توندو خوێناوی لە نێوانیاندا روویداو صەنهاجە دۆراو رووخا، بەلاّم عەبیدەکان هەر لەگەلّ موعیز مانەوەو خەلّکێکی گەلەك زۆریان لێکوژرا... دۆرانەکەلە صەنهاجە هەر بەردەوام بوو خەلکێکی یەکجار زۆر کوژراو ، موعیز لەگەلّ ئەوەی ژمارەشیان زۆربوو بەدۆراوی گەراوە ناو قەیرەوان و، عەرەبەکانیش ئەسپ و رەشمالّ و ئەوەی هەبوو بۆخۆیانیان برد.[1]

کتێبەکانی مێژوو ئەو رووداوەیان بە دژوارترین شێوە وەسف کردیە، چونکە جەنگێك بووە کوشتارێکی زۆری لێ رووداوە، ئەمەش لە ئەنجامی خۆراگرتنی هەردوو سوپا بەرامبەر یەکتری لە پێناوی لە ناو بردنی بەرامبەرکەی و کۆتایی پێهێنانی، شاعیری عەرەبی علي بن رزق البراحي چەند دێرە شیعرێکی وتوە لە سەر ئەو جەنگەی روویدا لە نێوان موعیز و عەرەبەکان:

وإن إبن باديس لأحزم مالك — ولكن لعمري مالديه رجال

ثلاثة آلاف لنا غلبت له — ثلاثين ألفا إن ذا لنكال.

١ـ الكامل في التأريخ ب ٦ لا ١٥٣.

هەر لـە سـاڵی (٤٤٢)کۆچـی لـە ڕۆژی چـەژنی قوربـان مـوعیز حـەوت هـەزار سوارچـاکی کـۆکردەوەو لـە ناکـاو هێرشـی کـردە سـەر عەرەبـەکان، کـە لـە نوێـژی چـەژن دابـوون، عەرەبەکانیش هەڵسانەوەو سواری ئەسپەکانیان بوون و هێرشیان کردە سەر سـەربازەکانی موعیزو تێکیان شکاندن و خەڵکێکی زۆریان لێ کوشتن، پاشان موعیز لە صەنهاجە و زەناتە خۆی کۆکردەوەو بە خۆی و کۆمەڵێکی زۆر دەرچوونو، هێرشیان کردە سەر عەرەبەکان لە ماڵەکانی خۆیان بەڵام هێـزو شـەوکەتی صـنهاجە شـکاو، زەناتـەش پشـتی لـە پـاش کـرد، موعیزو ئەو عەبیدانەی لە گەڵی بوون بە جۆرێك خۆیان ڕاگرت و مانەوە، کە قـەت نموونـەی نەبووەو پاشان موعیز دۆڕاو بۆ مەنصـوریە گەڕایـەوە، عەرەبـەکان هـاتن هـەتا لەمزگـەوتی قەیرەوان جێگیربوون و چەند جەنگێکی خوێناویش لەگـەڵ مـوعیز کـرا، کـە لەمەنصـوریە و ڕەقادە خەڵکێکی زۆر کوژرا، پاشان، کە موعیز ئەم کارەساتەی بینی ڕێی بـە خەڵکەکـە دا بچنە قەیرەوان بۆ کرینی پێداویستیەکانی ژیانیان، کە چوونە ناویەوە خـەڵکی لێیـان هاتنـە پێشو بوو بەشەڕ ، هۆی شەڕەکەش فیتنیەك بوو لە نێوان پیـاوێکی عـەرەب و یـەکێکی تـر ڕوویداو عەرەبەکان تیایدا سەرکەوتن، لە ساڵی (٤٤٦) کۆچی موعیز وتیە گەلەکەی کە کۆچ بکەن بۆمەهدیە ئەمەش لە بەر عەرەبان، کە نەیتوانی گەلەکەی لێیان بپارێزی.

پاش ئەوەی کاروباری پایتەختی نوێ زیریەی ڕێکخست موعیز لە ساڵی(٤٤٩) کۆچـی بـۆ مەهدیـە چـوو لـەوێ تـەمیمی کـوڕی پێشـوازی لێکـرد، عەرەبـەکانیش دەسـتیان بەسـەر قەیرەوان داگرت و قەڵاو کۆشکەکانیان وێران کـرد و هەرچـی بـەروبومی کشـتوکاڵی هـەبوو لێیان کردەوەو، جۆگـەو ڕووبارەکانیـان وێـران کـرد، ئـەو ڕووداو جەنگانـەی مـوعیز لەگـەڵ عەرەبەکان بەخۆیەوەی بینی وانەیەك بوو بـۆی دەرکـەوت و قەناعـەتی کـرد، کـەوا تاقـەتی عەرەبەکانی نیەو پێیان ناوێرێ و هەروا هاتە قەناعـەت، کـە عوبەیدیـەکان فێڵێکـی باشـیان لێکردوە ،یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو دۆڕانە یەك لە دوای یەکانەی تووشی موعیز هـات هێـزو ئازایەتی و چاونەترسی عەرەبەکان بوو، لەگەڵ سەرشۆڕی سـەربازە بـەرابیرەکان ئەوانـەی بەردەوام خیلافەتی عوبەیدیەکانیان بـەرز ڕادەگـرت و بەگـەورەیان دەزانـی، کـە موعیزیـان زیاتر لە جەنگێك بە دۆڕاندندا، هەروا هۆیەکی تریش ئەوە بوو، کە موعیز ئەو عەبیدانەی لـە خۆی نزیك کردەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خەڵکی صەنهاجەو زەناتە ڕقیان لێببێتەوەو

خۆشیان نـەویَ، کاتێك مـوعیز لەمەهدیـە جێگیربـوو کاروبـاری دەوڵـەت و حـوکمڕانی دایـە دەست تەمیمی کوڕی، کە باوکی لێی ڕادەدیت و بەشایەنی دەزانی بۆ ئەم کارە.

ئـەو موجاهیـدە گەورەیـە لەمیوانـداری کوڕەکـەی بـوو، هـەتاوەکو خـوای گـەورە لـە ساڵی(٤٥٣) کۆچی گیانی سپارد.

بەڕاستی مێژووی ئیسلامی بەڕبەڕی گەواهی دەدات، کە لە پاش فەزڵ و چاکەی خوا هەر ئـەوان بـوون توانیـان بیروبـاوەڕی ئیسـماعیلیە بـاطینیـەکان لـەناو ببـەن، هـەروەها مێـژوو گەواهی بۆ موعیز بن بادیس ئەو بەرابیرانـەی شوێنی کـەوتبون دەدات، کـە نـەهجی ئـەهلی سوننەت وجەماعەتیان گرتبوە بەرو پەیڕەویان دەکـردو، بـاکورە ئەفریقیەکـەی خۆیـان بـە خیلافەتی شەرعی لـە بەغـدا بەسـتبۆوە، هـەروەها مێـژوو گـەواهی بـۆ مـوعیز دەدات، کـە بەیداخێکە لە بەیداخەکانی ئیسلام و هێمایەکە لە هێماکانی و لەفراوانترین دەرگاکانی هاتتە ناو مێژوویان ، کە زۆر کارو کردەوەی گرنگ و گەورەی تێدا تۆمارکرد، داوا لە خوای گـەورە دەکەین، کە بیخاتە تەرازووی چاکەکانی لە ڕۆژێك ،کە ماڵ و منداڵ سودی نیە تەنها ئـەوەی بە دڵێکی پاك و دوور لە گوناهو تاوان هاتبێتە لای پەروەرگار.

إبـن الأثـیر لـە ڕوداوەکـانی سـاڵی (٤٥٣)ی کۆچـی باسـی لـەمردنی مـوعیز بـن بـادیس‌و ویلایەتی کوڕەکەی کردوە، کە دەڵێت: ئەو ساڵە موعیز بن بادس خاوەنی حوکمی ئەفریقیە بە نەخۆشی کزی جگەر وەفاتی کـرد، مـاوەی حـوکمی (٤٧) سـاڵ بـوو، کاتێك هاتـە سـەر حوکم تەمەنی (١١) ساڵان بوو، هەندێکیش دەڵێن: (٨) ساڵو شەش مانگ بوو.

موعیز زۆر دڵ نەرم و ملکەچ بووەو، خۆی زۆر لە خـوێن ڕشـتن دەپاراسـت تـەنیا مەگـەر مەسەلەکە سنورێکی خوای گەورە بوایە ئەوا جێ بەجێی دەکـردو، زۆر بەباشـیش مامەڵـەی لەگەڵ دۆست وهاوەڵانی دەکردو زۆریش ڕێزو حورمەتی ئـەهلی عیلمـی دەگـرت وپـارەوپوڵی زۆری پێدەبەخشین، جارێك هەزار دیناری بەخشیە مسنتصر الزنـاتي کـە لـەلای دانیشـتبوو ئەویش پێی زۆر بوو، موعیز فەرمانی کرد کیسەکە لە پێشی هەڵبڕێژن ئەوانیش وەیان کرد، پاشان وتی ئەمە بۆ خۆت ، پێیان وت: بۆچی فەرمانت کرد پارەکە لـە کیسـەکە هەڵبڕێـژن، وتی: نەوەك بوترێ: ئەگەر نەیدیتبایە پێی ڕازی نەدەبوو.

کاتێك موعیز وەفاتی کرد شاعیرەکان سەرەخۆشیان لێکردو شیعریان بەسەرداهۆنیەوە، لەوانە ابوالحسن بن رشیق کە وتویەتی:

لكل حي وإن طال المدى هلك   لاعز مملكه يبقى، ولا ملك
ولي الموعيز على أعقابه فرمى   أوكاد ينهد من أركانه الفلك
مضنى فقيدا وأبقى في خزانته   هام الملوك، وما أدراك ما ملكوا
ماكان إلا حساما سله قدرمه   على الذين بغوا في الأرض وانهمكوا
كأنه لم يخض للموت بحر وغى   خضر البحار، إذاقيست به، برك
ولم يجد بقناطير مقنطرة   وقدأرخت بأسمه إبريزها السكك
روح الموعيز وروح الشمس قد قبضا   فانظر بأي ضياء يسعد يصعد الفلك[1]

تەوەرەی پێنجەم کوڕو نەوەکانی موعیز

یەکەم تەمیمی کوڕی موعیز:

تمیم لە مەنصوریە لە ساڵی(٤٢٢) کۆچی لە سێ ی ڕەجەب لە دایك بووە، باوکی لە ساڵی(٤٤٥) کۆچی کردیە والی لەسەر مەهدیە پاشان هەر لە باوکیەوە ویلایەتی ئەفریقیایی پێ سپێردرا، تەمیم لەگەڵ خەڵکی دا بە مامەڵەیەکی باش هەڵسوکەوتی دەکردو، ئەهلی عیلمیشی زۆر لە خۆی نزیك دەکردەوەو ئازاو چاونەترسیش بوو خاوەن هیمەتێکی بەرز بوو بەزیرەکی و بلیمەتی و سیاسەتە حەکیمانەکەی توانی شوێنی باوکی بگرێتەوە، هەروەها بە هۆی پێدانی ماڵ و سامان توانی دڵی سەرکردەکانی عەرەب بۆ خۆی ڕابکێشێ و خزماتیان لەگەڵ بکات و تێکەڵیان بێت، زۆر بوێرانەو زیرەکانەش هەندێکی کردنە سەربازی دەوڵەتەکەی و توانیشی لە ساڵی ٤٥٥ دەست بگرێت بەسەر شاری سوسە پاش ئەوەی، کە زاڵ بوو بەسەر ئەو بەرگریە چەکداریەی ڕووبەڕووی بوویەوە[2].

لە ساڵی ٤٥٧ کۆچی ناصر بن علناس الحمادی سەرکردەی دەوڵەتی حمادیە ویستی مەهدیە داگیر بکات و تەمیمی پاشا بکوژێت، جا سوپایەکەی لە صەنهاجەو زەناتە و بنی

١ـ تأريخ الفتح العربي لا ٢١٤.

٢ـ الكامل إبن الأثير ب٦ لا ٢٣٤.

هیلال ئامادەکرد، تەمیم توانی هۆزە عەرەبەکان بۆ خۆی ڕابکێشێ و ماڵ وچەك و تفاقی پێدانو، توانیشی بەسەر سوپای ناصردا زاڵ بێتو(٢٤) هەزار کەسیشی لێکوشتن و غەنیمەت و پارەو پولیشی بۆ عەرەبەکان بەجێهێشت، کە بەوە زۆر دەوڵەمەند بوون، تەمیم وتی: نەنگە بۆ من غەنیمەتی کورە مامەکانم ببەم و عەرەبەکان بەوە ڕازی بکەم.[1]

لە ساڵی (٤٨٤) کۆچی تەمیم شاری قابسی گەڕاندەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، پاش ئەوەی، کە عمرو بن الموعیز کاروباری گرتبووە دەست، لە پێش عەمریش قاضي إبراهیم بن بلمونة کاروباری هەڵدەسوڕاند، بەسوپایەکی بە هێزو گەورە ئەوشارەی گەڕاندەوە، هاوەڵەکانی پێیان وت: کاتێك قاضي لەوێ بوو گرنگیت پێنەداو نەت گەرانەدەوە، بەڵام کاتێك براکەت کاروباری شارەکەی هەڵسوراند سوپات ئامادەکرد. وتی: کاتێك کوڕێك لە عەبیدەکانی ئێمەی لێبوو لابردنی سوك و سانا بوو، بەڵام کەمن لەمەهدیە کوڕی موعیزم کوڕێکی تریشی لە قابس بێت ئەوا ناکرێ لەسەر ئەوە بێدەنگبین.

لەفەتح کردنی ئەو شارە إبن خطیب سوسة هۆنراوە بەناوبانگەی وت: کە لەسەرەتاکەی دا وتویەتی:

ضحك الزمان،وكان عابسا	لما فتحت بعد سيفك قابسا
الله يعلم ما حويت ثمارها	إلا وكان ابوك قبل الغارسا
من كان في رزق الاسنة خاطبا	كانت له قلل البلاد عرائسا
فابشر تميم بن الموعيز بفتكة	تركت من أكناف قابس قابسا
ولوا فكم تركوا هناك مصانعا	ومقاصرا و مخالدا،ومجالسا
فكانها قلب، و هن وساوس	جاء اليقين، فزاد عنه وساوسا[2]

لەساڵی (٤٩٣) کۆچی تەمیم توانی بە زەبری هێز شاری صەفاقس لە حاکمە زۆردارەکەی حمو بن فلفل البرغواطي بسەنتەوە .

وا دادەنرێ کە سەردەمی تەمیم لە چاو باوکی باشترو پێشکەوتوو تر بووە چونکە هۆزە عەرەبیەکان هاتنە ناو دەوڵەتەکەی .

١ـ سەرچاوەی پێشو.

٢ـ الكامل في التأريخ ب ٦ لا٣٦٧

تــەمیم پێشــەنگ بــوو لەدەســت بــڵاوی و ئازایــەتی و ڕێــزو بەخشــین و نمونــەی پێدەهێنراوە.إبن كثير لە بارەیەوە وتویەتی :یەكێك بووە لە باشترین ئەو پادشایانەی ،كـە خۆی بە چـەند سـیفەتێكی بـەرز رازانـدبۆوە وەك نـەرم نیـانیو ڕێـزو حورمـەتو چاكسـازی (٤٦)ساڵ حوكمی كردو،تەمەنیشی (٩٩)ساڵ بووەو، نزیكەی (١٠٠) كوڕیشی لە دوای خـۆی بە جێهێشتوەو لە كچانیش (٦٠) كچ، لە پاشە خۆشـی یـەحیا هاتۆتـە جێگـەی. لەباشـترین ئەو هۆنراوانەی بەسەر تمیم وتراوە هونراوەی شاعیرە، كەوتویەتی:

أصح وأعلى ما سمعناه في الندى من الخبر المروي منذ قديم[1]
أحاديث ترويها السيول عن البحر عن كف الأمير تميم[2]

تەمیم زانایەكی گەورە بووەو شاعیرێكی ناسكیش بووە،لە یەكێك لە شیعرەكانی وتویەتی :

فإما الملوك في شرف و عز على التأريخ في أعلى السرير
و اما الموت ظبا العوالي فلست بخالدا ابدا الدهور[2]

ابن الأثيريش وتویـەتی: تـەمیم پادشـایەكی دلێـرو بـە جـەرگ و ئـازاو زیـرەكو هۆشـیار بووەو، زۆر نەرم ونیان بووەو لێبوردە بووە بەرامبەر تاوانە گەورەكان ،شـیعری زۆر چـاك و بـە پێزیشـی هەیـە لـە وانـە، كاتێـك جـەنگێك ڕوویـدا لـە نێـوان دوو هـۆزی عـدیو ریـاح لـە عەرەبـەكان،جا لـە ریـاح پیاوێـك كوژرا،پاشـان هـەردوولا سـولحیان كـردو خـوێنی كـابرای بكوژیان حەلال كرد، ئەگەر چی ئـەو سـولحە زەرەری هـەبوو بـۆ تـەمیمو وڵاتەكـەی بـەڵام، چەند دێرە شیعرێكی وت: كە تێیدا داوای خوێنی خۆی دەكردەوە، كە وتویەتی:

متى كانت دمائكم تطل أما فيكم بثأر مستقل
أغانم ثم سالم إن فشلتم فما كانت أوائلكم تذل
ونمتم عن طلاب الثأر حتى كان العز فيكم مضمحل
وما كسرتم فيه العوالي ولا بيض تفل، ولا تسئَل.

جـا برایـەكانی كوژراوەكـە ئـەمیرەكیان لـە عـەدی كوشـت، بەمـەش شـەڕ لـە نێوانیانـدا هەڵگیرساو، خەڵكێكی زۆر كوژراو، سەرئەنجام توانیان بنی عەدی لە ئەفریقیا دەربكەن.[1]

١ـ البداية و النهاية ب ١٢ لا ١٨١

٢ـ تأريخ الفتح العربي في ليبيا ص ٣٠٢

له وته بەنرخەكانی موعیز كە ببوە نموونە لە ئەفریقیە أسرار الملوك لا تذاع[2] واتە نهێنیەكانی پادشا پارێزراوەو نابێ بڵاوبكرێتەوە.

پاشان دوای ئەوەی دەوڵەتی زیری هەیبەتو گەورەیی بۆ گەڕاوە تەمیم لە ساڵی (٥٠١) كۆچی دوایی كرد.

دووەم: یحیى بن تمیم بن الموعیز بن بادیس:

له ساڵی(٤٩٧) كۆچی لە (٦)ی مانگی ذي الحجة باوكی، كە هێشتا لە ژیاندا مابوو ویلایەتی دا پێی،كە تەمەنی(٤٣) ساڵ و شەش مانگ و بیست ڕۆژ بوو ئەمیرێكی زۆر چاپوك بوو.[3]

كاتێك یەحیا هاتە سەر تەختی حوكم كەشتیەكی زۆری ئامادەكرد بۆ دوورگەی جربة ، هۆیەكەشی ئەوە بوو كە خەڵكەكەی ڕێگریان لە بازرگانەكان دەگرت و دەست بەسەریان دەكردن، ئەویش ئابڵۆقەی دانو جێگەیانی بەرتەسك كردەوە، ئەوانیش تەسلیمی بوونو، بڕیارياندا واز لە خراپەكاری بهێنن و ڕێگایی چاك سازیشیان گرتەبەر[4].

یەحیا زۆر گرنگی بەدەنگ و باس و هەواڵ و مێژوو پزیشكی دەداو، زۆریش عەودالی زانستی كیمیا بوو شارەزا بوو لێی، ڕۆژێك سێ لە باطینیەكان، كە وایان دەزانی شارەزانە لە زانستی كیمیا هاتنە لای ویستیان بیكوژن، بەڵام خوای گەورە پاراستی و نەیان توانی بیكوژن.

ذهبي وتویەتی: سێ غەریبە هاتنە لای یەحیا كەوایان پیشاندا شارەزانەلە زانستی كیمیا ، ئەویش شوێنی بۆ ئامادەكردن بۆ ئەوەی سەیریان بكاو، لە گەڵیشی گەورەی سوپاكەی إبراهیمو شریف ابو الحسن دانیشتبوون، یەكێك لەو سێ كەسە چەقۆیەكی دەرهێناو لە پاشای دا، بەڵام هیچی پێنەكرا و پادشا لێی داوەو دەست بەجێ لەوێ هەستا چوە شوێنێكی ترو دەرگای لە سەرخۆ داخست، ئەمجارە یەكێكی تریان لە شەریفی داو كوشتی،

١ـ الكامل ب٦ لا ٤٨٥

٢ـ هەمان سەرچاوە.

٣ـ تأريخ الفتح العربي في ليبيا ص ٣٠٢

٤ـ التذكار لا٣٩٧

بەڵام إبراهیم شمشێرەکەی دەرهێناو لەڕویان ڕاوەستا، ئەنجا مەمالیکەکان هاتن ئەوسێ کەسە باطینیەیان کوشت، واش گومان دەبەم، کە الآمرا العبیدي ئەوانەی ناردبێ[1].

یەحیا زۆر حەزی لە خوێندنەوە بووەو جیهادیشی زۆر لەلا خۆشەویست بووە ،کە چەند قەڵایەکی فەتح کرد کە باوکی نەیتوانی فەتحی بکا، زۆر میهرەبان و بەزەییش بووە بۆ بێ نەوایان و هەژارانو لەرۆژە سەخت و دژوارەکان خواردنی دەدا پێیان و،ئەهلی عیلم و عەقلی زۆر لە خۆی نزیك دەکردەوەو، بە سیاسەتێکی حەکیمانەش لەگەڵ عەرەبەکان دەجوڵایەوە ،ئەوانیش زۆر لێی دەترسان و وای کرد کە چلێسیان کۆتایی پێ بهێنێ... شارەزاییەکی باشیشی هەبوو لە زانستی ئەستێرەکان و، دەم وچاوێکی گەشی شینی هەبوەو خاڵێکشی لەرووی هەبوەو لە درێژیان کەمێك بە لادا هاتبوو،لاقەکانیشی باریك بوون[2].

زۆر شاعیری هەبوونە، کە لای دانیشتوونەو بە شیعرەکانیان مەدحیان کردوەو لە کتێبەکانیشان تۆماریان کردوە، لە کۆی ئەو شاعیرانە ابو الصلت بن عبدالعزیزو أمیة بن أبي الصلت ئەو شاعیرەی ،کە بەردەوام لە لای بووە و بە هۆنراوەکانی زۆر بەباشی مەدحیان کردووە ،جا لە کۆی ئەو مەدیحانەی وتویەتی ئەوهۆنراوەیەیە :کە دەڵێت:

فارغب بنفسك إلا عن ندى و وغى — فالمجد أجمع بين البأس و الجود
كدأب يحيا الذي أحييت مواهبه — ميت الرجاء بأنجاز المواعيد
معطي الصوارم والهيف والنواعم — جرد الصلادم والبزل الجلاعيد
أشم أشوش مضروب بسرادقه — على أشم بفرع النجم معقود
إذا بدا بسرير الملك محتبيا — رأيت يوسف في محراب داود

پاشان هەر لە درێژەی هۆنراوەکەدا وتویەتی :

هذي موارد يحيا غير ناضبة — و ذا الطريق إليها غير مسدود
حكم سيوفك فيما أنت طالبه — فالسيوف قضاء غير مردود[3]

١ـ سير اعلام النبلاء ب١٩ لا ٤١٤

٢ـ وفيات الأعيان ب٦ لا٢١٤.

٣ـ وفيات الأعيان ب٦ لا ٢١٥

ئەمیر یەحیا لە ساڵی(٥٠٩) کۆچی بەهۆی نەخۆشیەك وەفاتی کرد ، کە باطینیەکان هێرشیان کردە سەری بۆ ئەوەی بیکوژن، جا بە هۆی ئەو نەخۆشیە وەفاتی کرد[١].إبن الأثیر وتویەتی: لە ڕۆژی چەژنی قوربان لە ناکاوی وەفاتی کرد، تەمەنیشی پەنجاو دوو ساڵو پانزە ڕۆژ بوو، ماوەی حوکم کردنیشی هەشت ساڵ و پێنج مانگ و بیست پێنج ڕۆژ بوو، لە دوای خۆشیی(٣٠) کوڕی بەجێهێشت، عبدالرحمن بن محمد بن حمیس الصقلی بە شیعرێك سەرەخۆشی لێکردوەو پیرۆزبایشی لە کوڕەکەی کردوە بەبۆنەی بوونی بە پادشا، کە وتویەتی:

ما أغمد الغضب إلا جدد الذكر	ولا إختفى القمر حتى بدا قمر
بموت یەحیا أمیت الناس كلهم	حتى إذا ما عليه جاءهم نشروا
إن يبعثوا بسرور من تملكه	و عينها من أبيه دمعها همر
شقت جيوب المعالي بالأسى	في كل أفق عليه الأنجم الزهر
و قل لابن تميم حزن مادهما	فكل حزن عظيم فيه محتقر
قام الدليل و يةحيا لاحياة له	إن المنية لا تبقي و لا تذر[٢]

سێهەم :ئەمیر عەلی کوڕی یەحیای کوڕی تەمیمی کوڕی موعیز:

لە ڕۆژی (١٥)مانگی (صفر)لەساڵی (٤٩٩) کۆچی لەدایك بووە ، باوکی کردیە والی لەسەر صەفاقسو پاش مردنی باوکی کاروباری حوکمی گرتە دەست. پاش دوو ساڵ لەحوکم ڕانی عەلی کەشتی گەلێکی لە دەریا ئامادەکردو ڕەوانەی شاری قابسی کردو ئابلۆتەی لەسەر دانان،إبن الاثیر باسی هۆکاری ئەمەی کردوەو وتویەتی: هۆی ئەم هێرشە ئەمە بوو،کە حاکمی ئەو شارە رافع بن مکن الدهمانی کەشتیەکی ئامادەکرد بۆ ئەوەی بازرگانەکان هەڵبگرێ ئەم ڕۆژەی ئەو ڕووداوەشی لێ ڕوودا دواین ڕۆژی مەلیك یەحیا بوو،ئەم کارەشی قەدەغە نەکرد،ئەمەش وەك نەریتی خۆی لە مامەڵە کردندا،جا،کە عەلی لە پاش باوکی کاروباری حوکمی کەوتە دەست، ،سەر لە نوێ ئەم کارەی قەدەغە کردو وتی:نابێ کەس لە خەڵکی ئەفریقیە وەکو من کەشتی هەبێت و بازرگانەکان سوار بکا،رافیع کە ترسا لەوەی

١ـ إبن عذاري ب١لا ٣٠٦.

٢ ـ الكامل ب ٦ لا٥٢٤

عەلی ڕێی لێ بگرت هانای وەبەر ڕەجاری نەفرەتی برد بۆ ئەوەی سەری بخاو یارمەتی بدا لە ڕۆیشتنی کەشتیەکەی لە ناو دەریادا،جا دەم و دەست کەشتی گەلێکی ئامادە کرد بۆ قابس‌و بە لای مەهدیەش دا ڕۆیی، لێرە عەلی بەرێکەوتنەکەی نێوانیانی زانی.

کاتێك کەشتی گەلی ڕەجار لە مەهدیە تێپەر بوو،عەلی کەشتی گەلی خۆی بە گەر خست و شوێن پێی ئەوان ڕۆیی و،هەتا گەیشتە قابس،کاتێك خاوەنی کەشتی گەلی فەرەنجیەکان موسوڵمانانیان بینی کەشتیەکانی خۆیان بە گەڕ نەخست و کەشتیەکانیان گەڕانەوەو، کەشتی گەلی عەلیش ماویەوەو، ڕافیعیشی لەقابس ئابلۆقەداو، دوایی گەڕانەوە مەهدیە[1] پاش ئەو ڕافیعە ویستی ئابلۆقەی مەهدیە بدات بۆیە هەڵسا بە کۆکردنەوەی عەرەبە پەرتەوازەکان و سوپایەکی ئامادەکردو واشی نیشاندا، کە ئەو دەیەوێ بچێتە ژێر فەرمانی ئەمیر عەلی بەڵام ئەمیر بەو فێڵەی زانی گوێی پێنەداو شەڕی لەگەڵ کردو پۆتی شکاند هەتا هەندێك لە عەرەبەکان و هەندێکی تر هاتنە ناو کێشەکەو سولحیان لە نێواندا کردن.[2]

ئەمیر عەلی هەستی بە ترسناکی ڕەجار کرد ، کە گەورەی صقلیە بوو فەرمانی دەکرد بۆ نوێ کردنەوەی کەشتیەکانی و ئامادەی کردنی کەل و پەل و کەرستەی شەڕ بۆ لە ناوبردنی هێزە دەریاییەکەی ڕەجارو نامەشی بۆ ئەو مورابیطانەش نووسی، کە لە مەراکش بوون بۆ ئەوەی لەگەڵی کۆببنەوەو بچنە نێو صقلیە، ڕەجار کە بەمەی زانی وازی لەشەڕو شۆڕەکەی خۆی هێنا، ئەمیر عەلی بن یەحیا خاوەنی ئەفریقیە لە دە ڕۆژی ئەخیر لەمانگی ربیع الآخر دا وەفاتی کرد، کە جەنگەکان‌و کردەوەکانی تری بەڵگەبوو لەسەر هیممەتی بەرزی، کە وەفاتیشی کرد حەسەنی کوڕی لە جێگەی خۆی دانا، بەڵام ئەوەی کاروباری دەوڵەتەکەی هەڵدەسوڕاند صەندەل الخصی بوو، چونکە ئەوکات حەسەن تەمەنی دوانزە ساڵان بوو بەتەنیا نەیدەتوانی کاروباری وڵات بەڕێوە ببات، صەندەل بە باشترین شێوە بەو کارە هەڵسا بەڵام تەمەنی لەم کارە زۆر درێژ نەبوو ، کە وەفاتی کرد جیاوازی کەوتە نێوان هاوەڵان و گەورە پیاوانی‌و هەموویان دەیانوت: من لە هەموویان لە پێشترم و حەلل و عەقد بەدەستی منە، ئەوان هەر ئەوها مانەوە تا کاروبارەکە کەوتە دەست سەرکردیەك لە

١ـ الكامل ب٦ لا٥٤.

٢ـ الكامل ب٦ لا٥٢٤.

برادەرانی باوکی، کە ناوی ابو عزیز موفق بوو، بەم جۆرە جیاوازی نەماو بارودۆخە ئاسایی بوویەوە.[1]

چوارەم: ئەمیر حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی یەحیای کوڕی تەمیم:

لە سوسە لە ساڵی(٥٠٢) کۆچی لە دایك بووە، باش باوکی کاروباری وڵاتی گرتە دەست و لە سەردەمی ئەو چەند ڕوداوێك ڕوویدا، کە باسکردنی درێژە دەکێشێ، دەوڵەتی حەسەن بێهێز بوو وای لێهات بووە ئامانجی فەلە داخ لەدڵەکانو، زانیان، کە بارووداوخەکە لە بارە بۆ داگیرکردنی باشوری دەریای ناوەڕاست و سەرشۆڕکردنی موسڵمانان، ڕەجاریش توانی طرابلس و مەهدیە داگیر بکات.

کاتێك حەسەن بن علی لە مەهدیە دەرچوو دەیوت: سەلامەتی موسوڵمانانم پێ باشترە لە کۆشك و تەلارو موڵك.

حەسەن ویستی بۆ لای عوبەیدیەکانی میسر بچێت ، بەڵام دوایی وازی لەم بیرۆکەیە هێناو چوو بۆ لای کوڕە مامەکەی، کە سەرۆکی دەوڵەتی حەمادیە بوو لە مەغریبی ناوەند جا کوڕە مامەکەی بەندی کردو ئیقامەی جەبری لەسەر دانا لە ترسی ئەوەی نەوەك پەیوەندی بە عبدالمؤمن بن علی خەلیفەی موەحیدینەوە بکات، بەڵام حەسەنی کوڕی عەلی هەر توانی پەیوەندی بە خەلیفەی موەحیدین بکات و بچێتە ژێر دەسەڵاتی و دواتر پێکەوە کاریان کرد بۆ ڕزگارکردنی زەوی موسڵمانانو ئەو کەنارانەی لە بن دەستی نەصرانیەکان بوو ڕزگاریان کردو زۆریش بە خیلافەتی موەحیدینەکان ڕازی بوو.لەڕاستیدا جیاوازیەکی زۆر هەیە لە بارەی ئەم ساڵەی حەسەنی تێدا مردوە، بەڵام شتێکی جەخت کراوە، کە لە پاش ساڵی(٥٥٥) کۆچی وەفاتی کردوە، کاتێك دەچوو بۆ پایتەختی موەحیدین لە ڕێگا وەفاتی کرد.

بە کەوتنە دەستی مەهدیە لەلایەن نەصرانیەکان بە سەرکردایەتی رجار الصقلي لە ساڵی (٥٤٣) کۆچی دەوڵەتی بنی زیری کۆتایی پێهات، پاش ئەوەی موڵکەکەی لەسەر زەوی ئەفریقیەو مەغریبی ناوەند نزیکەی (١٨٠) ساڵی خایاند لە دامەزرێنەری یەکەمەوە

١ـ موسعة المغرب العربي ب٤ لا ٨٢ـ ٨٣.

بەلكین كە دەكا ساڵی (٣٦٢) كۆچی هەتا وەكو حەسەنی كوڕی عەلی كە دەكاساڵی (٥٤٣)ی كۆچی. پێش ئەوەی بچینە ناو هۆكارەكانی ڕووخانی دەوڵەتی زیری بەتایبەتی دەوڵتی عوبەیدی ئەوا ڕوونی ئەو شتە دەكینەوە ، كە لە تەرابلس ڕوویدا لەو هێرشە دڕندانەیەی،كە لەلایەن نەصاری كرایە سەریانو هەروا باس كردنی ئەو ڕووداوانەی لەو ماوەیەدا ڕوویان داوە.

أ- والیی تەرابلس لەسەردەمی ئەمیر حەسەنی كوڕی عەلی صەنهاجی:

ناوی محمدی كوڕی خزرونی كوڕی خلیفەی كوڕی وروە.. پاش شاه عبد الملك والیی تەرابلس بووە.شێخەكانی بنی مطروح زۆر لێی نزیك بوونەوە چونكە ئەوان لەتەرابلس خاوەن دەسەلات بوون ،ئەویش كاروباری سەربازی دایە دەستیانو هەر بەگوێی ئەوانیشی دەكردو چیدیكە گوێڕایەڵی حەسەنی كوڕی عەلی نەكردوو،پارەو پولی بۆ نەناردوو ڕاشیان گەیاند كە ئێمە گوێڕایەڵی عوبەیدیەكانین لە میسر.

ب – ڕەجار هێرش دەكاتە تەرابلس:

لەساڵی (٥٣٧)كۆچی ڕەجار هێرشی كردە سەر تەرابلوس و بەكەشتیەكانی ئابلۆقەی داو دیوارەكانی شارەكەشیان كون كرد، خەڵكەكەی تامردن بەرگریان لەشارەكەیان كردو داوایی یارمەتیشیان كرد لە عەرەبەكانی دەوروبەریان ئەوانیش بەدەم داواكاریەكەیان هاتن و یارمەتیان دان، ڕەجار نەیتوانی بچێتە ناو شارەكە بۆیە بەدۆڕاوی و سەرشۆڕی بەرەو صقلية گەڕایەوەو تەرابلسیەكانیش توانیان هەندێك چەك و كەرەستەی سەربازی بە غەنیمەت بگرن و إبن خزرونیش بەتەنێ لە تەرابلس ماوە، كە پلانی دادەڕشت و كاروباری شارەكەی بەڕێوە دەبردو گوێڕایەڵی عوبەیدیەكانیش بوو لەمیسر.[1]

ج – گرانیەكەی تەرابلس:

لەساڵی (٥٠٤) كۆچی تەرابلس تووشی برسیەتیەكو گرانیكی كوشندەبوو، هەندێك خەڵكی ناوچەكە ناچاربوون وڵاتەكەیان بەجێبهێڵن و چۆڵی بكەنو محمد بن خزونیش

١- تأريخ الفتح العربي في ليبيا لا ٣٠٥

لەسەر دانیشتوانی ولاّت زۆر توند بوو، ژیانی خەڵکی ناخۆش و تەنگ کردبۆوەو رۆژ بەرۆژیش توندو تیژیەکەی لەزیادبووندا بوو.

بنو مطروحیش لەپیاو ماقولاّن و کاربەدەستانی تەرابلس بوون و زۆریش یارمەتی محمد بن خزونیان دەدا، بەلاّم لە بەر توندوتیژی رقیان لیّ هەستاو هەولّیاندا لای بدەن‌و، خەڵکیان کۆکردەوەو، هەموو پێکەوە محمد بن خزون‌و دارودەستەکەیان شاربەدەرکرد، رەجاریش کە حاکمی صقلیە بوو لە نزیکەوە دەیڕوانیە ئەو کێشەو دووبەرەکیە.

جا رەجار بارودۆخەکەی وەك هەلێك قۆستەوەو، زۆر سودیشی بینی لەو گرانیەو لەو شۆڕشەی خەڵکی کردیان لەسەر إبن خزرون ،رەجار ویستی تۆڵە لە دۆڕانەکەی یەکەمی بسەنتەوە بۆیە لەساڵی(٥٤١) کۆچی سەربازو کەشتیەکانی ئامادەکردو هێرشی کردە سەر تەڕابلس و بەبێ بەرگری داگیری کردو چووە ناویەوە.

بەکۆتایی هاتنی إبن خزرون حوکمی بنی خزرون لە تەرابلس کۆتایی پێهات.

سەرکردەی کەشتی گەلی رجار ناوی جرجی بن میخایل الأنطاکي بوو، کە لەشام بە بەردەوامی لەگەڵ تەمیمی کوری موعیز دابوو ئەوا بوو بەحاکم لەسەر تەرابلس و داوای سەلامەتی و ئەمانی لەخەڵکەکەی کرد ، ئەوانیش دایانیّ‌و،ئەویش پەیمانی دانیّ، کە بە پێچەوانەی ئاینەکەیان شتیان لەسەر فەرز نەکات.

جا ئەوە یەکەم جار بوو فەلە داخ لەدڵەکان دەست بگرن بەسەر تەڕابلس، بەلاّم لە هەولّدانی یەکەم لە ساڵی (٥٣٧) کۆچی نەیان توانی تەرابلس داگیر بکەن.[١]

رەجار ویستی هەر بەهۆی یارمەتی خەڵکی تەرابلس زالّ بێت بەسەر تەرابلسدا بۆیە کردیە ویلایەتەك‌و یوسفی کوڕی زیری کە نازناوەکەی ابو الحجاج بوو، کردیە قازی بە سەریدا، جا رافع بن مطروح دوانزە ساڵ حوکمی کرد لە گویّ ڕایەڵیشدا هەر سەر بە رەجار بوو.

١ـ تأريخ الفتح العربي في ليبيا لا ٣٠٧

پێم وایە لەبەر ناچاری رازی بوو کار بکات لە ژێر چەتری نەصرانیەکان بە شێوەیەك، کە لە دەرێی تواناو ویستی دابووە، بەڵام بە هەموو هێزو توانای هەوڵی دەدا لەسەر خەڵکی زەرەرو زیان کەم بکاتەوە.

رەجار کە حوکمی نێوان مەهدیە و تەرابلسی دەکرد، بێجگە لە قابس ئەوا لە ساڵی (٥٤٨)ی کۆچی مردو لە دوای خۆی کورەکەی غالیالم جێگەی گرتەوەو ناویشی لە خۆنا رەجاری دووەم . غالیالم لە باکوری ئەفریقی زۆر بەهێزو دەسەڵات بوو توانی شاری قابسیش بهێنتە ژێر حوکمی خۆی، ئەو پیاوە زۆر بەتوندی مامەڵەی لەگەڵ موسڵمانانەدا دەکرد، جا لەحوکمەکەی بێزار بوون و لەگەڵ بەدیارکەوتنی دەعوەی موەحیدینیش لە ئەفریقیەو نزیك بوونەوەیان لە مەهدیە چالاك بوونەوەو گەشانەوە.

شۆڕشی چەکداری دژی غالیالم لە صەفاقس دەستی پێکردو هەتا گەیشتە وڵاتە کەناریەکانو دەوروبەری تەرابلس، غالیالم ترسا لەوەی تەرابلسیەکان پەیوەندی بە موەحدینەکان و شۆڕشەکەوە بکەن بۆیە فیتنەو ئاشوبێکی لە نێوان خەڵکیدا هەڵگیرساند بۆ ئەوەی شۆڕشیان لە بیر بباتەوەو هەر بیری لێ نەکەنەوە... داوای لە خەڵکی تەرابلس کرد، کە جنێو بە موەحیدینەکان بدەن، بەڵام خەڵکی تەرابلس بەوە ڕازی نەبوون و پەنایان بردە بەر ابو الحجاج و داوایان لێکرد بەوەی غالیالم تێبگەینێ، کە ئەو داوا کاریەکەی لە ئێمەی دەکا پێچەوانەی ئایینە، جا قازی توانی ئیقناعی بکا بەوەی لەو کارە عەفویان بکا.

بەڕاستی هەڵسو کەوتی غالیالم لەگەڵ تەرابلسیەکان وای لێکردن شۆرش بکەن لە دژی، ئەمەش بەهۆی ئەم زوڵم و ستەمو کارانەی ئەنجامی دەدا، جا شۆڕشەکە بەسەرکردایەتی رافع بن مطروح دەستی پێکردو توانیان تەرابلس لە ژێر دەستی نەصرانیەکان لە ساڵی (٥٥٣)ی کۆچی ڕزگار بکەن ، رافع بن مطروحیش لە بەر پلەو پایەو ڕێزی لەلای تەرابلسیەکان بوو بە حاکمیان، لەگەڵ بەرفراوان بوونی موەحیدەکان لەباکوری ئەفریقیە

تـەرابلس چـووە ژێـر حـوکمی گـەورەی موەحیـدەکان عبـدالمؤمن بـن علـي ئەمـەش لـە ساڵی(٥٥٥) کۆچی بوو.[١]

تەوەرەی شەشەم : هۆکارەکانی ڕووخانی دوڵەتی زیری لەباکوری ئەفریقیا.

١ـ دەوڵـەتی زیـری نـەیتوانی یـەکێتی بـاکوری ئـەفریقیا بپـارێزێ و یـەکی بخـات لەبـەر بـە دیارکەوتنی هەندێك هۆزی دژ بە صەنهاجیەکان وەکو هۆزی زەناتە، کە هاوپەیمانی بەست و ڕێککەوت لە گەڵ ئەمەویەکانی ئەندەلوس.

٢ـ ئەو دابەش بوونە ناخۆییەی، کە لە خێزانی زیریەکان ڕوویدا بـوو بـە هـۆی سـەرهەڵدانی دەوڵەتی حەمادیە لە مەغریبی ناوەند.

٣ـ بەردەوام بوونی شەڕو شۆڕ بۆگەیشتنە دەسەڵات لە نێوان صـەنهاجیەکانو زەناتیـەکان و کەتامیەکان وای کرد دەوڵەتەکە لاوازبێت لە بەردەم هەڕەشە دەرەکیەکان.

٤ـــ فـێڵ کردنـی بـاطنیـەکان لەدەوڵـەتی زیـری خـۆی نوانـد لـە هەوڵـدان بـۆ کوشـتنی سوڵتانەکانیان و ڕەوانەکردنی هۆزی بنی هلال و بنی سلیم بۆ تۆڵە سەندنەوە لـە سـوڵتانی دەوڵەتی زیری موعیز بن بادیس.

٥ـ جودا بوونـەوەی هەنـدێك شـار لـە پایتـەختی دەوڵـەتی زیـری ئەمـەش بـە هـۆی هـاتنی لێشاوی عەرەبی ،کە لەلایـەن بـاطنیـە داخ لـە دڵەکانـەوە پاڵپشـتی دەکـران. سـوڵتانەکانی دەوڵەتی زیری هەوڵیاندا بۆ گەڕاندنەوەی ئەو شارە دابڕاوانە، کە لەو پێنـاوەدا قوربانیـەکی زۆریان دا بۆ ئەوەی تونس لە ژێر دەستی بنی خوراسان ڕزگاربکـەنو صەفاقسـیش لـە ژێـر دەستی برغواطي ڕزگار بکانو فاسیش ڕزگار بکەن لە بنی جامع.

٦ـ ئەو داگیر کردنە خاچ پەرستیەی لە پشت دەریایی ناوەڕاسـتەوە هـات و هـەروا کێشـەو شەری زیریەکان لەگەڵ ئەو سەربازە دڕندانـەی لـە ئـەوروپاوە هـاتن، ئـەوا ئـەو داگیرکردنـە لەلایەن نەصرانیەکان دەستی پێکرد پاش ئـەوەی هێـزی النورمـان دەسـتی گـرت بـە سـەر

١ـ تأريخ الفتح العربي في ليبيا لا ٣٠٧

دوورگەی صەقلیە لە ساڵی (٤٨٤) کۆچی و دوورگـەی جربەشـیان لـە سـاڵی (٥٢٩) کۆچـی داگیر کردو دواتر بەرەو فاس هەڵکشان و لەساڵی (٥٤٢)کۆچیداگیریان کرد جـا ئـەو کێشـە ناوخۆییانەی لە نێـوان زەناتـە و عەرەبـەکان و بنـی حمـاد ڕوویانـدا وای کـرد هێـزو توانـای دەوڵەتی زیري کەم بکاتو، وای کرد سانا بێت بۆ خاچ پەرستەکان بۆ ئەوەی کۆتایی بێـنن بەدەوڵەتی الصنهاجیة الزیریة ئەمەش بۆ خاچ پەرستەکان هاتەدی کاتێك مەهدیە لـە سـاڵی (٥٤٣) کۆچی داگیرکرا.

٧ـ کۆچ کردنی زاناو فەقیهەکان لە قەیرەوانو مەهدیە بۆ ڕۆژئاوای ناوەڕاست و بۆ مەغریبی ناوەند.

٨ ـ بازرگانی و پیشەسازی و کشت وکاڵ تووشـی نەگبـەتی و نەهامـەتی و قـات قوریـەکی زۆر هات ئەمەش لـە ئـەنجامی ئـەو تێکچـوون و کێشـە ناوخۆییانـەی ڕوویانـدا ،کـەوای کـرد خەڵکی کۆچ بکەن بۆ ئەندەلوسو صەقلیەو ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی.

کاربەدەستانی بنی زیری لە قەیرەوانو مەهدیە

١ـ بلكین بن زیی بن مناد بن منقوش الصنهاجی.٣٦٢ـ ٣٧٤ـ ٩٧٣ـ ٩٨٤.

٢ـ المنصور بن بلكین بن زیری ٣٧٤ـ ٣٨٦ـ ٩٨٤ـ ٩٩٦

٣ـ بادیس بن المنصور بن بلكین ٣٨٦ـ ٤٠٦ـ ٩٩٦ـ ١٠١٥.

٤ـ الموعیز بن بادس بن منصور ٤٠٦ـ٤٥٣ـ ١٠١٥ـ ١٠٦٢.

٥ـ تمیم بن الموعیز بادیس: ٤٥٣ـ ٥٠١ـ ١٠٦٢ـ ١١٠٧.

٦ـ یەحیا بن تیمیم بن الموعیز بن بادیس: ٥٠١ـ ٥٠٩ـ ١١٠٧ـ ١١١٦.

٧ـ علی بن یەحیا بن تمیم ٥٠٩ـ ٥١٥ـ ١١١٦ـ ١١٢١.

٨ـ الحسن علی بن یەحیا ٥٠٩ـ ٥٤٣ـ ١١٢١ـ ١١٤٨.

باسی چوارەم:

هۆکارەکانی

ڕووخانی دەوڵەتی

عوبەیدی

لـه هۆكارەكـانی ڕووخـانی دەوڵـەتی عوبەیـدیو داكشـانی شە پۆلی بـاطنیـەكانو دەست تێوەردانی نصرانیە خاچ پەرستەكان

١ـ مەغاريبەكان لـەڕووی شـەپۆلی عوبەیدیـە بـاطنیـەكان بەرگریـەكی دلێرانـەیان ئـەنجام دا ئەمـەش بـە قیـادەكردنی زانـاو فـەقیهو فەرمودەناسـەكان، كـە وای لـە سـەركردەكانی عوبەیدیەكان كرد بڕیار بدەن موڵك وحوكمی خۆیان بۆ میسر بگوازنەوە.

٢ـ بە دیاركەوتنی قائیدی ئیسلامی موعیز بن بادیس البربری المغربی، كـە بـاڵی سیاسی و سەربازی و عەقەدی خۆی پچڕاند لە گەڵ دەوڵەتی عوبەیدی لە میسر.

٣ـ كێشەی دەوڵەتی عوبەیدی لەگەڵ قەرامیتەكان لە شام ئەمەش تەنها لە پێناوی چلێسی دونیا.

٤ـ پشت بەستنی عوبەیدیەكان بە نەصرانیە ئەوروپیەكان بـۆ ڕاوەسـتان دژی پێشكەوتنی سەلاجیقەكان لە وڵاتی شام، پاشان نەصرانیەكان غـەدریان لێكـردن پـاش ئـەوەی هـاتن و دەوڵەتی عوبەیدیان لەمیسر ڕیسواو زەلیل كرد.

٥ـ میسریەكان مەزهەبی عوبەیدیە باطنیەكانیان ڕەتكردەوەو زانایـان و فەقیهـەكانی گـەلی میسریش كۆششێكی بێ وچـان و بـەردەوامیان كـرد بـۆ ڕووخانـدن و پوكانـەوەی دەوڵـەتی عوبەیدیە باطنیەكان.

٦ـ گەڕانەوەی دەوڵەتی عەباسی بۆ دەست پێوەگرتنی قورئان وسوننەت و بانگەشە كـردن بۆیان، سەرەتایی گەڕانەوەش خەلیفە قائم باللە لە ساڵی (٤٠٨) كۆچـی دەسـتی پێكرد،كـە تۆبـەی بـە فەقیهـەكانی موعتەزیلـە كـردوو ئـەوانیش تۆبـەیان كـردو نكۆڵیـان لـە بیرۆكـەی إعتزالو رفض كردو پەشیمان بوونەوە لەو شتانەی پێچەوانەی ئیسلام بوون.[١]

سوڵتان محمود بن سبكتكین بەدەم فەرمانی أمیرالمؤمنینـەوە هـاتو، لەسـەر سـوننەتی ئـەویش ڕۆیشـت لەسـزادانی موعتەزیلـەو ڕەوافیـزە ئیسـماعیلیەكانو ، هەڵسـا هـەموو بیدعەچیەكانیشی لە جێگای خۆیـان دووركـردەوەو دەریكـردنو كتێبـە فەلسەفیەكانیشـی

١ـ الكامل ب٩ لا٣٠٥.

سوتاند.[1] موجاهیدی سوارچاك محمود الغزنوی شەپۆلی ئیسماعیلیە باطنیەکانی بەرەو داکشان برد بۆ بیلادی هیندو بیلادی ئەفغانستان.

إبن کثیر لە بارەیەوە وتویەتی: پادشای بەرزو موجاهیدی سەنگەر ابو القاسم خاوەنی بیلادی غەزنە و دەوروبەری، زۆر ولاتی فەتح کردوە، لەوانە: ولاتی: هیند، کە نە لە پێشە خۆی، نە لەدوای خۆی بۆ هیچ پادشایەکی تر ڕێك نەکەوتووەو غەنیمەتێکی زۆریشی جنگ کەوتوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دیندار بووەو زۆریش گوناهو تاوانو ئەنجامدەرانی بوغزاندوەو، زۆریش زاناو فەرمودەناسەکانیشی خۆش ویستوەو زۆریش ئەهلی خێرو دینی لە خۆ نزیك کردوەتەوەو خۆشی ویستوونە.[2]

کاتێك عوبەیدیەکان لەمیسر ویستیان بە دیاری و پارەو ماڵ دەمی چەور بکەن بۆ ئەوەی لە ولاتەکەی خۆی پروپاگەندەیان بۆ بکات، هەڵسا بە سوتاندنی کتێب و دیارەیەکانیان[3] و نێردراوەکەشیانی، کە ناوی تاهیرتی بوو کوشتی و ئێسترەکەشی بە دیاری پێشکەش بە قازی ابو المنصور محمد الأزدي کردو وتی: ئەو ئێسترە سەرکردەی خوانەناسان سواری پشتی دەبوو ئێستاش با سەرکردەی یەکتاپەرستان و [4]خواناسان سواری پشتی بێت.

ئەو پادشایە سوننیە چاکە توانی لەولاتەکەی هێزی ئیسماعیلیەکان و بیدعەچیەکان بشکێنێ، خوا پاداشتی بە خێری بداتەوە، ئەو پادشایە موجاهیدە لە ساڵی(٤٢١)ی کۆچی وەفاتی کردو، دەوڵەتەکەشی ماوەیەکی درێژ لە غەزنە بەردەوام بوو نەوەکەشی وەکو خۆی بەردەوام بوو لەسەر هەڵس و کەوتو سیاسەتە باشەکەی، غەزنەویەکان بەردەوام بوون لە حوکم کردنی هیند بەمەزهەبی ئەهلی سوننە تا سەدەی سیانزەهەمی کۆچی هەتا ئەو کاتەی ئینگیزەکان هاتن و دوایی، کە ڕۆیشتن دەسەلاتیان دا دەست هەنادیکەکان.[5]

١ـ البداية والنهاية ب١٢ لا٢٨ـ ٣٢

٢ـ البداية والنهاية ب١٢ لا٢٨ـ ٣٢

٣ـ البداية والنهاية ب١٢ لا٣٢ـ ٤٢، وأيعيدالتأريخ نفسه؟ لا ٦٦ـ ٦٨، والروضتين لا٣١.

٤ـ أيعيدالتأريخ نفسه؟ لا٦٦

٥ـ هەمان سەرچاوە.

٧ـ له ولآتی خوراسان سه‌لاجیقه سوننیه‌کان به دیارکه‌وتن و ده‌سه‌لآتیان درێژبوویه‌وه هه‌تا گه‌یشته پایته‌ختی خیلافه‌و، توانیان له‌سالّی (٤٤٨) کۆچی بوه‌یهیه‌کان له ناو ببه‌ن ، به‌مه ده‌وله‌تی بوه‌یهی شیعی له ناوچوو، هه‌روه‌ها توانیان فیتنه‌ی به‌ساسیری شه‌ڕانگێز کۆتایی پێ بهێننو، له سالّی (٤٤٨) کۆچی توانیان ئه‌و جنێوه ناشیرنانه‌ی، که به هاوه‌لّه‌کان درابوو له سه‌ر ده‌رگایی مزگه‌وته‌کان نوسرابوو بیسڕنه‌وه، سه‌رکرده‌که‌شیان فه‌رمانی کرد أبی عبدالله الجلال بکوژن، که شێخی ڕه‌وافیزه‌کان بوو زیاده‌ڕۆیی ده‌کرد له مه‌سه‌له‌ی ڕه‌فز.

له‌سه‌رده‌می ئه‌لب ئه‌رسه‌لان ،که سه‌رۆکی سه‌لاجیقه‌کان بوو، ئه‌و ڕێزو به‌هاو قه‌دره‌ی که ئوممه‌ت له ده‌ستی دابوو گه‌ڕاوه بۆیان‌و ، توانیان چه‌ند سه‌رکه‌وتنێك به‌ده‌ست بێنن له سه‌ر نه‌صاراو، ئه‌لب ئه‌رسه‌لانیش توانی حه‌له‌ب‌و شام له‌ژێر چه‌پۆکی عوبه‌یدیه‌کان ڕزگار بکاو بیگه‌ڕێنێته‌وه بۆ خیلافه‌ی عبباسیه‌کان و له سالّی (٤٦٢) کۆچیش شاری مه‌ککه گه‌ڕاوه[1] بۆ ژێر ده‌سه‌لآتی عه‌بباسیه‌کان و توانی خۆی دا بمالّێنێ له شوێن که‌وتنی بۆ عوبه‌یدیه‌کان‌و سولّتان ئه‌لب ئه‌رسه‌لان وه‌ك دیاری سی هه‌زار دیناری دایه حاکمی مه‌ککه که ناوی محمد بن أبی الهاشم بوو.[2]

له‌سه‌رده‌می وه‌زاره‌تی نظام الملك حسن علي ده‌ولّه‌تی سه‌لجوقی گرنگی دابه پێدانی کاروباری قیادی ده‌ولّه‌ت بۆ ئه‌و سه‌رکرده‌و ئه‌میرانه‌ی خاوه‌ن ڕه‌وشتێکی جوان و دین و ئازایه‌تی بوون و، هه‌روا هه‌لّسان به بلآوکردنه‌وه‌ی زانستی ئه‌هلی سوننه، ابو شامة ی مێژوو نووس وتویه‌تی: کاتێك سه‌لجوقیه‌کان حوکمیان که‌وته ده‌ست ترس و هه‌یبه‌تی خیلافه‌تی نوێ کرده‌وه پاش ئه‌وه‌ی له ده‌ستی دابوو ئه‌مه‌ش به‌تایبه‌ت له وه‌زاره‌تی نظام الملك، که هه‌یبه‌ت و ڕێزو قه‌ده‌ری خیلافه‌تی به‌باشترین شێوه گه‌ڕانده‌وه[3].

نظام الملك حسن بن علي ئه‌و وه‌زیره باشه‌بوو ،که قوتابخانه‌ی گه‌لێك زۆری دروست کرد بۆ قوتابیان، که له سالّی ٤٥٩ کۆچی ته‌واو بوو له دروستکردنی قوتابخانه‌ی نیظامي له

١ـ أبعيدالتأريخ نفسه؟ ل٦٦

٢ـ أبعيدالتأريخ نفسه؟ ل٦٦

٣ـ والروضتين في أخبار الدوليتين ل٣١.

بەغدا، لە ولاَتی نەیسابورو هی تریش گەلێك قوتابخانەی تری دروست کرد، پاشان ئەو ئاڕاستەیە بەرەو میسریش چوو بۆ دروستکردنی قوتابخانەی سوننی، کە لەژێر حوکمی عوبەیدیە باطنیەکان بوو، وەزیر ظافر،کە ناوی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی سەلار بوو لە ساڵی ٥٤٤ کۆچی قوتابخانەیەکی دروستکردو حافظ السلفیشي کردە بەڕێوبەر لە سەری، کە ئەو قوتابخانەیە لە ئەسنکەندەریە تاکە قوتابخانەی شافعیەکان بوو ، هەروا قوتابخانەی عوفیەش لە ساڵی ٥٣٢ دامەزرا، کە بەڕێوبەرەکەی إبن الطاهر بن عوف المالکي بوو، ئامانجیش لە دروستکردنی ئەو دوو قوتابخانەیە ڕاوەستان بوو لە ڕووی مەزهەبی شیعی و بانگەشەکردن بۆ مەزهەبی سوننی[١].

مێژوونووس ابو شامە لەبارەی نظام الملك وتویەتی: زاناو فەقیهو دیندارێکی بێ نەفس و حاکمێکی دادگەربووەو ئەوەی دیندار بوایە خۆشی دەویست، بەبێ سنور ماڵی دەبەخشی و وەقفی دەکرد بۆ کاری باش، قوتابخانەکانیشی لە جیهان بەناوبانگن، کە شوێن نەما دروستی نەکا لێی هەتا دورگەی إبن عمر ،کە ڕووبەرەکەی پارچە زەویەکە قوتابخانەیەکی باش و چاك و گەورەی لێ دروست کردو، زۆریش ئاگای لە نوێژەکان بوو لە کاتی خۆی ئەنجامی دەدان بە جۆرێك، کە ئەوەی لێبڕاو (متفرغ) بوایە بۆ عیبادەتەکان ئاوای پێنەدەکرا[٢].

ئەو زانایە چاك وباشە بە دەستی غەدرو خیانەت کوژرا، کە باطنیەکان لە نزیك نەهاوەند لە (١٠)ی مانگی ڕەمەزان لە ساڵی (٤٨٥) کۆچی ئەم کارە پیس و گڵاوەیان ئەنجام دا [٣].

٨ـ زانایانی قوتابخانەی شافیعی زۆر چالاك بوون و لە سەرووی هەموویان إمام الحرمین ابو المعالي الجوینی ، کە زۆر گرنگی بە گیروگرفتەکانی سەردەمەکەی خۆی دەداو، لە سیاسەی شەرعیش کتێبە بەناوبانگەکەی نووسی غیاث الأمم في التیاث الظلم، کە لە گیروگرفتە واقیعیەکانی موسڵمانانی دەکۆڵیەوە، لە قوتابیە پێگەیشتوەکان و زیرەکەکانی پێشەوا جوینی ابو حامد الغزالیو کیاهەراسی بوون، کە غەزالی کتێبی إحیاء العلوم الدینی

١ـ أبعيدالتأريخ نفسه؟ لا٦٩

٢ـ الروضتين في أخبار الدولتين لا٥.

٣ـ البداية والنهاية ب١٢ لا١٥٠.

دانا، كه له نیەتی دابوو، ببێته یەكێك لەهۆكاری چاكسازی بۆ بارودۆخی موسڵمانان، بەڵام ئەو كتێبه ئەو ڕەخنەیەی لێ گیراوه، كه پڕه له فەرمودەی لاوازو موضوعو، هەروەها پڕیەتی له چیرۆكه بێ سەروبەرەكانی سۆفیەكانو هەندێك له قسەی خراپو پوچەڵی فەلاسیفەكان، كتێبەكەی چەند ڕوانینێكی چاكسازی تێدایه، كه دڵ و دەروون پاك دەكاتەوه، غەزالی بەم لێكۆڵینەوانه توانی كاریگەریەكی قوڵ بكات، له دەروونی مرۆڤەكان و واقیعی موسڵمانانی زۆر بەرەو باشتر برد[1].

پێش پێشەوا جووەینی پێشەوا ماوردی هەوڵیدا ڕێ خۆش بكات بۆ إمام الحرمين و هەڵسا به نووسینی كتێبەكەی الأحكام السلطانية بۆ چارەسەری گیروگرفتەكانی حوكم، كتێبی أدب الدين والدنياشی نووسی بۆ چارەسەركردنی گیروگرفتێكی ورد له ژیانی موسڵمانان ئەویش: چۆن به هاوسەنگیەكی شەرعی دین و دونیا پێكەوه گرێ دەدەی و كۆی دەكەیەوه؟

بەڕاستی زانایانی قوتابخانەی شافیعی سوننی وەك ابو إسحاق الشيرازي و قوتابیەكانی بەشداریان كرد له شكان و بەزینی بیرۆكەی ڕەفزو مەزهەبه باطنیەكان[2].

٩ـ بەدیار كەوتنی زانایه سەر ڕاست و دڵسۆزەكان ئەوانەی سەر به قوتابخانەی حەنبەلی بوون له بەغدا وەك شێخ ابو الوفاء بن عقيلو شێخ ابو الفرج الجوزي ،كه كاریگەریەكی یەكجار زۆریان هەبوو له گەڕانەوەی خەڵكی بۆ ئایین لەسەر بنچینەی ئەهلی سوننه، به تایبەت قوتابخانەی ابو سعيد المخرمي الحنبلي كه ڕۆڵێكی زۆر دیاری هەبوو له فێركردنی ئوممەت و پەروەردەكردنی به تایبەتیش، كه زانای خواناس عبدالقادر الجيلاني بووه بەڕێوبەری، كه گەروه زانایانی وڵاتانی شام دەهاتنه بەغدا بۆ فێربوونی فیقهی حەنبەلیو، پەیوەندی كردن بەو قوتابخانه عەقەدی و فقهيه، لەو زانایانەی له قوتابخانەیه پەروەردە بوون الحافظ عبدالغني المقدسي بوو، كه له ساڵی (٥٦٠) كۆچی له گەڵ الموفق إبن قدامة هاتن بۆ بەغدا، كه لەوێ عبدالقادر الجيلاني زۆر ڕێزی لێ گرتن[3].

١ـ أيعيدالتأريخ نفسه؟ لا٦٦

٢ـ هةمان سةرضاوة.

٣ـ وأيعيدالتأريخ نفسه؟ لا٦٦

ابو عمرو براكەی الموفق لەگەڵ عبدالغنی كوڕە خاڵیان و شێخ عیماد بە هیچ شێوەیەك دا نەدەبڕان لە هیچ غەزایەك، كە ناصر صلاح الدینی لەگەڵ بوایە بۆ وڵاتـی فەرەنجیـەكان، لـە فەتح كردنەی قودسدا[1] لە گەڵی بوون، ئەو زانایانە كاریگەریەكی زۆریان هەبوو لـە دەروونـی خـەڵكی و هانـدانیان بـۆ جیهـادو خۆبـەخت كردنـدا لـە پێنـاوی عەقیـدەو دژایـەتی كردنـی بیروبـاوەڕی عوبەیدیـە ئیسـماعیلیە بـاطنیـەكان و دیـار خسـتنی پیلاكانیـان و شـێوازە فێڵاوەكانیان.

الواعظ الفقیه الحنبلي الدمشقي علي بن إبراهیم بن نجا یەكێك بوو لە قوتابیانی قوتابخانـەی حەنبەلی لە بەغدا، كە خۆی داپاڵ صلاح الدین و پلەو پایەكی زۆری لەلای هەبوو، هەر ئـەو بوو یارمـەتی صـلاح الـدینی دا لـە دیارخسـتنی پیلانێكـی گـڵاوی عوبەیـدی، كـە وەك تۆڵـە سـەندنەوەیەك گێڕایـان بـۆ ئـەوەی ئـەهلی سـوننە لـە میسـر لـە نـاو ببـەن و دەوڵەتەكـەی خۆشیان بگەڕێننەوە[2].

خەڵكی لەوڵاتی شام زۆر دڵ خۆش بوون بە گەڕانەوەی سوننە بۆیان، ابـو مظفـر الجـوزي وتویەتی: شێخ عیماد بەر بـەردەوامی دەهاتـە كـۆڕو كۆبونـەوەم صـلاح الـدینیش دەیـوت: یوسف كەنارەكەی بۆ فەتح كردین و ئیسلامەتیشی ئاشكرا كرد تۆش ئـەی یوسـف لـە شـام سوننەتت ژیاندەوە[3].

العماد المقدسی ـ رحمه الله ـ لـە نوێـژی بەیانیـەوە تـا پشـتی نوێـژی عیشـا دادەنیشـت قورئانو تەفسیرەكەی بۆ خەڵكی ڕاڤە دەكردو ئیسلامی فێردەكردن، بەڕاستی قوتابخانـەی حەنبەلیە سوننیەكان ڕۆڵێكی زۆر كاریگەریان بینی لەدژایەتی كردنی نـەفامی و لـەناوبردنی رەفزو ژیاندنەوەی سوننەو، تیژكردنەوەی جیهاد لەدەرونی موسڵمانان.

١٠ـ هێرشە یەك لە دوای یەكانەی كاربەستانی سـەلاجیقەكان پێـی هەڵسـان بـۆ ڕیشـەكێش كردنی باطنیەكان، خزمەتێكی زۆرو سودێكی زۆری گەیاند بە جیهانی ئیسلامی لەوانە:

١ـ هەمان سەرچاوە.

٢ـ أبعيدالتأريخ نفسه؟ ل٧٠ـ ٧٣.

٣ـ هەمان سەرچاوەی پێشو.

لەساڵی (٤٣٦) کۆچی سوڵتانی بلاد ماوراء النهر بغراخان هەڵسا بە هەڵمەتێکی پیرۆز بۆ لەناوبردنی تایفەی ئیسماعیلی، سەرەتا ئەوانەی لە ناوبرد، کە دەوڵەتی عوبەیدی لە میسر وەك بانگخواز ناردبوونی، جا هەموویانی کوشت و نوسراوێکیشی نارد بۆ دەڤەرەکانی وڵات بەوەی ئەوانە بکوژن، بە کوشتنی ئەو عوبەیدیە باطنیانە، وڵات هێمن و ئارام و پاك بوویەوە، خەڵکی شاری ئەصبەهانیش ئەوانەی لە لایان هەبوون هەموویان کوشتن، لەمەدا پێشەنگیان مسعود بن محمد الخجندی بوو،کە فەقیهێکی شافیعی سوننی بوو.

لەساڵی (٥٠٠) کۆچی سوڵتان محمد بن ملکشا سەلجۆقی لە شەڕێکدا خەڵکێکی زۆری لێکوشتن و قەلای ئەسفەهانی لێ پاکردنەوە پاش ئەوەی ئابلۆقەی داو دواتر بەفرۆفێڵێك توانی گەورەکەیان إبن غطاش لە ناو ببات.[1]

لەساڵی (٥٢٣) کۆچی ئیسماعیلەکان ویستیان دیمەشق تەسلیمی خاچ پەرستەکان بکەن لە بەرامبەر ئەوەی ئەوانیش شاری صوریان تەسلیم بکەن، ئەمیری دیمەشق بەم پیلانەی زانی و هەڵسا بە کوشتنی گەورەکەیانو بە خەڵکیشی ڕاگەیاند، کە ئەوەی باطنیە بیکوژن، جا شەش هەزار کەسیان لێکوژراو ئەمەش لەمانگی ڕەمەزان ڕوویدا.[2]

لەڕووداوەکانی ساڵی (٥١١) کۆچی إبن الأثیر وتویەتی: سوڵتان محمد السلجوقی زانی، کە بەرژەوەندی وڵات و خەڵکی بەستراوەتەوە بەسڕینەوەی شوێنەوارو وێرانکردنی مۆڵگەکانیان و دەست بەسەراگرتنی حەسارو قەڵاکانیان، ئەوکەسەی لەو سەردەم گەورەیان بوو یەکێك بوو ناوی حسن بن الصباح الرازی بوو ، کە ماوەی حوکمی درێژەی کێشاو نزیکەی (٢٦) ساڵ دەستی بەسەر قەڵای مەوتدا گرت، ئەوانەی لە دەوروبەریشی بوون لە خراپترین بارۆدخ دابوون، چونکە زۆر هێرشی دەکردە سەریان و پیاوەکانی دەکوشتن، جا سوڵتان لەشکرێکی ئامادەکرد بە قیادەی أنوشتکین کە توانی چەند قەڵایەکیان لێ بسەنتەوەو پاشان بەرەو قەڵای مەوت ڕۆییو ماوەی یەك مانگ ئابلۆقەی دانو ئەوانیش مراوەغەیان دەکرد بۆ وەرگرتنی ئەمان بۆیە وازی لەقەڵایەکە هێنا، ئەو سەرکردەیە بەردەوام بوولە ئابلۆقە دانیان،پاشان هەواڵی مردنی سوڵتان محمد هات بۆیە

١ـ الكامل ب١٠ ل٤٣٠.

٢ـ محمد كردعلي، خطط الشام ب ٢ل ٣ نقلاً عن كتاب أيعيدالتأريخ نفسه.

سەربازەکان پەرتەوازەیان کردو قەڵاکە فەتح نەکرا[1]، بەڵام لە سەردەمی سوڵتان سنجەر لە ساڵی (٥٢١) کۆچی توانی زەبرێکی کوشندەو خوێناوی لە باطنیەکان بدات لە قەڵای موت و خەڵکێکی زۆری لێکوشتن.

عوبەیدیەکان بەو هێرش و پەلامارانەی کرا سەریان دەوڵەتەکەیان نەزیف بوو شوێنەواریان سڕاوەو شەپۆلی باطنیش لە جیهانی ئیسلامی کزبوو بەرەو داکشان چوو.

بەڕاستی کردەوەی سەلاجیقەکان لە بە دواداچونی شوێنەواری باطنیەکان، کەس ناتوانی پاداشتیان بداتەوە لەو کارە گەورەیەی کردیان بۆ خزمەتی ئوممەتی ئیسلامی تەنها خوای پەروەرگار نەبێت.

١١ـ بە دیار کەوتنی چەند ئەمیرێکی خواناس و شارەزا لە بواری جەنگ ،کە عەودالی شەهید بوون بوون، بە تایبەتیش ئەمیری خواناس و قائیدی گۆڕەپان عمادالدین زەنکی کە دەستی بە جیهاد کردن کرد لە گەڵ خاچ پەرستەکان و متمانەشی گەڕاندەوە بۆ دەروونی موسڵمانان، مدن الجزيرة و موصلیشی یەکخست، بە هێزی باوەڕیش هێرشی کردە سەر نەصرانیەکان بۆ سەندنەوەی ئەو قەڵاو شوێنانەی دەستیان بەسەردا گرتبوو هەروەها توانی لەساڵی(٥٢٢) کۆچی شاری حەلەب ڕزگار بکات لە ژێر دەستی نەصارا. لە ساڵی (٥٣٢) کۆچی ڕۆم لەشکرێکی زۆر گەورەیان هێنا، کە فەرەنجیەکانیشان لە گەڵدا بوو، عمادالدین زەنکیش لەگەڵ سوڵتان إبن منقذ الكناني هاوپەیمانیەتیەکیان بەست کە بەم هۆیە نەصرانیەکان دۆڕان و هەڵاتن.

لەساڵی (٥٣٤) کۆچی زەنکی چەند هەڵمەتێکی کردە سەر فەرنجیەکان، کە لە مەدا موسڵمانان ئارامیەکی زۆریان گرت، کە نموونەی کەم بووە، مەگەر ليلة الهدير یان قادسیة وەکو ئەو بوو بێ، جا خوای گەورە موسوڵمانانی سەر خستو پادشای فەڕەنجیەکانیش ڕایان کرد.

یەکێك لە هەرە کردەوە گەورەکانی فەتح کردنی شاری ڕەها بوو لە ساڵی (٥٣٩) کۆچی، کە ئەو شارە هاتە ژێر حوکمی ئیسلام، ئەم شارە لەلای نەصاری لە پیرۆزترین

١ـ أبعيدالتأريخ نفسه؟ لا٧٥ـ ٨١.

شارەکانیان بوو، پاشان لە دوایی ئەوەش چەند قەڵایەکی نزیك ئەو شوێنە ڕزگار کرا، بەمە دیار الجزیرة قوتاری بوو لە حوکمی فەرەنجیەکان.

زەنکی نەیتوانی ئەم قۆناغەی تەواو بکات، چونکە کاتێك دەیویست قەڵای جەعبەد ڕزگار بکا، کە کەوتبوە سەر ڕوباری فورات لەوێ کوژرا، زەنکی ــ رحمه الله ــ لە پادشا هەرە چاك و باشەکان بوو زۆریش ئازاو دلێر و بەجەرگ بوو لەساڵی (٥٤١) کۆچی کوژراو شاعیرەکانیش گەلێك مەدحی کردەوەکانیان کرد.

لەو کردەوانەی شاعیران مەدحیان کرد ئەوەبوو کاتێك پادشای ڕۆم هێرشی کردە سەر شیزر ئەمیر زەنکیش بەرپەرچی داوە، جا مسلم بن خضر بن قسیم الحموری لە هۆنراوەیەکدا مەدحی دەکات و دەڵێت:

بعزمك أيها الملك العظيم — تذل لك الصعاب وتستقيم.

هەر لە درێژەی هۆنراوەکەیدا وتویەتی:

ألم تر أن كلب الروم لما — تبين أنه الملك الرحيم
فجاء يطبق الفلوات خيلا — كأن الجحفل الليل البهيم
وقد نزل الزمان على رضاه — ودان لخطبهالخطب العظيم
فحين رميته بك في خميس — تيقن أن ذلك لا يدوم
وأبصر في المفاضة منك جيشا — فاحرب لايسير ولا يقيم
كأنك في العجاج شهاب نور — توقد هو شيطان رجيم
أراد بقاء مهجته فولى — وليس سوى الحمام له حميم.[1]

تەوەرەی دووەم: نورالدین محمود

نورالدین زەنکی پاش عمادالدین زنکی، کە باوکی بوو کاروباری وڵاتی گرتە دەست و هەر لەگەڵ باوکیشی لە عێراق‌و موصل‌و شام گەورە بوو.

لەپاش مردنی باوکی جێگایی گرتەوەو کاروباری زۆرباش و گرنگی ئەنجام دا لەوانە: سوننەی ژیاندەوە لە حەلەب و هەڵسا بە نەهێشتنی بیدعە و بن برکردنی رافضةو،

١ــ الكامل ب ٧ ٢١ــ ٢٢.

قوتابخانەی زۆریشی دروست کردو پارەیەکی زۆریشی بۆ خێرو خێرات وەقف کردو ، زۆریش موتالآی کتێبە ئاینیەکانی دەکردو پێ بەپێش شوێن کەوتەی فەرمودەکانی پێغەمبەرﷺ بوو، بەردەوامیش بوو لە کردنی نوێژەکان بە جەماعەتو زۆریش وریای خواردنو جل وبەرگی حەرام بوو بە هیچ شێوەیەکیش وشەیەکی ناشیرنی لە دەم نەبیسترا[1]، إبن الأثیر لە بارەیەوە وتویەتی: موتالآی مێژووی پادشاکانی پێش ئیسلام و پاش ئیسلامی کردوەو هەتاوەکو ئێستا نەم بینیوە کەسێك هەبێ وەکو ئەو دادگەرو باش بوو بێ، مەگەر خولەفای ڕاشیدین و عومەری کوڕی عبدالعزیز[2].

لەو زوهدو تەقوایەی هەیبوو ئەوەبوو، کە نەیدەخواردو جلیشی لەبەر نەکرد تەنیا لەو ماڵە نەبێ، کە لەغەنیمەت بەری دەکەوت ، هەروەها لەو ماڵەی تەرخان دەکرا بۆ بەرژەوەندی موسڵمانان، ڕۆژێك خێزانی شەکوای نەبوونی خۆی کرد لەلایو داوای نەفەقەی زیادی لێکرد ئەویش ڕەنگی سور هەڵگەراو وتی: لە کوێ نەفەقەی زیادی بدەمێ وەڵلاهی لە بەر هەواو نەفسی ئەو خۆم ناخەمە ناو ئاگری دۆزەخ.

پاشان وتی لەحیمص سێ دوکانم هەیەو مولکی خۆمە بابۆ خۆی بێ[3] هەر ابن الاثیر لەو بارەیەوە وتویەتی : بەشەو زۆر نوێژو استغفاری دەکردو بەردەوامیش لەسەر ئەوەبوو هەتاکو وەفاتی کرد.

جمع الشجاعة والخشوع لربه ما احسن المحراب في المحراب[4]

نورالدین زەنکی زۆر شارەزای مەزهەبی ئەبو حەنیفە بوو، بێ ئەوەی دەمار گیری لاهەبی، بەڵکو ئینصاف و دادگەریەکەی لەهەموو شتێکدا سروشتی بوو، بەڕاستی هەر ئەو بوو پادشاکانی فێرە ئینصاف و دادگەری کردو خۆشی زۆر دوور دەگرت لەخواردن و خواردنەو جل و بەرگی حەرام، پادشاکانی پێشە خۆی وەکو سەردەمی نەفامی پیشەیان هەرتێر کردنی زگو عەورەتیان بوو، کەنەیاندەزانی ئیشی چاکە چیەو کاری خراپەشیان

١ـ والروضتین في أخبار الدولیتین لا٣١.

٢ـ الکامل ب ٧ ـ٢٤٢.

[3] ـ الکامل ب ٧لا٢٤٢

[4] ـ الکامل ب ٧لا٢٤٢

قەدەغە نەدەکرد، لەولاتی خۆشی باج و گومرگ و فرت و فێلی نەهێشت، بەلکو لەولاتانی شام و جەزیرەو میسریش قەدەغەی کرد.[1]

یەکێك لەدادگەریەکانی ئەوەبوو، کە شوێنێکی تەرخان کرد بۆ دادگەری و هۆی تەرخان کردنی ئەو شوێنەش ئەوە بوو، کەهەندێك لەئەمیرو بەرپرسانی لەشکرەکەی ستەمیان لە خوارەوەی خۆیان دەکرد جا زۆر شەکوا هاتە لای قازی کمال الدین ئەویش هەندێکی دادگایی کردن بەلام جورئەتی نەبوو بەرامبەر اسدالدین شیرکۆ، نورالدین کە بەمەی زانی ئەو جێگایەی تایبەت کردو تەرخانی کرد بۆ داجگەری لە نیچوان خەلکیدا ، اسدالدین شیرکۆش کە بەمەی زانی وتیە دارو دەستەکەی ئەگەر بەهۆی یەکێکتان بانگ بکرێمە دار العدل ئەوا لەخاچی ئەدەم جا برۆن ئەوەی گرفتی هەیە لەگەڵ هەر یەکێك بابچیٚ رازی بکاو ئیشەکەی کۆتای پیٚ بهێنێت وتیان ئەگەر ئەوە بکەین خەلکی داواکاریان زۆردەبیٚ، وتی: هەموو مولکم لەدەست بدەم ئاسانترە لەلام لەوەی نورالدین بەستەم کار لە قەلەمم بدات ، نورالدین هەفتەی دوو رۆژان لەو شوێنە دادەنیشیت ئەوەی اسدالدینیش وتبووی پێی زانی یەکسەر سوجدەی شوکری بۆ خوای گەورە برد.

نورالدین لەولاتی ئیسلام بەرژەوندی زۆری دابین کرد بۆ مسولمانانو کاری زۆر چاکی کردو، پەرژینی بۆ هەموو ولاتانی شام دروستکرد، لەشاری حەماو حەلەبو دیمەشقیش قوتابخانەی زۆری دروست کردو، ئەهلی خواناسانیش لای ئەو جێگایەکی بەرزیان هەبوو، ئەمیرو کاربەدەستەکانی لەسەر ئەمە حەسودیان پیٚ دەبرد،جارێکیان یەکێك لەئەمیرەکان لەبەردەم نورالدین باسی خراپەیەکی شیخ قطب الدین النیسابوري کرد جا سولتان پێی وت : کورە ئەوەی تۆ باسی دەکەی چاکەیەکی هەیە ئەویش دین و عیلمەو هەموو خراپەکانی رەش دەکاتەوە بەلام تۆو هاوەلانت هەلەتان زۆرەو هیچ چاکەیەکیشتان نیە بیسرێتەوە منیش خراپەکانتان هەلدەگرم لەگەڵ ئەوەی هیچ چاکەیەکیشتان نیە ئایا خراپەکەی ئەو ئەگەر وابیٚ لەگەڵ ئەوەی چاکەی هەیە بۆ چی هەلیان نەگرم، ئەگەر چیش

---

[1] ـ الروضتین ب ١ لا٦٦

من باوەر ناکەم بەوەی دەیلێیو جارێکی تریش ئەگەر هاتیەوەو باست کردەوە ئەوا سزات دەدەم.[1]

یەکێك لەتەقواو خوا پەرستیەکانی ئەوە بوو ، کەئەو دیاریانەی لەلایەن پادشاکانەوە بۆی دەهات دەست کاری نەدەکرد بەڵکو دەینارده لای قازی جا کە نرخەکەی بەدەست دەکەوت سەرفی دەکرد لەدروست کردنی ئەو مزگەوتانەی چۆل کرابوون، نورالدین بەسینگێکی زۆر فرازان ڕەخنەی وەردەگرت با ڕەخنەکە هەر چەندە توندو قورسیش بوایە، جارێکیان ابو عثمان منتخب بن ابي محمد الواسطي کەیەکێك بوو لەپیاوە باشەکانی سەر دەمی خۆی ڕەخنەی لەدەوڵەتی زەنکی گرت چونکە باجو گومرگی وەردەگرت جاهەر لەپێش خودی نورالدین ئەو ڕەخنەیەی لێ گرتو ئاگاداری کرنەوەو ترساندیانی لەوەی تێی کەوتوون جا ئەو هۆنراوەیەی بۆ نور الدین وت:

مثل وقوفك ايها المغرور   يوم القيامة والسماء تمور
ان قيل نورالدين رحت مسلما   فاحذر بان تبقى ومالك نور
انهيت عن شرب الخمر وانت   كاس المظام طائش مخمور
عطلت كاسات المدام تعففا   وعليك كاسات الحرام تدور
ماذاتقول اذا نقلت الى البلى   فردا وجاءك منكر ونكير
ماذا تقول اذا وقفت بموقف   فردا ذليلا والحساب عسير
وتعلقت فيك الخصوم وانت فى   يوم الحساب مسلسل مجرور
وتفرقت عنك الجنودوانت في   ضيق القبور موسر مقبور
وودت انك ماوليت ولاية   يوما ولاقال الانام الامير
وبقيت بعد العز رهن الحفيرة   في علم الموت وانت حقير
وحسرت عريانا حزيناباكيا   قلقا ومالك في الانام مجير
ارضيت انا تحيا وقلبك دارس   عافي الخراب وجسمك المعمور
ارضيت ان يحضى سواك بقربة   ابدا وانت معذب مهجور

---

[1] ـ الروضتين ب١ لا ٨ـ ٩

مهد لنفسك حجة تنجو بها   يوم المعاد ويوم تبدوالعور.

كاتێك نورالدين ئەم دێڕە شيعرانەی گوێ لـێ بـوو زۆر گريـاو دەسـت بـەجێش فـەرمانی دەركرد بۆ هەموو ولآت كەچيتر باج و گورمك وەرنەگرن، [1] نوسراوێكيشی بۆ خەڵك نووسـی كەوا گەردەنی ئـازاد بكـەن لـەوەی لێـی وەرگرتونـە چـونكە ئـەوەی لێيـان وەرگـيراوە بـۆ شەڕكردن بووە لەگەڵ دوژمنەكانيانو بۆ بـەرگری بـووە لـە ولآتو مـاڵو مناڵيـان جـا ئـەم نوسراوەی گشتاند بۆ كاربەدەستەكانی ويلايەتەكـەیو واعيظـة كانيشـی راسـپاردەكرد كـە بازرگانەكان لێی خۆش ببن لەوەی لێيانی وەرگرتوە ، نورالدين لەكاتێك سوجدەی بۆ خـوا ببردبايە دەيوت: خودايە بەزەيت بە محمودی باجگرو ستەم كارو سەگدا بێتەوە [2]

نورالدين زۆر دژی مەرايو نيفاق بوو، لەوانە وتار خوێنەكانی لەسەر مينبەر قەدەغـەكرد، كە بەبێـژەی زرنگـەدار، كەلەسـەری راهـاتبون دوعـای بـۆ بكـەن ، بۆئـەوەی خۆيـان نزيـك بكەنەوە لەسوڵتان... بۆيە داوای لەخالد بن محمد بن نصر القيسرلنی كـرد واز لـەم جـورە قسانە بهێنیو بەچەشنێكی تر دوعا بكات دوعايەكەش ئەوە بوو كە نووسی:

اللهم اصلح عبـدك الفقـير الى رحمتـك الخاضـع لهيبتـك المعتصـم بقوتـك المجاهـد في سـبيلك المرابط لاعداء دينيك ابا القاسم محمد بن زنكي بن أق سنقر ناصر امير المؤمنين.

نور الدين دوعايەكـەی خوێنـدەوە پاشـان بـەم گوزارشـتە تـەعليقێكی لەسـەر لێداو وتـی: مەبەستم ئەوەبوو درۆ لەسەر مينبەر نەكرێت من بەپێچەوانەی هـەموو ئەوانـەوەم كەپێمـدا هەڵگوتراوە ئايا كـەيف خۆش بم بەوەی كە تێم دا نيە؟ بەڕاستی ئـەوە زۆر بـێ عەقليـە...

---

[1] ـ البداية والنهاية ب١٢ لا٣٠٢

[2] ـ ئەم وتەيە ئەگەر ڕاست بێ نور الدين بەخۆی وتبێ ئەوا بەهيچ شێوەيەك ڕەوا نيە مسوڵمان بەخۆی بڵێ چونكە خوای گەورە بەگشتی ڕێزی لەنەوەی ئادەم گرتووەو بەتايبەتيش ئەگەر موسوڵمان بێت، ئەمە چ جای نورالدين محمود كە خەليفەيەكی دادگەرو ديندارو عاميل بەعيلمەكەی بووەو ئەهلی عيلميشی زۆر خۆش ويستوە بەڵام ،كە بەخۆی گوتوە سەگ ئەوە ويستويەتی نەفسی خۆی نزم بكات و خۆی سادەبكات ، واتە بەنيەتەكی باش وتويەتی : بەڵام ئەگەر بەنيەتی باشيش وتبی ئەوا ڕەوانيە، چونكەخوای گەورە لەقورئان زانای خراپ و دين فرۆشی بەسەگ شوبهاندوە، **پێغەمبەريش** قەدەغەی كردوە وەك وشتر دابنيشين، لەكاتی سوجدە بردنو، هەروا وەكو سەگ دەستی خۆمان دابنێين، زانايانيش دەفەرمون خواو **پێغەمبەركەی** ئەگەر مرۆڤيان بەئاژەڵ چواندبێ ئەوا تەنها لەجيهەتی زەم بووە.والله اعلم . وەرگێر

ئـەوەی دوعایـەی خـۆم نوسـیومە شـتێکی زۆر باشـەو چـەند دانەیـەکی لەبـەر بگرنـەوە بۆئەوەی بۆ هەموو شارەکانی وڵات بنێرن، پاشان وتی ئەمەشی بـۆ زیـاد بکـەن اللـهم ارە الحق حقا اللهم اسعده اللهم انصره اللهم فقهه[1].

کاتێك داوا کرا لەنورالدین رێ بەئەمیرەکان بدات بۆ ئەوەی جۆرە سیاسەتێك بـەکار بهێـنن چـونکە تێـك دەرەکـان و رێگرەکـان زۆر ببـوون و پێویسـتی دەکـرد بـە سیاسـەتێکی تـر مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت ئەو سیاسەتەش نەدەهاتـە دی تـەنها بەکوشـتن و لـەخاچ دانیـان نەبێت، چونکە ئەگەر ماڵی یەکێك لەبیابانێك ببردرایە کێ دێت شاهێدی بۆ بدات؟

کاتێك نوسراوەکە بەدەستی نورالدین گەیشت وەری گێڕاو لەسەر پشتی نووسی: خوای گـەورە ،کـە ئـەو هـەموو دروسـت کـراوەی بـەدیهێناوە هـەر خۆشـی شـارەزاترە بـە بەرژەوەنـدیانو بەرژەوەندیەکەشـیان بەشـەرعە پـاك و تەواوەکـەی دێتـەدی، هـەر بەرژەوەندیەکیش هەبێ خوای گەورە لەکیتابەکەی باسی کردوە جا پێویستمان بـەوە نیـە یەکێك لەسەر شەرعەکەی خوا شتێك زیاد بکـات ، ئـەوەی شـتێك زیـاد بکـات ئـەو مانـای ئەوەیە، کەشەریعەت کـەم و کـوڕی تیایـەو ئـەو دەیـەوێ بـەم شـتە زیاد کراوانـە تـەواوی بکات، ئەمەش زوڵم و سـتەم و بـێ ئەدەبیـە بەرامبـەر خـوای پـەروەردگار و شـەرعەکەی، عـەقلی تـاریکیش هیدایـەت وەرنـاگرێو هەرخواشـە هیدایـەتمان دەدات بـۆ کیتـاب و رێگـا ڕاستەکەی ،ئەو کەسەی ،کە ئەو داوایەی لەسوڵتان نورالدین کرد شێخ عمرالملاء بـوو، کـە لەسەر داوای ئەمیرەکان ئەو داوایەی کردبوو جا کەوەڵامی سوڵتان گەیشـت شـێخ خـەڵکی موصلی هەموو کۆکردەوەو نامەکەی بۆ خوێندنەوەو وتی: بڕواننە کیتابی من بۆ سوڵتان و هی سوڵتانیش بۆ من.[2]

خوێنەری بەرێز ئەوەی باسم کرد لەسیرەو ژیانی سوڵتان نورالـدین محمـود بـۆ ئەوەیـە ،کە بزانی ئەوەی خوای گەورە رێزی لێ بنێ بەسەر خستن و پاڵ پشـتی کردنـی ئـەوا هـەر دەبێ پیاوەکی خوایی بێت و بەردەوام دەبێت پەیوەست بێت بەخوای پەروەدگاری.

---

[1] ـ نورالدین محمود.د حسین مونس لا٤٠٠ـ ٤٠١

[2] ـ الکواکب الدریة ابن قاضي شهبة لا٢٥ـ٢٦

سیاسـەتەکانی نورالـدین چـەند ئامـانجێکی هـەبوو، کـە لەپێشـەی خـۆی داینـابوون‌و بەهەموو هەوڵ و تەقەلایەکیش هەوڵی دەدا بیان هێنیتە دی جا یەکێك لـەگرنگ تـرین ئـەو ئامانجە دیارانە ئەمانەی خوارەوە بوو:

یەکەم: ئامادەکردن و پەروەردەکردنی گەل بە پەروەردەکردنێکی ئیسلامیانە و پاك کردنەوەی ژیانی ئاینی و ڕۆشنبیری لە هزرە لاڕێبوەکان وەك باطنیەکان و فەلسەفەی یۆنانی و ممارەسەی عوبەیدیەکان بۆ پەرستنەکان و دروشمەکان ،جا بۆخاتری هێنانەدی ئەم ئامانجە بێگەردو پیرۆزە دەوڵەت هەڵسا بەدرۆست کردنی چەند قوتابخانەو حوجرەیەکی تایبەت بۆ فێربوونی قورئان و فەرمودە،کە بۆ ئەمە بەناو بانگ ترین زانان و پەروەردە ناسانی هێنایە ناو قوتابخانەکان و بەتایبەتیش ئەوانەی دەرچووی قوتابخانەی غەزالی و قادری بوون ، ئەو پلانە تەعلیمی و پەروەردەییەی لەسەردەمی نورالدین موسوڵمانانی پێوە پابەند کرا ئەوا یەکی دەگرت لەگەڵ ئامانجەکانی ئیسلام‌و لەسەر بنچینەی بیرو باوەڕێکی ڕوون ئاشکرا دامەزراو، ئەم کارە پیرۆزەش لە قوتابخانەو مزگەوتەکان ئەنجام دەدرا ،کە تەنها لەدیمەشق سەد(١٠٠) مزگەوت هەبوو. ئەو ڕاپەڕینە عیلمیە جەغتی لەسەر یەکلا کردنەوەی ڕۆحی ئیسلامی‌و خاوەن مەفاهیمی سوننی و ڕێگای پێغەمبەر دەکرد.... لەهەمان کاتیشدا هەڵسان بەوشك کردنەوەو بەرتەنگ کردنەوەی تەعالیمی مەزهەبی ئیسماعیلی و فەلسەفی، کە بیرو باوەڕی خەڵکیان زۆر گۆڕی‌و زۆریش کاریان لە نەریتە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی کرد هەر لەبەر ئەوەش ابن جبیر وەسفی کردونە ،کە ئەوانە هیچ ئیسلامەکیان نەبووەو، ئەهلی هەواو بیدعە بوونە، مەگەر ئەوەی خوا قوتاری کردبێ، دەوڵەتی زەنکی هەموو ئەو دیاردانەی عوبیدیەکان پێوەی ناسرابوون قەدەغەی کرد لەوانە حی علی الخیر العمل لەبانگدان قەدەغە کردو زۆر بەتوندیش ڕەتی کردەوە، کەجنێوو بەهاوەڵە بەڕێزەکان بدرێ، زانایانی ئەهلی سوننە لەمەدا وەك سەربازێکی دلسۆز لەگەڵ دەوڵەت ڕاوەستان و یارمەتیان دا، لێرە لەبەر هیچرشی توندی دەوڵەتی زەنکی سوننی تائیفەی ئیسماعیلی‌و شیعەکانی تر بەگشتی هێور بوونەوە. فەقیهی شافیعی قطب الدين النيسابوري الخراساني لەسەردەمی سوڵتان نورالدین خاوەن ڕۆڵێکی یەکجار کاریگەر بوو لەژیاندنەوەی سوننەت هەروا کوڕی

شێخ ابي نجيب الاكبر البغداديش كۆلەگەیەك بوو لەكۆلەگەكانی دەوڵەتی زەنكیو لەئەصبەهانیش شرف الدين عبدالمؤمن بن شوردة خۆی دایە پاڵ نورالدینو یارمەتیدا.

سوڵتان سیاسەتی تەعلیمی دەوڵەتی ڕوون كردەوەو وتی: مەبەستمان لەدروست كردنی قوتابخانەكان تەنها بۆ بڵاوكرنەوەی عیلم و لەناو بردنی بدیعەو ئاشكرا كردنی ئایین بوو.

وەزیرو سەركردەو دەوڵەمەندو پیاوو ئافرەت پێش بڕكێیان كرد لەسەرف كردنی ماڵ و سامانیان بۆ دروست كردنی قوتابخانەو دامو دەزگا زانستیەكانو هەڵێكی باشیشیان ڕەخساند بۆ تاك تاكی ئوممەت بۆ ئەوەی بچنە ناویو سوودی لێ وەربگرن.

دەوڵەتی زەنكی هەتا كرێكارو جوتیارو بازرگانەكانی فەرامۆش نەكرد بەڵكو ئامۆژگاری كردن و عەقیدەو ئەخلاق و بەهای بەرزی لەدەروونیان چاند. ئەو تەصەوفە مام ناوەندەیەی ،كەشێخ عبدالقادر الجيلاني سەركردایەتی دەكرد كاریگەریەكی باشی هەبوو لەدەرونی خەڵكی ، دەوڵەتی زەنكی سودێكی زۆری بینی لەحركة الصوفية الاصلاحية القادرية و هەڵسا بەتەرخان كردنی شوێن بۆیانو، زۆریش ڕێزی لەشێخەكانیان نا چونكە بەگوێرەی پلانی دەوڵەت هەڵسان بەپاككردنەو پەروەردەكرنی موسوڵمانانو لەلایەكی تریش لەتەك پرۆسەی فێركردن و پەروەردەكردن دەوڵەت گرنگی بەلایەنی سەربازی داو، هەموو موسوڵمانانی مەشق پێكردو ڕووحی جیهادی لەنێوانیاندا زیندوو كردەوەو ئەو مەشقەش لەسەر دوو كۆلەگە ڕاوەستابوو:

١ـ ئامادەكردنی مەعنەوەیو روحی.

٢ـ پاشان مەشق كردنی سەربازی لەو بارەیەش سوڵتان نورالدين كیتابێكی نووسی لەسەر جیهادو ئەحكامەكانی .

لەناو دام و دەزگاكانی دەوڵەتی هەمە چەشن هەوڵ و تەقەلای زانازو فەقیە و پەروەردەناسو سەر كردەكان بوو بە یەك و كامیل بوو هەمووشیان هەوڵیاندا بۆ هێنانەدی بەرنامەی دەوڵەتی نورالدين ی سوننی.

جا بەهۆی ئەو تەكامولو ڕێككەوتنە دەوڵەتی دروشاوەی نورالدین بوو بە جەمسەرێكی سەرنج ڕاكێش بۆ هەموو زانایان و پیاو چاكان، بۆیە لە زۆربەی ناوچەكانی جیهانی ئیسلامی كۆچیان كرد بۆ لای و هاتنە ژێر بەیداخە ئیسلامیە پیرۆزەكەی، كەژمارەیان

دەگەیشتە چەند هەزارێك، دەوڵەتیش بەگوێرەی بەرنامە دارێژراوەکانی سوودی زۆری لێ بینین ، کتێبەکانی مێژوو ناوی هەزاران لە قوتابخانەو حوجرەکانی فێربوونی قورئان و فەرمودەو تەکیەکانیان باس کردوە، کەئەوانە هەموویان ببوونە یەك هێزو بەیەك ئاراستەدا دەرۆیشتو دەوڵەتی زەنکیش بەسەرکردایەتی کردنی نورالدین سەر پەرشتیار بوو لەسەر هەموو پلان و بەرنامەکان،کە بەرو بوومێکی باشی لێهاتە دی بەوەی ژێرخانی کۆنی وڵاتانی شامی گۆڕیو نەوەیکی بگۆڕی فیعلی دروست بوو رۆحی ئیسلامیش زاڵ بوو بەسەر هەموو چین و توێژکانی کۆمەڵ، لەهەموو بوارەکانی ژیانیش چالاکانە هێزو توانایان خستە گەڕ، جا گۆارن بووە ئاوازی ئوممەتێك و، سوننەتی خوای گەورەی نەگۆرییان لەسەر هاتە دی ﴿إنَ اللهَ لايُغيرُ ما بِقَومٍ حتٍى يُغًيرُ ما بانْفُسِهِم﴾ الرعد/١١

دووەم: دەوڵەتی نورالدین و یاریدەدەرەکانی لە سەرکردەو سوپاو هێزی لەسەر عیلم و ئەخلاق و پلەو پایەکی زۆر بەرز بوون ،یەك لەو نموونانە وەزیرەکەی کە ناوی ابو ابوالفضل محمد بن عبدالله بن قاسم الشهرزوري بوو، کەفەقیهو ئوصولیەکی زۆر بلیمەت بوو، زۆر مەنصەبیشی پێی سپێردراوە وەك: سەفارەتو وزارەت ، ئەوقاف و مالیەو قەزاوەتیشی کردوەو هەتا هاتنی صلاح الدین هەر بەردەوام بوو لەسەر ئەو مەناصیبانە.[1]

وەزیرێکی تریشی: عبدالله بن محمد بن ابی عصرون کە قازی دیمەشق بوو لەئەوقافیش کاری دەکرد[2]، صلاح الدینیش خۆی هەر فەقیە بوو فیقهی ئیمامی شافعی خوێندبوو فەرمودەشی لە ابو الطاهر السلفي بیستبوو، چەند کەسێکیش فەرمودەیان لێوە ریوایەت کردوە وەك: یونس بن محمد الفرقی و عیمادی نوسەرو هی تریش ، وتراوە کە صلاح الدین قورئانی لەبەر بووەو لەفقهیش کتابی التنبیە و لەشیعریش کیتابی الحماية.

وەزیریکی تریشی قاضي الفاضل عبدالرحیم بن علي بوو کە نووسەرو ڕاوێژکاری بوو، صلاح الدین لەبارەیەوە وتویەتی: وڵاتم بەشمشێر فەتح نەکرد بەڵکو بەڕاو بیری قاضي الفاضل عبدالرحیم فەتحم کرد. ئەو قازیە زۆر سیاسەیەکی بلیمەتو دینداریکی گەورەبوو، زۆر نوێژو رۆژوی دەگرتو قورئانی دەخوێندو زۆریش سادە بوو سەردانی نەخۆشانیشی

[1] ـ هکذ ظهر جیل صلاح الدین ل٢١٥ـ ٢١٧

[2] ـ طبقات الشافعية للسبكي ب ٦ ل١٨٨

زۆر دەکردو چاکەی زۆریشی دەرهەق بەفەقیران دەکرد. بەڕاستی ئەو نەوەیە شارەزایەکی هەمەجۆری هەبوو لە تەخطیط و تەنفیذو کۆکردنەوەی وزەو تواناو ڕێکخستنیان ، کە وای لێکرد ڕووبەڕوی هەموو تەحەدیاتی ناوەوەو دەرەوە ببێتەوە، هەندێك لە نمونەی ئەو شارەزاییانە ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم: کامل بوونی سەرکردەی فیکری و سیاسی، کە ئەو سەرکردایەتیە بەتەواوی لە ترسناکی تاك ڕەوی سەرکردەیەك تێگەیشت، بۆیە لەدەرکردنی بڕیارەکانی پشتی بەڕای زانایان و پسپۆران بەست، نورالدین کوڕێکی هەبوو ،کە تێیدا لەگەڵ سەرکردەو سەربازو زاناو پسپۆرەکان کۆدەبوەوەو ، ڕێزو پلەو پایەیەکی گەورەشیان لەو کوڕە لێ دەگیرا.

دووەم: پشت بەستن بەشوراو نەمانی تاك ڕەوی لە بڕیارداندا، بەڕاستی ئیدارەی نورادین بەو شورایە جیا دەکرایەوەو لەهەموو کارو بارەکانی دەوڵەت ڕا گۆرینەوەی تێدا دەکرا، کۆڕێکیش هەبوو کە نوێنەری هەموو مەزهەبەکان بگرە سۆفیشی تێدا کۆدەبوونەوە، کە دەیان کۆڵیەوە لە بودجەی گشتیو کاری ئیداری ، جا ئەگەر لە مەسەلەیەکیان بکۆڵیبایەوەو مەسەلەکەش پەیوەندی بەهەموو ئوممەتە هەبوایە، کە دانرا بوون بۆ بەرژەوەدی گشتی ، یان پەیوەندی بەماڵ و سامانانەوە هەبوایە، کە دانرابوون بۆ بەرژەوەندی مسوڵمانان، ئەوا ئەندامانی ئەو کۆرەی هەموو کۆدەکردەوەو ڕایانی وەردەگرت و لەو ڕایەش لای نەدەدا، کە لەسەری کۆ ببوونایەوە، لەوانە ئەو ڕوداوانەی لەساڵی (٥٥٤) کۆچی بەرامبەر (١١٤٩) زاینی ڕویدا ،کە نورالدین کۆرێکی سازداو بانگی قازیەکانو گەورە پیاوانی دەوڵەتو چەند کەسێکی تریش لەشاهێدو دادگەرانی کرد بۆ لێکۆڵینەوە لەو ماڵ و سامانانەی وەقف کرابوو بۆ مزگەوتی ئەمەوی، پێشتر شێخەکانی مزگەوت چەند زەویو زارو شتی تریان هێنا بووە ناو ئەو قافی مزگەوت، جا نورالدین ویستی ئەمانە لەوانی تر جیا بکاتەوە بۆئەوەی ئەو شتە بەسوودانە بەکار بێنێ بۆ بەهێز کردنی کاری جەنگی و سەربازی و هەروا بۆ بەهێز کردنی دیواری دیمەشق بۆ ئەوەی موسوڵمانان خۆیان و ماڵیان پارێزراو بێت، چونکە ئەمە لەلای نورالدین لەهەم و بەرژەوەندیەکان گەورەتر بوو، جا کۆرەکە لەسەر یەك ڕا کۆك نەبوونو پێچەوانەی حەزو ویستی نورالدین بوو ڕێیان پێ نەدەدا شتە زیادەکانی ئەوقاف بەکاری بێنێ بۆ چاك

کردنەوە دیواری دیمەشق و هەڵکەندنی خەندەق ،بەڵام ڕێیان بەوەدا، کە بەقەرز ئەو شتانە ببات دوایی لە بیت المال بیگەڕێنێتەوە ، نورالدین لەگەڵ ئەوەی زۆریش پێویستی بەوماڵ و سامانە هەبوو بۆ بەهێز کردنی لایەنی سەربازی ، بەڵام بەدڵێکی زۆر فراوان ئەو رایەی وەر گرتو ڕێزی لە ڕای ئەو کۆرە گرتو دەستی لەپارەو پولی ئەوقاف نەدا[1]

سێ یەم: لەو جیاکاریانەی ئەو ئیدارەی پێی جیا دەکراوە پێش خستنی بەرژەوەندیە گشتیەکان بوو لەسەر هەڵچوونی بەرژەوەندی تاکە کەسی لە چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکانی کە لە نێوان ئەندامانیدا پەیدا بوو.

چوارەم: خۆ بەخت کردن بە برایەتیەکی ئیسلامیانە بۆ جیهاد کردن لەپێناوی خواو، پەیوەندیان بەئاین و شەرعیش بەڵگە بوو لەسەر ئەوەی ،کە خاوەن پەروەردەیەکی ڕەسەن بوون و، بەڵگەی خۆشەویستیان بۆ ئاین ئەوە بوو ،کە ئەمیرو کار بەدەستەکان و سوڵتانەکان ناوی وایان هەڵدە بژارد کە پەیوەندی بەدین هەبوایە، وەك: عمادالدین و سیف الدین و معین الدین و صلاح الدین و اسد الدین و نجم الدینو زین الدین. بویهیەکانیش ئەوەندە خۆشەویستیان هەبوو بۆ دونیا بۆیە ناویان لەخۆنابوو عضدالدولة، بهاءالدولة، صمام الدولة.

ئەمیرو کاربەدەستەکانی دەوڵەتی درەوشاوەی نورالدین حەزیان لەمردن بوو لەگۆرەپانی جیهادو ئەگەر پێشیان نەکرابایە ئەوا لە وەسیەتەکانیان دەیان نووسی کە لەشاری مەدینەی **پێغەمبەر** بمان شارنەوە، لەوانەی ئەو وسیەتەیان کرد جمال الدین الموصلی و اسدالدین شیرکۆ و برایەکی نجم الدین کە دەکا باوکی صلاح الدین الایوبی[2].

یەکگرتنی وڵاتانی شام و دیاری میسری

سیاسەتە عاقلو حەکیمانەکەی نورالدین محمود هەوڵی دەدا بۆ یەکگرتنی موسوڵمانان لەژێر یەك سەر کردەو لەسەر یەك ڕێبیری ڕەسەن بۆیە توانی دیمەشق و حەلەب و رەهاو جگە لەوانەش یەك بخات ، کە ئەوشارانە شاری ئیسلامی بوونو موسڵمانان بە خەباتێکی بێ وچان و خۆشەویستی شەهید بوون توانیان رزگاریان بکەن. نورالدین هێرشی بردن بۆ

---

[1] ـ هكذا ظهر جيل صلاح الدين لا٢٢٥

[2] ـ البداية والنهاية ب١٢ لا ٢٧٢

سەر قەڵاو شارەكانی نەصاری ،كە كەوتبووە نێوان میسرو شام، حەزو ویستی نورالدین لەپاك كردنەوەی میسر لەعوبیدیە باطینیە داخ لەدڵەكان ئاواتێكی گەورەو پێویستیەكی شەرعی بەرز بوو، بۆیە چەند زاناو فەقیە و واعیزی نارد بۆ میسر بۆئەوەی ڕزگاری بكەن و بیگەڕێننەوە بۆ باوەشی سوننەو وڵاتیش پاك بكەنەوە لەپیس و پۆخڵی ڕەوافضە كان ، لەبەناو بانگ ترینو دیارترین ئەو زانایانەی هەڵسان بەو كارە محمد بن موفق خەبوشانی بوو ، كە لەساڵی (٥٦٠)كۆچی چوو بۆ میسرو دەستی كرد بە بڵاوكردنەوەی ئیسلامێكی ڕاستو مژدەشی پێدان كە لەو زوانە بۆباوەشی سوننی دەگەڕێتەوەو لەلایەكی تریش نەفرەتی لەعوبەیدیەكان دەكردو بەبێ باوەری و بە كاسە لێسی بۆ یەهودیەكان تۆمەت باری دەكردن جا كاری گەری ئەو زانایە گەلێگ زۆر بوو، بۆیە ناوبانگی لەهەموو جیهانی ئیسلامی دەركرد[1]

دەوڵەتی نورالدینی سوننی لەهەلێك دەگەرا بۆ ئەوەی بەسەربازەوە بچێتە ناو میسر جا ئەو هەڵە هات و ڕەخسا بەوەی كاربەدەستە عوبەیدیەكان لەمیسر لەنێوانە خۆیان لەسەر ماڵو سامانی دونیا پێك نەهاتن، جا وەزیر شاوەر هانای بۆ نورالدین هێناو قائد ضرغام یش هانای بردە بەر خاچ پەرستەكانو شەر لەنێوانیاندا دەستی پێكرد لەسالی ٥٦٤كۆچی بەتەواوی بەچەند قۆناغێك نورالدین توانی رزگاری بكاو پاشان صلاح الدین كاروباری میسری گرتە دەست و سوننەتی بۆ گەڕاندنەوەو دەستیشی كرد بەكۆ كردنەوەی موسوڵمانان و كردنیە یەك ریز بۆ فەتح كردنی بیت المقدس.

وەفات كردنی نورالدین محمود

لەسالی ٥٦٩[2] كۆچی سوڵتانی سوننە مەزهەبو موجاهیدو دلسۆزو بەجەرگ و مرێنەری بیدعەو زیندو كەرەوەی بیدعەو لەناوبەری نەصاراو سەرخەری ئاین سوڵتان نورالدین ڕۆیشت بۆ رەحمەتی خوا پاش جیهادێكی گەورەو خۆبەخت كردنێكی كەم وێنە ، پاشان قوتابیە دلسۆزەكەی سوڵتان صلاح الدین كە لەبەر دەستی خۆی پەروەردەی كردبوو كردیە سەركردەی سوپا.

---

١ ، هكذا ظهر جیل صلاح الدین ل٢٦٢

٢ ـ البدایة والنهایة ب١٢ـ ل٣٩٧.

تەوەرەی سێ یەم صەلاحەدینی ئەیوبی ڕزگارکەری قودس و لابەری دەوڵەتی عوبەیدی لەمیسر

سوڵتان یوسف بن ایوب لەسالی (٥٣٢) کۆچی لەقەڵای تکریت لەعیراق لەدایك بووە ،باوکیشی ایوب بن شاد والی بووە لەسەر ئەم شوێنە، پاشان باوکی لەگەڵ اسد الدین شیرکۆی برای هاتنە موصل ،جا ئەو بەچکە شێرە ئەیوبیە لەژێر باڵی باوك و مامە موجاهیدەکەی پەروەردەبوو، لەکەتیبەکانی سەربازیش هەر پلەی بەرز دەبۆوە، کاتێك نورالدین محمود اسدالدین شیرکۆی نارد بۆ میسر صلاح الدین وەك یارمەتیدەرێكو بەردەستێك لەگەڵی رۆیی پاش کۆتایی هاتنی دەوڵەتی عوبەیدی و لەدوای مامی وەزارەتی تفویض ی گرتە دەستو دەستی کرد بەگەڕانەوەی میسر بۆخیلافەتی عەبباسی سوننی ، کە لەمەدا بە ژیرانەو لەسە خۆیی ئەو ئامانجە نایابەی هێنایەدی ، کە دەروونی موسوڵمانان زۆر بۆی پەرۆش بوو، پاشان هەڵسا بە هێنانە خوارەوەی قازیە عوبیدیەکانو کارو باری قەزاوەتیشی دا بە عبدالملك بن بندرباس الشافعیو لەبانگداندا رستەی حی علی الخیر العملی لابردو وتاری هەینیشی گەڕاندەوە بۆ خەلیفەی عەباسی پاش ئەوەی ماوەی (٢٠٨)ساڵ وتار لەعباسیەکان قەدەغەکرا، نورالدین محمود مژدەی ئەو هەواڵی بەخلیفەی عەبباسی ڕاگەیاندو خەڵکیش زۆر کەیف خۆشو شادومان بوون، صلاح الدین نەیهێشت هیچ هەولێك سەریگرێ بۆ گەڕانەوەی میسر بۆ خیلافەی عوبەیدی و بە باشیش مامەڵەی لەگەڵ ڕەوەندەکان کرد.عماد الاصبهانی لەگەڕانەوەی میسر بۆخەلافەتی عەبباسی چەند دێرە شیعرێکی جوانی وتوە پاش مردنی العاضد العبيدي و لەدەست دانی مولك و دەوڵەتی لەمیسر:

توفي العاضد الداعي مما　　يفتح ذو بدعة بمصر فما
وعصر فرعونها انقضى وغدا　　يوسفها في الامور محتكما
قدطفئت جمرة الغواة وقد　　داخ من الشرك كل ما اضطرما
وصل شمل الصلاح ملتئما　　به وعقد السداد منتظما
لما غدا مشعرا شعار بني　　العباس حقاوالباطل اكتتما
وبات داعي التوحيد منتظرا　　ومن دعاة الاشراك منتقما
وضل اهل الضلال في ظلل　　داحية من غبائه وعمى

وارتكس الجاهلون في ظلم　　لما اضائت منابر العلما

وعادالمستضيئ معتليا　　ببناء حق بعدماكان منهدما

اعيدت الدولة التي اضطهدت　　وانتصر الدين بعدماكان اهتفما

واهتز عطف الاسلام من جلل　　وافتر ثغر الاسلام وابتسما

واستبشرت اوجه الهدى فرحا　　فليقرع الكفر سنه ندما

عاد حريم الاعداء منتهك الهدى　　وفي الطغاة منقسما

قصور اهل القصور اخربها　　عامر بيت من الكمال سما

ازعج بعد السكوت ساكنها　　ومات ذلا وانفه رغما[1]

ڕووخانی دەوڵەتی عوبیدی لەسالی(٥٦٧)کۆچی بوو، ابن کثیر لەوبارەیەوە وتویەتی: ماوەی حوکمی دەوڵەتی عوبەیدی دوسەد سالّ و هەندێك بوو، بەڵام دوایی وەکو ئەوەیان لێهات هەر نەبووبن ﴿كَأَن لَّمْ يَغْنَوْا۟ فِيهَآ ۗ أَلَا بُعْدًا لِّمَدْيَنَ كَمَا بَعِدَتْ ثَمُودُ ﴿٩٥﴾﴾ هود: ٩٥ یەکەم پادشایان مەهدی بوو پیشەی ئاسنگر بوو لەتیرەی سولەیمیەکان بوو ناویشی عبید بوو بەرەچەڵەکیش جولەکە بوو، جا هاتە ولاّتی مەغریب و ناوی لەخۆی نا عبیداللە و پرۆپاگەندەی ئەوەشی کرد کە یەکێکە لەعەلەویە فاطمیە بەرێزەکان و وتیشی من مەهدیم هەروەکو کە زۆربەی زانایان لەپاش سالّی (٤٧) کۆچیەوە ئەم وتەیەیان وتوە، مەبەست لێرەدا ئەوەیە کەئەو درۆزنە درۆیەکانی برەوی سەندو لەو ولاّتانە بازاری گەرم بوو خەلکێکی نەفامیش پشتیان گرت و یارمەتیاندا هەتا بووە خاوەن دەولەتێك پاشان شارێکی دروست کردو ناوی نا مەهدیەو نیسبەتی دایە خۆیو وای لێهات بوو بەپادشایەکی گوێرایەلّ کراو مەزهەبی رەفزیشی ئاشکرا کرد کە پێك هاتبوو لەکوفری ڕوون وئاشکرا، پاشان کوڕەکەی القائم محمد لەدوای خۆی هاتوو دواتر کوڕەکەی تری المنصور اسماعیل، پاشان کوڕەکەی موعید ، کە ئەمەیان یەکەمین کەسیان بوو چوو بۆ دیاری میسرو لەوێ شاری قاهیرە و مەغریەوعەصرانەیان بۆدروست کردو دواتر کوڕەکەی العزیز نزارو، پاشان کوڕەکەی الحاکم منصورو، پاشان کوڕەکەی الظاهر علی و پاشان کوڕەکەی المستنصر

---

١ البداية والنهاية ب الا ٢٨٤

موعیدو، پاشان کوڕەکەی المستعلی احمدو ، پاشان کوڕەکەی الآمر منصورو، پاشان کوڕە مامەکەی الحافظ عبدالمجیدو، پاشان کوڕەکەی الظاهر اسماعیلو پاشان الفائز عیسا پاشان کوڕە مامی العاضد عبدالله ،کە کۆتایان بوو، هەموویان ژمارەیان چواردە پادشا بوو ماوەی حوکمیشیان دوو سەدوو هەشتاساڵو هەندێك بوو هەروەها پادشاکانی ئەمەویش ژمارەیان چواردە پادشابوو بەڵام ماوەی حومکم ڕانیان هەشتاو هەندێك ساڵ بوو، بەراستی فاطمیەکان لەهەموو خەلیفەکان ماڵیان زۆر ترو دەوڵەمەندتر بووینەو لەهەمووشیان بەزەبرو زەنگترو ستەم کارتر بووینەو لەهەمووشیان نگریس ترو پیس تر بووینە، لەسەروی ئەوانەشەوە بیدعە چیو سەرپێچی فەرمانەمانی خواو **پێغەمبەرکەیان** کردوەو فەسادو گەندەڵی و بی ڕەوشتی لەسەردەمی ئەوان گەلێك زۆر بوونو ، زاناو پیاو چاکانیش لەناویان گەلێك کەم بوون، لەزەوی وڵاتانی شامیش گروپی نصریة ودرزیةو حشیشیة زۆر بوون، فەرەنجیەکانیش توانیان بەتەواوی دەست بە سەر کەنارەکانی شام دا بگرن و هەتا توانیان قدس و نابلس و عجلون و غورو بلاد غزة و عسقلان وکرك و شوبك وطبرية و بانیاس و صورعکا و صیدا و بیروت و صفدو طرابلس و انطاکیة و هەموو ئەوانەی لەدەوروبەری ئەوانەش بوون توانیان دەستیان بەسەر دابگرنو ژمارەیەکی زۆریشیان لەموسوڵمانان کوشت، کە هەر خوای گەورە دەیزانی چەندە، پاشان ئافرەتو منداڵی موسوڵمانانیان بۆخۆیان حەلال کرد، بەشێوەیەك کەوەسف ناکرێ، ئەو شوێنانەش پێشتر هاوەڵە بەڕێزەکان فەتحیان کردبوو ببوە دارالأسلام ،بەڵام ئەوانە دەستیان گرت بەسەر موڵكو سامانی موسوڵمانان و نزیکیش بوو بەسەر دیمەشقیش زاڵبن بەڵام خوای گەورە پاراستی جا ، کە ڕۆژیان ئاوا بوو دەرکران و خوای گەورە بەهێزو تواناو گەورەیی و کەرەمی خۆی ئەو شوێنانەی گەڕاندەوە بۆ موسوڵمانان[1]

زانایانی ئەهلی سوننەو خەتیب و حاکمەکان مەدحی ئەو کارە چاکەیان کرد ،کە صلاح الدین پێی هەڵسا ئەویش لەناو بردنی عوبەیدیە رافضیة باطنیەکان بوو، شاعرانیش بەهونراوەکانیان مەدحیان کرد جا یەکێك لەوان وتویەتی :

---

١ ـ البداية والنهاية ب١لا٢٨٧

ابدتم من بلى دولة الكفر من   بني عبيد ان هذا هوالفضل

زنادقه شيعية باطنية مجوس   ومافي الصالحين لهم اصل

يسرون كفرا يظهرون تشيعا   ليستروا سابور عمهم الجهل[1]

بەڕاستی نورالدین محمود وای دەیڕوانی ،کە لابردنی عوبیدیەکان ئامانجێکی ئیستراتیجیە بۆ لە ناوبردنو نەصرانیەکانو دەسەڵاتی باتینی لەولاتی شامدا ، بۆیە هەوڵیدا میسر بگەڕێنێتەوە بۆ حوکمی ئیسلامی ڕاستو هەڵسا لەم پێناوەدا پیلانی داناو لەشکری ئامادە کردو ئەمیری شیاویشی دانا، جا خوای گەورە ئەوەی ویستی پێیدا بەهۆی سەرکردە دلسۆزەکەی صلاح الدین، کەسیاسەتە حەکیمانەکەی نورالدین ی جیێ بەجیێ کرد، پاش ئەوەی کاروباری وڵات و خەڵك هێمن بویەوەو ، بیدعەو شتی پڕو پوچ لە ناوبراو سوننەت ژیاندراوەو فیتنەش کوژێنرایەوە ، نورالدین گەڕاوە لای پەروەردگاریو کاروباری دەوڵەت کەوتە دەست صلاح الدین پاش چەند دورست بوونی چەند فیتنەیەك، کەتوانی لەناوی ببات ، لەژێر سەرکردایەتی خۆی توانی وڵاتی شام و میسر یەك بخاتو ، دەستیشی کرد بەجیێ بەجیێ کردنی ئەو ئامانجە دیاری کراوانەی دەوڵەتی نورالدین، یەکێك لە ئامانجەکانی کە لەلای زۆر گەورەبوو ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی موسوڵمانان بوو لەژێر چەپۆکی نەصارا بەتایبەت بیت المقدس هەتا مینبەرێکی گەورەی بۆ ئەم کارە ئامادە کردبوو بەڵام پێش ئەوەی ئەم ئامانجە گەورەیە بێتەدی وەفاتی کردو خوای گەورە هەڵی گرت بۆ صلاح الدین . صلاح الدین هەڵسا بەدرێژە پێدانی جیهادی پیرۆزو بەهێزو پلانێکی ڕوونو قایم توانی قەڵاو شارەکانی رزگار بکات لەژێر چەپۆکی نەصاراو توانی لەساڵی (٥٧٥)کۆچی لەشەری مرج العیونو بانیاس بەسەر فەرەنجیەکاندا زاڵ بێتو سەرکردەکانیان بەدیل بگرێتو قەلای ئەحزانیشی لەصفد وێران کردو بەردەوامیش پەلاماریانی دەداو قەڵا دوای قەڵای لیێ دەسەندنەوە هەتا لەگۆڕەپانی حطین سوپایەکی زۆری بۆ کۆ بۆوە، کە لەو شەڕە گەورەیەدا ئێسك و پروسکی خاچ پەرستەکانی شکاندو ڕێگاش خۆش بوو بۆ ڕزگار کردنی قودس، لەم شەڕە زۆربەی هەرە زۆری فەرنجیەکان کوژران ،جائەوەی کوژراوەکانی بدیبایە

---

١ ـ البداية والنهاية ب ١٢٧٢٨٨

دەیوت نابی هیچیان لیٚ بەدیل گیرابیٚت ئەوەی سەیری دیلەکانیشی بکردایە دەیوت نابیٚ هیچیان لیٚ کوژرابیٚ، جا لەو کات فەرەنجیەکان دەستیان گرت بەسەر کەناری شامداو موسوڵمانان هیچ ڕۆژیکیان وەکو ڕۆژی حطین نەبوە بۆ ئەوەی تینوەتیان بشکێنیٚو کەیف خۆشیان بکات ،یەکێك لەو دیلانە ناوی ئەرناط بوو خاوەنی کەرك بوو،کە ئازاری حاجیەکانی دەداو جنێویشی بە**پێغەمبەر** دابوو، ئەو هەواڵەش گەیشتبوە صلاح الدین جا لەبەر غیرەتی بۆ ئاینەکەی و خۆشەویستی بۆ **پێغەمبەرەکەی** نەزری کرد بەخۆی بیکوژیٚ، جا صلاح الدین نەزرەکەی خۆی بەجیٚ گەیاندو کوشتی و لەکۆڵ موسوڵمانانی کردەوە.

شەری حطین لەسالی ٥٨٣ کۆچی بوو نەصارا خاچ پەرستەکان تووشی ترس و بیمو دڵە راوکێیەکی زۆر بوون. سوپای صلاح الدین بەر دەوام بوو لەڕزگار کردنی وڵاتانی موسوڵمانان و خاچ پەرستە داخ لەدڵەکانیش ڕیسواو زەلیل بوونو دیلە موسوڵمانەکانیش قوتاریان بوو لە دیلی، کە ماوەیەکی زۆر بوو دەست بەسەر بوون، سوڵتان صلاح الدین ئەوانەی لەسەر کردەی فەرەنجیەکان نەکوژرابوون لەگەڵ ئەوخاچانەی ،کە لەجەنگەکانیان لەگەڵە خۆیان دەهێناو واش مەزندەیان دەکرد ،کە عیسی علیه‌السلام لەسەری لەخاچ دراوە،جا بە هاوڕێیەتی لەگەڵ قازی ابن ابی عصرون ناردنی بۆ دیمەشق بۆ ئەوەی ماڵ ئاوایی لە قەڵاکەیان بکەن، جا لەوڕۆژە خاچەکان زەلیل بوونو سەریان شۆرکرا.

سوڵتان بەردەوام بەرەو قەڵاو شاری نەصرانیەکان دەرۆیی و ڕزگاری دەکردن لەوانە قەڵای طەبەریەو دیلە موسوڵمانەکانیشی ڕزگار کرد ،کە ژمارەیان چوار هەزار موسوڵمان بوو، پاشان صەیداو بەیروتو عەسقەلانو نابلسو بیبسانو ارض الغوری رزگار کردو هەمووی هێنایە ژیر موڵکی خۆی.

سوڵتان فەرمانی دا بەسوپاکەی پشویەك بدەن لەم شوێنانەو پاشان خۆیان ئامادە بکەن بۆ فەتح کردنی قودس ئەم هەواڵە کەوتە ناو زانایایەکان و خەڵکی ،کە سوڵتان ئەم کارە دەکات بۆیە زاناو پیاو چاکان وەك سەربازێك لەهەموو شوێنێك هاتن بۆ خزمەت کردنیو سەرخستنی.[1]

---

١ ـ الروضتین ب٢لا١٧٨

جا مژدەی ڕزگار کردن دەستی پێکرد بەرۆیشنی صلاح الدین بەرەو بیت المقدس کە٩٢ ساڵ لەژێر دەستی خاچ پەرستە داخ لەدڵەکان بوو، سەربازەکانی ناصر صلاح الدین دەستیان کرد بە ئابلۆقەدانێکی سەختی قودس و بەردەوامیش بوون لەئابلۆقە دانەکەیان .

هەندێك لەکیتابە مێژووییەکان باسیان کردوە ،کە کاتێك صلاح الدین بەرەو بیت المقدس رۆیشت نامەیەکی لەیەکێ لەبەندکراوەکانی قودس پێگەیشت کەوا لەسە زوبانی مسجد الاقصی دەدوا:

یاایهاالملك الذي لمعلم الصلبان نكس

جائت اليك ظلامة تسعى من البيت المقدس

كل المساجد طهرت وانا على شرفي منجس

پاش توند کردنی ئابلۆقە لەسەریان نەصرانیەکان داوای ئەمان و سەلامەتیان کردو پادشای بیت المقدس یش بە هاوڕێیەتی لەگەڵ سوڵتان هات بە شێوەیەك ،کە زۆر زەلیلو سەر شۆر بوو ئەنجا صلاح الدین ئەمانی دانێو موسوڵمانان چوونە ناو قودس و وەفاداریش بوون بەو سولحەی ڕێککەوتبوون لەسەری ،موسوڵمانان دەستیان کرد بە پاك کردنەوەی مسجد الاقصی لەو خاچ و روهبان و بەرازانەی تێی دابوو هەڵسان وەکو جارانیان لێکردەوەو بەردەکەشیان بەئاوی پاك و خاوێن شوشتو بەئاوی گوڵ و میسکی گران بەها بۆن خوشیان کرد هەتا وای لێهات زۆر جوان و پرشنگدار بوو، پێشتر نەصرانیەکان شاردبویانەوە لەبەر چاوان بەلاّم موسوڵمانان هێنایانەوە بەرچاوانو ئەو خاچەی لەسەریشی چەقیبوو هێنایانە خوارەوەو گومبەتەکە حورمەت و ڕێزی جارانی هاتەوە ، صلاح الدین ڕێزێکی زۆری لەکچە پادشاکانو ئەو ئافرەتانەی لەگەڵیان بوون گرتو لەزۆربەی هەرە زۆریان خۆش بوو تکاش کرا بۆ خەلکێکی زۆر ئەویش لە هەموویان خۆش بوو ئەو زێرەی لێشیان سەندرا بوو هیچی نەبرد بەڵکو هەمووی لەناو سەربازان پەرت و بلاّوکردەوە چونکە زۆر سەخیو دەست بلاّو بوو ، کاتێك بیت المقدس پاك کرایەوە لەخاچ و زەنگول و روهبان و قسیسەکان و ئەهلی باوەڕی چووە ناو دەست کرا بەبانگدان و قورئان خوێنراو خوای پەروەردگار بەتاك ڕاگیراو یەکەمین وتاری هەینیش ،کە سازکرا لەچواری مانگی شەعبان بوو پاش فەتح کردنی قودس بەهەشت ڕۆژ ، جا مافوریان ڕاخست و چرایان

هەڵواسیو قورئانیش خوێنراو حەقیش هات و نارەواش بودەڵ بویەوەو بەرماڵەکان زۆر بوونو نوێژ دابەستراو بانگدەرەکان بانگیانداو قەشەکانیش کەڕ بوونو ناخۆشی نەماو گەشبینی هاتو بێبەختیو ڕەش بینی پشتی لەپاش کردو ئەو خوایە تاك و تەنهایەش پەرستراکەفەرمویەتی ﴿ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴿٣﴾ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ﴿٤﴾ ﴾ الإخلاص: ٣ - ٤ هەروا راکیع و ساجید و ڕاوەستاو دانیشتو خوایان بەگەورە ڕاگرتو وتیان الله اکبر و مزگەوتەکان پڕ بوون و لەبەر دڵە ناسکەکانیش چاوەکان فرمێسکیان ڕشت کاتێك پێش نوێژی نیوەڕۆ بانگ دەرەکان بانگیاندا بۆ نوێژ دڵەکان خەریك بوو لەخۆشیان بفرنو هێشتا هیچ وتار خوێنیکیش دەست نیشان نەکرا بوو، بەڵام صلاح الدین قازی محی الدین بن زکی هەڵبژراد بۆ ئەوەی وتار بخوێنێتەوە، جا جلێکی رەشی لەبەر کردو وتارێکی سوننی بەهێزو بەپێزی داو لەو میانەدا باسی شەرەفی بیت المقدس ی کرد، ابو شامە لەکیتابی الروضتین وتارەکەی بەدرێژی باس کردوە کە لەسەرەتای وتارەکەی ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿ فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ ۚ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٥﴾ ﴾ الأنعام: ٤٥ پاشان زۆر لەو ئایەتانەی قورئان خوێندەوە، کەحەمدو سوپاسی خوای گەورەی تێدایەو پاشان وتی: سوپاس بۆ خوا، کەئیسلامی سەرخستو ڕێزی لێ گرتو بەزەبرو هێزی خۆی شیرکی لابردو بەفەرمانی خۆی کارەکانی ڕەخساندو سوڕاندو بەشوکری خۆی نیعمەتەکانی زیاد کردو بەفێلەکەشی کافرەکانی فریودا ،ئەو خوایەی کەلە دادگەری خۆی سوننەتی ڕۆژان گۆرکێی داناوەو دینەکەشی دیار خستوەو زاڵ کردوە بەسەر هەموو دینەکان ،ئەو خوایەی کەزاڵەو توانایە بەسەر هەموو بەندەکانیو کەس نیە ببێتە بەربەست لەبەر دەمیو، ئەو خوایەی ،کە لەسەر دروست کراوەکانی دیارە بێ ئەوەی کەس بتوانێ بەربەرەکانێی بکات ، ئەو خوایە بەویستی خۆی ئەمران دەکات بێ ئەوەی ڕەت بکرێتەوەو سوپاسی ئەو خوایە زاڵو سەرخەرە دەکەم ،کە خۆشەویستانی عەزیز دەکاو سەریان دیخێو سوپاسی دەکەم لەناوەو درەوەو بەپەنهانی و بەئاشکرا ، هەروا لەدرێژەی وتارەکەیدا وتی: واشهد ان لا اله الا الله وحده لاشريك له الاحد الصمد الذي لم يلد ولم يولد ولم يكن له كفوا احد ، شهادة من طهر قلبه بالتوحيد، وارضي به ربه واشهد ان

محمدا عبده ورسوله رافع الشكر وداحض الشرك ورافض لافك ،الذي اسرى به من المسجد الحرام الى المسجد الاقصى وعرج به منه الى السموا ت العلى الى سدرة المنتهى. هەروەها وتی سەلامیش لە خەلیفەی ڕاست گۆ بێت کە لە باوەڕەوە لەپێش هەموو ئومەتەو سڵاویش لەعومەر بێت کە یەکەمین کەسە دروشمی خاچی لەسەر ئەو ناوچەیە هەلگرتو سڵاویش لەئەمیری باروەر داران بێت عثماني کوری عفان کە کۆکەرەوەی قورئانەوەو سڵاویش لە علی کوری ابی تالیب بێت کەشیرکی هەژاندو شکێنەری بتەکانە هەروا سڵاویش لەهەمو هاوەڵ و شوێن کەوتەکانی بێت بەچاکە[1]

پاشان لەسەر وتارە پڕ بەجۆشو خرۆشەکەی ، کەپڕی بوو لەسۆزو هەستی دەروونی بەردەوام بوو هەتا وتی : خۆش بەختی بۆتان لە سوپایەك ،کە خاوەنی موعجیزاتی پێغەمبەرانەو زەبر وەشێنی بەدریانەو خاوەن عەزیمەتی ابوبکر و فتوحاتی عومەری و سوپای عوسمانی و لەناو بەرانەی عەلیە، ئێوە بەڕاستی ڕۆژانی قادسیە و یەرموكو خەیبەرو هێرشەکانی خالدی کوڕی وەلیدتان بۆ ئیسلام نویَ کردوە خودا بە باشترین جۆر پاداشتان لەباتی پێغەمبەرەکەتان بداتەوە ، سوپاس بۆ ئێوە لەوەی کرتان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمن، ئەوخوێنەی ،کە ڕشتان خوای گەورە لێتان وەربگرێو بە بەهەشت پاداشتان بداتەوە، جا ڕەحمەتی خواتان لێبێت ، زۆر قەدرو ڕێزی ئەو نیعمتە بگرنو هەڵسن بەشوکرانە بژێری ئەو نیعمەتانە بۆ خوای گەورە چونکە هەر خۆی ئەو نیعمەتەی پیَ بەخشینەو هەڵیشی بژاردونە بۆ ئەم خزمەتە گەورەیە،[2]..هەتا دواین وشە،کە بەردەوام بوو لەوتارەکەی.

پاش ئەوەی ئەو فەتحە گەورەیە کرا شاعیرو زانایان و نوسەران و مێژوونووسان بەوەفد هاتن بۆلای سوڵتانو لەبەردەمیدا پەخشانی شیعری بەپێزیان دەوت ، هەتا وای لێهات کیتابە پانو پۆڕەکان پڕبوون، لەوانە ئەو پارچە هۆنراوەیە بوو ،کە شاعیر ابوالحسن بن علی الجوینی وتی:

١ـ البداية والنهاية ب ١٢لا ٣٤٦

٢ـ صلاح الدين بطل الحطين لا٧٨

جندالسماء لهذا الملك اعوان   من شك فيهم فهذا الفتح برهان

هذه الفتوح فتوح الانبياء وما   لها سوى الشكر بالافعال اثمان

اضحت ملوك الفرنج الصيد في   صيدا وما ضعفوا يوما وما هانوا

تسعون عاما بلادالله تصرخ   والاسلام انصاره صم وعميان

فالان لبى صلاح الدين دعوتهم   بامر من هو للمعوان معوان

واذا طوى الله ديوان العباد فما   يطوي لاجر صلاح الدين ديوان

محمد بن سعيد نقيب الاشرف بالديار المصرية، وتويەتی:

اترى مناما ما بعيني ابصر   القدس تفتح والفرنجة تكسر

ومليكهم في القيد مصفود ولم   ير قبل ذالك لهم مليك يؤسر

فتح الشام وطهر القدس الذي   هوفي القيامة للأنام المحشر

يايوسف الصديق انت لفتحها   فاروقها عمر الأمام الاطهر

ولأنت عثمان الشريعة بعده   ولأنت في نصر النبوة حيدر

بەندی ئەو سوڵحەی صلاح الدين لەسەری ڕیککەوتبوو لەگەڵ نەصارانیەکان ئەوەبوو کە: ماوەی چل ڕۆژ مۆڵەتیان پێ بدرێ بۆ چوونە دەرەوەو هەر پیاوێکیش دە دینار بداتو ئافرەتیش پێنج دینارو منالیش دوو دینار ، ئەوەی پێشی نەکرا بەدیل هەژمار دەکرێ[1]، بەڵام دوایی صلاح الدين ئەو بەندەی لەسەری ڕێککەوتبوون جێ بەجێی نەکردو لەگەڵ خاچ پەرستەکان مامەلەی باشی ئەنجامدا بۆ ئەوەی نمونەیەکی بەرزو گەورەو کەم وێنە نیشانی پادشا ستەم کارو خاچ پەرستە داخ لەدڵەکان بداتو هەتا ببێتە پێشەنگ لەم کارە بۆ ئەوەی ڕۆحی لێبوردەییو دادگەری دیار بخات کاتێك ،کە لەوپەری هێزو توانایە.

ئەو نەصرانیانەی پەککەوتە بوونو ئەمیرەکانیان بەجییان هێشتبوونو کەس نەبوو یارمەتیان بدات صلاح الدين کەرەستەکانی چوونە دەری بۆ فەراهەم کردن بۆ ئەوەی کێوە دەچن بابچن.

---

١ ـ صلاح الدين بطل الحطين لا ٧٩

دەگێرنەوە، کەخێزانی یەکێك لەپادشاکان ببوە راهیبە جا ئیزنی خواست بۆ ئەوەی بچێتە لای مێردەکەی و لەگەڵیدابێت جا مۆڵەتیان پێدا بۆ ئەوەی بچێتە لای مێردە بەندکراوەکەی ،کە لەقەڵای نابلس بوو کۆمەڵێك ئافرتیش هانایان بردە بەر سولتان بۆ ئەوەی مێردو منداڵەکانیان بەربدات جا بەزەیی پێداً هاتنەوەو هەڵسا بەبەر دانیان ، بۆ پەککەوتەو هەژارانیش بێ سەرانە لێیان خۆش بوو دەرگای بۆ واڵا کرن. زۆر لەنوسەرانی رۆژ ئاوا وەك ستیڤن سن واستانلی لیس بول باسی چاکەو بەزەیی صلاح الدین یان کردوە دەرهەق بەنەصارا.

هەروا سولتان مۆڵەتیدا پیاوانی دین ماڵ و سامانیان هەمووی لەگەڵ خۆیان ببەن بێ ئەوەی کەس رێیان پێبگرێ جا ئەوەی پێیان چوو بردیانو ئەوەی نەیان توانی ببیەن موسوڵمانان لێیان کرینەوە.

یەکێك لە بەطارقەکان کاتێك ویستی بڕوات ماڵو سامان و زەخیرەیەکی زۆری لەگەڵ خۆی هێنابوو بۆ ئەوەی بیکاتە فیدا بۆ هەژارو نەدارەکان ،جا بەسولتانیان وت: بۆ چی ماڵ و سامانەکەی لێ ناسەنی بۆ ئەوەی لەکارو باری موسوڵمانان سەرف بکەی ؟سولتان پێیانی وت جگە لەو دەینارەی لەسەرم داناون چیدیکەی لێناسەنمو غەدری لێناکەم.[1]

بەڵام سەبارەت بە هەڵسوکەوتی نەصرانیە داخ لەدڵەکان لەگەڵ موسوڵمانان کاتێك لەساڵی٤٩٢ ی کۆچی قودسیان لەژێر چنگی ئێمە دەرهێنا ئەوا هەروەکو مێژوو نووسی ئینگلیزی(مل) باسی کردوە وتویەتی: موسوڵمانان لەماڵەکانیان و لەسەر شەقامەکان دەکوژرانو هیچ شوێنێك نەبوو خۆیانی تێدا حەشار بدەنو هەندێکیان لەترسی کوژرانو سەربرین خۆیان لەسەر دیوارە بەرزەکان فرێداو هەندێکیش چوونە ناو کۆشك و تاوەرە بەرزەکانو مزگەوت بەڵام ئەوان بۆ هەرشوێنێك چووبانە مەسیحیەکان هەر شوێنیان دەکەوتن پاشان وتویەتی: مەسیحیەکان بەسوارو پیادە لەدوای هەڵاتوەکان دەچوون جا لەوحەشاماتە تەنها دەنگی مردن و ئاخو نرکەی دەبیسترا، ئەوانیش بەسەر لاشەکانیان دا دەرۆیشتنو لەدوای ئەوانە دەگران ، کە لەکون و کەلەبەرو کەلێنەکان خۆیان حەشار دابوو.

---

١ ـ صلاح الدين بطل الحطين ل٨٣

صـلاح الـدینی خوانـاس و موسـوڵمان بۆ مرۆڤایـەتی چـەند وانەیـەکی جـوان و قەشـەنگ نیشان دەدات کە تۆمار کرا لـە لاپـەرەکانی مێـژووی مرۆڤایـەتی بـۆ ئـەوەی گـەورەیی ئـەو ئایینە بەدیار بێخێ، کە نمونەی وەکو: نورالدین محمود و صلاح الـدین ئـەیوبی و هێناوەتـە بوونو پەروەردەی کردوونەن رەزای خوایان لێبێ، شاعیر وتویەتی:

ملکنافکان العدل منا سجية   فلما ملكتم سال الدم ابطح

وحللتم قتل الاسارى وطالما   غدونا على الاسارى نمن ونصفح

فحسبكم هذاالتفاوت بيننا   وكل اناء بالذي فيه ينضح

من لە میانی لێکۆلینـەوەم بـۆ کەسایەتیە ئیسـلامیەکان گەیشـتومەتە ئـەوەی ،کـە هـەر سەرکردەیەکی خواناس سەر کەوتنی لەگۆرەپاندا بەدەست هێابێ‌و کوفرو دروشمی کـوفری لابردبێ ئەوا لەپشتیەوە زاناو شەرع زان هەبوینە ئاراستەیان کردوەو ئامۆژگاریان کردوە بۆ رای باش‌و راست ئەمەش ئەوە بوو ،کە بۆ صلاح الـدین هاتـە دی بـەوەی زۆر رێـزی لـەزاناو شەرع زانەکان دەگرت و گرینگی پێدەدان، بەلام لەناو ئەوانە زاناو شـەرع زانێـك هـەبوە کـە کاریگەریەکی باشی هەبوە لەژیانی بۆیە هەر دەبێ بیناسین و باسـی لێـوە بکـەین، ئـەویش زانای پایە بەرز **القاضي الفاضله**.

ذهبي باسی ژیانی کردوەو وتویەتی: المولى الامام العلامة البليـغ، القاضـي الفاضـل، محـي الدين يمين المملكة ،سيد الفصحاء، ابو علي عبدالرحيم بن على بن حسن بن احمد بن المفرج اللخمـي، الشـامي، العسـقلاني ،المولـد ،المصـري ،الـدار ،الكاتـب صـاحب الـديوان الانشـاء الصلاحي لەساڵی (٥٢٩) ی کۆچـی لـەدایك بـووە [١]عمـاد الاصـبهانی لەباریـەوە وتویـەتی : بەخۆشی و شادومانیەوە ژیاوەو هەر کردەوەیـەك نزیکـی بکردبایـەوە لەبەهەشـت ئـەنجامی دەداو ، هەر رێکەوتنێکی ببەستبایە جێ جێی دەکردو ماڵ و سـامانە وەقـف کراوەکانیشـی بـێ هـەژمارن بەتایبـەت ئەوانـەی داینـابوون بـۆ بـەردانی دیلـەکان، یارمـەتی قوتابخانـە مالیکیەکان و شافیعیەکانی دەدا و کیتابی دەدا بەهـەتیوەکانو قازیـەکی یـەکجار زیـرەك و لێهاتو بـوو لەقەزاوەتکـەی زوو دەگەیشـتە راسـتەقینە و سـوڵتانیش گوێرایـەڵی بـوو بـەڵکو

---

١ ، سير لاعلام النبلاء ٣٣٩٧،٣٣٨

بەهۆی راو ڕاوێژە ڕاستەکانی هەرێمەکان فەتح کران و منیش لەیەکێك لەچاکەکانی هەژمار دەکرێم، لەو رۆژگار کەتیبەکتانی کەتیبەی سەرکەوتن بوون و کاری باشیشی دەرهەق بەخەڵك دەکردو وەك سافی بەرەبەیانیش بێژەکانی ڕوون بوونو ڕەوان بێژەکی بلیمەت بوو ،پاشان لەکۆتاییدا دەلێ: لەپاش ئەو کێ هەیە وەك ئەو کارەکانی ئەوها بە پوختەیی جێ بەجێ بکات[1].

شاعیرەکانیش مەدحی بیرکردنەوە ڕاستەکەی و ڕا حەکیمانەکەیان کردوە ،کە چۆن ئەو گیرو گرفتە ئالۆزانەی ڕوو بەڕووی دەوڵەتی صلاح الدین دەبۆوە چارەسەری دکردو پاشان زۆر رۆژی گڕو نوێژکەرو بوەو عیلم و ئەهلی عیلمیشی زۆر خۆش دەویست و هەروا پیاوێکی سادەو سەخی و سەخاوەت بووەو زانایەکی مجاهید بووە....

هبة الله بن سناءالملك لەبارەیەوە وتویەتی:

واتت سعادته الى ابوابه لاكالذي يسعى الى ابوابها

فلتفتخر الدنيا بسائس ملكها منه ودارس علمها وكتابها

صوامها قوامها علامها عمالها بذلها وهابها

سوڵتان بەتەواوی مەیلی خۆی دابوێو زۆر لەلای دەمایەوە.

قازی زۆر عیشقی کیتاب و نووسین بوو ناوبانگی بە پیاوێکی دیندارو پاك و خواپەرست دەرکردبوو، بەردەوام بوو لەسەر شەو نوێژکردنو قورئان خوێندن و زیکر ،کاتێك میسر کەوتە ژێر دەسەڵاتی اسدالدین ئەوا قازی هێنایە لای خۆی و زۆریش پێی سەرسام بوو، پاشان صلاح الدین کردیە ڕاوێژکاری تایبەتی خۆی و هەر لەخز مەتیدا بوو، قازی زۆر دونیا نەویست بوو چاکەی زۆر بوو زۆریش خەریکی تەفسیرو ئەدەب بوو ،زۆریش گرینگی بەخواردن و خواردنەوەو جلو بەرگ نەدەداو جلی سپیشی لەبەر دەکردو زۆرریش ئامادەی بەخاك سپاردنی مردوەکان دەبوو، بەئاشکراو بەنهێنی خەریکی چاکەو کاری چاکە بوو، پیاوێکی لاوازو دەم ناسك بوو[2].

---

١ - سير لاعلام النبلاء ب٢١ لا٣٤١

٢ - سيراعلام نبلاء ب٢١ لا٣٤٣

سولْتان صلاح الدين لەبارەیەوە وتویەتی: وا مەزانن من بەشمشێرەكانتان ولاَتم كەوتۆتە دەسەت بەلْكو بەراو بیركردنەوە حەكیمانەكەی قازی بووە[1].

عماد الاصبهانی لەهۆنراوەی مەدحی كردوە وتویەتی:

عاینت طود سكینة ورایت الشمس فضیلة ووردت بحرفواضل

ورایت سحبان البلاغة سابحا ببیانه ذیل الفخار والنائل

حلف الحصافة والفصاحة والسماحة والحماسة والتقى والنائل

بحر من الفضل الغزیر خضمة طامي العباب وما له من ساحل

في كفه قلم یعجل جریه ماكان من اجل ورزق عاجل

ابصرت قسما في الفصاحة فعرفت اني في فهة باقل[2].

خاوەنی النجوم الزاهرة وتویەتی: فەزل و چاكەو ڕەوان بێژی قازی زۆر لەوە بەناو بانگ ترە باس بكرێ ئەمەش یەكێكە لەشیعرەكانی ،كەوتویەتی:

واذا السعادة لاحظتك عیونها نم فالمخاوف كلهن امان

بها العنقاء فهي حبائل واقتد بها الجوزاء فهي عنان[3].

بەراستی قاضي الفاضل جێگای متمانەی صلاح الدین بوو لەهەموو كاروبارێكدا راوێژی پێدەكردو بەگوێی دەكردو[4] نهێنیەكانیشی هەر لەلای ئەو دادەنا.

جارێكیان قاضي الفاضل نامەیەكی بۆ صلاح الدین نووسی لەكاتێك ئابلۆقەی شاری عەكای دابوو لەنامەكەدا ترساندبووی لەوەی ،كەسەربازەكان گوناه بكەن و ستم لەیەكێك بكەن و بەم هۆیەوە خودا سەر كەوتنی خۆی نەنێرێ و تووشی دۆران بین، ابن كثیر لەوبارەیەوە وتویەتی: قاضي الفاضل لەمیسر كاروباری مەمالیكەكانی بەڕێوەدەبردو ئەوەی سولْتان پێویستی پێ بوو لەماڵ و سامان بۆی ئامادە دەكردو، نامە نوسینیشن هەر ئەو بۆ سولْتانی دەنووسی ، لەو نامانە نامەیەك بوو ،كە لە ناوەرۆكەكەیدا هاتبوو، هۆی

---

١ ـ النجوم الزاهرة ب ٦ لا١٥٧

٢ـ النجوم الزاهرة ب ٦ لا٧٣ـ٧٤

٣ـ مصدر السابق ب لا١٥٧

٤ـ الروضتین ب٢لا٢٤١

درێژ خایەنی ئەو ئابلۆقەیە زۆری گوناهەکانە ،کەخەڵکی لەنێوان خۆیان ئەنجامی دەدەن، چونکە ئەوەی لەلای خوا هەیە نایاتەدی تەنها بەگوێ ڕایەڵی کردنی نەبێت. تاوانو گوناه لە هەموو شوێنەکان ئەنجام دەدرێو بۆلای خواش بەرز کراوەتوەو پێویست بەوە دەکا لێی پەشیمان بینەوەو داوای لێخوش بوونی لێ بکەین، هەروا لە نامەیەکی تریش وتبوی: ئێمە ئەگەر ڕاست گۆ باینە لەگەڵ خوا ئەوا زوو ئەنجامی ڕاست گۆییەکەمان دەدی، ئەگەر گوێرایەڵیمان بکردبایە بە دوژمنمان سزای نەدەداین، ئەگەر ئەوەی پێمان بکرابایە لەفرمانەکانی جێ بەجێمان بکردایەو ئەوەی پیشێمان نەدەکرا بیکەین ئەوا بۆمانی تەواو دەکرد، جا باکەس لۆمەی کەسی تر نەکات بەڵکو بالۆمەی خۆی و کردەوەکەی بکاتو ، کەسیش با بەزۆرو بۆری سەربازەکان فریو نەخوات چونکە سەرکەوتنی خوا بەو شتانە نیە بەڵکو سەرکەوتن ئەوەیە لەلایەن خواوە بێ، دڵنیاش نینە لەو سەرکەوتنە ئایا دێتە دی یان نا ،جا پێویستە بگەرێینەوە لای خواو پەشیمان بینەوە لەگوناهەکانمانو لەرێگاش کەم و کوریەك هەیە بۆیە سەرکەوتنی خوا دواکەوتوە، جا هەر لەدرێژەی باسەکەدا ابن کثیر وتویەتی : شێخ شهاب الدين خاوەنی کیتابی الروضتين زۆر باسی لەو نامانە کردوە، کە قاضي الفاضل بۆ سوڵتان صلاح الدينی دەنارد، کە نامەکان لەوپەری بەهێزی دابوونو، ئامۆژگاری و هاندانی تێدابوو بۆ جیهاد کردن ،رەحمەتی خوا لەو پیاوە چاکە ،ئای چ وەزیرێکی دڵسۆزو چ ڕایەکی ڕاست و حەکیم و ژیرانەی هەبوو[1] بەڵێ بەو کەڵە پیاوانە خوای گەورە ئاینەکەی خۆی سەر دێخیێو تیری خۆشەویستانی والیدەکات ئامانج بپێکیێ، بەڕاستی خوای گەورە بەهۆی ئەو زانایە ئەدیب و فەقیە و زاهیدو لەخواترسو وەزیرە باشەوە صلاح الدينی گەورە کردو ڕێزی لێنا.

وەفات کردنی قاضي الفاضل:

لەساڵی(٥٩٦) کۆچی قاضي الفاضل وەلامی خوای پەروەدگاری دایەوە لەکاتێك زۆر عەودالی مردن بوو چونکە کەم و کوڕی جیاوازی کەوتە نێوان کار بەدەستەکان ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کەخوا خۆشی ویستوە.

---

١ ـ البداية والنهاية ب١٢، ٣٦١

خاونی کیتابی النجوم الزاهرة باسی کردوه کەوا لەنێوان الملك العادل ابوبکر بن ایوب و قاضي الفاضل گرژیەك پەیابوو بوو جا کاتێك الملك العادل ویستی بێتە میسر قاضي الفاضل دوعای کرد کە خوا بیمرێنێ جا پێش ئەوەی الملك العادل بێتە میسر قاضی الفاضل وەفاتی کردو تەرمەکەشیان بەدەرگای زویلە دا بردە دەرەوە.

وەفات کردنی سوڵتان صلاح الدین:

کاتێك ژیانی صلاح الدینم دەخوێندەوەو بەردەوام بووم هەتا گەیشتم بەدوایین ساتەکانی ژیانی چاوەکانم پڕ فرمێسك بوون و دڵم ڕاچلەکی بۆ ئەو پاڵەوانە عیملاقە، کە بۆ ئیسلام وەك پەرژینێك وا بوو بۆ فڕوفێلی کافرە داخ لەدڵەکان، وەفات کردنی لەساڵی ٥٨٩کۆچی بوو، کتێبەکانی مێژوو باس لە وەدەکەن، کە کاتێك صلاح الدین وەفاتی کرد ئەهلی دیمەشق تووشی ناخۆشی و مەینەتیەك هاتن، کە لەوەو پێش توشی نەهات بوون، هەر یەکەیان حەزیان دەکرد بەماڵ و مناڵ و خۆشەویستانی ببنە فیدای ،صلاح الدین کاتێك لەسەرە مەرگ بوو ئەو ئایەتەیان لەلای خوێندەوە﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ﴾ئەویش وتی: چۆنی خوێندەوە هەروایە کاتێکیش بانگدرا بۆ نوێژی بەیانی قاضي الفاضل هات جا، کە ئەو ئایەتەیان لەسەر خوێندەوە، ﴿ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُلۡ حَسۡبِىَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَهُوَ رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡعَظِيمِ ﴿١٢٩﴾ ﴾ التوبة: ١٢٩ پێکەنی و ڕووی پرشنگدار بوو روحەکەی تەسلیمی خوای پەروەردگار کردو وەفاتی کرد، ڕەحمەتی خوای لێبێ و خودا بەهەشتی بکاتە مەنزڵگای، تەمەنیشی (٥٧) ساڵ بوو ، پاشان دەستیان کرد بەشوشتن و کفن کردنیو مناڵ و خزم و کەسەکانیشی هاتن، ئەو کەسەی،کە شوشتی ناوی دولعی بوو، کەوتار خوێنو فەقیهی ناوچەکە بوو، قاضي الفاضل یش لەماڵە حەلالەکەی کفن و پێداویستی ناشتنی کڕیو ابن زکی ئیمامەتی بۆ خەڵك کردو نوێژیان لەسەر کرد، پاشان هەر لەماڵەکەی خۆی لەمەنصورە لە دیمەشق نێژرا، دەڵێن ئەو شمشێرەی لەگەڵ خۆی دەهێنا بۆ جیهاد کردن لەگەڵیان ناشت، ئەمەش بەفەرمانی قاضي الفاضل چونکە وتی گەش بینن بەوەی کە انشاء الله لەڕۆژی قیامەت پاڵ دەداتە سەر

شمشێرەکەی هەتا دەچێتە بەهەشت[1] ئەو کەسەی، کەناشتی و شۆڕ بۆەوە ناو قەبرەکەی کوڕە گەورەکەی بوو، کەئەو کات سوڵتانی شام بوو، بەڕاستی هەواڵی مردنی صلاح الدین لەسەر موسوڵمانان وەك هەورە تریشقەیەك بوو چورتمێکی گران بوو خەمێکی وابوو،کە خەڵکی بەرگەیان لەئاستی نەدەگرت ،قازی ابن شداد باسی ئەو دیمەنە ترسناکەمان بۆ دەکات ،کە وتویەتی: ڕۆژی مردنی ڕۆژێکی ئەوەندە ناخۆش بوو، کەئیسلامو موسوڵمانان بەخۆیانەوە نەبینیبوو ،مەگەر بۆ خلیفە ڕاشیدینەکان نەبێ، دونیاو قەلعەو تەختی مولك تووشی تەنیایەك هاتن ،کە هەر خوا دەیزانی ، سوێند بەخوا گوێم لەخەڵکی دەبوو دەیان وت: ئەگەر بکرێ فیدای دەبین بەماڵ و گیان بەڵکو لەمەش زیاتر لەخۆمەوە دەم وت: ئەمە جۆرێکە لەسنور بەزاندن ئەگەر وانەباو فیدا بوون ڕەوا بوایە ئەوا خۆم و خەڵکیش بەفیدای دەبوین.

---

١ ـ ئەگەر ئەو هەواڵە ڕاست بێ قاضي الفاضل فەرمانی دەکردبێ بەوەی شمشێرەکەی صلاح الدين لەگەڵیدا بنێژرێ ئەوە ڕایەکی هەڵەیەو کارێکی بیدعەیە ،چونکە خوای گەورە ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا﴾ الاحزاب٢١ جا، کە **پێغەمبەر** پێشەنگی هەموو موسوڵمانانەو هەموو ئەحکامەکانی جەنازەو مردوی بۆ ڕوون کردینەوە ئایا لەهیچ جەنازەیەك فەرمویەتی ئەو شتە لەگەڵ مردوەکە بنێژن، خۆ **پێغەمبەر** سيد المجاهدين بووە، لەگەڵ ئەوە کاتێك وەفاتی کرد هاوەڵەکانی شمشێرەکەیان لەگەڵی نەناشت ، چونکە دەیانزانی **پێغەمبەر** فەرمانی بەمە نەکردوە، هەروا کاتێك حمزه بن عبدالمکلب شەهیدکرا ،کە گەورەی شەهیدانیشەو لەکاتی موسوڵمان بوونی ئیسلامی پێی بەعیزەت بوو لەشەری بەدر کەپوی موشریکانی لەخۆڵ چەقاند ،**پێغەمبەر** نەیفەرموو لەبەر ئەوی حەمزە ئاواو ئاوای بۆ ئیسلام کرد با شمشێرەکەی لەگەڵ بنێژین ، زۆربەی زانا سەر ڕاستەکانیش فەرمویانە ئەگەر مردو وەسیەتی کرد شتێکی لەگەڵ بنێژرێ ئەوا دروست نیە وەسیەتەکەی جێ بەجێ بکرێ ، چونکە کارێکە پێچەوانەی سوننەتی **پێغەمبەرە** ، ئەم ڕوون کردنەوەیەشم بۆ ئەوەیە ،کەموسوڵمانان بزانن سوننەت چیەو بیدعە چیە، هەروا کاتێك ژیانی موسوڵمانێك یان زانایەك یان سەرکردەیەك یان موجاهیدێك ئەخوێننەوە نابێ لەبەر فەزل و گەورەیی ئەو کردەوە باشانەی کردویەتی هەندێك شت لەبیر بکرێت یان چاوپۆشی لێ بکرێت ، کە ئەو زانا سەرکردە خواناسەیە کردویەتی لە هەمان کاتیشدا بیدعە بووە یان ناشەرعی بووە، چونکە کەس لە هەڵە بەدەرنیە ،ئێمە دەڵێین ئەو شتە بیدعانە یان ناشەرعیانە، کە لەو زاناو سەرکردانە ڕوویانداوە ئەوە یان نەیان زانیوە یان زانایەکی مجتهد فەتوای بۆ داون بەڵام لەئجتیهادەکەی هەڵەی کردوەو ڕاستی نەپێکاوە ، بەڵام کاتێك ئێمەی موسوڵمانان دەیخوێنینەوەو ئاگاداری دەبین ئەوا هەردەبێ ڕوونی بکەینەوە بۆ ئەوی سوننەت و بیدعە تێکەڵ بەیەکتر نەبن و خەڵکی نەکەونە ناو هەڵە. والله اعلم.وەرگێر

بەڕاستی صلاح الدین سەرکردەیەکی خواناس بوو لەسەردەمی نورالدین لەبارو دۆخێکی پڕ عیلم پەروەردەبوو، ئەو کەش و هەوایە پڕ عیلمە بارودۆخێکی نمونەیەی بەرزی بۆ دروست کردن، کە خودا گەورەیی و ڕێزو هێزی ئوممەتی پێ گەڕاندەوە.

دیاردە سەرەکیەکان لەکەسایەتی صلاح الدین دا:

یەکەم : نزیك کردنەوەی زانایان لەخۆی و خۆش ویسنتیان و ڕێز لێ گرتنیانو راوێژ پێ کردنیانو دانانیان لەجێگای شایەن بەخۆیانو ئاوەدان کردنەوەی قوتابخانەکان و ئامادەبوون لەکۆڕی عالیمەکان، بەڵکو سوڵتان صلاح الدین بەخۆی و بەهەر دوو کوڕەکەی علي و عثمان ئامادەی کۆری الحافض السلفي دەبوون زانای پایە بەرز کمال الدین الشهرزوری بۆ پلەی وەزیر بەرز بویەوە، هەروەها ڕاوێژکاری صلاح الدین ابن نجا الحنبلیو وەزیرەکەی القاضي الفاضل و نجم الدین الخبوشانیو ئەوانە لەگەورە زانایان و نووسەران بوون ،کەزۆر شەیداو عەودالی عیلم بوون. زانای پایە بەرز الفقیه الشافعی صلاح الدین ی هاندا بۆ لەناو بردنی دەوڵەتی عوبەیدی و لێش نەگەرا چیتر وتاری هەینی بدەن ، صلاح الدین قوتابخانەیەکی بۆ دروست کردو کردیە مامۆستاو بەڕێوەبەری، یەکێکی تر، کە ناوی الفقیه الهکاری بوو ، کە سەربازێکی ئازاو سەخی و لەسەر دەستی شێخ ابو القاسم البرزی پێ گەیشتبوو، جا ئەوەی ئەو زانایە دەیتوانی قسە لەگەڵ صلاح الدین بکات کەسی تر جور ئەتی نەیدەتوانی.

ئەگەر زانایەك بهاتبایە لای صلاح الدین ئەوا زۆر گرنگی پێ دەداو لێ نەدەگەرا بڕوا هەتا پارەو کەل و پەلی بۆ خۆی و خزم و کەس و جیرانی نەدابوایێ.

بەڕاستی ئەو سەرکەتنو گۆڕانکاریانە بەو پەیوەندیە باشەی نێوان ئەمیرو زاناکان دێتە دی. قازی ابن شداد وتویەتی: صلاح الدین لەهەموو دووشەم و پێنج شەممەیەك لەکۆری عەدل دادەنیشت، کە لەو کۆرە گشتیەدا فەقیهو قازیەکان ئامادەی دەبوونو ئەمەی لەسەفەریشدا تەرك نەدەکرد، [1].

---

[1] - ایعید التاریخ نفسة؟ لا٩٤

مەقدیسیەکانیش ،کە پێك هاتبوون لە ابو عمر محمد بن احمد بن قدامة و برایەکەی و کوڕەخاڵەکەی الحافظ عبدالغني و شێخ عیماد، کە نیشتەجێی حي الصالحية بوون لەدیمەشق ئەوا دانەدەبڕان لەهیچ غەزایەك، کە صلاح الدين بیکردبایەو لەفەتحی قودس و کەنارەکان و هی تریش هەر لەگەڵی دابوون[1].

بەڕاستی ئەو سەرکردانەی ڕێز لەزانایان و فەقیهەکان دەگرن ئەوە لەڕاستیدا دەستیان بەسوننەتێك لەسوننەتەکانی خوا گرتوە، کە سوننەتی تەمکین و نەصرو زاڵ بوونە بەسەر دوژمنان.

ئەو کەسانەی هێرش دێننە سەر زاناو ڕۆشن بیرو سیاسەت مەدارو پەروەردەکەرو فەرمودەناس و حەرەکیەکانی ئوممەت ئەوە لەڕاستیدا خزمەتی پیلانەکانی جولەکەو فەلەو تاغوت و سیخورەکان دەکەن ، جا یەکسانە لەوەی هەستی پێدەکەن یان نا ، ئەوانەی وا بەردوامیش تانەو تەشەر لەکردەوەکانی زانایانی ئومەت دەدەن ئەوە دوور کەوتونەتەوە لەمەنهەجی ئەهلی سوننەت و جەماعەت کەدەڵێت: وعلماء السلف من السابقين ومن بعدهم من التابعين اهل الخير والبركة والاثر واهل الفقه والنظر لايذكرون الا الجميل ومن ذكرهم بسوء فهو على غير السبيل . واتە زانایانی سەلەف لەپێشینەکان و هەروا ئەوانەی لەدوایان هاتوون ، کەئەهلی خەیرو فیقه و ڕان، ئەوا دەبێ هەر بەچاکە ناوببرێن ، ئەوەی بەخراپە باسیا بکات، ئەوەلەڕێگای ڕاست لای داوە[2].

بەڕاستی کەسانێکم بینیوە جنێویان دەدا بەزاناو فەقیهو فەرمودەناس و بانگخوازان، بەڵکو هەندێکیان چەند سەرکردەیەکی بزوتنەوە ئیسلامیەکانی بەبێ عیلم کافر دەکرد، هەندێکیشیان بەغەیبەت کردنی زانایان و تانەو تەشەر لێیان لەزەت و خۆشی وەردەگرن‌و، ئەمەش لەسەر مینبەرو ڕۆژنامەکان بڵاودەکاتەوەو، خەریکە لەخۆشیان دەفڕیت، بەڵام ئایا نازانێ ئەو نەفامە ، کە گۆشتی زانایان ژەهراویەو عادەتی خواش دیارو ئاشکرایە لەهەتکردنی ئەو کەسانەی تانەو تەشەریان لێ دەدەن، هەروا ئایا نازانێ ئەو نەفامە ، کە حوکم دان لەسەر خەڵکی دەبێ ڕەچاوی چاکەو ئیشە باشەکانی بکرێت، لەو بارەیەوە زانای

[1] ـ البداية والنهاية ب ٣١ لا ٣٩

[2] ــ شرح الطحاوية ب٢لا٧٤٠

پایە بەرز ابن القیم رحمه الله. دەفەرموێ: ئەوەی عیلمی بەشەرع و واقیع هەبێ ئەوا بە تەواوی ئەزانێ ،کە ئەو پیاوەی لەئیسلام کاروی چاکەو شوێنەواری باشی هەیەو لەئیسلام شوێنی دیارە ئەوە بۆی هەیە هەڵەو پێ خلیسکانی هەبێت، موعزوریشە، بەڵکو لەسەر ئیجتیهادەکەی پاداشتیش وەردەگرێ، ، بۆیە نابێ باسی بکرێو پلەو پایەو پێشەوایەتیەکەی لەناو موسوڵمانان کز بکرێ[1].

بەڕاستی ئەو میژووە گەورەیەی ئیسلام گرنگی ڕێزگرتن لەزانایان و بانگخوازانمان بۆ دەردێخێ، کەچۆن بوینە مایەی بەعیززەت کردنی ئەو ئایینە، جا ئەوانەی هەوڵ دەدەن بۆ گەڕانەوەی ڕابردووی ڕەسەنمان و هەوڵ ددەن بۆ گەڕانەوەی عیززەتەکەمان ، پێویستە کار بکەن بۆ ئەوەی زانایان و فەقیهەکان ڕۆڵیان بێتەوە بەوەی ڕێزیان لێ بگرن و خەڵکیش فێرە ڕێز گرتنی زانایان بکەن، ئەو بەکرێ گیراوە نگریسانەی لەناوماندا هەیە رێیان لێ بگرن و قەدەغەیان بکەن بۆ ئەوەی بەقسەی ڕازاوەو شێوازە فیلاویەکانیان نەتوانن جنێوو تانەو تەشەر لەزانایانمان بدەن و لاوەکانمان فریو بدەن بۆ ئەوەی نە لەدین نە لەدونیا سەرکەوتوو نەبن.

دووەم: دیاردەیەکی تری ڕوون ، لە کەسایەتی صلاح الدین خۆش ویستنی بوو بۆ جیهاد قاضي ابن شداد وتویەتی: صلاح الدین زۆر موکڕ بوو لەسەر جیهاد کردنو زۆریش گرنگی پێدەدا، ئەگەر یەکێك سوێندی بخوارد بایە، بەوەی صلاح الدین کاتێك دەربچوو بایە بۆ جیهاد کردن ئەوا پارە پولی هەر لەو پێناوەدا سەرف ئەکرد ئەوا سوێند خواردنەکەی ڕاست بوو کەفارەتەکەی نەدەکەوتە سەر، بەڕاستی جیهاد هەموو شتێکی صلاح الدین بوو دڵی داگیر کردبوو بەجۆرێك ، کە هەموو قسەو باس و خواسی هەر جیهاد کردن بوو زۆر گرنگی بەکەرەستەکان و پیاوەکانی دەدا ، لەبەر خۆش ویستنی بۆ جیهاد ماڵ و مناڵ و نیشتیمانی بەجێ هێشتو لەبەر خاتری ئایینی خۆی ڕازی بوو بەوەی لەژێر چادرێك بژیت، کە با بەلای ڕاست و چەپ ئەم لاو ئەو لای پێ دەکرد، هەر پیاوێکیش بیویستبایە بچێتە لای ئەوا کاتێك دەچوە لای هانی دەدا لەسەر جیهاد کردن. ڕۆژێك لەگەڵ سوڵتان چووین بۆ

---

[1] ـ اعلام الموقعین ب٣/٢٨٣

کەنار دەریا بۆ ئەوەی بچینە عەککا زستانێکی زۆر ساردیش بوو دەریاش شەپۆلەکانی زۆر قایم بوو وەك چیاكان بەرز دەبۆوە بۆ ئاسمان، منیش یەکەم جارم بوو دەریا ببینم بۆیە سەیرم دەهات بەو کەسانەی دەچوونە ناوی و سواری کەشتی دەبوون من لەو قسانە دا بووم، سوڵتان ڕووی بۆ لای من وەرگێڕاو وتی: دەبێ خوای گەورە بۆم ئاسان بکات بۆ ئەوەی کەنارەکان هەموو فەتح بکەم و پاشان سواری کەشتی بم و بچم بۆ فەتح کرنی جەزائیر بۆ ئەوی کەس نەهێڵم لەسەر زەوی کوفر بەخوا بکات یان لەو پێناوەیا بمرم ، بەڕاستی ئەو قسانە زۆر کاری تێکردمو شوێنەواریکی قووڵی لەدڵمدا بەجێ هێشت، سەیری ئەو هیممەتە بەرزە بکەو سەیری ئەو دەروونە پاکە بکە، کە چەندە ئازاو بەجەرگە خودایە خۆ تۆ دەزانی ئەو ئەوەندوی پێ کرابێ هەوڵی داوە بۆ سەرکەوتنی ئایینەکەت بۆ ئەوەی لێی خۆش بی، خوایە رەحمی پێ بکەی ، سەربارەت بەئارام گرتنیشی جارێك لە عەككا زۆر نەخۆش بوو بەهۆی بەدیار کەوتنی چەند قونیرێك ،کە لەناوکیدا هەتا ئەژنۆی دایگرتبوو لەبەر ئەوەی ئازارێکی زۆری هەبوو نەیدەتوانی دابنیشێو ئارامیەکی زۆریشی لەسەر دەگرت، جا هەر لەکاتی چێشتەنگاوە دەرۆیشت بەرەو نوێژی نیوەڕۆو دەیوت: کاتێك سواری ئەسپ دەبم و بەرەو نوێژ دەڕۆم هیچ هەست بەئێش و ئازار ناکەم.[1]

بەڕاستی ئەمڕۆ لەو ڕۆژگارەی ئێمە گەرمو گوڕیەکی بەتین هەیە بۆ ناو گۆرەپانەکانی جیهادو تیکۆشان، وەك ئەوەی لە ئەفغانستان ڕوویدا، هەروا لەو تێكۆشان و قوربانیانەی گوێمان لێ دەبێ لە زەوی داگیرکراو ارض المحتلة بەلام لە هەندێك ولاتی موسوڵمانان برایانێکمان هەن، کە سەرپەرشتی بزووتنەوە جیهادیەکان دەکەنو شارەزاییەکی کەمیان هەیە بەو سوننەتە خواییانەی ،کە خودا داینـاوە بۆ گۆڕینی گەل و کۆمەڵگاکان، لەوەش گرنگتر لەئاینی خودا زۆر باش تێ نەگەیشتونە بەتایبەت لەسیاسەتی شەرعی و فیقهی جیهادو پەلە نەکردن لەپەروەردەکردنی خەلکی هەتا ئامادە دەبێ بۆ ئەوەی جیهاد بکات، جا ئەوانە دەستایان کرد بەفەتوادان و هەلێنجانی حوکمەکان لەخوێندنەوی ئەوکتێبانەی خزمەتی مەبەستەکەیانی گەنجەکانیشیان لەسەر پەروەردە دەکردو ، شوێن کەوتەکانیان

[1] - الروضتین ب٢لا٢٢١_٢٢٢

تووشی جەنگێکی دۆڕاو کرد دژی حوکمەتەکانیان لەکێشەیەك، کەکۆتایی پێهات بەوەی هەندێکیان بکوژرێن و هەندێکشیان بکرێنە بەندیخانەو خێزانە بەشەرەفەکانیشیان دەربەدەر بوون و بوونە هۆکاریش بۆ لەکار خستنی چەند پرۆژەیەکی دەعەوی و تەربەوی ، جا کارەکەیان لەچەند ڕوییەکەوە زیادە ڕۆییو سنوور بەزاندنی تێدایە:

یەکەم: جیهاد کردن لەهەقی ئوممەتە نەوەك لەهەقی چەند تاکێك و کۆمەلێك بێت ، بەڵکو ئوممەت بەپێی ئەهلی حەلل و عقد[1] لەو فەقیهو زانایانەی هەڵیان دەبژێرن بڕیاری

[1] ئەمە لەفیقهی ئیسلامی وتەیەکی زۆر نامۆیە ،کە جیهاد کردن بگەڕێتەوە بۆ ئەهلی حەلل و عەقد،بەڵکو لەهەموو کتێبە فقهیەکانی ئەهلی سوننە بڕیار لەسەر ئەوە دراوە ،کە هەر کاتێك دوژمن هێرشی هێنایە سەر موسوڵمانان ئەوا جیهاد کردن واجب دەبێت ئەنجا ئەهلی حەلل و عەقد هەبوو یان نا ئیمام هەبوو یان نا، بەڵکو ئەم وتەیەی دانەر ،کە نازانم لەکوێی هێناوە ئەوا ڕێك وتەی عەمامە بەسەرەکانی شیعەیە ،کە جیهاد بەڕەوا نابینن تەنها لەگەڵ ئیمام نەبێ بەڵام ئەوان هەر بە خۆیان موخالەفەی ئەو ڕایەی خۆیان کرد لەشەڕی عیراق و ئێران ،کە جیهادیان کرد بەبێ ئیمام و ئەو ڕایە فیقهیەی خۆیان لەبن پێیان نا لەبەر خاتری بەرژەوەندی خۆیان،جا دانەر لەو مەسەلەیە هەڵەیەکی ئاشکرای کردوەو موافەقەی شیعەی کردوە لەگەڵ ئەوەی زۆر دژی شیعەشە، لەلایەکی تریش ئەم ڕایە زۆر دوورە لە واقیع چونکە ئێمە وەك موسوڵمان دەبێ غیرەتمان بەرامبەر دینەکەمان و ئابرو ناموسمان هەبێت و دینەکەشمان دینی هێزو جیهادو غیرەتەو قەبول ناکات هەڵگرانی دەستە وەستان دابنیشن و بەرگری لە دینەکەو ناموسیان نەکەن جا چ بەڵگەیەکمان هەیە بلێت ئەگەر ستەم لە یەکێك کرا ئەوا دەبێ ڕا بوەستێ و دیفاع لە خۆی نەکات و تۆڵەی لە بەرامبەرەکەی نەکاتەوە هەتا پرسی ئەهلی حەل و عەقد دەکات ئەگەر هەبوو ئەگەریش نەبوو ئەوا دەبێ ڕابوەستێ هەتاوەکو دورست دەبێ، چ زانایەك لە ئوممەتی ئیسلام ئەمەی وتوە! ئەمەیە نا واقیعی لە فەتوا دان و بڕیارداندا، عەرەب گوتەنی (من وقع بئرا لخیە وقع فیە) دانەر چونکە لەدوور تەماشای بزووتنەوە جیهادیەکان دەکات و بە دیعایەی ئیعلامی جولەکەو ئەمریکاو هەندێك لە موسوڵمانە سادەکان ئەوانەی ڕوانینێکی شەرعیانەو واقیعیانەیان نیە بۆ ڕووداوەکان باوەڕ دەکات ، دانەر هەر بە خۆی لە کاتی شۆڕشی گەلی لیبی لە دژی تاغوتی ستەم کار معمر القذافي لە چەند چاو پێکەوتنێك کە کەنالی جەزیرە موقابەلەی کردبوو وتی: ئەوەی شۆڕش گێڕەکان دەیکەن لە دژی معمر القذافي ئەوا جیهادێکی پیرۆزەو ئەوەی بکوژرێش شەهیدە، خۆ ئەو جیهادەی کراش دژی حاکمی لیبیا بەبێ بوونی ئەهلی حەل و عەقد بوو کەواتە بۆ کاتێك لەناو واقیعە نەبوو بڕیارێکی داو کاتێکش کەوتە ناو واقیعەکە بڕیارێکی دژی بڕیارەکەی یەکەمی دا؟ ئەمە لەلایەك بە بۆچوونی من تێنەگەیشتنە لە عیلمی شەرعی و بەتایبەتی فیقهی جیهاد و لەلایەکی تریش دووریە لە واقیعی سەردەم کە چی لەناو ڕوودەداو ئەگەریش لەدووری تەماشای شتێك بکەی ئەوا ڕاستیەکی زۆرت لەکیس دەچێ و نادادگەرانە بڕیاری هەڵەی لەبارەیەوە دەدەی،بەڵام ئەو لەبەر فیکرە

لەسەر دەدات، پێش ئەوەش دەبێ ئوممەت لەلایەنی پەروەردەو فیقهـ شارەزاییەکی هەبێت ئەمەش دەبێ لەژێر سەرپەرشتی زاناو فەقیهەکان بێت ،جا ئەو گەلەی ئێمە لەبارەی دەدوێین ئەگەر زانا فەقیهیان تێدا نەبوون ئەو دەبێ کۆمەڵێك لەنەوەکانی خۆیان تەرخان بکەن بۆ ئەوەی عیلمی شەرعی لەمامۆستا شەرع زانەکان فێرببن ئەوانەی ئوممەت شاهێدی بۆ داون ،کە شایەنن بۆ ئەم کارە بۆ ئەوەی بۆ چارەسەری گیرو گرفتە گەورەکان بگەڕێنەو لایان‌و ئەوانیش دەستیان بگرن بۆتەحکیم کردنی شەریعەتی خوا بە لەسەرە خۆیی بەتایبەتیش لەسەدەی ئەمڕۆ ، کەپڕیەتی لەفیتنەو ئاشوب.

کاروبارە گەورەکان وەك جیهاد کردن دەگرێتەوە بۆ ئەهلی عیلم ئەوانەی خاوەن ڕوانینێکی ڕاست‌و ڕوون: خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا جَآءَهُمۡ أَمۡرٞ مِّنَ ٱلۡأَمۡنِ أَوِ ٱلۡخَوۡفِ أَذَاعُواْ بِهِۦۖ وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ لَٱتَّبَعۡتُمُ ٱلشَّيۡطَٰنَ إِلَّا قَلِيلٗا ﴾ النساء ٨٣ نەوەك بگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی هەموو تەمەنی خۆیان لەئەندازیاری بیناسازی یان پیشەسازی سەرف کردوە، یان سەرف کردوە لەدیراسەکردنی نەشتەرگەری پزیشکی یان لەعیلمەکانی ترو، پاشان هەندێك کیتابی خوێندوتەوەو لەبەری کردوەو بەگوێرەی تێگەیشتنە سنور دارەکەشی تێی گەیشتوەو دەستی بەشەرێکیش کردوە بۆ سەر زانا و فەقیهـ و بزوتنەوە ئیسلامیەکان ئەوانەی خاوەن مەفهومێکی گشت گیرن، کە ئەوانەی دایان مەزراندوەو بەگەڕیان خستوەو سەر پەرشتیان کردوە زانایان و بانگ خوازان بوونە، ئەوانەی ئوممەت شاهێدی عیلم و ئیخلاس و ڕاست گۆیی بۆ داون ،نەوەك بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەوانەی موتابەعەی ڕۆژنامەو ئێزگەکانیان کردوەو لەسەر کتێبەکانی حرب العصابات ی ماوتسی تۆنغی صینی و جیفارای ئەمریکای لاتینی بووینە قوتابی‌و ویستویەتی لاوەکانی ئوممەت

ئیخوانیەکەی ،کە زاڵە بەسەریدا تووشی ئەم هەڵەیەی کردوە لەفیقهی ئیسلامی واقیعی سەردەمدا،خودا لەهەموو لایەکمان ببورێ.

پـالْ پێـوه بـنێ بـەرەو ئـەو ئامانجـەی خـۆی داینـاون و هێلـی بـۆ كێشـاونو[1] ،یـان دوور كەوتنەوە لەسەركردە گەورەكانمان وەك نورالدين و صلاح الدين ،پـێش ئەوانـەش گـەورەی هەموو پێغەمبەران لەگەڵ هاوەڵە پاك و بێگەردەكانی.

زانای پایە بەرز ابن سعدی رحمـه الله لـەبارەی تەفسـیری ئـەو ئایەتـەی سـورەتی نیسـاء فەرمویەتی: ئەو ئایەتە تەئدیبە لەلایەن خواوە بۆ بەندەكانی لەسـەر كـارە ناشـیاوەكەیان، كەپێویستە لەسەریان ئەگەر كارو بارێك گرنگ بـوو بەرژەونـدی گشـتی تێدابوو پەیوەنـدی هەبوو بەلایەنی ئەمنی و خۆشی باوەڕداران، یان پەیوەندی بەترسەوە هـەبوو ، ئـەوا دەبـێ لەهەواڵەكـە بكۆڵنـەوەو پەلـە نەكـەن لەبڵاوكردنـەوەی ، بـەڵكو دەبـێ بیگەڕێننـەوو بـۆ لای پێغەمبەر یان بۆ لایەنی پەیوەندی دار ئەوانەی ئەهلی عیلمن و خاوەن ڕای ڕاستن و بیرێكی تیژیان هەیەو شارەزان بە فیقهـی بەرژەوەندیـەكان و پێچـەوانەكەی ، جـا ئەگـەر بینیـان لـە بڵاوكردنەوەی خێری تێدایە ، یان بینیان ئەگەر لە بڵاوی كردنەوەی شەڕی زیاترە لـەخێری ئەوا بڵاوی ناكەنەوە ، بۆیە دەفـەرموێ: ﴿لعلمـه الـذي يسـتنبطونه مـنهم﴾ واتـە : بـەفیكرە ڕاستەكەیانو عیلمە چڕو پڕەكەیان لێی دەكۆڵنەوە پێش ئەوەی بڵاوی بكەونە.

جـا لەمــەدا بنەمایــەكی گرنـك بەدەسـت دەكـەوێ ئـەویش ئەگـەر هـاتوو لـەكاروبارێك كۆڵدرایەوە ئەوا پێویستە بدرێتـە دەسـت ئـەو كەسـانەی شـایەنن بـۆ ئـەم كـارەو كەسـیش بەپێشیان نەكەوی و نەدرێتە دەست كەسانی تر، چونكە ڕای ئـەوان ڕاسـترەو دوور تـرە لـە هەڵە.

هەر ئەو ئایەتە قەدەغەی پەلە كردن دەكات لە بڵاوكردنەوەی ئەو كاروبارانەی مرۆڤ دەم و دەست گوێی لێدەبێ و فەرمانیشـی كـردوە بـەوەی پـێش ئـەوەی لێـی بـدوێین بـیری لـێ

---

[1] - دانەر زۆر بێ بەزییانە هێرش دەكاتە سەر بزووتنەوە جیهادیەكانو تۆمەت باریان دەكات بەوەی چەتەنەو لەكوێش فێر بووینە لە ئەمریكای لاتینیو ماتسی تۆنغی صینی ،ئەمە چ میزانێكە بەكاری هێناوە ،ئەم وتەیە هیچ خزمەت بەهیچ جۆرە موسوڵمانیك ناكات ،بەڵكو پەرتەوازەییو دووبەرەكی دەخاتە نێوان موسوڵمانان،كە دانەر بەخۆی لەو كیتابەو كیتابەكانی تری زۆر جەخت دەكاتەوە لەسەر یەك ریزیو یەك هەڵوێستی موسوڵمانان ، بەڵام هەروەكو گوتم لەبەر زاڵبوونی فیكرە ئیخوانیەكەی بەسەریو دەمار گیری بۆی تووشی ئەم ستەمو زوڵمەی كردوە.

بکەینەو تێی رابمینێین بۆ ئەوەی بزانین ئەگەر بەرژەوەندی لەبڵاو کردنـەوەی دابـوو ئـەوە بڵاوی بکەینـەوە ئەگەر نا بارا بوەستین و بڵاوی نەکەینەوە.

بەراستی مەسەلەی جیهادو سیاسەتی شەرعی هەر دەبێ زانا بلیمەتەکان ئەوانەی خاوەن عـیلم و زانیاریـەکی قـووڵن فـەتوای بـۆ بـدەن، چـونکە ئـەوان زانـاترن بەمەبەسـتەکانی شەریعەتو دەزانن هاوسەنگی لەنێوان مەصالیح و مەفسەدەکان بکەن، ناشـکرێ گەنجێـک، کە هێشتا لەسەرەتای تەمەنی دایەو کاتەکانی هەر لەقیل و قال بەسەر بردوەو دانەنیشـتوە لـەکۆرێك لـەکۆرەکانی عـیلم بـۆ ئـەوەی گـوێی لەمامۆسـتای شـەرع نـاس بـێ، ئـەوا نـابێ لەکاروباری جیهاد فەتوا بدات، کە لەدەست دانی گیانی تێدایە و ماڵ و سـامانی بـۆ سـەرف دەکرێ و تێیدا دەست درێژی دەکرێتە سەر ناموس.

پاش لێکۆڵینـەوەیەکی ورد بۆ ژیانی چاکسازو موجاهید صلاح الدین بۆمان ڕۆن دەبێتەوە ،کـە ئەوانـەی لـەزانانیان فـەتوایان داوە لـەو سـەردەمی ئـەوا لەشـەریعەتو مەبەسـتەکانی تێگەیشـتوونو زانیویانـە هاوسـەنگی لـەنیوان مەصـالیح و مەفاسـیدەکان بکـەن و باشـیش شارەزا بوونە لەو واقیعەی تیایدا ژیـاون و هونـەر سازیشـیان کـردوە لـەزانینی مەصـالیح و مەفاسیدەکان.

من لێرە ئامۆژگاری موسوڵمانان دەکەم فریو نەخۆن بەو کەسەی ،کە کەس شـاهێدی بـۆ نەداوە ئەهلی فەتوایە، مرۆڤیش بەئاینی خۆی لەهـەموو کەسـێك وەرنـەگرێ تـەنها لەوانـەی ئوممەت شاهێدی عیلمی بۆ داون و لەسەر دەستی زانایە سەر ڕاستەکان فێری عـیلم بوونـەو لەو پێناوەدا ئارامیان گرتوە ،چونکە ئایینو تێگەیشتن لێی وەك ئێسك و گۆشت و خوێنتە، جا بزانە ئایینت لەکێ وەردەگریو نەکەی لەوکەسانە وەری بگـری ،کـە هەنـدێك دەنوکیـان لەعیلم داوەو چەند لاپەڕەیەکیان لـێ خوێندۆتـەوەو پاشـان شـانازیان بـەخۆیان و عـەقلیان کردوە.

بەراستی عیلمـی شـەرعی لەماموستـا شـەرع زانـەکان بـەدەم وەردەگـیرێو نـاکرێ مـرۆڤ بەتەنها لەکیتابەکانەوە فێری بێت ، بەڵکو ئەگەر بەتەنها لەکیتابەکان فێربێ ئەوە بەلایەکـە لەبەلایەکان، هەروا ئەو لاوانەی لەگەڵ یەکتر کۆدەبنەوەو بەبێ مامۆستایەکی زانا دیراسـەی زانست دەکەن.

پێشـەوا شـافیعی فەرمویـەتی: ئـەوەی لـەناوەڕۆکی کیتابـەکان عـیلم وەربگـرێ ئـەوە ئەحکامـەکان بـەفێرۆ دەدات.[1] .هەنـدێك زانایـانی سـەلەفیش فەرمویانـە : گـەورەترین بـەڵا ئەوەیە، کەمرۆڤ لە لاپەڕی کیتابەکان فێری عیلم ببێ.[2]

بەراستی زانایانی ئوممەت هیچ کات ئالاَیان لەسەر سەری خۆیان بەرز نەکردوَتـەوەو هـیچ دروشمێکیشیان نەبووە خەلکی بۆ بانگ بکەنو دواشـیان لەخـەڵك نـەکردوە ئینتیمایـان بـۆ بکەن، بەڵکو داوایان لەخەڵك کردوە ئینتیما بۆ سوننەتی پێغەمبەر بکەن ،جا بـرای بـەڕێزم ئاگـادار بـە نـەوەك وەك خەواریجـەکانت لـیبێ ئەوانـەی خـاوەن عـیلم و فـەزل بـوون بـەڵام لەهاوەڵەکان دابڕانو بەدوای ئەو ئەعرابیانە کەوتن کەوا تەنها وتاری گەرم گوڕیان دەزانی و سۆزی خەڵکیان دەوروژاند، جاموکڕبە لەسەر ئەوکەسـەی لـەئاین و عـیلم بـاروەر پێکـراوە چونکە : ئەو عیلمە ئاینە جا بزانن لەکێ وەری دەگرن[3] .

بەڕاستی جیلی صلاح الدین بەسەر کردەو سەربازەکانی باش لەوە گەیشتبوون ،کە عـیلم چەند نرخی هەیەو لە کێش وەری دەگرن بۆیە مەسەلەی فەتوادانیان دایە دەسـت کەسـانی شـیاو ، جـا زانایـە خواناسـەکان سیاسـەتی ئوممـەتیان بـەڕێوەبردوو قۆنـاغ بـە قۆنـاغ دەرۆیشتنو هەمووشیان مەبەستی رەزامەندی خـوای گـەورە بـوو، گرنگـی دانیـان بـە عـیلمو زانایانو جیهادو دەرپەڕانـدنی وزەکـان شـتێکی بەرچـاو بوو،بەڕاسـتی جیهـاد کـردن دەبـێ ئەممـەت بڕیـاری لەسـەر بـدات نـەوەك چـەند تاکێـك ،بەڵکوئەممـەت بـەهۆی خڕبوونـەوەی لەدەوری ئەهلی حەللو عەقد بڕیاری لەسەر دەدات.

دووەم: یەکێك لەنیشانەکانی کەسایەتی صلاح الدین گرنگی دانـی بـوو بەدادگـەری. ئـەمیرو وزیرەکانی پێشتر دەست درێژیان دەکردە سـەر مـاڵو زەویو زاری خـەڵکیو پادشـاکانیش ڕێگەیان پێدەدانو رازیان دەکردن بۆ ئەوەی هەر گوێڕایەڵیان بن.

سێیەم: ژیانێکی سادەی لەدونیا بردە سەرو لەدەست بڵاویـان هـیچ موڵـكو سـامانی بـەجێ نەهێشت ،بەڵکو بەخشیە خەڵك بەگشتیو هـەتا دوژمنیشـی بێبـەش نەکرد،لـەجلو بـەرگو

---

[1] ـ ابن جماعة ، تذكرة السامع لا٨٧

[2] ـ هەمان سەرچاوەو لاپەری پێشوو

[3] ـ مقدمة صحيح مسلم ب١لا١٤

خواردن‌و خواردنه‌وه‌ش زۆر ساده‌بوو ته‌نها ئه‌و پۆشاکانه‌شی له‌به‌رده‌کرد،که دورست کرا بوون له لۆکه‌و سوف‌و که‌تان.

چواره‌م: زۆر گرنگی به‌زمانی عه‌ره‌بی‌و مێژوو ده‌داو له‌شیعریش دیوانی ابو تمامی له‌به‌ر بوو.

پێنجه‌م: به‌رده‌وام نوێژه‌کانی به‌جه‌ماعه‌ت ده‌کرد، وتراوه، که بۆ ماوه‌یه‌کی دوورو درێژ نوێژی جه‌ماعه‌تی نه‌چوه، هه‌تا له‌و نه‌خۆشیه‌ی پێی وه‌فاتی کرد،ئیمام ده‌هاته لایو جه‌ماعه‌تی بۆ ده‌کرد،ئه‌ویش سه‌ره‌ڕای نه‌خۆشی به هه‌ڵسانه‌وه نوێژه‌کانی ده‌کرد.

شه‌شه‌م: دڵێکی زۆر ناسکی هه‌بوو بۆیه کاتێك گوێی له‌فه‌رمووده‌ی خوا یان پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی ببوایه یه‌کسه‌ر فرمێسك به‌سه‌ر کوڵمه‌کانیدا ده‌هاته خواره‌وه.

حه‌وته‌م: زۆر به‌ده‌م پێکه‌نین بوو ئارامیه‌کی ئێجگار زۆریشی هه‌بوو له‌سه‌ر تاعه‌ت‌و کاری چاکه.

ڕه‌حمه‌تی خوا له صلاح الدین‌و دۆستانی بی‌و خودا له چاکه کاران هه‌ژماریان بکات.

جوانترین ئه‌و سه‌ر خۆشیانه‌ی له‌باره‌ی صلاح الدین وتراوه:

عماد الاصبهانی وتویه‌تی: شه‌وی یه‌ك شه‌ممه چوینه لای صلاح الدین ،که نه‌خۆشیه‌که‌ی هه‌ر توند ده‌بوو رۆژ به ڕۆژیش خه‌ڵکی دڵیان توندتر ده‌بوو، پاشان له‌دار الفنا بۆ دارالبقا کۆچی کرد، جا به مردنی ئاوات و هیوای پیاوه‌کان پچڕاو به‌ئاوا بوونی خۆریشی ئاسۆی چاکه‌و کاری باش ته‌نگ بویه‌وه‌و شاعیرانیش پێیاندا هه‌لگوت و سه‌ره‌خۆشیان لێ کرد، له‌م باره‌یه‌وه عماد الاصبهانی له‌مرثیة به‌ناو بانگه‌که‌ی وتویه‌تی :

شمل الهدى والملك عم شتاته — والدهر ساء وأقلعت حسناته

بالله أين الناصر الملك الذي — لله خالصة صفت نياته

أين الذي مذ لم يزل مخشية — مرجوة رهباته وهباته

أين الذي كانت له طاعتنا — مبذولة ولربه طاعاته

أين الذي ما زال سلطانًا لنا — يُرجى نداه وتتقى سطواته

أين الذي شرف الزمان بفضله — وسمت على الفضلاء تشريفاته

لا تحسبوا من مات شخصًا واحدًا ... قد غم كل العالمين مماته
ملك عن الإسلام كان محاميًا ... أبدًا لماذا أسلمته حُماته
قد أظلمت مذ غاب عنا دوره ... لما خلت من بدره داراته
دُفن السماح فليس تنشر بعدما ... أودى على يوم النشور رفاته
الدين بعد أبي المظفر يوسف ... محفوفة بوروده حافاته
من لليتامى والأرامل راحمُ ... متعطف مفضوضة صدقاته
لو كان في عصر النبي لأنزلت ... في ذكره من ذكره آياته
بكت الصوارم والصواهل إذ خلت ... من سلها وركوبها عزماته
يا وحشة الإسلام حين تمكنت ... من كل قلب مؤمن روعاته
يا داعيًا للدين حين تمكنت ... منه الذئاب وأسلمته رُعاته
ما كان ضرك لو أقمت مراعيًا ... دينًا تولى مذ رحلت ولاته
فارقت ملكًا غير باق مُتعبًا ... ووصلت ملكًا باقيًا راحاته [(1)]
من للثغور وقد عداها حفظه ... من للجهاد ولم تعد عاداته
ماكان أسرع عصره لما انقضى ... فكأنما سنواته ساعاته
فعلى صلاح الدين يوسف دائمًا ... رضوان رب العالمين بل صلواته [(2)]

جوانترین ئەو نامانەی باسی وەفاتی صلاح الدینی تیدا هاتوە:

خاوەنی کتابی النجوم الزاهرة وتویەتی: لەو کاتژمێرەی صلاح الدین تیایدا وەفتی کرد قاضي الفاضل نامەیەکی بۆ کوڕەکەی مەلیك ظاهیر خاوەنی حەلەب نووسی ، کە ناوەڕۆکەکەی ئەمەی خوارەوە بوو:

﴿لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ﴾ الاحزاب ٢١

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمۡۚ إِنَّ زَلۡزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَيۡءٌ عَظِيمٞ﴾ الحج١

(١) النجوم الزاهرة (ج٦/٦٠،٦١).

(٢) صلاح الدين بطل حطين ومحرر القدس، ص ١٠٢.

ئەوا بۆ کوڕی خۆم مەلیك ظاهیر دەنووسم ئەو بەڵایەی خودای گەورە بەسەری هێناوین بەباشە بیگێڕیێو یەکێکیش لەجێی پادشای رۆیشتو دابنێ ، ئەو بەڵایەی تووشمان هات خەڵکی هەژاند بەجۆریك فرمێسکەکان شوێنەواری خۆیان لەسەر کوڵمەکان بەجێ هێشتو دڵەکانیش لەتاوان گەیشتنە گەروو، رووە پرشنگ دارەکەیشم لەباتی خۆم و خۆت ماچ کردو تەسلیمی لای پەروەردگارم کرد ،کە لەمەدا دەستەوسانم و بێ هێزم ،لەهەمان کاتیشدا رازیم لەخواو، لەبەر دەرگاش سەربازیکی زۆر هەیەو شمشێرەکانیش لەنێو کالانی خۆیانن و بەڵاو قەزاو قەدەری خوا بەم شتانە ڕەت نابێتەوەو ، چاوەکانیش وا فرمێسك دەبارێنو دڵەکانیش غەمگینو شتێکیش نالێین خوا بڕەنجێنێو ئێمەش ئەی یوسف بە لەدەست دانی تۆ زۆر دڵ تەنگین،..والسلام.[1]

رەحمەتی خوا لەصلاح الدین و ئەوانەی لەپێشیو ئەوانەش ،کە لەدوای دێن، کە دەستیان بە سنة التمکین گرتبوو....

بۆی هەیە خوێنەر پرسیار بکاتو بڵێ بۆچی ئەوها درێژە بدرێ بەژیانی صلاح الدین و نورالدین لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێم لەڕووخانی دەولەتی عوبەیدی هۆکاری ڕاستەو خۆو ناڕاستەوخۆ هەبووە منیش بەڕای خۆم پێم وایە ،کە لەگرنگ ترین ئەو هۆکارنەی بووە هۆی ڕووخانی دەوڵەتی عوبەیدی هەوڵ و کۆششی هەردوو سەرکردە صلاح الدینو نورالدین بوو، بۆیە درێژەم بەسیرەو ژیانە پڕ بەرکەتەکەیان داو لەگەڵ ڕوون کردنەوەی هۆکارەکانی سەرکەوتن،کە هەردوو سەرکردە پێی پابەند بوونو دەستیان پێوە گرتبو، لەگەڵ بەدیارخستنی کۆششی علمی و پەروەردەییو فیقهی ،کە زانایان لەو سەردەمو پێشە خۆیان پێی هەڵسان بۆئەوەی خوینەری بەرێز بگاتە ئەوەی ،کە صلاح الدینو نورالدین بێ پێشەکیو ڕێخۆشکردنو بێ نیشانەو بەڵگە لەناکاوی نایەن، بەڵکو دەبێ پێش ئەوان زانایان و بانگ خوازان و شەرع ناسەکان کاریان بۆ کردبێ و هەوڵیان بۆدابێ، هەروەها بۆ ئەوەی خوێنەری بەرێز بزانێ کەوا گۆرانکاری لەئوممەتدا ڕوونادات، ئەگەر لەپێشیدا کارێکی تۆکمەو پوختی بۆ نەکرابێ لەلایەن ئوممەت، بۆیە زۆر گرنگە بزانین هۆکارەکانی

---

[1] ـ النجوم الزاهرة ب٦لا ٥٢ ـ ٥٣

سەرکەوتنو فاکتەرەکانی ڕووخان چیە، لەوەش گرنگ تر ئەگەر مرۆڤ ئیخلاسو دڵسۆزی لەگەڵ تێکەڵ بکات کە ناکرێ .ئەم دووانە لەیەکتری دابڕێن.

بەم ئەندازەیە کۆتایم هێنا بەنووسینی دەوڵەتی عوبەیدی لەباکوری ئەفریقیا، ئەگەر ڕاستم پێکابێت ئەوا تەنها لەلایەن خواوەیە، ئەگەریش هەڵەم کردبێ ئەوا لەکەم تەرخەمی خۆمە.

داوا لەخوا دەکەم کردەوەکانم تەنها بۆ ئەوبێت و مسوڵمانیش سوودی لێوەر بگرن.

ئەنجامەکانی لیکۆلینەوەکە :

١ـ کاتێك ئوممەت بەهێزە دوژمنانی پۆشاکی ئایین دەپۆشن بۆ ئەوەی لەناوەوە تەفرو تونای بکەنو، دروشمی بریسکەدارو ساختە بەرز دەکەنەوە بۆ خەڵەتاندنی موسوڵمانان، یەکەمین کەسیش ئەو کارە دزێوەی کرد عبداللە بن سبأی زەندیق ی جولەکە بوو، کە بەناوی شیعە گەرایەتی و سەرخستنی ئەهل و بەیتی پێغەمبەر تۆوی رافیضە ی لەناو ئوممەت چاند.

٢ـ بەڕاستی ئەهل و بەیت بەتایبەت زاناکانیان سەرەتا لەپێشەوا علی کوری تالیبەوە ئەوا لە زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعەت ئەژمار ئەکرێنو بەهەموو ئەو هێزو توانایەی هەیان بووە دژیەتی بیدعەو گومڕاییان کردوە.

٣ـ رافیزەکان زەیدی کوری عەلیان شەرمەزار کرد چونکە بەگوێی ئەوانی نەکردو جنێوی بە ابوبکرو عومەر نەدا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی رەوافیزەکان زۆر ڕقیان لەهاوەڵە بەرێزەکانە.

٤ـ شیعە گەرایەتی بوون بە گروپێکی زۆر لەناوچە جیاجیاکانی زەوی بڵاو بوونەوەو بوونە خاوەن دەوڵەتێك، کە پاریزگاریان لێ دەکا، شتێکی زانراویشە، کە فیکرەکان ناگۆرێن بەڵکو پۆشاکیان دەگۆڕێ بەگوێرەی پێویستی ئەهلی هەموو شوێن و ڕۆژگارێك، جا ڕوون کردنەوەی گروپەکانیان ،کە بەربڵاون و هەندێکیشیان ناوی خۆیان گۆریوە ئەوا جیهادەو کارێکە خواو پێغەمبەرکەی خوشی دەوێ.

٥ـ خەتەرناکترین گروپی شیعە لەم رۆژگارەدا نوصەیریەکانن ئەوانەی لەڕابردودا لەگەڵ نەصرانیەکان ڕێککەوتن بۆداگیر کردنی دیار الشام، کەزۆر غەمبار دەبوون کاتێك

موسـولْمانان سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێنابـاو ئاسـودەش دەبـوون کاتێـك بـدۆڕابان و بەردەوامیش هاوپـەیمانن لەگـەڵ جولەکـەو نەصـاراو، دەوڵەتێکیشـان هەیـە لەسـوریا ، کـە ئـەهلی سـوننەیان تووشـی چەرمەسـەریەکی کوشـندە کـرد بگـرە لەکوشـتن و ئـازار دان و دەربەدەرکردن و بەندکردن.

٦ــ ترسـناکترین گرووپیـان لـەو سـەردەمە اثناعشـریە یـەکانن، کـە دەوڵـەتێکیان لـەئێران دامەزراندوە، بە لەسەر خۆییش بیرو فیکـرەکانیان لەهـەموو جیهانـدا بڵاودەوکەنـەوە، بـا پێشمان سەیر نەبێت ئەگەر ئەهلی سوننە هەر بـەردەوام لـەناو خـەوە قوڵەکـەیان بن ئـەوا هەڵبستن بەدابڕینی ئیماراتی عەربی و بەحرەین و کەمێکیش لەعێراق و سعودیە ،ئەو فـراون بوونەش بەجیهادو دین دادەنێن و خۆیان پێ لەخوا نزیك دەکەنەوە.

٧ــ ئیسـماعیلیەکان بـەڕێك و پێکـی کاروبـاری خۆیـان ڕێکخسـت و هـەموو هۆکـارێکی بـۆ فەراهەم کرد بگرە لەکەل و پەلی سەربازی و ماددیو خەڵکی خـاوەن کەفائەشـی هەڵبـژارد بۆ ئەوەی بتوانێ پلان دابنێ و جێ بەجێ بکات.

٨ـ سەرکردایەتی ئیسماعیلیەکان شـوێنێکی هەڵبـژارد ،کـە تیایـدا کێشـەیەکی تونـد هـەبوو لەنیوان دەوڵەتی عەباسی و چەند هۆزیکی تر، بەقۆناغیش بانگ خوازەکانی نارد هەتا ڕۆڵی ابوعبداللـه الشـیعی هـات، کـە پیـاویکی فێڵبـازو زیـرەك بـوو، کیتابـەکانی مێـژوو ئـەوە دەردەخەن، کە پیاویك بووە دروستکەری دەوڵـەت بـووەو توانایـەکی سـەربازی و فیکـریو زۆری هـەبووەو بـەکاری هێنـاوە بـۆ هینانـەدی ئامانجـەکانی ،جـا کـە تـوانی خـاڵی هێـز لەکۆمـەڵگای مـەغریبی لەکوێیـەو خاڵـە لاوازەکانیشـی دەسـت نیشـان کـرد هەڵسـا هێـزی بەکارهێنا بۆ شەکەت و ماندوو کردنـی دەوڵـەتی ئەغالیبـەکان بـەم شـێوەیە هـەر لاواز بـوو هەتا بەتەواوی لەساڵی ٢٩٧ کۆچی ڕووخا.

٩ـ خـەڵکی لەسـەردەمی ابـو عبـدالله ی شـیعی ئامادەکـاری ئـەوەیان تێـدابوو گۆڕانکاریـەك دروست بکەن و دەگەڕان لە بەدیلێك و هەوڵی ئەوەیان دەدا ئەو زوڵم و ستەم کاریانە لابەرن، جا لێرەدا کێشەیەکی سەخت ڕوویدا لەنێوان ئەمیرەکان و گەلی باکوری ئەفریقی.

١٠ـ عبیدالله المهدی کاتێ حوکمی کەوتە دەست دەسـتی کـرد بـە لـە نـاوبردنی ئـەو کەسـە دلسۆزانەی دەوڵەتەکەیان بۆ دامەاراند، ئەمەش لەمێژووی مرۆڤایـەتی شـتێکی زانـراوە، کـە

هەر شورشێك بكرێ ئەوا دەبێ هەندێك ببنە خۆراكی شۆڕشەكە ، منیش دەڵێم: ئەمە دەچێتە ناو سوننەتێك لە سوننەتەكانی خوا ئەویش ئەوەیە هەركەسێك یارمەتی ستەم كاریك بدات دەرەنجام خوا بەسەریدا زاڵ ئەكاتەوە، تۆڵە سەندنەوەی سەرۆكی عیراق لەوەزیرو زاواكەی زۆر لەئێمە دوور نیە، بەڵكو زۆربەی شۆڕشەكان تووشی ئەو پاك سازیە دەبن.

١١- عبیدالله المهدی سوودی لەبیرو باوەڕی موسوڵمانان دیت لەبارەی المهدي چاوەڕوانكراو بۆیە هەڵسا كارەكەی رازاندەوەو ڕێكی خست و قەناعەتی پێكردن كەوا خۆی مهدي چاوەڕوانكراوە .

١٢- كاتێك تاریكایەكی شەوەڕەش دادێتو ئیسلام لەگوڕەپاندا نیە ئەوا بەردەوام زانایانی ئەهلی سوننە بەڕۆڵی خۆیان هەڵدەستن و ئوممەت دەبوژێننەوە ئەگەر چی با لەپێناویدا ماڵ و سامان و كەسو كاریان لەدەست بدەن.

١٣- پەروەردەكردنی ئوممەت لەسەر بیروباوەڕی ئەهلی سوننەتو جەماعەت پەرژینێكی عەقەدی و فیكری و نەفسیە، كە لە شەپۆل و تەزووی گومڕاكەرەكان دەیپاریزێ.

١٤ـ خەڵكی تەرابلس دژی شەپۆلی رافیضەو بیروباوەڕی باطینی چوونە ناو شەڕێكی سەخت، كە لەدەرئەنجامدا ئەهلی طرابلس بەزەبری هێز چۆكیان دادا بۆ دەوڵەتی عوبیدیەكان.

١٥- عوبەیدیەكان تاوانی زۆر گەورەیان ئەنجامدا لەگەڵ خەڵكی بەرقە بەجۆرێك ئەگەر بۆت باس بكرێ موچوڕك بەلەشت دادێو منال پیر دەكات، جا ئەهلی بەرقە لەبەر ئەو تاوانانە دژی عوبەیدیەكان هەڵسانو كاربەدە ستەكەیانو زۆریش لەپیاوانی هۆزی كەتامەیان كوشت ، بەڵام دوایی عوبەیدیەكان توانیان بەسەریاندا زاڵ ببنەوەو خەڵكێكی زۆریشیان ئازاردا و كوشتو ئافرەتەكانیشیان بۆخۆیان حەلال كرد.

١٦- ابو یزید الخارجي توانی كیانی دەوڵەتی عوبەیدی بلەقێنێو نزیك بوو لەناوی ببات بەڵام بەداخەوە نەیتوانی ، چونكە عەقلیەتەكەی عەقلیەتی پیاوی دەوڵەت نەبوو پلانێكی ڕوونیشی نەبوو بۆ ئەو ئامانجەو، پاشان غەدری لەهاو پەیمانەكانی كرد، كە بووە مایەی ئەوەی خەڵكی متمانەی پێنەكەن.

١٧ـ زانايانی ئەهلی سوننە بڕیاریاندا لەسەر ئەوەی یارمەتی ابو یزید الخارجي بدەن ئەمەش بەپێی ئەو بنەما فیقهیەی، کەدەڵێ ارتکاب اخف الضررين ،جا لە وانە بەسوودە فێری ئەوە دەبین ،کە دەبێ زۆر ئاگامان لەخۆ بێ لەو هاوپەیمانیانەی لەگەڵ ئەهلی بیدعەو ئەحزابە عەلمانیەکان دەیبەستین‌و دەبێ زۆر باشیش مەصالیح‌و مەفاسیدەکان لێك بدەینەوە چونکە موسوڵمانی زیرەك و چاپووك نابێ لەکونێك دووجار پێوە بدرێ.

١٨ـ یەکێك لەهۆکارەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی ابویزید الخارجي ئەوە بوو،کە خەلیفەی عوبەیدیەکان القائم بامرالله جنێوی بەپێغەمبەران دەداو کوفرەکەی خۆی ئاشکرا کرد،جا ابویزید ئەمەی قۆستەوەو هەڵسا بەهاندانی اباظیەکانی مەغریب و هەندێك هۆزو فەقیە و خواناسەکانی کۆکردەوە لەسەریان.

١٩ـ الخليفە المنصور العبيدي ئیسلامەتی خۆی ئاشکرا کردو هەڵسا بەپێش خستنی فەقیهو زاناکان‌و چیتر ستەمی لێ نەکردن هەتا ،کە وڵات هێور بویەوە توانی بەسەر خاریجیەکاندا زاڵ بێت و لەناویان ببات.

٢٠ـ خەڵکی باکوری ئەفریقی زۆر نەفەس درێژن‌و جگە لەمنهەجی ئەهلی سوننەو جەماعەت بەهیچی تر ڕازی نین‌و ئامادەشن چی لەتوانایاندا هەیە بیکەن لەپێناوی ئەو بیرو باوەڕە ڕاستە، بۆیە خەلیفە عوبیدیەکان ناچار بوون بیربکەنەوە بۆئەوەی برۆنە میسر بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت لەو شورش و هەڵچوونانەی ئەنجام دەدران.

٢١ـ دەوڵەتی عوبەیدی بوو بە پارێزەرو بەڕێوەبردنی فیکری باطيني لەجیهانی ئیسلامی و بەماڵ و کەل و پەلی سەربازی و ئەوەی پێویستی بوو بۆی ئامادەکرد بۆ ئەوەی بەهێز بێ لەدژی ئەهلی سوننە، قەرامیتەو عوبەیدیەکان بڕیاریاندا هاوکاری یەکتری بکەن بەڵام دوایی لەسەر ماڵی دونیا کێشە کەوتە نێوانیان.

٢٢ـ دەوڵەتی عوبەیدی چەند هۆکاریکی جۆراو جۆری گرتەبەر بۆ لەناو بردنی عەقیدەی ئەهلی سوننە بەڵام ئامانجەکانیان هەموو نەهاتە دی.

٢٣ـ زانایانی ئەهلی سوننە بەهەموو شێوازێك دژی شەپۆلی عوبەیدیەکان ڕاوەستان بگرە لەعیلم و هەڵگرتنی چەك دژی ئەو تاغوتە ستەم کارانەو لەم پێناوەشدا بەرگەی ئازارو بەندیخانەو کوشتنیان گرت.

٢٤- زانایانی ئەهلی سوننە لەئەمیرەصنهاجیەکان نزیك بوونەوە بۆئەوەی ئامۆژگاریان بکەن و ئاراستەیان بکەن ،کەلەمەدا سەرکەوتو بوون بەتایبەت زانای پایە بەرز ابوحسن الزجال.

٢٥- گرنگی دان بەموعیز بن بادیس لەلایەن ئەهلی سوننەوە دەست کەوتێکی گەورەبوو ، موعیز بن بادیس زۆر لێزانانەو حکیمانە جیا بوویەوە لەدەوڵەتی عوبەیدیو زانانیان و فەقیهەکانی ئەهلی سوننەی لەخۆ کۆکردەوەو تەنگی هەڵچنی بەرافیزەکان و ،بەڵکو ڕای کێشان بۆ چەند جەنگێکی خوێناوی و لەوێ تەفرو تونای کردن.

٢٦- دوەڵەتی صەنهاجی بەربەری زیری لەسەردەمی موعیز بوو بەدەوڵەتیکی سوننی، ئەمەش سەرەتای لاواز بوونی دەوڵەتی عوبەیدی بوو بەڵکو یەکێك بوو لەهۆکارەکانی ڕووخانی.

٢٧- بەڕاستی ڕەت کردنەوەی مەزهەبە سوننیەکانو ئیلزام کردی خەڵکی بە یەك مەزهەب بنەمای بەرگری کردنی تەسك کردوە لەبارکوری ئەفریقی، باشتر وابوو هەموو مەزهەبە سوننیەکان لەخۆ بگرێ وەکو ئەوەی ،کە نورالدین محمود وای کرد لەگەڵ ئەوەی خۆی حەنەفی مەزهەبیش بوو هەروا وەك ئەوەی ،کە صلاح الدین وای کرد لەگەڵ ئەوەی ،کە شافیعی مەزهەب بوو.

٢٨- بەڕاستی سوننەتی خوا ڕوون و ئاشکرایە لەنەمانی پادشاو کار بەدەستەکانو ئەو بیرو فیکرانەی ،کە دەوڵەتەکان دەیان پاراست و، زۆر گورانکاریش بەسەر نەوەی کەسانێك دا هاتوە ،کە دوژمنی ئەهلی سوننە بوونە.

٢٩- دەوڵەتی عوبەیدی فێڵی لەموعیز بن بادیس کرد بەوەی هۆزەکانی نارده باکوری ئەفریقی ،یەکێك لەهۆکارەکانی ڕووخانی موعیز ئەو کێشە سەختانە بوو ،کە لەنێوان صەنهاجە وکەتامەو زەناتە هەبوون، هۆکاریکی تریش ئەوە بوو، کەپێك هاتەی سوپای موعیز لەعەبیدەکان بوو ، کە پەروەردەیەکی ئیمانی باش نەکرابوونو موعیزیش زۆر گرنگی پێ دەدان.

٣٠- سەردەمیی تمیم بن موعیز باشتر بوو لەسەردەمی باوکی ، چونکە توانی ئەو شوێنانەی لەدەوڵەتەکەی دابڕا بوون بیگەڕێنێتەوەو ، هێزە عەرەبەکان بهێنێتە ناو سوپاکەی و

چەکداریان بکات، هەروا توانی بەسەر کوڕە مامەکاکانیدا زال بێت، کە خاوەنی دەوڵەتی حەمادیە بوون. تەمیم هەر لەسەر ڕێڕەوی باوکی ڕۆیی و بانگەشەی بۆ کرد.

٣١- سەردەمی یەحیا بن تمیم لەبەهێزترین سەردەمەکانی دەوڵەتی زیری بوو بە تایبەتی لەبواری دەریاو هێرش کردنە سەر نەصرانیەکانو ناردنی کەتیبە جیهادیەکان بۆ حەوزی دەریای ناوەڕاست، هەروا بازرگانیش زۆر پێش کەوتوو بوو توانیشی لەگەڵ عەرەبەکان بەسیاسەتەکی حەکیمانە مامەڵە بکات.

٣٢- لەسەردەمی ئەمیر عەلی بن یەحیا تەماعی نەصرانیەکان بەدیار کەوتو کەشتیەکانیان لە صقلیە بەڕێکەوت بۆ دەریای ناوەڕاست بۆئەوەی پەلاماری موسوڵمانان بدەن.

٣٣- مەهدیە، کە پایتەختی زیریەکان بوو لەگەڵ تەرابلس و مدن الساحل لەباکوری ئەفریقی لەساڵی٥٤٣ کۆچی کەوتە دەستی نەصرانیەکان .

٣٤- موەحیدەکان توانیان باکوری ئەفریقی پاك بکەنەوە لە نەصارا و توانیان یەکێتیو یەك ڕیزی وڵاتەکان بپارێزن لە مەغریبی ئەقصاوە تاکو سنورەکانی میسر.

٣٥- ڕووخانی دەوڵەتی زیری چەند هۆکارێکی هەبوو گرینگ ترینینان ئەو کێشە ناوخۆیەی ،کە لەنێوان صەنهاجەو زەناتەو کەتامەدا هەبوونو کێشەکەش بەرەبەر هەر بەر فراوان بوو هەتا عەرەبەکان هاتن ناویەوە کە وای کرد دەوڵەتی زیری لاواز بێت لە بواری سەربازیو بازرگارنی و سیاسیو ، زاناو فەقیهەکانیش دەستیان بەکۆچ کردن کرد بۆ ئەندەلوس و مەغریبی ئەقصا.

٣٦- دەولەتی زیری سەدو هەشتا١٨٠ ساڵ حوکمڕانی کرد، پاشان کۆتایی پێ هات وەك ئەوەی هەر نەبوبێ ﴿لِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ إِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ فَلَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ﴾ یونس٤٩.

٣٧- ئەگەر عوبیدیەکان سەرکەوتن لەلاواز کردنی دەوڵەتی موعیزبن بادیس ئەوا خوای گەورە برایانی موعیزی لەعەقیدە بەسەر زاڵ کردن وەك نورالدین محمودو صلاح الدین بۆئەوەی عوبیدیەکان لەناو ببەن.

٣٨- کۆششو ماندوو بونی ئوممەت چڕ بوویەوە لەدژایەتی کردنی شەپۆلی ئیسماعیلیە باطینیەکان ئەمەش زۆر بەڕوونی بەدیار کەوت لەوەی سوڵتان محمود الغزنوی پێی هەڵسا

لەولآتی هیند لەگەڵ سوڵتان ئەلب ئەرسەلانی سەلجوقی لەولآتی شام بۆ دژایەتی کردنی عوبەیدیەکان، غەزنەوی‌و سەلاجیقەکان لەبیرو باوەڕدا سوننی بوون.

٣٩ـ لەدەوڵەتی سەلجۆقی وزیر حەسەن کوڕی عەلی بەدیار کەوت ،کە خاوەن هیممەتێکی گەورە بوو بۆ ژیاندنەوەی سوننەو مراندنی بیدعە بۆ ئەم مەبەستە پیلانێکی دوورو درێژی دانا ،کە ئامانج گربوو بۆدەرچواندنی چەند نەوەیەکی تێگەیشتو لەئاین‌و لەهەمان کاتیشدا ئامادەکار بۆ قوربانیدان‌و لەم پێناوەدا هەڵسا چەند قوتابخانەیەکی لە نەیسابورو عیراق و شام دروست کرد هەتا گەیشتە میسرو زاناو فەقیهە کانیشی هاندا بۆخۆێندن‌و فێربوون‌و بانگەوازکردن و تێگەیاندنی خەڵکی‌و ، هەموو هۆکارێکی حەوانەوەشی بۆ زاناو فەقیهەکان دابین کرد، بەناو بانگترین زانا لەو قۆناغە دژوارەدا ابو المعالی الجوینی و الامام الغزالی‌و پێش ئەوانەش الماوردی‌و ابو اسحاق شیرازی بوون، کەئەوانە هەموویان زۆر بەڕاست و دروستی دژایەتی رافیزکانیان دەکردو سوننەتیان دەژیاندەوەو ئەمانە سەرۆکی قوتابخانەی شافیعی سوننی بوون ،کە رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەماوەی ڕاپەراندنی ئوممەت لەخەوەکەی و ئامادەکردنی بۆ فەتحەکانی نورالدین محمودو صلاح الدین.

٤٠ـ بەدیارکەوتنی زانایانی قوتابخانەی حەنبەلی سوننی وەك ابو الفاء بن عقیل وابو الفرج بن الجوزی،کە کاریان تەنها فێرکردن و پەروەردەکردنی خەڵکی بوو ، قوتابخانەی ابوسعید المخرمی حەنبەلیش لەم بوارەدا ڕۆڵێکی بەر چاوی هەبوو بەتایبەتی پاش ئەوەی زانای خواناس عبدالقادر الجیلانی کاروباری قوتابخانەکەی گرتە ئەستۆ ، کە زۆرێك لەزانایانی بەغدا لەسەردەستی پەروەردە بوون.

٤١ ــ پاش ئەوەی کۆششێکی پەروەردەیی گەورە ئەنجام درا، کە گەورەترین دێدەوانەکانی‌و ناودار ترینیان الامام الغزالی و عبدالقادرالجیلانی بوون، پاشان کۆشش و ماندوو بوونی تریش ئەنجامدارا لەلایەن قوتابخانەی حەنبەلی و شافیعی، کە لەمەدا نەوەیەك لەدایك بوو کە خاوەن ئامانجێکی ڕوون‌و هیممەتێکی بەرز بوون ، لەو نەوەیەدا چەند سەرکردەیەکی خواناس بەدیارکەوتن وەك عمادالدین زەنکی، کە دەستی کرد بەسەندنەوەی زەوی و زاری مسوڵمانان لەژێر چەپۆکی نەصارا داخ لەدڵەکان‌و هاوپیمانە باطینیەکانیان.

٤٢ـ سەردەمی نورالدین سەردەمی گۆڕانی ئوممەت بوو مەشخەڵو ڕوخساری جێگیر بوونی پێوەدیار بوو، ئەمەش بەهۆی دادگەریەکەی و ، هەروەها خۆش ویستنی بۆ بەرژەوەندی هەرە گەورەو خۆبەخت کردن لەپێناوی ئەنجامدانی ئەم واجبە، ئەوانە هەموو پێکەوە کاریان کرد بۆ هێنانەوەی ئامانجە بەرزەکان.

٤٣ـ دەوڵەتی زەنکی وامەزەندەی کرد کەوا ئوممەت بەهێز نابێ هەتا عیراق و شام یەك نەگرن، بۆیە دەوڵەت هەڵسا بەیەکخستنی ناوچە ئیسلامیەکانو پێکەوەیانی گرێدا، هەروا بەتێڕوانینە دوورەکەی وای بینی، کە سەروەری بۆ ئوممەت نابێتو ناتوانرێ سەرکەوتن بەسەر نەصارادا بکرێ هەتا دەوڵەتی عوبەیدی رافیزی لەناو نەبردرێ، جا بۆ ئەم کارە خۆیان ئامادەکردو، نورالدین توانی دەوڵەتی عوبەیدی بروخێنێو توانی لەساڵی٥٦٤ سەنگەری شەڕی شام و میسر یەك بخات ئەمەش لەسەر دەستی یەکێك لەیارمەتیدەرە دلسۆزەکانی ،کە صلاح الدین الایوبی بوو.

بۆ خوێنەری بەرێز ڕوون دەبێتەوە، کە ئوممەت ناتوانێ بەرپەرچی هێرشەکانی نەصارا بداتەوە هەتا میسر وشام یەك نەرگرێ ، سەبارەت بە ڕۆڵی ئوممەتیش لەهێرش بردندا بۆ بەردەوام بوونی ڕەوڕەوەی جیهادو چوونە ناو ئەوروپا ئەوا بۆیان نایەتەدی هەتا باکوری ئەفریقیا لەگەڵ شامو میسر یەك نەگرێ.

٤٤ ـ دەوڵەتی زەنکی زۆر بەباشی چەند تۆڕیکی ئەمنی دانا بۆ بەدوا داچوونی ڕێکخستنە بیدعیەکان، کە کاری دەکرد بۆ لەناو بردنی دەوڵەتی زەنکی سوننی،جا دەوڵەتی زەنکی گرنکی دەدا بە بەدوا داچوونی کەمایەتیە نەصرانیەکان و ، لەلایەکی تریش تەنگی بەعوبەیدیەکان هەڵچنیو واشی لێکردن لەبەر چاوی دەوڵەت بنو لێی بزر نەبن ، جا بۆیە پێویستە بۆ ئەو بزووتنەوە ئیسلامیە سوننیانەی کە هەوڵ دەدەن بگەن بە حوکم بۆ ئەوەی شەرعی خواجێ بەجێ بکەن ئەوا پێویستە لەسەریان گرنگی بەنوسینگە ئەمنیەکانیان بدەنو برەوی پێبدەن بۆئەوەی بگونجێ لەگەڵ ئاستی ئەو قۆناغەی پێیدا تێدەپەڕێ بۆئەوەی بتوانی ڕۆڵی ڕێکخستنە بیدعیەکان یان عەلمانیەکان یان نەصرانیەکان یان جولەکەکان کەم بکاتەوە،جا گرنگی دان بەو لایەنەو لێهاتویی تیایدا یەکێکە لەگرنکترین هۆکارەکانی جێگربوون.

٤٥ـ دەوڵەتی زەنكی كاروبارە قیادیەكانی دەدا دەست سەربازو سەركردە دڵسۆزەكانی ، ئەوانەی بەتەواوی بڕوایان بەبیرۆكەی دەوڵەت هەبوو، بۆیە كاتێك نورالدین محمود وەفاتی كرد صلاح الدين ئاڵاكەی هەڵگرتو، بەردەوام بوو لەسەر ئەو ئامانجانەی، كە دەوڵەت دیاری كردبوو.

بەڕاستی یەكێك لەو هەڵە لەناو بەرانەی ، كە هەندێك جار ئوممەت پیایدا دەڕوات ئەوەیە، كە پەیوەست دەبن بەچەند كەسیك جا، كە مردن ئەوا بێ ئومێد دەبنو ئەگەریش لارێ بوو ئەوا لارێ دەبن، بۆیە پێویستە لەسەر بانگ خوازان هەتا پێیان دەكرێ ئوممەت پەیوەست بكەن بەمەنهەج و بەردەوام بن لەگەیاندنی پیامەكەیان.

٤٦ ـ ئەگەر بمانەوێ دەوڵەتی كوفرو ئەحكامی نەفامی لابەرین ئەوا پێویست دەكات لەسەرمان لایەنی پەروەردەو لایەنی سەربازی تێكەڵ بكەینو ، پێویستە سەركردایەتیش بۆ خاوەن زانایە سەر ڕاستەكان بێت و ئەوەی گومانیش ببات ، كە ئوممەت بەتەنها بەڕێگای سەربازی دەگاتە سەرورەیەكەی ئەوە ڕێگای هەڵەی كردوە، خۆ ئەوەی لەئەفغانستان ڕوویدا هێندە لەئێمە دوورنیەو ئەوەی گومانیش ببات ،كە تەنها لایەنی سۆز ئوممەت بەهێز دەكات ئەوا ڕاستی نەپێكاوە، خۆی ئەوەی لەجەزائیر ڕوویدا هێندە لەئێمە دوور نیەو ئەوەی گومانیش ببات ،كە تەنها لایەنی پراكتیكی یان سیاسی دەبێتە چارەسەرێكی عیلمی ئەوا ڕاستی نەپێكاوە، بەڵكو چارەسەری ئەوەیە، كەئیسلام هەمووی بەتێكرایی وەربگریو، پێویستە خۆئامادە كردنیش هەموو ئەو لایەنانە بگرێتەوە ،كەئیسلام تیایدایە بگرە لەدەوڵەتو نیشتیمانو حوكومەتو ئوممەتو خەڵكو هێزو دادگەریو ڕۆشنبیریو یاساو عیلمو قەزاوەتو جیهادو بانگەوازو سوپاو ..هتد. جا ئیسلام چۆن عەقیدەیەكی ڕاستە ئەوها عیبادەتیشی ڕاستە،ئەوەش بوو، كە جیل التمكين لەسەردەمی نورالدین محمودو صلاح الدين گرینگیان پێداو بەهەندیان وەرگرت.

٤٧ـ صلاح الدين الايوبي لەسەرەخۆ كۆتایی هێنا بەدەوڵەتی عوبەیدیو ڕازیش بوو بەوەی وەزارەتی تەفویز بگرێتە دەستو دەستیشی كرد بە بنبڕكردنی عوبەیدیەكانو مەزهەبی سوننیشی بەدیار خستو لەدەرەنجامەكانیش پەلەی نەكرد، جا پێویستە سوننەتی تدرج پەیڕەو بكرێت لەگۆڕینی گەلان و لابردنی دەوڵەتەكانو پێویستیشە گرنگی بەپسپۆری

بدرێ لەکاروباری دەوڵەتو هونەرسازیش بەکار بهێنرێ بۆ دابەش کردنی ڕۆڵەکان بۆ ئەوەی بەتەواوی‌و بەتۆکمەیی بانگ خوازان ئامانجەکانیان بێننە دی.

٤٨ـ صلاح الدین،کە دەسەڵاتی لەدەست بوو چەکی لێخۆش بوونی بەکار هێنا لەگەڵ نەیارنی، جا بەم هەلوێستە نەبەردە توانی دڵی زۆر کەس بۆلای خۆی ڕابکیشێو ، توانی موسوڵمانان بکاتە یەك ریزو توانی کۆتایی بینی بەفیتنە ناوخۆییەکان ، جا لێخۆش بوون لەکاتی دەسەڵاتدا ئەگەر لەجێی خۆی بێ ئەوا دەوڵەت بەهێز دەکاتو، دڵانیش بۆلای خۆی ڕادەکێشێو دوژمنانیش لەناو دەبات.

٤٩ـ کاتێك صلاح الدین توانی بەرەی ناوخۆ یەك بخات سوپاکەی برد بۆ پاکردنەوەی شام لەخاچ پەرستەکان، ئەمەشی بەپلانێکی زۆر وردو عاقلانە کرد بەوەی هەڵسا بەسەندنەوەی ئەو قەڵاو شارۆچکانەی نزیك بوون لەمیسرو نەصاراشی ڕاکێشا بۆ شوێنێك بەناوی حطین، جا لەوێ گورەزە پیرۆزەکەی وەشاند، کەبووە هۆی کلیلی فەتح کردنی قودس.

٥٠ـ ئەخلاقی بەرزی سەرکردەکان لەفتوحاتەکان بەدیار دەکەوێت، بەراستی صلاح الدین لەفەتح کردنی قودس چاکترین‌و باشترین نمونەی نواند لەئەخلاق پاکی و دەست کراوەیی و لێخۆش بوون، هەتا پادشاکانی نەصاراو مێژوو نووسان بەو کردەوانە کاریگەربوون، چاکەش بەوە دەزانری کە دوژمن گەواهیت بۆ بدا.

٥١ـ سەرکردایەتی فیکری‌و عیلمی لەدەست صلاح الدین نەبوو، بەڵکو لەلای قاضي الفاضل بوو،کە دەستی صلاح الدینی گرت بۆ پەیڕەوی کردنی شەریعەتی خوا، جا کاتێك سەرکردایەتی فیعلی لەئوممەت بۆ زانایە خواییەکان‌و سەرکردەو سەربازەکانە ئەوانەی مل کەچن بۆ فەرمانی خوا، ئەوا سەرکەوتن یاریان دەبێتو خوداش جێگیریان دەکات لەسەر زەوی هەتا ئەوە سیفەتیان بێت.

٥٢ـ ئوممەت کارلێك دەکا لەگەڵ سەرکردە بەجموجۆلەکان کاتێك بیرو هزرەکان دێننە دونیای خەڵکی‌و ژیانی پێ بەرێوە دەبەن‌و خەڵکیش لەدەوریان کۆدەبنەوەو ئەوەی لەتوانایان دایە پێشکەشی سەرکردەکانیان دەکەن ، بەڵام ئەگەر سەرکردەکان هەر قسەیان هەبوو عەقیدەکەیان مردبوو دڵانی نەدەبووژاندەوەو دادەنیشتن بۆ قسەی بێ مانا ، ئەوا ئوممەت پارچە پارچە دەبێت ، ئەوەش ، کە تێبینی کراوە لەسیرەی نورالدین محمود، کە

ئیسلامی هەموو لەخۆی جێ بەجێ کردو خۆشی بەفیعلی دەهاتە ناو گۆرەپانی جەنگ و هەروا قوتابیەکانیشی وابوون.

٥٣- هەرچەندە زوڵم ستەم درێژە بکێشێ و بەرفراوان بێ ئەوا دەبێ کۆتاییەکی هەبێ ،جا یەکسانە ئەگەر خۆی دەنواند لەتاکێك یان لەدەوڵەتێك، ئەو کۆتاییەش بەپێی سوننەتو یاسای خوایە لە ڕاکێشانی ستەم کارەکان بۆئەوی تۆڵەیان لی بسەنتەوەو بیان کاتە پەندو ئامۆژگاری بۆ ئەوانی تر، کوانی کار بەدەستانی عوبیدیەکان؟ کوانی مولك و دەوڵەت و سامانیان؟

٥٤- کاتێك جیهادکردن هەموو ئوممەت پێی هەڵدەستێ بە سەرکردایەتی ئەهلی حەل‌و عەقد ئەوا بەروبوومەکەی دێتە بەرهەم ، بەڵام کاتێك کەسانی نەفام و گەنجە خوێن گەرمەکان سەرکردایەتی جیهاد دەکەن ئەوا دەرەنجامەکەی خراپ دەبێت!

٥٥- من وا دادەنێم ،کە ئەوەی صلاح الدین و نورالدین پێی هەڵسان لەو کردەوە چاکانەی کردیان ئەوە بەروبوومو ماندووبونی چەند زاناو فەقیهو پەروەردەناسێك بوو، کە ئەو نەوەیەیان دروست کردو، بووە هۆی لەناوبردنی عوبەیدیەکان و نەصاراشی لەجەنگی حطین شکاندو مزگەوتی ئەقصاشی پاك کردەوە لەخاچ پەرستەکان.

٥٦- گرنگیدان بەسیفاتی سەرکردە خواناسەکانو زانایە چاڵاکەکان سوود بە ئوممەت دەگەیەنێ لە پەروەردەکردنە درێژخایەنەکەیو خۆ ئامادەکردنەکەی بۆ ئەوەی جارێکی تر لەسەر مەنهەجێکی ڕاست و ئاراستەیەکی سەلیم بێتەوە دونیای واقیع .

٥٧- ئەو لێکۆلینەوەیە سادەیە ڕەخنەو پێشنیار بەخۆیەوە هەڵدەگرێو نێوانی من‌و ڕەخنەگریش وتەی شاعیرە،کە وتویەتی:

ان تجد عیبا فسد الخللا   جل من لاعیب فیه وعلا

وأخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمین.

ناوڕۆك

لاپەڕە	بـــابـــــەت
٣	**پێشکەشکردن**
٤	**پێشەکی**
١٠	**باسی یەکەم: دەوڵەتی شیعی لە باکوری ئەفریقا.**
١٠	**تەوەرەی یەکەم:** پێناسەی شیعە لەزمانەوانیدا.
١٠	**یەکەم:** پێناسەی شیعە لە زمان و زاراوەدا
١٢	**دووەم:** پێناسەی رافضة.
١٢	**سێ یەم:** هۆی ناونیان بەم ناوە.
١٣	**چوارەم:** سەرەتایی سەرهەڵدانی شیعەگەرایەتی.
١٨	**تەوەرەی دووەم:** پێناسەی گرنگ ترین گروپەکانی شیعە.
١٨	**یەکەم:** نوصەیریەکان و بیروباوەڕیان.
٢٢	**دووەم:** شیعەی دوانزە ئیمام.
٢٧	**-بەردەوام بوونی ئەو شیعە دوانزەئیمامیە لە سەردەمی ئێستاد.**
٢٧	**-ئیمامی شیعی لە سەردەمی ئێستا و ئەو دەوڵەتەی، کە بنیاتی ناوە.**
٣٣	**-ئەزمونی شێخ موسی جاراللە**
٣٧	**سێ یەم: شیعەی ئیسماعیلی.**
٣٨	**أ- ترسناکی مەزهەبی باگینی لە سەر ئوممەت.**
٤٢	**ب - بیروباوەڕە گەندەکەی باگنیەکان.**
٤٤	**تەوەرەی سێ یەم:** بانگخوازی باطنیەکان لە باکوری ئەفریقیا.
٥١	**تەوەرەی چوارەم:** الخليفة الشيعية عبيدالله المهدي الرافضي.
٥٤	**تەوەرەی پێنجەم:** عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لە بارەی مەهدی.
٥٤	**- ناوو سیفەتەکانی.**
٥٤	**- شوێنی دەرچوونی.**
٥٦	**یەکەم:** ئەو فەرموودانەی باس لەمەهدی دەکەن لە ڕێگاییەتەواتورەوە هاتوە.
٥٧	**دووەم:** ئەوانەی ئینکاری لە فەرموودەکانی مەهدی دەکەن و بەرپەرچ دانەوەیان.

باسی دووەم: كێشە لە نێوان دەوڵەتی عوبەیدی و خەڵكی باكوری ئەفریقیا ٦٢
تەوەرەی یەكەم: شۆڕش كردنی هۆزی هەوارە لە تەرابلس. ٦٢
تەوەرەی دووەم: هەڵگشان و خشینی عوبەیدیەكان بۆ بەرقە. ٦٣
شۆڕش كردنی خەڵكی بەرقە لە سەر عوبەیدیەكان. ٦٥
تەوەرەی سێ یەم: دەرچوونی أبي يزيد الخارجي لە سەر عوبەیدیەكان. ٦٦
تەوەرەی چوارەم: خەلیفەی دووەمی رافضي القائم بأمرالله. ٧٠
تەوەرەی پێنجەم: خەلیفەی رافضي سێ یەم مەنصور. ٧١
تەوەرەی شەشەم: المعزلدين الله أبو تميم سعد. ٧٢
– چوونی موعیز بۆ میسر. ٧٣
تەوەرەی حەوتەم: تاوانی عوبەیدیەكان لە باكوری ئەفریقیا. ٧٦
تەوەرەی هەشتەم: هەڵوێستی زانایانی ئەهلی سوننە و شێوازەكانی بەرگریكردن. ٨٣
وتوێژەكانی پێشەوا أبی عثمان سعد الحداد. ٨٨
باسی سێ یەم: دەوڵەتی صنهاجی تەوەرەی یەكەم: أبوالفتح يوسف بلكين. ٩٧
تەوەرەی دووەم: الموعیز بن باديس الصنهاجي. ٩٨
تەوەرەی سێ یەم: خشانی بنی هلالو بنی سليم. ١٠٢
تەوەرەی چوارەم: پێكداداني چەكداری لە نێوان موعیزو و هۆزە عەرەبیەكان . ١٠٥
تەوەرەی پێنجەم: كوڕەكانی موعیز و نەوەكانی. ١٠٩
یەكەم: تمیمی كوڕی الموعیز. ١٠٩
دووەم: ئەمیر یەحیا ١٢.
سێ یەم: ئەمیر علی كوڕی یەحیا. ١١٤
چوارەم: ئەمیر حەسەنی كوڕی علی كوڕی یەحیا. ١١٦
أ– والیی طرابلس لە سەردەمی ئەمیر حسن. ١١٧
ب – رەجار هێرش دەباتە سەر طرابلس. ١١٧
ج – قات وقوڕی وبرسیەتی لە طربلس. ١١٧
تەوەرەی شەشەم: هۆكارەكانی ڕووخانی دەوڵەتی زیری لە باكوری ئەفریقا. ١٢٠
باسی چوارەم. هۆكارەكانی ڕووخانی دەوڵەتی عوبەیدی ١٢٢

تەوەرەی یەکەم: هۆکارەکانی ڕوخانی دەوڵەتی عوبەیدی.	١٢٢
تەوەرەی دووەم: نورالدين محمود	١٣٠
ـ یەکگرتنی وڵاتانی شام و هەرێمە میسریەکان.	١٤٠
ـ وەفات کردنی نورالدین.	١٤١
تەوەرەی سێ یەم: صلاح الدين الأيوبي:	١٤٢
أـ القاضي الفاضل.	١٥٢
ـوەفات کردنی.	١٥٥
ب ـ وەفات کردنی الناصر صلاح الدين.	١٥٦
ج ـ ڕوخسارە سەرەکیەکان لە کەسایەتی صەلاحەدیندا	١٥٨
د ـ پیا هەڵگوتنەکی قەشەنگ و جوان لە بارەی وەفات کردنی صلاح الدين.	١٦٧
هـ ـ چەند پەیامێکی جوان لە مەڕ هەواڵی وەفات کردنی صلاح الدين.	١٦٨
ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە	١٧٠
ناوەرۆك	١٨١